
لاو تزۆ - چۆنگ تزۆ



# کتێبی
# تاو

وەرگێڕانی:

دیاری عەلی ڕەوف حەسەن




# RAZAKAN RAZ

@razakanraz

32.4K subscribers • 1.7K videos

ئەوانەی گوێ بۆ قسەو گوفتار دەگرن و پەیڕەوی چاکترینی دەکەن، ئا
ئەوانە کەسانێکن کە خوا هیدایەت و ڕێنموویی کردوون! (سورەتی الز...

facebook.com/razakanraz and 3 more links

Subscribed

Home Videos Playlists Community






## کتێبی دەنگی | کتێبی تاو | لاو تزۆ

402 views 1mo ago ...more

RAZAKAN RAZ 32.4K

# تاو

دانانی

لاوتزۆ و چوانگ تزۆ

وەرگێرانی بۆ عەرەبی

هادی العلوی

وەرگێرانی بۆ کوردی

دیاری عەلی و رەوف حەسەن

سلێمانی- ٢٠٠٥

كتاب التاو

لاوتسه/ تشوانغ تسه

ترجمة ودراسة: هادى العلوي

الطبعة الأولى ١٩٩٥

دار الكنوز الأدبية -بيروت

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی رۆشنبیری

بەڕێوەبەرایەتیی خانەی وەرگێڕان

www.roshnbiri.org

khanaywargeran@yahoo.com

- ناوی کتێب:تاو
- ناوی نووسەر:لاوتزۆ و چوانگ تزۆ
- وەرگێڕانی: دیاری عەلی ڕەئوف حەسەن
- بابەت: فەلسەفی
- نەخشەسازی کۆمپیوتەر: نازەنین سالح
- نەخشەسازی بەرگ: فەرهاد مەلا حەسەن
- زنجیرە: ١١٢
- تیراژ: ١٠٠٠
- ژمارەی(٣٠٧ )ی وەزارەتی رۆشنبیری سلێمانی پێدراوە.
- چاپ: کارۆ

# کتێبی یەکەم

## ناساندنێک

**بێئەوەی گەشت بکەیت دەتوانیت هەموو دنیا شارەزابیت**
**بێئەوەی لەپەنجەرەکەتەوە بڕوانیت دەتوانیت رێگەکانی ئاسمان ببینیت**

(بەشی ٤٧)

ئەم کتێبە لەلایەن نووسەری بەتوانا (هادي العلوي)یەوە کراوە بەعەرەبی.. بەهاوکاریی دوکتۆر (سامی مسلّم) و لەدوو چاپدا دەرکەوتووە، چاپی یەکەم لەساڵی ١٩٨٠دا دەرچووە کەتەنها دەقەکانی (لاوتزۆ)ی لەخۆگرتوون، چاپەکەی تر لەساڵی ١٩٩٥ دا دەرکەوتوە، کەدەقەکانی (چۆنگ تزو)شی تێدایە. ساڵی ٢٠٠١ دەقەکانی یەکەم چاپمکردە کوردی ئەمساڵیش ماموستای بەتوانا رەوف حەسەن بەشەکەی تری وەرگێڕا و پێکەوە بڕیارماندا کە لە چاپێکی چاك و قەبارەیەکی گەورەدا ، وەك سەرچاوەیەکی گرنگی بیری چینی هەردوکی بکەینە یەك.

وەرگێری عەرەبی دەڵێ : کەپشتی بەوەرگێرانی ئینگلیزی لێکۆڵەرەوە چینی ئەمریکایی (جیافوفنگ) بەستووەو لەهەندێ دەقیشدا گەڕاوەتەوە بۆ وەرگێرانەکەی زانای چینناسی ئینگلیزی(نیدهام) ، ناوی کتێبەکە لەسەرچاوە ئینگلیزییەکاندا بە (تاوتی چینگ Tao Te Ching ) هاتووە کەلەفەرهەنگە چینییە نوێکاندا (ت) بە (د)و (چ) بە (ج) دەنوسرێ و ناوەکە ئاوای لێدێ:

(داو دی جینگ) (تاو) یا (داو) بەمانای رێگەیەو (تی) بەمانای رەوشت و (چینگ) بەمانای کتێب و سەرجەم واتاکەی (کتێبی رەوشت) دەگەیەنێ.

فێرگەی تاوی یاتاویزم (تاوجیا) دەگەڕێتەوە بۆ (لاوتزۆ) کەنازناوی (لی تان)ە پارێزەری ئەرشیفی میرنشینی (چیوو)بووە کە ئەمرۆ سەر بەهەرێمی (هونان)ی باشورە، لەدەوروبەری سەدەی شەشەمی پێش زاییندا ژیاوە بە(دانای پەنهان)ناسراوە. دەڵێن کەدوای نەمانی ئەم میرنشینە دەستی بەگەشت کردووەو ئەم کتێبەی نوسیوە نازناوی (لاوتزۆ) بەمانای(منداڵی پیر)دێت نزیکەی ١٦٠ یازیاتر لە٢٠٠ ساڵ ژیاوە.. چونکە زانیویەتی چۆن لەرێگەی تاوەوە ماوەی ژیانی درێژە پێبدات وچینییە کۆنەکان پێیان وابووە کەهەڵکەوتووەکان دەکرێ لەنێوان ١٠٠ تا ٢٠٠ ساڵ زیاتردا بژین، هەرئەمەش وای لێکردووە کەتەمەن درێژیو تەمری بدرێتەپاڵ، ئەمەش بکرێتە پەیرەوێك بۆ درێژکردنەوەی ژیان لەرێی شێوازەکانی هەناسەدان ومەشقی

وەرزشی وبنەماکانی تەندروستی سێکسی، (لاوتزۆ) حەزی بەخۆراکدانی خۆیی کردووەو بەدەستهێنانی وزەی زیندوو بەفیرۆنەدانی بەرز نرخاندووە ، هاوسەردەمی (کۆنفۆشیۆس) بووەو دەڵێن پەنجا ساڵ لەو گەورەتر بووە.. بۆیە لێکۆڵەرەوە چینییەکان ئەم نەوەك (کۆنفۆشیۆس) بەیەکەم فەیلەسوف دادەنێن . لەگەڵ دەرکەوتنی (لاوتزۆ)دا شەپۆلێکی فەلسەفی درێژ دەستیپێکردوە کەبەدرێژایی سەردەمی فەلسەفەی گریکی و هیلینی و عەرەبی و ئیسلامی بەردەوام بووە ،زانا (فونگ یولان لەڕووی مێژووییەوە ) سێ قۆناغ.. یاپلە بۆ تاویزم دائەنێ (یاوچو) دەبێتە یەکەمین فەیلەسوفی تاوو (لاوتزۆ) دووەمین فەیلەسوف.. ئەو سێ قۆناغەی کەئەو باسیدەکا لە (یاوچو)وە وە دەست پێدەکا کەبریتییە لەقۆناغی هەڵاتن لەخەڵك و گۆشەگیربوون لەچیا و دارستانەکاندا وەك پارسەکان بۆ دەربازبوون لەخراپەی دنیاو، پاشان دەرخستنی (لاوتزۆ) بۆ ئەو یاسایانەی کەشتەکان بەڕێوەدەبەن و لەو ڕوانگەیەوە کەیاساکان جێگیرن و شتەکان گۆڕاو و.. بانگەوازکردنی بۆ تێگەیشتن لەم یاسایانەو ڕێکخستنی ژیانی تاك و کۆمەڵ پێیان بۆ دورکەوتنەوە لەو زیانانەی لەئەنجامی دژایەتیکردنی سروشت لەلایەن مرۆڤی شارستانییەوە پەیدابوون، لەقۆناغی سێیەمدا (چۆنگ تزو) بانگەشەی لەبیرکردنی جیاوازیی نێوان شتەکان و خۆبەستنەوە بەیەکسانی لەنێوانیاندا دەکا.. تاڕادەی یەکسانی

لەنێوان مەرگ و ژیانداو یەکانگیرکردنی خودو ئەویتر لەپێناوی تێپەڕاندنی ئەو جیهانەی کەهەیە بەرەو جیهانێکی تر کەگیانی مرۆڤایەتی تێیدا ئاسوودە دەبێ بێئەوەی مرۆڤ پێویستی بەهەڵاتن هەبێ بۆ چیاو دارستانەکان.

تاویزم قۆناغی تریشی هەیە کەیەکێکیان لەگەڵ فەیلەسوف (کووشیانگ) دەگاتە لوتکە. لەسەدەی سێی زایینیداو قۆناغێکی تر کەتیایدا تاویزم لەنێوان فەلسەفەو ئاییندا دابەش بووە.. لەئەنجامی ئەمەشدا تاویزمی فەلسەفی (تاوجیا)و تاویزمی ئاینی (تاوجیاو) پەیدابووە، بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستە تاویزمی فەلسەفییە نەك ئایینی، (لاوتزۆ) وەك فەیلەسوفێك و تاویزم وەك فەلسەفەیەك.. گرنگی و مەزنیی هەر فەلسەفەیەك لەمانەوەی مەودای کاریگەری و هەڵگرتنیەتی بۆ چەندین خوێندنەوە، (ولیەم جێمس) دەڵێ: هەر فەیلەسوفێکی مەزن دیدگەیەکی هەیە ئەگەر بیگرین ئەوا دەتوانین ڕشتەکەی بەئاسانی تێبگەین، (کرۆچە)ش دەڵێ: تائەوەندەی ڕشتە فەلسەفییەکە مەزنتر بێ، بیری سەرەکی ئاسانتر دەستدەخرێ لەم ڕەوگەیەوە ئەم دەقانە دەبنە گەشتێك، ئەزموونێك، تاودانێك...

ماوەتەوە بڵێین تاویزم پەلی بۆ زۆر بواری تر هاویشتووە لەسۆسیۆلۆژیاو ڕامیاری و سایکۆلۆژیاو تەنانەت پاراسایکۆلۆژیاش.. دەکرێ چڕکردنەوەی لە (گونجانی مەزن) (ئاشتی هەتایی) (دڵنیایی هەمیشەیی) (ئاشتی گەردونی)دا

خـۆی ببینێتـەوە: گونجـان لەگـەڵ خـود لەگـەڵ ئـەویتر لەگـەڵ جیهـانو ئاشـتیو دڵنیـاییو ئاسـایش لەگـەڵ ئـەوانیتر لەگـەڵ جیهان:

لەگەڵ مێشکی کراوەدا، دڵیش کراوە دەبێ

ئەگەر دڵت کراوەبێ، دەتوانیت وەك پاشا ڕەفتار بکەیت

بەشی (١٦)

**دیاری**

**سلێمانی١٦/١٢/٢٠٠٤**

## پێشەکیی وەرگێڕی عەرەبی

ڕەنگە خوێنەر تووشی سەرسوڕمان ببێ کاتێ دەچێتە ناو دەریای بیری چینییەوە، ئەو جیهانە پەنهانەی کەسەرەتاکانی بۆ سەدەی هەشتەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە و.. سەبارەت بەو دابڕانە بپرسێ لەکلتورێکی دێرین کە لە دەوروبەرماندا هەبووە.. لەگەڵ کتێبخانەکانی ئاشور بانیپاڵ و کلدانی و ئارامییەکان و ئەنجا موسوڵمانەکاندا هاوکات بووە.

بەڵام ئایا بۆچی موسڵمانەکان بەدەر لەفەلسەفەی یۆنانی سەرچاوەیەکی تری مەعریفی وەك شارستانیی چینییان دەست نەکەوتووە؟ وەڵامەکەشی بەربەستی زمانە، چونکە فەلسەفەی چینی کۆمەڵێك (سریانی) بۆ ئامادە نەبووە تاببنە نێوانگیری لەگەڵ بیری ئیسلامیدا. بەڵام ئەم پرسیارە بەردەوام هەردێتە کایە کەبۆچی سەرەڕای پەیوەندیی پتەو بەچینەوە لەسەر ئاستی رامیاریی و بازرگانی و زانستی و لێشاوی موسوڵمانەکان بەرەوچین پاش ماوەیەکی کەم لەگەیشتنی سوپای "قتیبە" بۆ "کاشەغر" تاسنورێکی هاوبەش بۆ ئەو دوو ئیمپراتۆریەتەی ئەو دەمەدابنێ.

ناسینی ئەم فەلسەفەیەش لەلای ئێمە لەسەردەمی نوێدا دەگەڕێتەوە بۆ شالاوی رۆشنبیریی یەکلایەنەی ئەوروپا بۆسەرئێمەو بۆسەر چینیش بەمەش بەربەستێکی زمانیی تر دروست بوو.

یەکەمین هەوڵدانەکان بۆ گەڕانەوە بۆ کلتوری رۆژهەلات دەگەڕێتەوە بۆ شەستەکان.. کاتێ مێژونووسی مارکسی عێراقی( فیصل السامر) دەربارەی پەیوەندییە عەرەبی و چینییەکان نووسیویەتی کەهەندێك لەم لێکۆڵینەوانەی لەگۆڤاری کۆلێژی ''ئەدەبیات'' لەبەغدا بلاوکردوونەتەوە دواتر دیسان لەکتێبەکەیدا ''شارستانی ئیسلامی لەرۆژهەلاتی دوردا'' گەڕاوەتەوە بۆ ئەم بابەتە '' بەمەش سەرچاوەیەکی باشی لەو بوارەدا دەستەبەر کردووە ، دواتر ''عبدالمعین الملوحی'' بەشی یەکەمی وەرگێڕانی ''مێژووی شیعری چینی''ی لەساڵی ١٩٦٨دا بلاوکردۆتەوە..

بەشی دووەمیش لە١٩٧٩دا، نوسەری میسریش محمد شبل بەرگێکی لەسەر ''فەلسەفەی چین'' نووسیووە.

لەم دواییەشدا خزمێکم نامەیەکی لەبەغداوە بۆ نوسیوم دەلێ کەخوێندکارێکی عێراقی کتێبێکی دەربارەی پەیوەندییە عەرەبی و چینییەکان دەرکردووە و گەڕاندویەتیەوە بۆ سەردەمی بابلییەکان و شتی گرنگی خستووەتە سەر ئەوەی کەپێشەنگ( فیصل السامر) نوسیویەتی.

یەکێك لەو تێزانەی تر کەئامادەکرون هی خوێندکارێکی سودانییە بەناوی (جعفر کرار) لەیەکێن بەشێمکی پیشان دامو سودی لەزۆربەی سەرچاوە سەرەکییەکانی ئەو بوارە وەرگرتووە دژی ئەو بۆچوونە رۆژهەلاتناسیانە وەستاوەتەوە کەهەولی

تەسك كردنەوەی پەیوەندیەكان و هێشتنەوەی بەربەستەكان دەدات لەنێوان هەردوو لای ئاسیادا، كتێبێكی تریش لەژێر چاپدایە لەلایەن هاوڕێم (زكریا الشریقی) بالیوزی پێشووی سوریا لەچین

لەم ڕێچكەیەوەو بەمەبەستی چوون بەرەو ڕۆژهەڵات لێكۆڵینەوەی دەربارەی فەلسەفەی چینی سەرەتا بریتی بووە لەچەند توێژینەوەیەك لەگۆڤارە ڕۆشنبیری و رامیارییەكاندا پاشان وەرگێرانی كتێبی یەكەمی تاو

لەم كتێبە لەدەرەوەی عیراق بڵاونەبووەتەوە بەهۆی ئەوبارە نائاساییەی لەو وڵاتەكەماندا ڕۆژئاواییەكان وایان لێكردین كەهەژدە ساڵ دورمان خەنەوە لێی ئەنجا كتێبی "المستطرف الصینی"

پاشان ئەم كتێبە فراوانەی تاو كەناوی( لاوتزۆ) دامەزرێنەری فەلسەفەی تاوی و( چۆنگ تزو) رابەری دووەمی هەڵگرتووە.

بەباشیشی دەزانین كەبەر لەخوێندنەوەی دەقە ئەسڵییەكان خوێنەر بەرەو ڕێگەكانی تاو ببەین.

-

هادی العلوی

دیمەشق سەرەتای تەمموزی ١٩٩٤ زاینی

ناوەراستی مانگی شەشەمی ساڵی كەڵەشێر لەساڵنامەی چینیدا

## دەروازەیەک بۆ تاویزم

تـاو چـییە؟ بنەچـەی وشـەکە لـەزمانی چـینیدا بریتییـە لەرێگە.. بەڵام پاشان ئەم زاراوەیە لەفەلسەفەدا بەکارهێنراوەو لەچەمکە بەرهەستەکەیەوە گۆڕاوە بۆ چەمکە رەهاکەی.

پاشان تـاو لای( لاوتـزۆ)و شاگردەکانی گەشەدەکاو دەبێتە رێبـازو ئاکـام بنەمایـەی کەهـەموو شـتەکانی لێـوە دێ‌و ئـەو ئاکامەی کەهەموو شتەکان پێی دەگەن.

"زەریـای وشـە چینییەکان" دەڵـێ: تـاو بریتییـە لەیاسـای سروشتی.. یـا قـەوارەی خـۆیی شـتەکان.. ئایـا تـاو جەوهـەرە، رەنگـە شـتێکی وای لـەخۆگرتبێ چـونکە ئـەو چـەمکانەی ئـەم زاراوەیە وەریگرتووە بواری چەندین لێکدانەوە ئەدات.

بەڵام بنەڕەت هەر ئەوەیە کەتاو بریتییە لەرەهای تاوییەکان: رێبـازی شـتەکان‌و جەوهـەرو سروشـتی خۆییـان‌و بزوێنـەریان، رەنگـە لەهەنـدێ باردا روخسارێکی رۆحـانی تیـابێ کەدەربڕینی فەیلەسوفەکانی لـەخۆگرتووە.. شێوەیەکی سۆفیگەرانەو شیعر ئاسـای هەیـە بـەڵام لەچوارچـێوەی گـەردوون‌و سروشـتی گەردوونی دەرناچێ.

(لاوتـــزۆ)ش سەرســـامی خـــۆی لەبـــەردەم ئـــەم ڕەهایـــەدا ناشـــارێتەوەو دەڵـــێ : تاریکـــە، سەرســـامکەرە، وەســـفکردنی سەختە.

بەڵام بۆئەوەی نەگەڕێتەوە بۆ سەرسامی وەسفێکی گشتی دەخاتـــە رووکـــە بەرهەمـــەکانی تـــاوو کردەوەکـــانی و شوێنەوارەکانیی تیایە.

روناکی لەتاریکییەوە هاتو سیستم لەناو شێوەوە، تاو وزەی زیندو بەرهەمدێنێ و گیان دەبەخشێتە شێوەی ئەندامی بەڵام چۆنگ تزو تاو دیاری دەکات بەبێئەوەی دەستی لێ بدات تاوبوونو بەڵگەی هەیە، بەڵام کردارو شێوازی نییە، دەکرێ کەبنێردرێ بەڵام ناکرێ وەربگیرێ، دەکرێ پێکبێ بەڵام ناکرێ ببینرێ[11]

تـــاو دابـــڕاوە لـــەناو.. واتـــە سیفەتیـــشی نییـــە لاوتـــان بەتابلۆیـەکی نەنەخشێنراوی دەچوێنێ: ئـەو سـەرەتای هـەموو شتەکانەو سەرەتای سەرەتاکانە، ئەو شتێك نیە بەڵکو سەرەتای شتەکانە.کەواتە تاو ئەو ساکارەیە کەرێبازی هەموو شتەکانە، ئەگـەر زمـانی فەیلەسـوفە ئیـسلامییەکانیش بـەکاربهێنین بـەم دیاریکردنـــەی دەکرێـــت بەرامبـــەری یـــەزدان، ئـــەقڵی یەکـــەم، بزوێنـــەری یەکـــەم بێـــت، لەگـــەڵ جیاوازییـــەکی بنەڕەتیـــدا کەفەیلەسـوفی تـاوی هـەوڵ نـادا ڕەهەنـدێکی جیاکـار بداتـە ڕەهاکەی.

کەواتە دەکرێ هێزی شاراوەی ناوشتەکان بێت، چۆنگ تزو ئـەوە دیـاری دەکـات کـەتاو پڕیـیو بۆشـی بەرهەمـدێنێ بـەڵام خۆیو پڕییو بۆشی نییە ژاکانو نەمان بەرهەمدێنێ بەڵام خۆی

ئەوە نییە، رەگو لقەکان بەرهەم دێنێ بەڵام خۆی ئەمەش نییە، کەڵەکە بوون و پەرش بوونەوە بەرهەمدێنێ بەڵام خۆی نەکەڵەکە بووە نەپەرش بو... چ شتێك لێرەدا هەیە جگە لەهێز نەبێ؟ تاو شت نییەو ڕێبازی شتەکانە، ڕێبازی شتیش سروشتەکەیەتی وەك فەلسەفەی ئیسلامی دەڵێ.. بەواتایەکی تر بریتییە لەو هێزەی کەلەبونەوەرەکاندایەو جوڵەو وەستانیان پێ ئەدات لەبەرئەوەی پێش پێکهاتن هەبوە و پێش سەرەتا بێئەوەی کۆن بێ و لەسەرەوەی شتەکان بێ بێئەوەی بەرزبێ و لەخوارەوەیان بێ بێئەوەی درندەبێ ئەوا ئەو شتەیە کەنەئاراستەی دیاری دەکرێ نەکاتی، ئەمەش جگە لەو هێزە نەبێ کەسیفەتی نییە هیچ شتێکی تر نییە بەڵام دەتوانێ کەپێك بێت واتە بکات دەقیش لەسەر پێکهاتنی سیفەتی بکەری پێ دەبەخشێ.. لێرەدا چۆنگ تزو ئەوە ڕەت دەکاتەوە کەسیفەتی کرداری بداتێ لەگەڵ ئەوەشدا ناچار بووە دەربڕینێکی وای هەبێ، کەئەمەش دەرەنجامی سنورداریی زمانە.

لێکۆڵەرەوەی رۆژئاوایی پێی وایە کەتاو لەلۆگۆسی فیلۆن فەیلەسووفی جولەکەی هاوسەردەمی مەسیحەوە نزیکە کەقسە دەربارەی گیانێکی خودایی گەردونی دیاری نەکراو دەکات لایەنێکی گەورەی راستی و دروستیشی هەیە، بەڵام تاو دەکرێ کەئەقڵی یەکەمی ئەفلوطینیش بچێ چونکە دامەزرێنەر پێی لەسەر زنجیرەیەك داگرتووە کەتیایدا تاو یەکێك بەرهەمدێنێ و لەیەکیشەوە دوو دێ و لەدووە وەسێ و لەسێ وە هەموو شتەکان دێ بەڵام تاویزم بەدوای دەرکەوتنی هۆداری شتە

سروشتییەکاندا دەگەڕێ نەوەك بەدوای ئەوبونەوەرە ساکارە جیایەی کەناگرێ بەبوونەکانی تێکەڵبێ وەك ئەفلۆتین ویستویەتی لەپاش ئەمیش فەیلەسوفە ئیسلامییەکان لەوەی کەیەك زۆر ببیّ و ساکار ئالۆز بیّ بەمەش واز بێنیّ لەوەی کەببێتە گیانێك بۆ گەردون یا دروستکەرێك یا تاك و تەنهایەك چونکە تاو لەناخی گەردونا جێگیرە.. لەناو فەلەکدا نەوەك لەدەرەوەی بەلاّم( هوای نان) (۱۲۲ پ.ز) خاوەنی کتێبی (دەروشانەوەی مەزن) بیرۆکەیەکی سەیری هەیە کاتێك قسە لەسەر وەلاّمدانەوەی خۆیی شتەکان بۆ تاو دەکات ئەمەش لەبزوێنەری یەکەمی ئەرستۆ دەچێ کەخۆی ناجولیّ بەلاّم هەموو شتەکان بۆ لای ئەو دەچن بەو هەستی عیشقەی کەلەناویاندایە.

بەلاّم تاو لەناوگۆڕانەکاندا دەمێنێتەوە واتە لەناوناچیّ چونکە نەمریەکەی بەندە بەنەمریی کردارەوە بۆیە تاو دەمێنێەوە چونکە لەگۆڕان ناکەویّ نەوەك لەبەرئەوەی وەك ماهیەتەکانی ئەرستۆ جێگیرە.

کەواتە تاو ڕێبازی سروشتەو تاویەکان لەسەر ئەمە لێکدانەوەی خۆیان بۆ بوون بنیاتناوە.. یەکەمین هەوڵدانە بۆ لێکۆڵینەوەی جیهان بەشێوەیەکی فیزیایی لەڕێی فەلسەفەوە.. لەم بوراەشدا پێشەنگی تاو( لاوتان) ئەم گریمانەیەی داناوە بۆ چۆنیەتی دەرچوونی بوونەکان لەمناڵدانی تاوەوە:

لاوتان دەربارەی بنەچەی تاو دەپرسیّ و دەڵیّ نازانم لەکوێوەیە؟ بەلاّم دواتر دەڵیّ:

وادیارە ئەو لەپێش بالاّدەستەوە بووە

ئەی چیی دەکرد؟

بەرهەمی دەهێنا بێئەوەی خۆراك وەرگرێ

چۆن دەیکرد؟

ئەوو بوونەوەرەکان وەك دەریاوان، چونکە ڕێباز خۆی ناخاتە دۆخێکەوە کەکاریکرێ بەڵکو درێژبوونەوەیەك بەرهەمدێنێ کەلێی جیانابێتەوەو بونەوەرەکان بریتین لەدرێژبوونەوەکانی کەهیچ شتێکی لێ کەم ناکەنەوە.

درێژبوونەوەش زۆر نزیکە لەمانای کشان لەکیمیادا، لاوتان پەنا دەباتە بەر ئەم گریمانەیە تارێباز تووشی کەمکردنەوەو کارکردن نەکا.

دیارە ئەمەش سیفەتی ئەو ساکارەیە کەهەموو بوونەکان لەون وەك شیرازی دەڵێ، ئەمەش بریتییە لەگەڕان بەدوای هێزی بەرهەمهێنەردا لەگەردوندا، ئەم پێویستییەش وای لەتاوییەکان کردوە کەبەدوای سەرەتایەکدا بگەڕێن، بەڵام ئەم سەرەتایەش ڕێژەییە چونکە بەپێی ئەوەی کەلەدوای دێ بەسەرەتادادەنرێ،( هوای نان) دەڵێ

سەرەتایەك هەبوو

سەرەتایەکیش هەبوو کەپێش ئەو سەرەتایە دەکەوت

بەڵام بۆ دروستبوونی مەزن( لێ تزو) چوار قۆناغی مەزن دادەنێ:

قۆناغی بازی گەورە، لەم قۆناغەشەوە بنەچەی مەزن دەردەپەڕێ، لەم بنەچەیەشەوە سەرەتای مەزن دێتەدەر ئەنجا قۆناغی لێشاوی مەزن.

ئەم پێکهاتنەشی نەمرە.. واتە بەردەوامە هەموو شتەکان لە ڕێبازەوە دروست دەبن و دەشگەڕێنەوە لای ئەو، ئەمە یەکانگیربوونە چۆنگ تزو دەڵێ:

ئاسمان و زەوی و من پێکەوە هاتینە بوونەوە

ئەمە جۆرێکە لەیەکێتیی بوون، بەمەش تاو بریتییە لەرەهایەك کەلەناو سنورەکانی ڕێژەییدایە، لەبونەوەرەکاندا ئامادەیە یاوەك چۆنگ دەڵێ ئەو لەهەموو جێیەکە، ئەمەش لەحلولی (چونەناو)ی تەسەوفەوە نزیکە بەڵام لەم چوونە ناوەدا لەرەهایی خۆی تەنها نەمریی لەجوڵەدای دەبێ واتە جێگیریی لەناو گۆڕانەکاندا بۆئەوەی ببێتە سەرچاوەپێدەری هەموو شتەکان دەبێتە هێزی شاراوەی ناو شت و بزوێنەری.

## تاو لەکۆمەڵگەدا

سادەیی تاو سادەیی بنەڕەتی بزوێنەری شتەکانە و... هەروەك مەلا صەدری شیرازی وتویەتی.. چونکە ساکار بنەچەی هەمووانە. خاڵێکی هاوبەشە لەنێوان فەلسەفەکاندا:

گریکی و چینی و ئیسلامی، سەرەڕای کۆنیشیی لەلایەن فیزیای نوێوە پەسەند دەکرێ کەتەنەکانی گێڕاوەتەوە بۆ بەشی زۆر بچوك کەدەچێتە کایەی ئەو بەشەی کەدابەش نابێ (واتە بنەڕەتی سادە) بەڵام ساکاریی تاو پەیوەستییەکانی تەنها لەسروشتدا نیە بەڵکو لەکۆمەڵگەشدایە، ڕەنگە فەیلەسوفی تاوییش وەك بارێکی سروشتی مەبەستی نەبووبێ تەنها لەڕێی بارەکەیەوە لەکۆمەڵگەدا. لەبنەچەدا تاو ئەو هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەیە کەلەسەر فەلسەفەی سروشت وەستاوە بەمەش لەگەڵ فەلسەفەی کۆنفۆشیۆسدا نیە ئەگەر چی لەویش تێدەپەڕێنێ، بەڵام لەکۆمەڵگەوە دەستی پێکردو بەکۆمەڵگە کۆتاییهات، د [illegible] رترۆ هەروەك ئەو لەکۆمەڵگەدا دەستپێیکرد پاشان بەرەو سروشت باڵا بوو.. لێرەوە تاوییەکان ڕەخنەی

فەرامۆشکردنی سروشتیان ئاراستەی کۆنفوشییەکان کرد. هەرچۆنێك بێ ساکاری تاو وەك ڕێبازێکی بوون بەندە بەساکارییەوە وەك هەڵویستێکی کۆمەڵایەتی. هیچ جیاوازییەك لەنێوان تاوی کۆمەڵگەو تاوی سروشتدا نیە تەنها لەو ڕێچکەیەدا نەبێ کەبۆ هەریەکەیان تەرخانکراوە ئەمەش تایبەتمەندییەکە لەو بابەتەوە دێ کەوردەکارییەکانی لێ وەردەگرێ لەکاتی سروشت لەچیەتی جیهانداو لەکاتی کۆمەڵگە لەچیەتی مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی.

تاوی کۆمەڵایەتی، تاوی مرۆڤ، ساکارییەکەی لەباری نەکردنەوە وەردەگرێ، ئەمەش یەکەمین ئایەتە لەکتێبی تاودا لەسەر ئەمەش لاوتزۆ دیدگای خۆیو هاوەڵەکانی لەکایەی کۆمەڵگەدا بنیات دەنێ.. نەکردنیش سیفەتی هاوبەشی تاوو بەرهەمەکانیەتی: دە هەزار شتەکە، لەوانیش مرۆڤ. لاوتزۆ دەڵێ:

"دە هەزار شتەکە بێ وەستان سەردەکەونو دادەبەزن، دروست دەکا بەڵام نایبێ کاردەکا بۆ خۆی نا، کار بەئەنجام دەگەیەنێو لەبیری دەکا، لێرەوە تا هەتایە دەمێنێ"

(بەشی ٢)

کەواتە نەکردن هۆی هەتاییەو تەنها لەویشەوە شتەکان نەمریی وەردەگرن بەڵام لێسەندنی کردن لای تاوییەکان فراوان دەبێو لێسەندنی تریشی لێ دەکەوێتەوە

"بەبێ ئارەزوویی مرۆڤ دەگاتە پەنهانو
بەئارەزوو مرۆڤ دەگاتە بیتراو

لەنـەمانی ئـارەزووەوە دەچـێتە نـاو غەیبـەوە، کەبنـەڕەتی بوونو ڕاستیەکەیەتیو پەردەی بینراو دەبڕێو:

"بێناویی سەرەتای ئاسمانو زەمینە"

واتـە سـەرەتای هـەموو بوونـە. بـوون لەنەهێـشتنەوە دێو بـەویش کۆتـایی دێ بـەڵکو نەهێـشتن خـۆی کرۆکـی بـوونو ڕاسـتییەکەیەتی.. و لـەژیانی مرۆڤـدا گەنجینـە کۆنەکردنـەوە ڕێگری لەدزی دەکا

نەبینینی خوازراوەکان ڕێگری لەدڵە ڕاوکێ دەکا (بەشی ٣)

واتـە مـرۆڤ لـەئارەزوو سـامان دابـبڕێو ئەمە بێخاوەنداری دەبێ، بێ پەشۆکانو سنور بەزاندن و.. تاو وەك دەفرێکی بەتاڵ وایـە بـەکاری دێنـی بێئـەوەی پێویـستت بـەپڕکردنی هـەبێ. لەبەرئـەوەی تـاو نەهێـشتنی ڕەهایـە بۆیـە تـەواو نابـێو بـەکار نابرێ، نهێنی جیهان خاڵی بوونەو هەر ئەمەش نهێنیی مانەوەو ناکۆتا بوونیەتی، لێرەوە لاوتزۆ دەڵێ:

دانا دەگەڕێ بێئەوەی هیچ بکاو، فێر دەکا بێ ئەوەی بدوێ (بەشی ٢)

لـەدانادا تـاو دەگاتـە ئەوپـەڕی ئاشـکرا بـوونی، تێکەڵیـدەبێ وەك تێکـەڵبوونی سـوفی لـەنهێنی خـودایی لەسـاتی دۆزینـەوەدا، لەبەرئەوەیە دانا خۆشی نەهێشتنی ڕەهایە! ناکا، ئارەزوی نیە، نادوێ، نای بـێ، نابا، پێویـستی نیـەو خـۆی دەرناخـا.. شـانازی ناکـا.. وەك تـاو چـۆڵە، خاڵییـە چـونکە ئاشـکرا بـوونی قـاوەو بەرجەستەبوونی مرۆڤانەیەتی، ئەو کاتـەی کەدەگاتـە ئەم قۆناغە

دەبێ خۆشی بسڕێتەوە وئەو دەمەش چییەتی ڕەهای تیا بەدی دێ.

"واز لەدانایی بێنن، زیرەکی فڕێدەن خەڵکی سەد ئەوەندە پێتان دڵخۆش ئەبن"

(بەشی ١٩)

بەم شێوەیە دانا بۆئەوەی پەیامەکەی بگەیەنێ وەك ئاشکرا بوونێکی تاو پێویستە کەواز لەبوونی وەك دانایەك بێنێ، **چونکە** بوونی دانایی دژی سروشتیەتی وەك نەهێشتنی ڕەها. بەڵام ئەو واز لێهێنانە یەکسەر نابێ، پێویستیی بەقۆناغێکی ناوەند دەبێ کەتیایدا دانا دانایە، واتە دانایی بەکاردێنێ و فێری دەبێ و فێری خەڵکی دەکا و تاویزمیش دان بەوەدا دەنێ کەدەبێ دانا دەورێکی لەجیهاندا هەبێ، واتە دان بەوو بەبوونیشی ڕەنگە بەپێویستیشی دادەنێ تانەبێت نایسڕێتەوە بەڵکو چاوەڕێی بەبونبوونی دەکا تابیگوازێتەوە بۆ باری هیچ کەبەندە بەباری نەکردنەوە. لێرەوە تاویزم دان بەفێربوندا دەنێ بەڵام فێربوونیش ساکارەو بەبێ قسە ئەنجام دەدرێ وەك لاوتزۆ دایدەنێ هەر ئەمەش مەرجی ڕاگەیاندنی مەبەستی ویستراوە کاتێ کەلەگەڵ ڕێبازی یەکەمدا یەکدەگرێ. بۆئەوەی تاوی بیت دەبێ لەهەموو شتێکدا ساکار بیت چونکە تاو لەگەڵ ئاڵۆزی و زیادە ڕۆییدا پێچەوانەیە، مرۆڤی تاوی یش ئەو کەسەیە کەبەبێ کردن کاردەکا، واتە تەنها ئەوە بەرهەمدێنێ کەتایبەتە بەخۆی و

پاشانیش بێ دەنگە دەنگ پاشەکشێ دەکات، ئەمەش باری مرۆڤی ئاساییە بەڵام مەرجەکانی دەوڵەتی نموونەیی شە. چونکە بەبوونی فەرمان و ڕێگریی زۆر وەك لاوتزۆ دەڵێ پەشێوی دروست دەبێ. دەشکرێ کەواز لەدەوڵەتیش بهێنرێ:

"ئەگەر خەڵك سروشتی خۆیان پیس نەکەن و لایەنی "تی" بگرن دەوڵەت چ پێویستە؟"

فەیلەسوفی تاوی ئەندێشەی سەردەمێکی زێڕین دەکا بۆ ئەو فەرمانڕەواییە نموونەییەی کەخۆزگەیەتی، لەنێوان وێنەی ڕابوردوو ئەندێشەی ئایندەدا فەیلەسوفی تاوی سۆزی بۆ ژیانی پێشین هەیە وەك بەرجەستەبوونی نەکردن دەیبینێ، لەبەرامبەر وێنەی ئێستادا کەبریتییە لەشێواندنی سروشت، لێرەوە تاوی دژی ئەو کۆمەڵگەیەیە کەهەوڵی زیاد لەپێویستی تیایە وەك لاوتزۆ دەڵێ: پێنج ڕەنگە چاو کوێر دەکات

پێنج ئاواز گوێ کەڕ دەکا

پێنج تام چێژ تێك ئەدا

گرانبەهاکان مایەی تیاچوونن (بەشی ١٢)

کەواتە کێشەکە لەهەبوون و خاوەنداریی زیاد لەپێویستدایە و ئەو خاوەندارییە بێسنورەی کەیەکێکە لەڕووەکانی شارستانی، لەبەرئەوە تاوییەکان ڕقیان لەشەڕ دەبێتەوە تا ئەو ڕادەیەی کەسەرکەوتن و شین وەك یەك دائەنێ چونکە ئەوانەی سود لەشەڕ وەردەگرن تەنها فەرماندارەکانن و

هەر ئەوانیش سەرکەوتنیان مەبەستە ئەو سەرکەوتنەی کەقەسابخانەیەك بەدەست دێ کەگەل دەبێتە قوربانیی لێرەوە لاوتزۆ داوای نەمانی سزاو توندو تیژی دەکا:

"پێوەرە توندو تیژەکانو سزا قورسەکان ئامێری گونجاو نین بۆ پاشا (٢٥)

لەم بوارەشدا کێشەیەکی گەورە پێکدێ لەئەنجامی ئەم دێڕانەی لاوتزۆ کەدەڵێ: (٢٦)

ئاسمانو زەوی بەبەزەیی نین

هەزاران شت وەك داوڵێ پوش ڕفتار دەکەنو

داناش بەبەزەیی نیە

لای ئەویش سەدان کەس داوڵێ پوشن

چینی ئاسەکان ئەم دەقەیان جیاواز لێکداوەتەوە بۆ نمونە (ویگەر)پێیوایە کەئەمە تۆقاندنی ڕەهایە لەکاتێکدا توێژەرێکی تر کە(جۆن سی فیرگوس)ە لێکدانەوەیەکی پێچەوانەی هەیە ئەم وشانەی لاوتزۆ وەك کاردانەوەیەك دژی توندو تیژیی کۆنفۆشیۆس دەبینێ ئەم دێڕە دەخاتە بەرامبەری: "مرۆڤی شەڕانگێز بەمردنی سروشتی نامرێ"

(گریك)یش ئەم دەقەی ئاوا وەرگێڕاوە:

"ئاسمانو زەوی مەیلی کردنی کاری چاك ناکەنو دە هەزار بوونەوەر بێ بەزەیی ڕەفتار دەکەنو داناش حەزی بەچاکە نیە ئەویش بێ بەزەیی ڕەفتار لەگەڵ خەڵکی دەکات" و دەڵێ: ئەم چەمکە ئەگەر خراپ لێیتێبگەین ئەوا دەبێتە هۆی ئەنجامی کارەساتاوی، تاویی ڕوناکبیر لەچاکەو خراپە بالاترە.

دیاره كه (گریك) دەیەوێ لەتێگەیشتنی ئەم دەقەدا نەهێشتن تاویی بكاتە سەنگی مەحەك ئەمە یەكێكە لەو كێشانەی كەلەئاكامی لێكدانەوەو تێگەیشتنی جیاوازەوە سەریهەڵداوەو ڕەنگە ئەمەش لەجۆرێك لەبەكارهێنانی بۆ مەبەستی تایبەتییەوە سەرچاوەی گرتبێ.

* * * *

لەساكاری تاوەوە هەندێك لەلێكۆڵەرەوەكان باس لەتەسەوف و زوهدی تاوییەكان دەكەن چونكە سادەیی هاوتای زوهد یا گەوهەریەتی، زوهدیش مانای زیادەڕۆیی و دەستبلاوی نەكردنە.. بەلام لەهەمان كاتدا دژی قەدەغە كردنە چونكە تاوییەكان خۆیان لەچێژی خواردن خواردنەوە بێبەش نەكردوە بەڵكو زیادەڕەوی تیایاندا قەدەغە كردوە ئەمەش لەزوهدی ئیسلامییەوە نزیكە وەك ناوەندێك لەنێوان ئینتەلاو برسێتیدا لەگەڵ ئەو مەرجەدا كەدەبێ دانای تاوی لەدەسەلات دوركەوێتەوە ئەگەر چی لاوتزۆ خۆی فەرمانبەرێكی دەوڵەت بووە بەلام ئەمە نەبووەتە پەیڕەوێك لای تاوییەكان بەتایبەتی كەكارەكەی ڕامیاریی نەبووە بەڵكو ڕۆشنبیریی بووەو لەكتێبخانەدا كاری كردوە كەئێستا پێیدەوترێ ئەرشیف، ئەگەر چی زۆر لەپاشاكان هەوڵیان داوە كەتاوییەكان بەلای خۆیاندا ڕابكێشن و هەندێكیان ئەمەیان ڕەتكردوەتەوەو هەندێكیان هاوكاریی دەسەلاتیان كردوە بەمەبەستی پاڵپشتكردنی ڕێبازەكەیان پێی.

بەڵام ڕەنگە دانا ناچار بێ کاری ڕەسمی قبوڵ بکا لەم بارەشدا دەبێ بەکەمترین هەوڵ کاربکاو لەو ئەرکەدا کەبەسەریدا سەپێنراوە پەیڕەویی تاو بکا.

بەڵام تاوییەکان لەبنەماکانی زوهد لا ئەدەن لەبابەتەکانی سێکسدا. لای ئەوان جووتبوون خۆراکدانی ژیانە نەوەك شتێکی پیس و شورەیی. جووتبوون لەسەر یەکسانیی ژن و پیاو پێکدێ لەبواری چێژداو دەبێ کەژن بورووژێنرێ وەك هۆکارێك کەهێزو توانای پیاو بەرز دەکاتەوە و... مەرجی تەکنیکی جووتبوونیش بەشداری پۆزەتیڤانەیە لەنێوان هەردوو ڕەگەزکەدا پەیڕەوی کردنی ئەم مەرجەش یارمەتی پاراستنی لەش ساغی و تەمەن درێژیی ئەدا؟ تاوییەکان دەرمانێك پێشکەشدەکەن بۆ ڕێگرتن لەسکپڕیی ئەگەر جووتبوونەکە ئەمەی مەبەست نەبێ.

ئەگەر چی تاویزم توشی ڕەخنەو دژایەتی توند بوو لەسەر دەستی ماویزم و لێکدانەوەی لەسەر بنەماکانی مەتریالیزم بەڵام ئەمە هەڵوێستێکی توندڕەوانەبوو لەدژی ئایین نەوەك وەستان لەسەر بنەما فەلسەفییەکانی (ئەو دیالێکتیکەی لەخۆی گرتووە) و شیکردنەوەی و ئاکامە ڕامیاریی و کۆمەڵایەتییەکانی کەخۆی لەخۆیدا شۆڕشێك بووە دژی باری چینایەتی و پەیامێك بووە لەبەرامبەر ئەوانەدا کەدەسەڵات و سامانیان بەدەستەوە بووە. لێرەوە پێویستە ئاماژە بەخەمێکی هاوبەشی تاویەت و تەسەوفی جەمسەریی لەئیسلامدا بکرێ کەئەویش هەوڵدانیەتی بۆ گونجاندنی کەسێتیی تاکی ڕۆشنبیر بەپێکهاتەی ئازاد کەدژی دەسەڵاتی دەوڵەت و دەسەڵاتی پارە دەوەستێتەوە (لەتەسەوفی

جەمسەرییدا دەسەڵاتی ئایینیشی دەچێتە سەر) بەویستێکی بەهێزەوە کەدانا هەیەتی و کۆششێکی زۆری کردوە بۆ سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی خۆی بۆ هاوشێوە بوون نا لەگەڵ باو بەڵکو بۆ دەرچوون لێی

### سەرچاوەکان


Joseph Nedham

1.Science and civilization in china volume History of scientific Thohgt Cambridge University press 1956.

2.Dr. Leo Wiegwer AHistory of Religious and philosophical opinions in china.

وەرگێڕانی بۆ ئینگلیزی Edward Chalners

Hsien- Hsien press 1927

٣. محيط الكلمات الصينية –اعداد هان بيوتسوهاى ١٩٦٥

٤. فونـغ يـولان Ashort History of Chinese philosophy NewYork 1948

٥.التوهج العظيم، الترجمة الانكليزية ايفان مورغان ١٩٣٢ .

٦. الفكر الصينى من كونفوشيوس الى ماوتسى تونغ

٧. كتـاب الاغـانى: منتخبـات مـن الـشعر الـصينى القـديم جمعها كونفوشيوس

١

**ئەو "تـاو"ەی دەتوانرێـت هـەواڵی بزانرێـت ئـەوە "تـاو"ی هەمیشەیی نیە**

ئەو ناوەی کەدەتوانرێت ناوبنرێت ئەوە ناوی هەمیشەیی نیە

ئەوەی ناو نەنراوە ئەوە سەرەتای ئاسمان‌و زەمینە

ناونراو خاوەنی دە هەزار شتە (١)

ئەوەی هەمیشە بێ ئارەزووە پەنهان دەبینێ

ئەوەی هەمیشە بەئارەزووە بینراو بەدی دەکات

ئەم دوانە لەیەك بنەچەوە سەر هەڵئەدەن

ئەمەش پێش تاریکی دەردەکەوێت

ئەو تاریکیانەی یەك لەسەر یەکن

دەروازەی هەموو شاراوەکانن

٢

**هەموو ئەوانـەی لـەژێر ئاسمانـدان دەتوانن جوانی وەك جوانی ببینن**

چونکە دزێوی هەیە

هەمووشیان دەتوانن چاکە وەك چاکە ببینن چونکە خراپە هەیە

لێرەوە هەت بێ یا نەت بێ بەیەکەوە دەردەکەون

گران‌و ئاسان تەواو دەبن

درێژو کورت بەرامبەر دەبنەوە

سەرەوەو خوارەوە پشت بەیەکتری دەبەستن

دەنگەکان یەکانگیر دەبن

پێشەوەو دواوە شوێن یەکتری دەکەون

لێرەوە دانا دەگەڕێ بێئەوەی هیچ شتێك بکا فێر دەکا بێئەوەی بدوێ

دە هەزار شتەکە بێ وەستان سەردەکەوێو دادەبەزێ

دادەهێنێو نای بێ

کار دەکاو هیچ نابا

کار بەجێدێنێو لەبیری دەکا

ئاوا تا هەمیشە دەمێنێتەوە

٣

## خەڵات نەکردنی لێهاتووان ڕێگریی لەبەیەکادان دەکات

کۆنەکردنەوە ڕێگری دزییە

نەڕوانین بەرەوو بینراوەکان ڕێگری دڵە ڕاوکێیە.

لێرەوە ژێر وڵات بەخاڵی کردنەوەی دڵانو پڕکردنی ورگەکان ڕام دەکا

بەلاوازکردنی چاو برسێتیو بەهێزکردنی ئێسك

ئەگەر خەڵك پێویستیان بەزانینو ئارەزو بوو

ئەوا فێرکاران بیر لەدەست تێوەردان ناکەنەوە

ئەگەر شتێك نەکرێت ئەوا هەموو زۆر باش دەبن

٤

**ئاو دەفرێکی بەتاڵە بەکاردێ بێنەوەی پڕ بێ**

سەرچاوەیەکە پەی پێ نابرێ هی دە هەزار شتەکە

تیژی تیا کول دەبێ و

گرێکە دەکرێتەوە

بریسکە ئاسک دەبێ و

بەتۆز دادەپۆشرێ

لەدورەوە شاراوەیە بەڵام هەمیشە ئامادەیە

نازانم لەکوێ دەهات

ئەوە پێشینی ئەباترەکانە

٥

**ئاسمان و زەوی بەخشندە نین (٢)**

هەردووکیان وەك داوڵی کێڵگەکان ڕەفتار لەگەڵ هەموو شتەکان دەکەن

تەنانەت داناش بەخشندە نیە

چونکە لای ئەویش سەدان هۆز وەك داوڵن

سەرباری ئەمەش

ئاسمان و زەوی و ئەوەی لەنێوانیاندایە وەك فوتێکەر وان بەڵام نانوشتێنەوە

شێوە دەگۆڕێ بەڵام وێنە ناگۆڕێ (٣)

هەرچیەکیان لێ بکەیت.. چەند لێیان نزیك بیتەوە

ئەوان ا ـەرراونو تەواو نابن

بەقەدەر ئەوەی کە وشەکان زیادی دەکەن وندەبن

بۆیە چاکتر وایە بەچەقەوە وابەستە بین

٦

**گیانەکانی دۆڵەکە نامرن**

چونکە ژنە.. دایکی یەکەمە

دەروازەکەی ڕەگی ئاسمانو زەمینە

وەك سەرپۆشێکە نابینرێ

بەکاری بێنە! بێ هیوا نابیت

٧

**ئاسمانو زەوی بۆ هەتا هەتایە دەمێننەوە**

بۆچی ئاسمانو زەوی بۆ هەتایە دەمێننەوە؟

ئەوان دروستکراو نین (٤)

لەبەرئەوە هەمیشە دەژین

دانا لەدواوە دەمێنێتەوە بۆیە لەپێشەوەیە

بەدابڕاویی دەمێنێتەوە بۆیە سەربەخۆیە, بەڵام لەگەڵ هەمووان

دا یەکی گرتووە

لەڕێی خۆبەختکردنەوە دانا دەگاتە کەمال

## ٨

**چاکەی باڵ وەك ئاو وایە**

ئاو ژیان دەبەخشێتە دە هەزار شتەکەو کۆڵیش نادا

بەشوێنی وادا دەڕوات کەمرۆڤ خۆی لێ لا دەدا

ئاو وەك ئاو وایە

لەنیشتەجێ بووندا, لەزەوییەوە نزیك بە

لەتێڕاماندا بەقوڵی بەویژدانتا ڕۆبچۆ

لەڕەفتارکردن لەگەڵ خەڵکدا, پیاوو بەبەزەیی بە

لەقسەکردندا, ڕاسگۆبە

لەفەرمان ڕەواییدا, داد پەروەربە

لەئیشدا, کارامە بە

لەکردەوەدا, ئاگات لەکات بێت

بێشەڕ: بێ پیا هەڵپژان

## ٩

**قایل بوون بەکەم چاکترە بۆت لەپڕبوون هەتا کۆتایی**

چەقۆکە زۆر تیژ بکەی دەمەکەی خێرا کەل دەبێ

ئاڵتون و یەشب * کەڵەکە بکە, ناتوانی بیان پارێزی

شوێن شۆڕش و پایە بکەوە, لەکارەسات نزیك دەبیتەوە

لەکاتی تەواوبوونی کاردا پاشە کشێ بکە

ئەوە ڕێی ئاسمانە

## ١٠

### جسته‌و گیان هه‌لبگره، یه‌ك له‌باوه‌ش ده‌گریت

ئایا ده‌توانیت له‌لیكدابران به‌ده‌ربیت؟

هه‌موو ئه‌وه‌ی له‌سه‌رته پێشكه‌شی كه، نه‌رم ده‌بی

ئایا ده‌توانیت وه‌ك كۆرپه‌ی ساوا وابیت؟

پیسی ڕوانینی سه‌ره‌تا بشۆره‌وه

ئایا ده‌توانیت بێ پیسی بی؟

هه‌موو خه‌ڵكت خۆش بوویێت فه‌رمانڕه‌وایی وڵات ده‌كه‌یت

ئایا ده‌توانیت بێ فێڵ بیت؟

ده‌روازه‌كانی ئاسمان بكه‌ره‌وه‌و دایخه‌ره‌وه

ئایا ده‌توانیت ڕۆڵی ژن ببینیت؟

له‌هه‌موو شته‌كان تێبگه بۆ هه‌موو شته‌كان ده‌كرێته‌وه

ئایا ئه‌توانیت هیچ شتێك نه‌كه‌یت؟

به‌رهه‌م بێنه‌و بانه‌ت بێ

كاربكه بۆ خۆت نا

ڕێبه‌ری بكه ده‌ست به‌سه‌را مه‌گره

ئه‌وه "تی"ی سه‌ره‌تایه

## ١١

**سی تەوەرە هاوبەش لەچەقی تایەکەدا دەکەن**

بەلاّم تەنها کونی چەقەکە وای لیّ دەکات کەبەکەلّکی بەکاهیّنان بیّت

قوڕ بکە بە قاپیّك

چونکە بۆشایی وای لیّ دەکات بەکەلّکی بەکارهیّنان بیّت

دەرگاو پەنجەرەکانی ژورەکە بترازیّنە

چونکە کونەکان وای لیّ دەکات کەبەکەلّکی بەکارهیّنان بیّت

لیّرەوە سود لەوەوە دیّت کەهەیەو

کەلّکی بەکاهیّنانیش لەوەوە کەنەبووە (٥)

## ١٢

**پیّنج ڕەنگەکە چاو کوێر دەکات**

پیّنج تامەکە چیّژ تیّك ئەدات

ڕاو و شکار میّشك تیّك ئەدەن

گرانبەهاکان بەرەو ونبوون دەمانبەن

لیّرەوە دانا هەست پالّنەریەتی نەك بینین

ئەوەی کەدەبینیّ بەجیّدیّلیّ بۆئەوەی کەهەستی پیّدەکا

١٣

**نوشوستی بەگوێڕایەڵییەوەوە وەربگرە**

بەدبەختی وەك بارێكی مرۆڤانە وەربگرە

مەبەستت چیە لەوەرگرتنی نوشستی بەگوێڕایەڵی

زۆر گوێ مەدەرە شت

خەفەت بەقازانج و زیان مەخۆ

ئەمە پێیدەوترێ وەرگرتنی نوشوستی بەگوێڕایەڵی

مەبەستت چیە لەوەرگرتنی بەدبەختی وەك بارێكی مرۆڤانە

بەدبەختی لەوەوە دێ کەتۆ جەستەیت

بێ جەستە چۆن بەدبەخت دەبێ؟

نەرم و نیان بە, مافی سەرپەشتیکردنی هەموو شتەکانت دەبێ

هەموو جیهانت وەك خۆت خۆشبوێت دەتوانیت بەدڵسۆزیەوە

بایەخ بەهەموو شتەکان بدەیت

١٤

**سەیرکە, دەبینیت نابینرێت – دور لەهەموو وێنەیەکە**

گوێ بگرە, دەبینیت نابیسترێت, دور لەدەنگە

بیگرە, دەبینیت ناگیرێت ناتوانرێت دەستی لێ بدرێت

ئەم سێ شتە نازانرێن

لێرەوە لەگەڵ یەکدا یەکانگیر بووە

لەسەرەوە, ڕوناك نیە

لەژێرەوە، تاریك نیە

دەزوویەکی نەپساوەیە، وەسف ناکرێ

بەرەو ناشتی دەچێ

شێوەی ناشێوە

وێنەی ناوێنە

دور لەپێناس.. دور لەئەندێشە

لەپێشیەوە بوەستە، سەرەتایەك نابینیت

لەدوایەوە بە.. کۆتاییەك نابینیت

لەگەڵ تاوی هەمیشەییدا تاوی بە

لەگەڵ ئێستادا بجوڵێ

زانینی سەرەتای هەمیشەیی بنەچەی تاوە

## ١٥

## پێشینان نۆرزانێکی پەنهان بوون، دور ڕۆشتبوون، کاردەرەوە بوون

دەریای زانیاریان پەی پێ نەدەبرا،

لەبەرئەوەی پەی پێ نابرێ

هەموو ئەوەی کەپێمان دەکرێ تەنها وەسفی ڕواڵەتیانە

وەك ئەوانەی لەڕوباری زستاندا دەپەڕنەوە

وریا بین،

بسڵەمینەوە، وەك ئەوانەی دەرك بەمەترسییەکان دەکەن

ڕوخۆش وەك ئەو میوانانەی سەردان دەکەن

نەرم وەك ئەو بەفرەی خەریکە دەتوێتەوە

ساکار وەك ئەو پارچە دارانەی هێشتا نەنەخشێنراون

قوڵ وەك ئەشکەوت

لێڵ وەك کانیە قوڕینەکان

کێ دەتوانێ کەبەهێمنییەوە چاوەڕوان بێ تالیتەکە دەنیشێ؟

کێ دەتوانێ بێ جوڵە بمێنێتەوە تاساتی کردار؟

ئەوانەی چاودێریی تاو دەکەن بەدوای کەمالدا ناگەڕێن

بەواز هێنانیان لەگەڕان بەدوایدا, ئارەزوی گۆڕان نایان بزوێنێ

## ١٦

### خۆت لەهەمو شتێك خاڵی کەرەوە

بهێڵە مێشکت ئارام بێ

دە هـــەزار شـــتەکە دێـــتو دەڕوا لەکاتێکــدا دەرون چـــاودێری

گەڕانەوە دەکا

شتەکان دەڕسکێنو گەشە دەکەنو دەپوکێنەوە بەرەو ڕەچەڵەك

گەڕانەوە بۆ ڕەچەڵەك بەردەوامە, ڕێبازی سروشتە

ڕێبازی سروشتیش ناگۆڕێ

ناسینی هەمیشە دور بینییە

نەناسینیشی مایەی کارەساتە

بەناسینی هەمیشە, مێشك کراوەیە

لەگەڵ مێشکی کراوەدا, دڵی کراوەش دەبێ

ئەگەر دڵت کراوە بێ، دەتوانیت وەك پاشا ڕەفتار بکەیت

ئەو کاتەی شاهانەی خوداوەندییشی

ئەو کاتەی خوداوەندییت ئەوە دەست لەناو دەست لەگەڵ تاویت

کەدەست لەناو دەست لەگەڵ تاو بیت ئەوە هەتاییە

جەستە دەڕوا بەڵام تاو دەمێنێ

## ١٧

**ئەوەی زۆر بەرزە بەحاڵ دەناسرێ**

پاش ئەمە ئەوە دێ کەدەیزانن

ئەوەی لێی دەترسن

ئەوەی بێزی لێ دەکەنەوە

ئەوەی بڕوای بەکەس نەبێ کەس بڕوای پێ ناکات

کاتێك کردەوەکان ئەنجام دەدرێن

بێ قسەی زیادە

خەڵکی دەڵێن: ئێمە کردمان

## ١٨

**ئەو کاتەی تاوی مەزن لەبیر چووە**

بەزەیی و ڕەوشت دەردەکەون

دانایی و زانایی لەدایك دەبن

گریمانە مەزنەکان دەست پێدەکەن

کاتێ ئاشتی لەناو خێزاندا نامێنێ

رێزو سۆزی دایكو باوك دەردەکەون

کاتێ ئاژاوە تەشەنە دەکات

وەزیرە دڵسۆزەکان دەردەکەون

## ١٩

**دورکەونەوە لەپیرۆزی، واز لەداناییی بێنن**

خەڵکی سەدجار باشتر ئەبن

واز لەبەزەیی بێنن، دورین لەڕەوشت

ئەو کاتە خەڵکی هەست بەبەهای گوێڕایەڵی دایكو باوكو

خۆشەویستی دەکەن

واز لەکارامەیی بێنن، پارە دەست مەخەن

دزو تەڵەکە بازەکان نامێنن

ئەم سیانە تەنها بریتین لەوێنە دەرەکییەکانو بۆخۆیان بەس نین

گرنگترین شت

بینینی ساکارییە

لەگەڵ بەدیهاتنی سروشتی ڕاستەقینەی مرۆۃ

دەرباز بوون لەخۆپەرستی و

سەرکێشیی ئارەزوو

٢٠

**واز لەفێربوون بێنە سنوورێك بۆ گرفتەكانت دائەنێیت**

ئایا كێشە لەنێوان ئاو ئادا هەیە؟

لەنێوان چاكەو خراپەدا؟

بۆ دەبێ منیش لەوە بترسم كەیەكێكی تر لێیدەترسێ؟ قسەی هیچ!

خەڵكی بەخۆشییەوە جەژنی گای قوربانی بەڕێدەكەن و

لەبەهاردا هەندێكیان دەچن بۆ سەیران و بەسەر چیاكاندا سەردەكەون

تەنها من لەبەر بادام و نازانم جێگەم لەكوێیە

وەك ساوا پێش ئەوەی فێری خەندە بێ

تەنها.. هیچ جێیەكم نیە بۆی بچم

ئەوانی تر زیاد لەپێویست هەیانە, بەڵام من هیچم نیە

شێت, ئاە, ئا! و پەشێوم

جگە لەمن ڕوون و ڕێكن

ئەوانی تر زیرەك و زانان

تەنها من دەبەنگ و كەرم

ئاە, وەك شەپۆلی دەریا دەدرێمەبەر

بێ ئاڕاستە وەك ئەو بایەی دانامركێتەوە

هەموو خەڵك بێجگە لەمن جەنجاڵن

تەنها من نەبێ بێ ئامانجم

## ٢١

**چاکەی گەورە ئەوەیە کەپەیڕەوی تاو بکەیت و تەنها تاو**

تاو دەچێتە دەری هەست

بەڵام وێنەیەك هەردەمێنێ

دەچێتە دەری هەست,

بەڵام شێوازێك هەردەمێنێ

ئەو ڕەش و تاریکە,

بەڵام ناوەرۆکێك هەردەمێنێ

ئەم ناوەرۆکە زۆر ڕاستییەو باوەڕی تیایە

لەسەرەتای یەکەمەوە تا ئێستا کەس ناوی ئەوی بیرنەکردوە

ئاوا لەدروست بوون دەگەم

ئەی چۆن ڕێگەکانی دروست بوون بناسم؟

بەهۆی ئەمەوە.. (٦)

## ٢٢

**ملکەچ بە.. سەردەکەویت**

بچەمێرەوە.. ڕاست دەبیتەوە

خاڵی بەرەوە.. پڕدەبیتەوە

ڕووت بەرەوە.. نوێ دەبیتەوە

کەم ببە، قازانج دەکەیت

زۆر بەرە، پەشێو دەبیت

لێرەوە ژیرەکان پابەندی یەکێك دەبن

دەبنە هاوشانی هەموان

لەگەڵ خۆیان بەراورد ناکرێن.. و دەدرەوشێنەوە

خۆیان بەرزناکەنەوە.. و بەرزدەبنەوە

خۆیان بەزل نازانن.. و دانیان پێدادەنرێت

زۆر بلێیی ناکەن، بۆیە زمانیان نایگرێت

شەڕ ناکەن، بۆیە کەس شەڕیان لەگەڵ ناکات

لێرەوە قسەی پێشینان: ملکەچ بە سەردەکەویت

ئایا قسەی هیچە؟

گشتێکی ڕاستەقینە بە

هەموو شتەکان دێنە لات

## ٢٣

**ئەگەر کەم قسە بکەیت ئەمە سروشتییە**

گێژەڵوکەکان هەموو بەیانیەك بەردەوام نابن

ڕەهێڵە هەموو ڕۆژێك ناخایەنێت

نهێنیی لەمەدا چییە؟ ئاسمان و زەوی

ئەگەر ئاسمان و زەوی نەتوانن شتەکان نەمرکەن

ئەوا ئەمە بۆ مرۆڤ دەکرێت؟

ئەوەی شوێن تاو کەوێت

ئەبێتە یەکێك لەگەڵ تاودا
کێ چاکە خوازە،
شارەزای تی دەبێت
ئەوەی لەڕێ لادەدات
هەست بەونبوون دەکات
کاتێك لەگەڵ تاودا دەبیتە یەك
تاو خۆش هاتنت لێ دەکات
کاتێ لەگەڵ تی بویتە یەك
ئەوا تی لەگەڵ ئەو لێت جیانابێتەوە
کاتێك لەگەڵ ونبووندا بوویتە یەك
ئەوا بەئازادی پیادەت کردوە
ئەوەی خاوەن بڕوا نەبێت
کەس بڕوای پێ ناکات

٢٤

**ئەوەی لەسەر نوکی پەنجەکانی دەوەستێ چەسپاو نیە**

ئەوەی بەترسەوە ڕێ بکا ناتوانێ لەڕۆیشتندا بەردەوام بێ
ئەوەی چاکەکانی بۆ خەڵك دەبژێرێ ڕوناکبیر نیە
ئەوەی خۆی بەچاکەکار دەزانێ شایەنی شکۆ نیە
ئەوەی خۆی بەزل دەزانێ هیچ شتێك ئەنجام نادا
ئەوەی خۆی دەردەخات بێ ئارامە

ئەبێتە یەکێک لەگەڵ تاودا

کێ چاکە خوازە,

شارەزای تی دەبێت

ئەوەی لەڕێ لادەدات

هەست بەونبوون دەکات

کاتێک لەگەڵ تاودا دەبیتە یەك

تاو خۆش هاتنت لێ دەکات

کاتێ لەگەڵ تی بویتە یەك

ئەوا تی لەگەڵ ئەو لیّت جیانابێتەوە

کاتێک لەگەڵ ونبووندا بوویتە یەك

ئەوا بەئازادی پیادەت کردوە

ئەوەی خاوەن بڕوا نەبێت

کەس بڕوای پێ ناکات

٢٤

## ئەوەی لەسەر نوکی پەنجەکانی دەوەستێ چەسپاو نیە

ئەوەی بەترسەوە ڕێ بکا ناتوانێ لەڕۆیشتندا بەردەوام بێ

ئەوەی چاکەکانی بۆ خەڵك دەبژێرێ ڕوناکبیر نیە

ئەوەی خۆی بەچاکەکار دەزانێ شایەنی شکۆ نیە

ئەوەی خۆی بەزل دەزانێ هیچ شتێك ئەنجام نادا

ئەوەی خۆی دەردەخات بێ ئارامە

بەپێی ئەهلی تاو،
"هەموو ئەوانە خۆراکێکی زیادەو شمەکێکی کاتین"،
بەختەوەریی ناهێنن
بۆیە ئەهلی تاو لێی بەدور دەبن

## ٢٥

### شتێك لەنهێنیدا پێکدێت

پێش ئاسمان و زەوی لەدایکبوو
لەبێ دەنگی و بۆشاییدا
تاك، نەگۆڕ
هەمیشە ئامادە. و هەمیشە بزواو
لەوانەیە ئەوە دایکی دە هەزار شتەکە بێ
من ناوی نازانم
بەلام پێی ئەڵێم تاو
لەبەرئەوەی وشەی باشترم نیە ناوی دەنێم "خاوەنی مەزنی"
لەمەزنی خۆیدا دەڕوا.
دور دەڕوا. دور
کاتێك کەدەگاتە لوتکەی ئامانج دەگەڕێتەوە
لێرەوە تاو مەزنە
ئاسمان مەزنە

زەوی مەزنە

پاشاش مەزنە

ئەوە چوار هێزەکەی بوونە

کەپاشا یەکێکیانە

مرۆڤ شوێن زەوی دەکەوێ

زەویش شوێنی ئاسمان

ئاسمانیش دوای تاو

تاویش دوای ئەوە دەکەوێت کەسروشتییە

## ٢٦

**قورسی ڕەگی سوکە**

هێمن سەرداری پەشۆکاوە

لێرەوە دانا بەدرێژایی ڕۆژ گەشت دەکا و

شێوەی جانتاکانی فەرامۆش ناکات

سەرەڕای زۆری ئەو شتە جوانانەی کەشایەنی سەیرکردنن

ئەو هێمنەو بەدورە:

بۆچی دەبێ خاوەنی دە هەزار عەرەبانەکە

بەسوکایەتییەوە ڕەفتار لەبەردەم خەڵکدا بکا؟

ئەوەی سوک بێ ڕەگەکانی لەدەست ئەدا

ئەوەی پەشۆکاو بێ جڵەوی خۆی لەدەست ئەدا

## ٢٧

**ئەوەی باش دەڕوات شوێنەوار بەجێ ناهێڵێ**

قسەکەری چاك زمانی تێکەڵ نابێ

ژمێریاری چاك پێویستی بەژمێرەر نیە (٧)

دەرگەی چاك پێویستی بەقفڵ نیە

لەگەڵ ئەوەشدا کەس ناتوانێ بیکاتەوە

بەستنی چاك بێ گرێدان دەبێ

لەگەڵ ئەوەشدا بەهیچ شێوەیەك ناکرێتەوە

لێرەوە دانا بایەخ بەهەموو خەڵك دەداو

کەس نابوێرێ

بایەخ بەهەموو شتەکان ئەداو

هیچ شتێك نابوێرێ

ئەمە پێیدەوترێ: شوێنکەوتنی ڕوناکی

مرۆڤی چاك کامەیە؟

فێرکەری مرۆڤی خراپە؟

مرۆڤی خراپ کامەیە؟

ئەو پێویستیی مرۆڤی چاکە

ئەگەر فێرکەر شکۆدار نەبێ و

فێرخوازان گوێ نەدەنێ

زیرەکی هەرچەند بێ پەشۆکان دێتە کایەوە..

ئەمەیە پەنهان ترین نهێنی

٢٨

**مێزی پیاو بزانە و**

پێویستە سەرپەرشتیی ژن بکەیت

ببەرە ڕووبارێکی بەخوڕ بۆ جیهان

ڕاستەقینەو بێ پێچ

جارێکی تر وەك ساوات لێ دێتەوە

سپی بناسەو

ڕەش بگرە

ببەرە هاوشانێکی دنیا

ڕاستەقینەو بێ پێچ

دەگەیتە ناکۆتا

شەرەف بناسە

بێفیز بە

ببەرە دۆڵی دونیا

ئەگەر دۆڵی دنیا بیت

ڕاستەقینەو پڕ بە

باری تابلۆیەکی نەنەخشێنراو وەردەگریت

کاتێ تابلۆکە دەنەخشێت بەکەڵکی بەکارهێنان دێت

کاتێ دانا بەکاری دێنێ دەبێتە فەرمانڕەوا

و ئاوا

"بەرگ درووی گەورە زۆر کەم مقەست بەکار دێنێ"

## ٢٩

**ئایا وادەزانی کەدەتوانی جڵەوی جیهان بگریتە دەستو چاکی بکەیت؟**

من دەڵێم ئەوە ناکرێت

جیهان پیرۆزە و

ناتوانیت چاکی بکەیت

ئەگەر هەوڵی گۆڕینی بدەیت کاول دەبێت

ئەگەر ویستت بیگریت لەدەستت دەردەچێت

ئاوا شتەکان هەندێجار پێش دەکەون هەندێجار پاش

هەناسەدان هەندێجار گران دەبێ و هەندێجار ئاسان

هەندێجار بەهێزی هەیەو هەندێجار لاوازی

مرۆڤیش جارێك لەلوتکەدایەو جارێکیش لەچڵپاودا

لێرەوە دانا لەسەرە ڕۆیی لەخۆڕازییبوون دوردەکەوێتەوە

## ٣٠

**کاتێك فەرمانڕەوایەك بەرەو رێگەکانی تاو ڕێنمایی دەکەیت**

پێی بڵێ کەهێز بۆ گرتنی دنیا بەکارنەهێنێ

چونکە ئەمە تەنها بەرەنگاری دروست دەکا

دارستانی بێ بەر لەو شوێنەدا دەڕوێن کەسوپا تێ دەپەڕێ

سالانی قاتو قڕیش دوای شەڕی سەخت دێ

ئەوە بکە بەپێویستە بیکەیت و

هێز مەکەرە دروشم

ئەنجامەکان بەدەست بێنە

بەڵام وریابە نەیکەیتە ڕێگە بۆ شکۆمەندی

ئەنجامەکان بەدەست بێنە

بەڵام خۆت بەزل مەزانە

ئەنجامەکان بەدەست بێنە

بەڵام لەخۆبایی مەبە

ئەنجامەکان بەدەست بێنە

ئەوە ڕێگەی سروشتییە

ئەنجامەکان بەدەست بێنە

بەڵام بەزۆرنا

چونکە پاش هێز لاوازی دێ

ئەمەش لەڕێگەی تاودا نیە

ئەوەی بەپێچەوانەی تاوە وە بڕوا زوو دەسوێت

## ٣١

**چەکە چاکەکان ئامێری ترسن و هەموو بوونەوەرەکان ڕقیان لێیەتی**

لەبەرئەوە ئەهلی تاو هەرگیز بەکاری ناهێنن

ژیر چەپ بەباش دەزانێ

شەرخوازیش ڕاست
چەکەکان ئامێری ترسن نەوەك دەزگاکانی ژیریکی زیرەك
چونکە ئەو بەکاری ناهێنێ تەنها ئەگەر چارەی نەما
ئاشتی و ئارامی خۆشەویستن لەدڵیدا
سەرکەوتن شادی ناهێنێ
ئەوەی بەسەرکەوتن دڵخۆش دەبێ بەکوشتاریش دڵشاد دەبێ
ئەگەر بەکوشتاریش دڵشاد بوویت ئەوا ناتوانیت خودت تەواو بکەیت
لەبۆنە خۆشەکاندا چەپ لەپێشەوەیە
لەبۆنە ناخۆشەکاندا ڕاست
لەسوپادا سەرکردە لای چەپ دەوەستێ
سوپا سالاریش لای ڕاست
واتە شەڕ وەك کۆتەڵ بەڕێوەدەبرێ
کاتێ خەڵکێکی زۆر دەکوژرێ
دەبێ بەکوڵ بۆیان بگرین
کەواتە جیاوازیی سەرکەوتن و شین چییە؟

## ٣٢

### تاو هەرگیز پێناس ناکرێ

ئەوەندە بچوکە لەکاتی دروست نەبووندا کەناگیرێ
ئەگەر پاشاو سەردارەکان بیان توانیایە دەستەمۆی بکەن

ئەوا دە هەزار شتەکە لەخۆیانەوە پەیڕەویان دەکردن و
ئاسمان و زەویش دەستە دەستە دەهاتن
بارانیش بەلێزمە دادەباری
خەڵکیش پێویستیان بەفەرمانی زیاتر نەبوو و
هەموو شتەکانیش ڕێچکەی خۆیان وەردەگرت
کاتێك گشت دابەش دەبێ بەشەکان پێویستیان بەناو هەیە
ئەوەندە ناو هەیە کەبەس بێ
پێویستە مرۆڤ بزانێ کەی دەوەستێ
کاتێکیش بزانێ کەی دەوەستێ لەگرفتەکان بەدور دەبێ
تاو لەدنیادا وەك ڕوبارێك وایە سەرەنجام دەڕژێتە دەریاوە

## ٣٣

**ناسینی ئەوانی تردانایییە**

دەروونناسین ڕووناك بوونە
زاڵبوون بەسەر ئەوانی تردا پێویستی بەزۆر هەیە
زاڵ بوون بەسەر دەرەوەدا پێویستی بەتوانا هەیە
ئەوەی دەزانێ ئەوەندەی هەیە کەبەسە ئەوە دەوڵەمەندە
سوربوون بەڵگەی توندی ویستە
ئەوەی لەجێی خۆی دەوەستێ، بەرگەی ئەوە دەگرێ
کەبمرێ بێئەوەی لەناو بچێ، واتە ئامادەیی هەتایی دەبێ

٣٤

**تاوی مەزن لەهەموو جێیەکدا دەڕوات, بۆ ڕاست و چەپ وەك یەك**

دە هەزار شتەکە پشتی پێدەبەستن و ئەویش ئاگای لەهەموو شتێکە

ئەوەی لەسەریەتی جێبەجێیدەکا و فیز لێنادا

دە هەزار شتەکە خۆراك دەداو

ناشڵێ من سەرداریانم

زۆر بچوکەو بێ مەبەستیشە

دە هەزار شتەکە بۆئەوە دەگەڕێنەوە

بەڵام ئەو سەرداریان نیە

ئەو لەو پەڕی مەزنیدایە

تاو مەزنی خۆی دەرناخا

لێرەوە ئەو بەڕاستی مەزنە

٣٥

**ئەوەی لەگەڵ یەکدا بێ هەموو خەڵك دێنە لای**

چونکە لەوەدا ئارامی و بەختەوەری و ئاشتی هەیە

ڕێبوار ڕەنگە بۆ مۆسیقا یاخۆراکی باش لابدا

بەڵام وەسفی تاو

بێ ئاوازو چێژە

نابینرێ, نابیسترێ

بۆیە تەواو نابێ

## ٣٦

**ئەوەی دەچێتەوەیەك**
دەبێ سەرەتا فراوان ببێ
ئەوەی بێ هیوا دەبێ
دەبێ سەرەتا زۆر ئازا بێ
ئەوەی شانکزە
دەبێ سەرەتا بڵند بکرێ و
پێش بردن
دەبێ بەخشین هەبێ
ئەمە پێیدەوترێ ڕێچکەی شتەکان
لاوازیی نەرم بەسەر زۆر پتەودا زاڵ دەبێ
ماسی ناتوانێ ئاوە قوڵەکان جێبهێڵێ
و نابێ چەکەکانی دەوڵەت پیشانی خەڵك بدرێ

## ٣٧

**تاو لەنەکردندا جێگیر دەبێ**
بەڵام هیچ شتێك بێ کاریگەریی نامێنێتەوە
ئەگەر پاشاو سەردارەکان ئەوەیان سەپاند
دە هەزار شتەکە لەخۆیانەوە پەرە دەسەنن
ئەگەر چی ئەوان پێویستیان بەکردن نیە

٣٦

**ئەوەی دەچێتەوەیەك**

دەبێ سەرەتا فراوان ببێ

ئەوەی بێ هیوا دەبێ

دەبێ سەرەتا زۆر ئازا بێ

ئەوەی شانكزە

دەبێ سەرەتا بڵند بكرێ و

پێش بردن

دەبێ بەخشین هەبێ

ئەمە پێیدەوترێ ڕێچكەی شتەكان

لاوازیی نەرم بەسەر زۆر پتەودا زاڵ دەبێ

ماسی ناتوانێ ئاوە قوڵەكان جێبهێڵێ

و نابێ چەكەكانی دەوڵەت پیشانی خەڵك بدرێ

٣٧

**تاو لەنەكردندا جێگیر دەبێ**

بەڵام هیچ شتێك بێ كاریگەریی نامێنێتەوە

ئەگەر پاشا و سەردارەكان ئەوەیان سەپاند

دە هەزار شتەكە لەخۆیانەوە پەرە دەسەنن

ئەگەر چی ئەوان پێویستیان بەكردن نیە

بەساکاری ئاوەڕۆکی دروست نەبووە وە مەوەستن
بەبێ وێنە ئارەزو نابێ و
بەبێ ئارەزو ئارامی دێ
بەمشێوەیە هەموو شتەکان بەئاشتی شاد دەبن

## ٣٨

**ئەوەی بەڕاستی چاکەخوازە ئازانێ کە ئەو چاکەخوازە**

لێرەوە ئەو چاکەخوازە
شێت هەوڵدەدات چاکەخواز بێ
لەبەرئەوە ئەو چاکەخواز نیە
ئەوەی بەڕاستی چاکەخوازە هیچ شتێك ناکا
بەڵام هیچ شتێکیش بێ کاریگەریی بەجێ ناهێڵێ
شێت هەمیشە دەکات
زۆریش دەمێنێت کەپێویستی کردنە
کاتێك بەزەییدار بەڕاستی شتێك دەکا هیچ شتێك بێ کاریگەریی ناهێڵێ
کاتێ داد پەروەر شتێك دەکا زۆر شتی دەمێنێ کەپێویستە بکرێ
کاتێ ڕابەر شتێك دەکا و کەس کاردانەوەی نابێ
بۆ سەپاندنی ڕێکی سەردەستەکانی ڕادەوەشێنێ
لێرەوە هەر کاتێ تاو ونبوو چاکە دێ

و هەر کاتێ چاکە ونبوو بەزەیی دێ
و هەر کاتێ بەزەیی ونبوو دادپەروەری دێ
هەر کاتێك دادپەروەری ونبوو سروتەکان دێن و
ئێستا سروتەکان توێکڵی باوەڕو دڵسۆزین و سەرەتای پەشۆکانن
زانینی ئاینده تەنها بریتییە لەتەڵەیەکی گوڵڕەنگی تاو سەرەتای تێکچوونە
لێرەوە مەزن لەڕاستی ورد دەبێتەوە نەك لەتوێکڵەکان
لەبەردا نەك لەگوڵدا
بەمشێوەیە یەك پەسەند دەکاو ئەوی تر ڕەتدەکاتەوە

## ٣٩

**ئەو شتە سەرەتاییانەی دێرینانە لەیەکەوە پەیدابوون:**

ئاسمان سەراپایەو بێگەردە
زەوی سەراپایەو یەکانگیرە
گیان سەراپایەو پتەوە
دۆڵەکە سەراپایەو پڕە
دە هەزار شتەکە سەراپایەو زیندوە
پاشاو سەردارەکان سەراپایین و وڵات باری مامناوەندییە
هەموو ئەم شتانە لەچاکەی سەراپاییدا بەڕێوە دەچن
بێ گەردیی ئاسمان ڕێ لەکەوتنە خوارەوەی دەگرێ

چەسپاویی زەوی ناهێڵێ شەقبەرێ

پتەویی گیان نایەڵێ لەناو بچێ

پڕبوونی دۆڵەکە نایەڵێ وشکبێ

گەشەی دە هەزار شتەکە نایەڵێ لەناو بچێ

سەرکردایەتی پاشاو سەردارەکان ناهێڵێ وڵات تێك بچێ (٨)

لێرەوە بێ بنەچە ڕەگی بەئابڕوە

نزم، بناغەی بەرز

میرو سەردارەکان خۆیان بە "هەتیو"، "پێوە پیاو"، "بێسود"

دادەنێن

ئایا حەز ناکەن کەبێ بنەچەبن؟

سەرکەوتنی زیاد لەپێویست ئیمتیاز نیە

وەك یەشب مەزرنگێرەوە و

وەك بەردیش خڕەت نەیەت

٤٠

**بەردەوامی جوڵەی تاوە**

ملکەچی ڕێگەی تاوە

دە هەزار شتەکە لەبوونەوەرێکەوە پەیدابووە

بوونەوەرەکەش لە نا بوونەوەرێکەوە سەری هەڵداوە

## ٤١

**فێرخوازی ژیر گوێ لەتاو دەگرێ و بەپەرۆشەوە دەیکات**

فێرخوازی ناوەند.. گوێ لەتاو دەگرێ، جار لەدوای جار بیری لایەتی

فێرخوازی سەرشێت گوێ لەتاو دەگرێ و قاقا لێئەدا

ئەگەر قاقا لێدەر نەبوایە تاو ئەوە نەئەبوو کەهەیە

لەسەر ئەمەش وتراوە:

یاسای ڕوون تەڵخ دیارە

بەرەوپێشچوون وەك پاشەکشێ

ڕێگەی ناخۆشەویستی دژوارەو

تی باڵابۆش و

خاوێنی مەزن پیسبوونو

کەڵەکردنی تی نەگونجاوو

پتەوی تی نەرمیە و

چوارگۆشەی تەواو گۆشەی نیەو

بەهرە ئاشکراکان درەنگ پێدەگەن

ئاوازە باڵاکان زەحمەت دەبیسترێن

وێنەی مەزنیش شێوەی نیەو

تاوی پەنهان بێ ناوەو تەنها تاویش شتەکان خۆراکدەداو کەمالیان پێدەبەخشێ

## ٤٢

**تاو یەك پێكدێنێ**

یەك دوو پێكدێنێ

دوو سێ پێكدێنێ

سێ دە هەزار شتەكە پێكدێنێ

دە هەزار شتەكەش "یەك" هەڵدەگرێ و "یانغ" لەباوەشدەگرێ و

گونجانی خۆی لەتێكەڵكردنی ئەم دوو هێزەوە بەدەستدێنێ

خەڵكی حەزناكەن كەهەتیو و بێوە پیاو و بێكەڵكبن

بەڵام پاشاو سەردارەكان ئەمە بەخۆیان دەڵێن

مرۆڤ بەدۆڕان دەباتەوەو

بەبردنەوەش دەدۆڕێنێ

ئەوەی ئەوانی تر پێیدەزانن تۆش بیزانە.. كە

توندو تیژ بەتوندوتیژیی دەمرێ

ئەمەش دەبێتە كرۆكی پەیڕەوی فێركردنم

## ٤٣

**ناسكترین لەبووندا**

بەسەر ئەستورترینددا زاڵدەبێ

ئەوەی كەبێ "هیولی"یە دەتوانێت كەبچێتە ناشوێنەوە

لەبەرئەوە من نرخی نەكردن دەزانم

فێركردن بەبێ وشەو كاركردن بەبێ كردن

تەنها خەڵكێكی زۆر كەم لێی تێدەگەن

٤٤

**ناوبانگ یان خود: كامیان گرنگترە؟**

سامان، خود: كامیان بەنرخترە؟

قازانج و زیان: كامیان بەئازارترە؟

ئەوەی بەشتەكانەوە بەستراوە خەمی زۆرە

ئەوەی دەستدەخات زۆر لەدەستئەدات

خاوەن قەناعەتیش بێ هیوا نابێ

ئەوەی دەزانێ كەی دەوەستێ ناكەوێتە كێشەوە و

بەرەو ئاسایشی هەمیشەیی دەچێ

٤٥

**تەواوكردنی مەزن زۆر تەواو دیار نیە**

لەبەرئەوە سنوری بەكاهێنانی نابەزێنێ

پڕبوونی مەزن بۆش دیارە

بۆیە ناتوانرێ بەكارببرێ

سەر ڕاستی مەزن خوارییە

زیرەكی مەزن وەك كەرێتی دەردەكەوێ

شایستەی مەزن بۆشی دیارە

جوڵە سەرما دەبەزێنێ

هێمنی گەرما دەبەزێنێ

هێمنی و دڵنیایی شتەکان دەخاتە ڕەوتی خۆیەوە

## ٤٦

**کاتێك تاو لە دنیادا ئامادەبێ**

ئەوا ئەسپ پەین بڵاو دەکاتەوە

کاتێکیش تاو لەدنیادا نابێ

ئەوا ئەسپەکانی شەڕ بەدەوری شاردا غار دەدەن

هیچ گوناحێك لە ئارەزو گەورەتر نییە

هیچ نەفرەتێکیش لەچاوچنۆکی

هیچ بەدبەختیەکیش لەوەی کە مرۆڤ شتێکی بەتەنها بۆخۆی بوێ

لێرەوە ئەوەی بزانێ بەس بەسە هەمیشە ئەوەی دەستدەکەوێ کە بەسیەتی

## ٤٧

**بێئەوەی گەشت بکەیت دەتوانیت هەموو دنیا شارەزا بیت**

بێئەوەی لە پەنجەرەکەوە بڕوانیت دەتوانیت ڕێگەکانی ئاسمان ببینیت

ئەوەندەی دوور دەڕۆیت ئەوەندە کەم دەزانیت

ئاوا ,دانا دەزانێ بێئەوە گەشت بکاو

دەبینێ بێ ئەوەی بڕوانێ

هەموو شتێك جێبەجێ دەكات بێئەوەی بكات

٤٨

**لەبەردەوامی شوێنكەوتنی فێربووندا هەرڕۆژێك پێویستیەكی نوێ دێتەكایەوە**

لەشوێنكەوتنی تاودا ، لە هەر ڕۆژێكدا شتێك كەمدەكا

كەمترو پاشان كەمتر بكە

تا دەگەیتە نەكردن

ئەو كاتەی هیچ شتێك ناكەیت , هیچ شتێكی بێ كاریگەر نامێنێ

جیهان بەندە لەسەر وازهێنان لەكارەكان تا ڕێچكەی خۆیان وەربگرن و

بە دەست تێوەردان بەڕێوە نابرێت

٤٩ من بڕوام بە ئەمەكداران هەیە

هەروەك چۆن بەبێ ئەمەكەكانیش

چونكە تی ئەمەكە

دانا دەستەمۆو بێفیزە و لەبەر چاوی خەڵك پەشۆكاو دیارە

خەڵك سەیری دەكەن و گوێی لێ دەگرن

بەڵام ئەو هەروەك منالێكی بچوك ڕەفتار دەكات

٥٠

**لەنێوان لەدایکبوون و مردندا :**

سێ لە دە ئەهلی ژیانن و

سێ لە دەش ئەهلی مەرگ

ئەوانەشی لەدایکبوونەوە بۆ مردن تێدەپەڕن هەر بە سێ لە دە

دەژمێردرێن

بۆچی ئەمە ئاوا بوو ،

چونکە ئەوان لە لێواری خراپیدا دەژین

ئەوەی کەدەزانێ بژی دەتوانێت سەرزەمین تەی بکا

بێترس لە کەرکەدەن و پڵنگ و

لەشەڕیشدا توشی هیچ نابێ و

کەرکەدەنیش شوێنێکی تیا نا دۆزێتەوە تا شاخەکەی لێدا و

پڵنگیش هیچ جێیەك تا چنگی لێ گیر بکا و

چەکەکانیش ڕێی لێدانیان نیە

بۆچی ئەمە ئاوا بوو؟

چونکە ئەو جێیەك بە مەرگ نادات لێی بێتە ژوورەوە

٥١

**هەموو شتەکان لە تاوەوە دێن و**

بە تێ گەشەدەکەن

وێنە کەیان لە مادەوە وەردەگرن و

شێوەیان لەچوار دەوەر (دەریا)

ئاوا دەهەزاڕ شتەکە "تاو " شکۆدار دەکەن و تێ بالا دەکەن

شکۆدار کردنی" تاو" و باڵاکردنی " تی" لە خۆوە نین

بەڵکو لە ڕێچکەی شتەکان

لێرەوە هەمووشتەکان لە تاوەوە دێن و

لە "تی"یەوە خۆراك دەدرێن

پەرە دەسەنێ , پەنا دەگرێ, وچاندەدا ,گەشە دەکا و خۆی دەپارێزێ

بێ شەکەت بوون دروستدەکا

دەکات بۆ خۆی نا

ئاراستە دەکات بێ دەستتێوەردان

ئەمە "تی" ی یەکەمە

## ٥٢

**سەرەتای بوون**

ئەو دایکی هەمووشتەکانە

بەناسینی دایك مرۆڤ ڕۆڵەکان دەناسێ

ناسینی ڕۆڵەکانیش , لەگەڵ مانەوەی پەیوەندی بەخوێنەوە ,

مرۆڤ لە مەرگ ڕزگار دەکات .

دەمت بگرە

هەستەکانت بەردە

ژیان هەمیشە پردەبێ

دەمت بکەرەوە

هەمیشە خەریك بە

ژیان بێ هیوا دەبێ
بینینی بچوک لە دوربینییە
ملدان بۆ زۆر هێزە
بەکارهێنانی ڕوناکی دەرەکی بینین دەهێنێتەوەو
بەم شێوەیە لەئازار بە دوور دەبیت
ئەمەیە فێر بوونی بەردەوامی

٥٣

**ئەگەر کەمترین ڕادەی هەستم هەبوایە**

ئەوا بە ڕێگەی ناخۆشەویستیدا دەڕۆیشتم و لە لادانی
نەدەترسام
گرتنی ڕێگەی ناخۆشەویستی زەحمەت نیە
بەڵام خەڵك حەزی بەم سەرو ئەوسەرە
کاتێ دەربار دەڕازێتەوە
کێڵگەکان پڕ دەبن لە مرۆرو گونیەکان بەتاڵ دەبن
هەندێك جلی نایاب لەبەر دەکەن و
گۆپاڵ هەڵدەگرن
ئەوان لەوە زیاتریان پێیە
کە بتوانن بەکاری بێنن
ئەوانە سەردارە دزەکانن
نەخێر ، ئەوە ڕێگەی تاو نییە

٥٤

## کۆڵەکەی بنەڕەتی ناتوانێت دەربکێشرێت

ئەوەی باش تێیدەگەیت لەبیر ناکرێت و
ئەوە لە دوای ئەوە شکۆداردەکرێت
''تی '' لەخۆتا بڕوێنە
''تی '' ڕاستەقینە دەبێ
لە خێزاندا بیڕوێنە
زۆر دەبێ
لە گوندەکەدا بیڕوێنە
گەشەدەکات
لەنەتەوەدا بیڕوێنە
مشە دەبێ
لە جیهاندا بیڕوێنە
لە هەموو جێیەك دەیبینی
لێرەوە : جەستە وەك جەستە سەیر کە
خێزان وەك خێزان
نەتەوە وەك نەتەوە
جیهان وەك جیهان
چۆن دەتوانم بزانم کە جیهان ئاوایە ؟
بەڕوانین

٥٥

**ئەوەی بە "تی " پڕ دەبێ دەکرێ لەساوا بچێ (٩)**

مێرووەکان پێوەی نادەن

دڕندەکان نایگرن

داڵەکان نادەن بەسەریا

لەگەڵ ئەوەشدا ئێسقانەکانی نەرمن و

ماسولکەکانی ناسك

بەڵام مستی بەهێزە

ئەو هیچ شتێکی دەربارەی یەکێتی نێرو مێ نەزانیوە

لەگەڵ ئەوەشدا بولبولەکەی هەندێجار هەڵدەستێت

وەك بەڵگەیەك لەسەر چالاکی تەواوی

رەنگە بەدرێژایی ڕۆژ بگری بێئەوەی دەنگی بگیرێ

ئەمەش بەڵگەی ڕێکی تەواویەتی

تێگەیشتن لە ڕێکی تێگەیشتنە لە هێزی زیندوی دەورە نەدراو

تۆ لەسەرکەوتن دەگەیت ئەوا ڕوناکبیریت و

ئێستاش !

بە چڕکردنەوەی ژیانی دنیایی بۆ مرۆڤ چونکە مرۆڤ شومی

دێنێ

ئەگەر ڕێبدرێت بە هەڵچونەکانی دڵ و مێشك کە دەست بەسەر

(چی )دا بگرێت (١٠)

ئەوا مرۆڤ دەکەوێتە ناو دڵرەقی
ئەوکاتە هێزو توندوتیژی دەبنە هۆی دارمان
لەبەئەوەیە کە کۆششی زۆر لە دژی تاو ئاراستەکراوە
هەر کاتێکیش دژی تاو بوویت ئەوە وێرانییە

٥٦ -

**ئەوانەی دەزانن قسەناکەن**

ئەوانەی قسە دەکەن نازانن
دەمت جڵەوگیر بکە
پاسەوانیی هەستەکانت بکە
توندیت نەرم بکە
کێشەکانت سوک بکە
زیرەکیت داپۆشە , لەگەڵ خۆڵی زەویدا ببە بەیەک
ئەمەیە یەکێتی هەرە مەزن
ئەوەی ئەم بارە بەدیدێنێ
گوێ ناداتە دۆست و دوژمن
چاکەو زیان , شکوو کەمی
ئەمە بالآترین بارە

٥٧

**نەتەوە دادپەروەرانە فەرمان ڕەوای بکە**

شەڕ بە جوڵەی کتوپڕ هەڵگیرسێنە

ببە سەرداری جیهان بێماندوبوون

چۆن بزانم ئەمە وایە ؟

لەگەڵ زۆرترین فەرمان و ڕێگرتنەکاندا

هەژارەکان هەژارتر دەبن

لەگەڵ چەکە زۆر کوشندەکاندا

کێشە لە وڵاتدا زیاتر دەبێت

لەگەڵ زۆری زیرەك و کارامەکاندا

شتی سەیری زیاتر دێ

لەگەڵ زۆری فەرمان و ڕێنماییەکاندا

دزو جەردەی زۆرتر دێن

لێرەوە دانا دەڵێ

هیچ کردارێك ناکەم

خەڵکی چاك دەبن

پابەندی ئاشتی دەبم

خەڵکی مێرخاستر دەبن

هیچ شتێك ناکەم

خەڵکی دەوڵەمەند دەبن

کە ئارەزوم نابێ

خەڵك دەگەڕێنەوە بۆ ژیانی خۆشی و ساکار

٥٨

**کاتێک خەڵکی بە نەرمی بەڕێوە دەبرێن**

خەڵک ساکارن

کاتێکش بەڕەقی بەڕێوە دەبرێن

دەرونیان پیس دەبێ

بەختەوەری لەناخۆشیدا ڕەگی داکوتاوە

ناخۆشیش لەبەختەوەریدایە

کێ دەزانێ داهاتوو چی شاردۆتەوە

دەست پاکی نیە

خۆبەختکردن دەبێتە سوکی

چاکە دەبێتە جادوگەری

سەرسامی مرۆڤیش ماوەیەکی درێژ دەخایەنێ

لێرەوە دانا تیژە بەڵام نابڕێ

داندارە بەڵام ناڕوشێنێ

ڕاست و دروستە بەڵام بە

پرشنگدارە بەڵام چاوەکان بە شەوارە ناخات

٥٩

**لەبارەی بایەخدان بە ئەوانی ترو ڕازەکردنی ئاسمان**

هیچ شتێک وەک بەکارهێنانی چاودێرنیە

چاودێر بە دەرخستنەوەی بیرە تایبەتیەکانی مرۆڤ

دەستپێدەکات

ئەمیش پشت بەو "تی"یە دەبەستێ کە لە ڕابردووەوە کەڵەکە بووە

هەرکاتێکیش کۆگەیەکی پڕی "تی" دۆزرایەوە مەحاڵ نامێنێ و

ئەگەر مەحاڵیش نەما سنوریش نامێنێ

ئەو مرۆڤەشی کەسنور ناناسێ دەکرێ ببێتە فەرمانڕەوا

ڕێبازی دایکی فەرمانڕەوایی بۆ کاتێکی درێژ دەمێنێتەوە

ئەمە پێیدەوترێ پەیدا کردنی ڕەگی قوڵ و چەسپاو

ئەوە تاوی هەمیشەیی و ڕوانینی هەتاییە

## ٦٠

## فەرمانڕەوایی کردنی وڵات وەك لێنانی ماسییەکی بچوکە

بە "تاو "ەوە سەیری جیهان بکە

خراپە چیتر بەردەوام نابێ

ئەمەش مانای ئەوە نیە کە خراپە بەهێزنیە

بەڵکو هێزەکەی بۆئازاردانی ئەوانی تر بەکارنایەو

تەنها لەبەرئەوە نا کە ئازاری ئەوانی تر نادا

بەڵکو دانا خۆشی لەئازار پارێزراوە

کەس ئازاری ئەوی تر نادا

"تی " ش لەهەریەکێکیاندا مایەی خۆشگوزەرانی ئەوی ترە

## ٦١

**وڵاتی مەزن وەک نشێو وایە**

جێگەی بەیەکگەیشتنی جیهانە

دایکی جیهانە

مێینە نێرینە بەنەبزوان دەبەزێنێ و

بە هێمنی ڕادەکشێ

ئەگەر وڵاتە مەزنەکە ڕێگەیەکی دا بە وڵاتە بچوکەکە

ئەوا وڵاتە بچوکەکە سەردەکەوێ و

ئەگەریش وڵاتە بچوکەکە کەوتە ژێردەستی وڵاتە گەورەکە

ئەوا وڵاتە گەورەکە دەیباتەوە

لێرەوە پێویستە لەسەر ئەوانەی سەرکەوتنیان دەوێ ملکەچ بن

ئەوانەش سەردەکەون بەهۆی ملکەچ بوونەوە بەوە دەگەن

دەوڵەتی مەزن پێویستی بە خەڵکی زیاترە

ووڵاتی بچوک پێویستی بەوە هەیە کە خزمەت بکاو

هەموانیش ئەوەی دەیەوێ دەستی دەکەوێ

لەبارە بۆ دەوڵەتی گەورە ملکەچ بوون

## ٦٢

**تاو سەچاوەی دە هەزار شتەکەیەو**

تاو گەنجینەی باش و پەنای خراپە

بە وشە شیرینەکان شەرەف دەکڕرێ

بە کردەوە چاکەکان خەڵك شکۆدارت دەکەن

ئەگەر کەسێکی خراپت دی وێڵی مەکە

لێرەوە ، ڕۆژی تاج لەسەرنانی ئیمپراتۆر

یا دانانی سێ وەزیرەکەی دەوڵەت

دیاریەك لەیەشب مەنێرە یا دەستەیەکی چوار ئەسپی

بەڵکو جێگەی خۆت بگرەو تاو دەرخە

بۆچی تاوت زۆر خۆش دەوێ لەسەرەتادا

ئایا لەبەرئەوەنیە کە ئەوەی بۆی دەگەڕیی دەیدۆزیتەوە و ئەگەر گوناح بکەی ئەتبەخشێ

ئا ئەمە مەزنترین گەنجینەیە بۆ جیهان

## ٦٣

**نەکردن ئەنجام بدە**

بێ کردن کاربکە

ئەوە بچێژە کە چێژی نیە

بچوك مەزن کەو کەم زۆر کە

تاڵی بە دڵنەوایی خەڵات بکە

ساکاری لەئاڵۆزیدا بەدی بکە

کارە مەزنەکان لە شتە بچوکەکانەوە بەدیبێنە

لە جیهاندا، کارە زەحمەتەکان وەك کارێکی ئاسان ئەنجام دەدرێن

لە، جیهاندا کردەوە مەزنەکان لە کردەوە بچوکەکانەوەدێن

دانا هیچ کارێکی مەزن تاقی ناکاتەوە

بەم ڕێگەیەمەزنی بەدەستدێنێ

پەیمانە خۆڕاییەکان بڕوا لاوازدەکا

سوك تەماشاكردنی كارەكان سەختی دروستدەكەن
لەبەرئەوەی دانا هەمیشە ڕووبەڕوی سەختی دەبێتەوە
پێیوەی نا نالێنێ

٦٤

ئاشتی بەئاسانی نەپارێزرێ و
گرفتەكانیش ڕێی لێبگیرێ پێشئەوەی دەستپێبكا
نەرم ئاسان دەشكێ و
بچوكیش ئاسان پەرشدەبێ
پێشئەوەی بكەوێ چارەسەری بكە
شتەكان ڕێكخە پێشئەوەی بترازێن
درەختێك ئەوەندەی هەردوو دەستی مرۆڤ لە قەڵەمێكەوە
پەیدادەبێ
قادرمەیەكی نۆ نهۆمیش لە خشتێكەوە دەستپێدەكاو
گەشتی هەزاری لی ش بەهەنگاوێك دەستپێدەكا (١١)
ئەوەی بكات ئامانجەكە دەدۆڕێنێ
ئەوەی بگیرێ وندەبێ
داناش ناكات بۆیە نادۆڕێ و
ناگیرێ بۆیە وننابێ
زۆرجار خەڵكی لەوكاتەدا كە خەریكن سەردەكەون.. شكستدێنن
لەبەرئەوە ئەوەندە بایەخ بەكۆتایی بدە كە بە سەرتاشی دەدەی
بەمە لەشكست بەدوور دەبی

لێرەوە دانا لە ئارەزودا بەدوای ئازادیدا دەگەڕێ و
پێویستی بە گرانبەهاکان نیە و
فێری ئەوەدەبێ کە لە سەر بیرەکان سورنەبێ و
خەڵك بەرەو ئەوشتانە بباتەوە کە ونیان کردوەو
یارمەتی دەهەزار شتەکە ئەدات بۆ دۆزینەوەی سروشتی خۆی
بەڵام ئەو لەکردن بەدەرە.

## ٦٥

**لەسەرەتادا، ئەوانەی شارەزای تاو بون هەوڵی ڕوناککردنەوەی ئەوانی تریان نەدا**

بەڵکو لەتاریکستانەکانی نەزانیدا هێشتیانەوە
بۆچی فەرمانەکە ئەوەندە قورس دەکرێ؟
چونکە خەڵك زیرەکن
ئەو فەرمانڕەوایانەی هەوڵدەدەن زیرەکی بەکاربهێنن
گزی لە نیشتمان دەکەن و
ئەوانەش بێ زیرەکی فەرمان ڕەواییدەکەن
ئەوانە فەڕی زەوین.
ئەمە تەنها دوو دەرفەتەکەیە..
تێگەیشتنی ئەمەش بریتییە لە "تی" ی مەزن
قوڵ و دورمەدا
ئەوەی کەشتەکان بەرەو دواوە دەبا
بەئاڕاستەی یەکێتی مەزن

## ٦٦

**چۆن ڕوبارە گەورەکان باڵادەستی خۆیان بەسەر سەدان جۆگەدا دەسەپێنن**

چونکە لەو نزمترن

ئەمەش دەیکاتە پاشای سەدان جۆگە

ئەگەر دانا بیەوێ ڕێنمایی خەڵك بکا

پێویستە بێفیر بێ

بەشێوەیەك ئەگەر لەسەریان بوو پشتیان قورس نەکا و

کاتێك لەسەردا دەبێ هەست بە ئازار نەکەن

ئەوکاتەش, هەموو ئەوانەی لەژێرئاسماندا کامەراندەبن چونکە

بە وبەڕێوەدەبرێو

ڕێنماییەکانی بێزاریان ناکات

دانا ناچێتە کێبڕکێوە

بۆیە کەس کێبڕکێی لەگەڵ ناکات

## ٦٧

**هەمووئەوانەی لەژێرئاسماندان دەڵێن تاویی مەزن وبێهاوتایە**

چونکە تاو مەزنە بۆیە جیاوازە

ئەگەر ئەو جیاواز نەبوایە دەمێکبوو پوکابۆوە

سێ گەنجینە دەستیان پێوەدەگرن و دەیان پارێزن

یەکەمیان بەزەییە، دووەمیان ئابوریە

سێیەمیش ئەوەیە کەنەوێرم پێش ئەوانیتر بکەوم

لەبەرزییەوە ئازایەتی دێت، لەئابوریەوە بەخشندەیی

لە بێفیزییەوە سەکردایەتی

لەم ڕۆژانەدا خەڵکی لەبەزەیی دوردەکەونەوە دەیانەوێ ئازاشبن

ئابوری وازلێدێنن و دەشیانەوێ بەخشندەبن

دان بەبێفیزیدا نانێن و دەیانەوێ ڕیزی پێشەوە بەرنەوە

ئەوە مردنی تەواوە

ئازایەتی سەرکەوتن لەشەردا بەدەستدێنێو سەرسەختی

لەبەرگریدا

ئەمە ئامێرەکانی ئاسمانە بۆ هێشتنەوەو پاراستن

## ٦٨

### سەربازی چاک توندوتیژ نیە

شەڕکەری چاک توڕەنیە

سەرکەوتوی چاک تۆڵەسێن نیە

خزمەتکراوی چاک بێفیزە

ئەمە پێیدەوترێت "تی"ی بێنەرک

پێیدەوترێت توانای رەفتارکردن لەگەڵ خەڵکدا

ئەمەش لەکۆنەوە واناسراوە کە

بریتیە لەیەکێتی تەواولەگەڵ ئاسماندا

٦٩

**قسەیەک کەسەربازەکان دەیڵێنەوە**

ناوێرم یەکەم هەنگاو بنێم بەڵام حەزدەکەم ڕۆڵی میوان ببینم

ناوێرم بستێک بڕۆمە پێشەوە ئامادەم باڵێک بچمە دواوە

ئەمە پێیدەوترێت ڕۆیشتن بەبێ دەرخستنی جوڵە

راوەشاندنی سەردەستەکان بێ دەرکەوتنی قۆڵ

گرتنی دوژمن بەبێ هێرش

چەکدار بوون بەبێ چەک٠

هیچ کارەساتێک لە خەملاندنی دوژمن بەکەمتر لەقەبارەی خۆی گەرەترنیە

بەخەملاندنی دوژمن بەکەمتر لەقەبارەی نرخاندن لەدەستدەدەم

لێرەوە ئەگەر شەر هەڵگیرسا

لاواز کراوەکان دەیبەنەوە

٧٠

**وشەکانم تێگەیشتن وکردنیان ئاسانە**

ئەگەر چی لەژێر ئاسماندا کەسێک نادۆزیتەوە کەبیزانێ و بیکا

وشەکانم سەرەتای دووریان هەیە

کردارەکانم رێک وپێکن

لەبەرئەوەی خەڵک گوێنادەنێ ئامناسن

ئەوانەی ئازارم ئەدەن رێزلێنراون

لێرەوە دانا ئەستورترین جل لەبەر دەکاو گەوهەرەکانیش لەدڵیدا حەشاردەدا

## ٧١

**زانینی نەزان هێزە**

نەزانینی زانین نەخۆشیە

ئەگەر مرۆڤ لە نەخۆشیەوە نەخۆشبوو ئەوا نەخۆش نیەو

داناش نەخۆش نیە چونکە نەخۆشی نەخۆشیەو

کەواتە نەخۆشی نیە

## ٧٢

**لەگەڵ نەمانی هەستکردن بەترس، گرفت پەیدادەبێت**

لەماڵەکانیاندا لوتیان تێمەژەنە

لەکارەکانیاندا بێزاریان مەکە

ئەگەر دەستێوەردان نەکەیت ئەوا بەهۆی تۆوە شەکەت نابن و

ئاوا دانا خۆی دەناسێ بەڵام فیزلێنادا

رێز لەخۆی دەگرێ و لوتبەرزی ناکات

**ئەوە واز لێدێنێ و ئەمە هەڵدەبژێرێ**

## ٧٣

**ئازایی توندوتیژ یاکوژەرە یاکوژراوە**

ئازایی هێمن هەمیشە ژیان دەپارێزێ

کام لەمانە بەسودەو کامەیان زیانبەخشە

هەندێ شت ئاسمان حەزی پێ ناکا. کێ دەزانێ بۆ؟

تەنانەت داناش وەڵامەکەی نازانێ

تاویی ئاسمان ڕەنج نادات، لەگەڵ ئەوەشدا لەسەرەوەیە
قسەناکات بەڵام وەڵام دەدرێتەوە
هیچ شتێك داواناکاو هەرچیەکی بوێ دەستی دەکەوێ
لەکردن پشوی داوە بەڵام بەپێی پەیرەو دەروات بەڕێوە
تۆری ئاسمان لەئاسۆ دورەکاندا بڵاودەبێتەوە
گەرچی تاڵەکانیش نەچنراون بەڵام هیچ شتێك پیایا تێناپەڕێ

## ٧٤

**ئەگەر خەڵك لەمردن نەترسن(١٣)**

ئەوا ترساندنیان پێی بێسودە
ئەگەر خەڵك لەترسێکی بەردەوام لەمردندا ژیان
وەدەرچون لەیاسا مانایی کوشتنی دەرچوو لێی دەبوو
کێ دەوێرێ لەیاسادەرچێ؟
هەمیشە جەللادێکی رەسمی هەیە
ئەگەر ویستت جێگەی بگریتەوە
وەك ئەوە دەبیت کەوەستایەکی دارتاش دەیەوێ و تەختە دەبرێ
ئەگەر ویستت وەك ئەو وەستا دارتاشە دار ببری
ئەوا تەنها دەستەکانت ئازارئەدەیت

## ٧٥

**بۆچی گەل برسی دەبێ؟**

چونکە فەرماندارەکان پارەی باجەکان دەخۆن

بۆیە گەل برسی دەبێ

بۆیە گەل یاخی دەبێ

چونکە فەرماندارەکان زیاد لە پێویست دەستێوەرئەدەن

لەبەرئەوە گەل یاخی دەبێ

بۆچی خەڵك گوێ بەمردن نادەن؟

چونکە فەرماندارەکان نرخێکی زۆر بەرز بۆ ژیان داوادەکەن

بۆیە خەڵك مەرگ بەسانایی وەردەگرن

بۆیە ئەگەر کەمت هەبێ پێی بژیت

لەژیانێکی گران بەها باشترە

## ٧٦

**مرۆ بەناسکی و لاوازی لەدایکدەبێ و**

بەرەقی و وشکی دەمرێ

رووەك بەتەڕیی دەستپێدەکا.. تێراو دەبێو

بەسیسی و وشکی دەمرێ

لێرەوە وشك و نەچەماوە هاوتای مردنن

نەرم ونیانیش هاوتای ژیان و

ئاوا هیچ لەشکرێك بێنەرمی سەرناکەوێو

ئەو دارەشی کەناچەمێتەوە ئاسان دەشکێ

ئەوەی سەخت و پتەوە دەکەوێ و
ئەوەی نەرم و لاوازە دەژی

## ٧٧

**ئاوی ئاسمان وەك چەماوەی کەوان وایە**
سەرەوە دابەزیوەو خوارەوەشی بەرزبۆتەوە
ئەگەر ژێیەکە زۆر درێژ بوو دەتوانرێ کورت بکرێتەوە
ئەگەر درێژییەکەشی بەس نەبێ دەتوانرێ درێژ بکرێ
تاوی ئاسمان ئەوەیەکە لەوانەی زۆریان هەیە ببەیت و بیدەیتە
ئەوانەی کەمیان هەیە
پەیرەوی مرۆڤیش پێچەوانەیە
چونکە لەکەمدارەکان دەباو دەیداتە زۆر دارەکان
کێیە ئەوەی زیاد لەپێویستی خۆی هەیەتی و ئەیداتە جیهان؟
ئەوە تەنها مرۆڤی تاوە
لێرەدا دانا بۆ دیاریکردن کاردەکات
ئەوەی لەسەریەتی ئەنجامی دەدا بەبێ داپۆشین
هەوڵیش نادات لاف بەزانینیخۆیەوە لێبدا

## ٧٨

**لەژێر ئاسماندا هیچ شتێك لەئاو نەرم و نیاتر نیە**
لەگەڵ ئەمەشدا
کەس ئەوەندەی ئەو توانای هێرشکردنە سەر توندو پتەوی نیە

لاواز دەتوانێت بەهێز ببەزێنێ

ئەوەی لەژێر ئاسماندایە ئەوە دەزانێ

بەڵام کەس نایخاتە بواری کارپێکردنەوە

لێرەوە دانا دەڵێ:

ئەوەی بە رقلێبوونەوەی خەڵکیی قایلە.. شایستەی ئەوەیەکە فەرمانڕەواییان بکا

ئەوەی بەرگەی کێشەکانی وڵات دەگرێ شایانی ئەوەیە کەپادشای دنیابێ

ئەگەرچی هەندێجار راستی پێچەوانەیە

## ٧٩

**پاش شەڕێکی تاڵ شتێك لەشتەکان دەمێنێتەوە**

**ئەتوانیت چی بکەیت؟**

لەبەرئەوە دانا لەناڵووێڵدا نیوەی ئەوە دەهێڵێتەوە کە هەیەتی بێنەوەی حەقی خۆی وەرگرێ

مرۆڤی ((تی)) ئەوەی لەسەرییەتی دەیکات

مرۆڤی ((بێ تی)) داوا لەوانی تردەکا کە بۆئەوەی لەسەریانە بەئەمەکە

تاوی ئاسمان دادپەروەرەو

هەموو کاتێك لەگەڵ چاکەکاندایە

## ٨٠

**وڵاتی بچوك دانیشتوانی كەمن**

سەرەرای بوونی ئەو ئامێرانەی كەدەیانجار لەمرۆڤ خێراتر

كاردەكات

تاسەدیش،

ئەوان پێویستیان پێی نیە

خەڵكی بەراستی دەروانە مەرگ و دوورەگەشت ناكەن

بەلەم و عەرەبانەیان هەیە بەكاری ناهێنن و

چەك و قەڵغانیش بەڵام خۆیانی پێوە بانادەن

خەڵكی لەباتی نوسین دەگەرێنەوە بۆ گرێی دەزوو (١٤)

خواردنیان ساكارو چاكە، جلەكانیشیان سادەو جوان و

ماڵەكانیشیان بێ ترسە

بەرێبازی خۆیان كامەرانن

ئەگەرچی بەبەرچاوی دراوسێكانیانەوە دەژین و

دەنگی كەڵەشێرو وەرینی سەگەكانیان لەناو رێگەكاندا

دەبیسترێ

بەڵام ئەوان بەئاشتی وازیان لێدێنن تاپیر دەبن و دەمرن

## ٨١

**وشە ڕاستگۆکان جوان نین**

وشە جوانەکان ڕاستگۆنین

چاکەکاران چەندوچوون دەکەن

ئەوانەی چەندوچوون دەکەن چاکەکار نین

ئەوانەی دەزانن کەفێر نەبوون و

فێر بووەکان نازانن

دانا هەرگیز هەوڵی کۆکردنەوەی شت نادا

تاخەڵکی زیاتر کۆبکاتەوە ئەوەی هەیەتی زیاددەکاو

تابەخشیشی بۆ خەڵك زیاتر بێ زۆر مەزنتر دەبێ

تاوی ئاسمان دانداره بەڵام ئازار نادا

تاوی دانا کاره بێ ماندوێتی.

## پەراوێزەکان

١- دەهەزار(شت): بنەما چینیەکەی ((وانگ))ەو مانای دەهەزارە، کە بەرزترین ژمارەیە لەزمانی چینیدا بۆیە چینیەکان بەکاریدێنن بۆ نوسین زۆری یا بێ شوماری بۆ نمونەکە دەڵێن بژی: ((وان سوی)) واتە دەهەزار ساڵ بژی مەبەستیان تاهەتایە بژی.

بەمەش وتەی دایکی دەهەزار شت بەمانای دایکی هەموو شتەکانە.

(١)بۆ وەرگێرانی ئەم دەقە پشت بە نیدهام بەستراوە.

(٢) خستنەسەرێکە لەوەرگێرانەکەی جیافوفنگ

(٣) لەبنەرەتە چینیەکەو وەرگێرانە ئینگلیزیەکەدا((لەدایک نەبوونە)) ئەم بیرەمان بەو شێوەیە دەربریوە لەبەر رۆشنایی چەمکی تاوی بۆ بنەچەی شتەکان

(٤) تابونەوەر، نوسین لەبۆشاییەوە، ناشت، لەمدەقەدا کرداری راستەقینە(رێگەی بەکارهێنان) دەدرێتەپاڵ نەکردن، ئەوەشی لەراستەقینە زیاتە (سود دەسکەوتن،قازنج) بەرهەمی بونەوەرە واتە پێویستی و کردار

(٥) ئامارژەکە بۆ بنەرەتی تاوە

(٦) کاتی تاو بەبنەرەت دەبێ

(٧) ئەم دەقەلە نیدهامەوە وەرگیراوە

(٨)	((چی)) لەواتای بنەرەتی گیانی نزیکدەبێتەوە. لەزماندا دەربری گیان وکاری ڕەسەنە بۆ نمونە بەئازایەتی دەوترێ یۆنگ. چی وەك ئامازەیەك بۆئەوانەی سیفەتی خودن و دەربری گیانی ئەو کەسەن، چی لەفەرهەنگدا: هەوا، غاز، هەڵمە.

١٠-((لی)) پێوەرێکی چینییە بۆماوە یەکسانە بە ٥٠٠ مەتر.

(٩)	ئەم دەقەش لەنیدهامەوە وەرگیراوە.

(١٠)	ئەم دەقە بەشێوەیەکی تر هاتووە لە هـ.جـ.گریل وکتێبەکەی((بیری چینی لەکۆنفۆشیۆسەوە بۆماو تسی تۆنگ)) ئەویش وەك ئەوەیەکە عبدالحمید سلیم وەریگێراوە.. علی ئەدهەم پیایاچۆتەوە خەڵکی لەمردن ناترسن، کەواتە سودی چییەکە بەفەرمانی سێدارە بیانترسێنن و هەتا ئەگەر ترساشن مرۆڤ کێیە کە بۆخۆی ئامادەیە ئەو فەرمانە ترسناکە دژی براکانی خۆشی دەربکا.. ل ١٦٠

(١١)	ژماردن بەگرێدانی دەزو لەباتی ژماردن بەقەڵەم

* یەشب : بەردێکی بەنرخە

**لە بەرهەمەکانی تری وەرگێڕ:**

١) توێشووی خۆناسین، لێکۆڵینەوەی هەڵبژاردە.

٢) تەسەوف و پاراسایکۆلژیا.

٣) خۆراکی ڕووەکی و تەندروستیی مرۆڤ، زانستی.

٤) فرانکشتاین، ڕۆمان، کوردی – ئینگلیزی.

٥) سەرجەم چیرۆکەکانی نەسین، بەرگی یەکەم.

٦) فەرهەنگی نوێ بۆ شیکاری ڕامیاری.

٧) هونەری چارەسەر بە مەساج، زانستی.

٨) کەسێتیی خۆت بناسە، سایکۆلۆژی.

٩) شێوازی هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکیدا، سۆسیۆ سایکۆلۆژی.

١٠) گوڵبژێرێک لە شیعرەکانی نزار القبانی، عەرەبی، کوردی.

١١) بریسکەی بێ تارمایی، شیکردنەوەی سیاسیی و ستراتیژی.

١٢) بوار، بۆ فێربوونی بنەماکانی زمانی ئینگلیزی.

١٣) ڕێگە بەرەو سەرکەوتن و سەرکردایەتی، سۆسیۆ سایکۆلۆژی.

١٤) خەرمانێک لە بیری مرۆڤایەتی.

١٥) تاو، چەند تێکستێک لە فەلسەفەی چینی کۆن.

١٦) نوێترین ڕێگە بۆ دیاریکردنی ڕەگەزی کۆرپە، زانستی.

# کتێبی دووەم

## چۆنگ تزۆ

## پێکدوو پەیڤ لەمەڕ کتێبی دووەم

لەڕاستیدا نیازم نەبوو پێشەکی بۆ دووەمین کتێبی تاو بنووسم.. چونکە ئەم کتێبەو ئەوی یێکەمیش.. هێندە بەرادیو پێشەکی و شرۆڤەو روونکردنەوەیان بۆ کراوە پێموایە بۆشاییێکیان بۆ قسەکردنێکی دی نەهێشتۆتەوە.. سەرباری شرۆڤەو ساغکردنەوەکانی **کووشیانگ**و **فۆنگ**و هەروەها **هیوز**.. **هادیلعەلەویش** پوختترین خوێندنەوەی هاوچەرخانەی بۆ ئەو دەقە دێرینانە بەگشتی کردووە.. لەبەرئەوەی ئەم بابەتە ئەم دەقانە بەهەردوو دیوە ئاییذیو فەلسەفییێکەدا خۆیاندەنوێنن و لێرەدا زێتریش چون فەلسەفە خراوەتەڕوو.. ئەوا دەشێ جگە لەو شرۆڤانەی ئەو پیاوە مەزنانە بۆیکردوون.. بەبەردەوامی توێژینەوەو لێکدانەوەو ساغکردنەوەی جۆراوجۆری دیکەش هەڵبگرێت.. چجای شرووشبەخشین و خولیاو ئەندێشە هەژاندنی مرۆڤ بەگشتی..

بێگوما لێرەدا مەبەستم ئەوە نیە بڵێم منیش بۆم هەیە یان دەتوانم ئیزافەیێك بۆسەر ئەوان بکەم.. لێ ئەمە ڕێگەم

لێنابەستێتەوە. یێك دوو تێبینی لابەلایی بخەمەڕوو کەلەخوێندنەوەی دە ساڵ لەمەوبەری **تاو** وەرگێڕانی ئەم کتێبەی ئێستەدا لام گەڵاڵەبوون.

ئەوەی زۆر بەلامەوە گرنگە.. ئەوەیە **تاو** جەخت لەسەر ئەوە دەکات لێگەڕێین تاکو سروشت بۆخۆی کاری خۆی مەیسەربکات.. چونکە پێموایە ژیانو گۆڕانکاریی ها لەدەست سروشتدا.. واتا چارەنووسی گەردوون شتەکانو ژیان لەدەست **تاو** دایە-وەك فەلسەفەییێکی سروشتی- کەژیانیش - زیندەوەران- هەروەك شتگەلێك لەنێوسەرجەم شتەکاندا سەیردەکات.. کەواتە شتەکان هەر خۆیشیان چارەنووسنو لەهەمانکاتیشدا سروشتیشن.. مرۆڤیش خۆی لەسروشتدایەو لەنێو شتەکانیشدایە.

کەواتە دەبێت لێرەدا وریابین کەلە **تاو**دا چارەنووس / قەدەر/ گەردوون/ یا هەرناوێکی دی وەك سروشت..هتد بەر لەبوونی مرۆڤو زیندەوەری دی، نەخشەو پلانو سکرێپتێکی پێشینەی بۆ مرۆڤ و شتەکان دانەناوە.. واتا ئەوانەی بەسەرماندێن لەچارەمان نەنووسراونو، بەپێی ئەو چارەنووسە نین کەهەر دەبێت وابێت: نا.. بەڵکو مەبەستی راستو دروستی **تاو** لەم کێشەیەدا ئەوەیە پێمانبڵێ ئێوە نە موخەییەرنو نەموسەییەر بەڵکو رێڕەوی سروشتو ژیانو رووداوەکانی ئەو رۆژگارە تەحەکوم لەژیاندا دەکاتو کۆمەڵێ هەلومەرجی لەبار نالەبار لەبەردەممانـدا دەرەخسێنێت.. ئیدی وریایی و بێموبالاتی و زیرەکیو گەوجی ئازایەتیو ترسنۆکی و.. هتد هیچ

دەورێکیان لەبەردەم ئەو گوللەیەدا نییە گیراوەتە پێکێکی دی و بەر تۆ دەکەوێت.. هەروەها هیچ دەورێکیان لەبەربەستکردنی ئەو بوومەلەرزەیەدا نابێت کەماڵەکانی ئەوان وێراندەکات و بەرماڵی ئێوە ناکەوێت.

تۆ بەرێکەوت هاتویتە دنیاوەو.. مادام هەیت دەبوو ئەو رێکەوتە بەچاك و بەخراپ روویبدایێ.. دەسەڵاتی تۆ نییە جوانیت یان دزێو یان نوقسان.. یان.. هتد.

هەلومەرجەکان دێن و دەڕۆن.. بەملاو ئەولادا دەتبەن و دەتهێنن و سەفەرەکەت لەتاریکییەوە دەستپێدەکات و بەرەو تاریکی چاڵی مەرگ بەرێتدەکات.. پێدەچێت هەڵنوتانێك لەو سەفەرەتدا.. ساڵانی تەمەنت کورتبکاتەوە یاخود درێژترتری بکات. کەواتە **تاو** فەلسەفەیێکە لەسەر بەمای خەسڵەتە گەردوونییەکان سروشت دامەزراوە.. نە ئەو هیچ شتێکی نهێنی لەبارەی تۆوە دەزانێت و نەخۆیشت هیچ لەرێبازی ژیان و داهاتووی خۆت دەزانیت.. بەکورتی: لەپشت سروشتەوە-لای **تاویستەکان** -هیچ هزرو زەین و هۆش و بیرو هەستێك خۆی مەڵاسنەداوە.

دەبێ لێرەدا ئەوەش بڵێم لەنێو دەقەکاندا هەندێ رستەم وەپێشهات بەتەواوی واتابەخش نەبوون و وەك خۆیان وەرمگێڕان.. ئەو رستانەش - گەرچی کەم یان دەگمەنن- پێدەچێت لەم رۆژگارەدا بەلاماتەوە نائاشنابن و لەسەردەمی خۆیاندا دەشێت بەتەواوی مەبەستیان پێکابێت.. یاخود بەشێك

بن لەپەندو قسەی نەستەقی ئەو رۆژگارەو ئەمرۆ تین و تاوی خۆیان بزرکردبێت و ئێمەیش نەتوانین بچینەوە بنج و بناوانیان.

هەر بەنموونە: لە بەشی شەشەمدا هاتووە:

ئاهەنگەکان باڵەکانن، مەعریفە داخوازیی کاتە.

یان لە بەشی هەژدەهەمدا:

تۆوێك هەڵگری میکرۆبێکە.. هەرکە تۆوەکە تێرئاو بو میکرۆباویدەبێت.

پێموایە لەلێڵی مەبەستدا.. وەرگێڕانیش هۆکارێکی سەروگوێلاك شکاندنی ئەو چەمك و رستانە بن و دبێت خوێنەر خۆی هەوڵبدات سرووشتێکیان لێوەربگرێت و چوون ئێمازەو رەمز بیانخوێنێتەوە.. دەتوانێت ئەمەی دوایی والێکبداتەوە کەتۆو یان میکرۆب.. ئەو زیندەوەرە تاکخانە هیلامیەیە کەلەنێوان رووەك و زیندەوەری سەرەتای دروستبوونی ژیاندا هەبوو.. ئەوجا گەشەیسەند.

ئەی بۆ نابێت هەر بۆ سەرنجراکێشان و جۆرێك لەموفارەقەو نائاساییبوون و بۆ هەژاندن و سەرسوڕمان بن! کەجاروبار زمانی فەلسەفە و ئایین پەناوبەر ئەمجۆرە هەلاوێرد وڕێنەو خولیا نامۆییانەش دەبەن.

رەوف حەسەن

ژانیوەری / 2005

## لەمەڕ کتێبەکە و وەرگێڕانەکە

**چۆ** کە بەنازناوە فەلسەفێیەکەی **چۆنگ تزۆ** ناسراوە.. لەنێوان سالانی ٣٦٩ و ٢٨٦ ی پێش زایین، لە دەولەتۆکەی **مەنگ** دا ژیاوە..کە دەکەوێتە هەردوو کەرتی **شاندۆنگ** و **هۆنان**ی ئێستە..

ئەم فەیلەسوفە هاوزەمانی دوو گەورە فەیلەسوف بووە.. **مۆنگ تزۆ – مینشیۆس**ی دووەمین مامۆستای **کۆنفۆشیێزم** بووە و، **هوی شیە – هوی تزوش**.. مامۆستای قوتابخانەی لۆژیک بووە کە پێیانوتووە قوتابخانەی ناوەکان– **مینگ جیا**..

دوای ماوەییەک فەلسەفەکاریی.. **چۆنگ تزۆ** کەوتە تەمەنەوە..تەمەنی دانایی و.. ئێدی وەك **مەعمەری** ژیانی دوورەپەرێزی گرتەبەر.. شوخە ژنێکی هێنابوو.. وەلێ دوای دوورەپەرێزیکەی، بۆجیابوونەوە سەرپشکیکرد.. ئەو هێشتا لە هەرەتی لاوییدا بوو.. بۆیێ جیابوونەوەو شووکردنەوەی بەپیاوێکی دی هەلبژارد کە خۆی پێیقایلبوو..هەروەها **چۆنگ**

**تـزۆش**.. بـەڵام ئـەم شـووكردنـەوەیـەی بـەئاكام نەگەیشت و ژنـە خۆیكوشت.

سـەرەتا ئـەم خۆكوشتنەی بـووە مایـەی خـەم و پـەژارەییەكی زۆر بـۆی.. دواتـر سـەبووری هـاتێ و.. دەسـتی دایـە عوودەكـەی و ئـەو ئاوازانـەی پێـدەژەن كـە لـە تـەك بـیرو ڕێبازەكەیـدا دەگونجان.. ئەویش جیاوازی نەكردنی نێوان مەرگ و ژیان بوو.

بـەپێی قۆناغبەنـدییەكانی **فـۆنگ یـۆلان**.. **چـۆنگ تـزۆ** لـە قۆنـاغی سـێیەمی **تاوییزمـەوە** دەسـتپێكرد.. كـە بابەتـەكانی مـۆركی یێكـسانی ڕەهـای نێـوان شـتەكان و پشتگوێخـستنی جیاكارییێكـان و هـاوجوتبوونی خـود لەگـەڵ ئەوییدیـدای گرتـە خـۆی.. بۆئـەوەی سـنووری گـێتی واقیـع بـەرەو ئـەو گێتییـەی مەبەستێتی ببەزێنێ.. گێتییێك مرۆڤی دانا تێیدا بۆ گەیشتن بە بـەختیاریی رۆحـی.. لـە خولیـاو ئـارەزووە هەسـتییەكانی قوتـاردەبێ.. ئـەویش لـەڕێی ئاوێتـەبوونییەوە لەگـەڵ گـەردوونی بەریندا.. ئەمـەیش ئـەو قۆناغەیـە كـە سـۆفیە **قوتبـانیـ**یـە موسوڵمانەكان.. بە فەنابوون و یێككگرتنەوە گوزارەیان لێدەكرد.

**چـۆنگ تـزۆ** لـە پەناگەكەیـەوە فەلـسەفەكەی بـۆ ئـەوتنۆ ئەخوێندەوە تا بیبیسن ، ناوبانگی بڵاوبۆوەو موریدو لایەنگرانی زۆربـوو.. مـیرو شـازادەكان حـەزیان لێبـوو لێینزیكبنـەوە.. ئـەو رەتیكردنەوە.. تاكو ئازادی و ویستی رەهـای خـۆی نەخاتـە پـای كـۆت و زنجیرەكـانی سـامان و دەسـەڵاتەوە.. هـەر ئەمەیـشە

مەبەستی تەریکبوون. خۆ دوورەپەرێزگرتن لە شاو میران نەک لە خەڵکی. لەپەناگەکەیەوە پەیوەندیو پەیامی بەردەوامی بۆ خەڵکی هەبوو.

ئەو پەیامەی بەئاراستەی تەواو پەلیدەهاویشتو، هەموو مەبەستەکانی لەخۆیدا کۆکردبۆوە. لەئینکارکردنی ڕێبازی دەسەلاتداران و دەوڵەمەنداندا لەسەر پێڕەوی **لاوتزۆی** مامۆستایو. هەوڵدان بۆ ئازادکردنی خەڵکی لەترس، لەسەر پێڕەوی **ئەبیکۆری** هاوزەمانە گریکییە بچکۆلەکەی. تا بە ڕێبازەکەی خۆی دەگات لەمەڕ یێکسانی نێوان شتەکانو نێوان دیاردەو رەوشەکان. نێوان خەڵکی کە یاساو پێڕەوە سروشتییێکانی کردە پێوەری قوتاربوون لەو کردەوکۆشە زۆرەی - کە بەبڕوای خۆی - دەبێتە مایەی ئێشو ئازارو ترسو شەکەتیی رۆح. کە سرۆشت ئەمەی لە ئەستۆ نەناون.

وەلێ بیروڕاکانی **چۆنگ تزۆ** کە ئیزافەییێکن بۆ ڕێبازەکەی **لاوتزۆ**. وەک ئەم سەبارەت بە ڕیسواکردنی کاربەدەستانو دەوڵەمەندان راشکاوانە نەبوو. ئەوەشمان بۆساغ نەبۆوە. ئاخۆ بەشی سیو سێیەمی کتێبەکەی. خۆی نوسیوێتی یاخود بەپشتبەستن بەبیروڕاکانی نوسراوە. ئەوەش ئەو بەشەیە لە مەڕ تیۆری کۆمەڵگەی مەزن دەدوێ. ئەو کۆمەڵەی کە دەوڵەتو کاربەدەستان تێیدا لە خزمەتی خەڵکیدان. نەک بە پێچەوانەوە.

پێدەچێت **چۆنگ تزۆ** هێندەی شێخەکەی (**لاوتزۆ**) بەئێشو ئازارو ئەندێشەکانی خەڵکییەوە نەسووتابێو. زێتر

بایخی بەکێشەی گونجاندن لەگەڵ پێڕەوو یاساکانی سروشتدا دابێت.. ئەو کێشەیەی زۆربەی تەقەللا فەلسەفییەکەی گرتەوە.

ئەم ڕێبازەشی بووە مایەی ئەوەی دوو ئاراستەی جودا لەخۆی بگرێت.. لەیێکەمیاندا دەبینین بەو ڕەوتەدا ملدەنێ کە جیاوازی نەکردنەکەی دەگاتە ئەو ئاراستەی ڕێگەی پێبدات و بڵێ: مەلیك بەمەلیکی خوڵقاوەو جوتیاریش بەجوتیاری.. دانا بەدانایی خوڵقاوەو دارتاشیش بەدارتاشی.. چونکە هەریێك لەمانە بەپێی ئەو تەبیعەتە کاردەکەن کە پێی خولقاون و بۆ ئەو کاروبارە لەبارن.. لە دوومیشدا بەرامبەر ئەو بنەما سروشتییە دەوەستینەوە کە پەیوەندی دیموکراسیانە لەنێو هەموو خەڵکیدا بەبێ جیاوازی ڕێکدەخات.. لەنێوان حوکمدارو حوکمبەسەراکراو، موڵکدارو نەداردا.. ئەگەر سروشت مەلیکی بۆئەوە دروستکردبێت ببێتە مەلیك و، جوتیاریش بۆ جوتیاریی.. کەواتە مەلیك هیچی لە جوتیار زێتر نییە.. لەبەرئەوەی هەر یێکەیان خەریکی کارە سرۆشتییێکەیانن.. بەمەیش مەلیك هیچ مافێکی نییە جوتیار بچەوسێنێتەوە.. چونکە جوتیاریش بەپێی پێڕەوی جیاوازی نەکردن.. هەمان پلەی هەیە کە مەلیك لە ژیانی گشتیدا هەیەتی و، هەمان دەوریش دەبینێ کە سروشت بە مەلیکی بەخشیوە لە چوارچێوەی کارو فرمانی خۆیدا.. لەمەیشدا مەبەست نەهێشتنی زۆردارییە کە بەناچاریی ئەگەری دەوڵەتی دیموکراسی دەخاتەوە.

لەبەرایی ئەم کتێبەدا ئەوەمان بەلادا تێپەڕی کە کتێبی **چۆنگ تزۆ** داوای نەمان و لابردنی دەوڵەتی کردووە.. بەمەرجێ

خەڵکی پابەندی پێڕەوەکانی تی بن و لەگەڵ ڕێساکانی سروشتدا هاوئاهەنگبن.. ئەمە ئەگەرێکە لە خەون و خولیاکانی رۆشنبیرە گەردوونییێکانەوە سەرچاوەدەگرێ.. کە لە دەسەڵاتی سیاسی بێزارن و ئەو یۆتۆبیایە قەبەدەکەن کە بەردەوام لەبەر لۆژیکی ئاڵۆزی مێژوودا پاشەکشە دەکات.. لەم رووەوە دەبینین دەوڵەتی دیموکراسی لە ئەزموونە دێرینەکانی رۆژهەڵاتدا ئامادەبوونی خۆی سەپاندو.. ناوەرۆکە نەرمونیانەکەشی ناتوندوتیژی لەئەزمونەکانی ئەوروپای نوێدا تەواوکرد.. گەرچی خەڵکی نەگەیاندە ئەو ئاستەی لەکتێبی یێکەمی تاودا مەبەستە.

ئەوەی حوکمدارە رۆژهەڵاتییێکان دەیانویست.. زێتر بەسەر چەمکی دەوڵەتی میللیدا دەچەسپێت تا دەوڵەتی دیموکراسی.. ئەوە چەمکێکە.. لەگەڵ ئەو هەموو مەیل و ئاواتە مەزنانەی بۆ دەستەبەرکردنی دیموکراسی سیاسی لەئارادابووە تا ئێستە دوورەدەستە.. کە ئەمەیش هەیشە بەهۆی شارستانێتی باوی سەرمایەدارییێوە رەخساوە.. بەڵام دەوڵەتی میللی ئەوە لەوە دوورەدەستترە کە حسابی بۆ بکەین و.. تییۆرەکانی فرۆید لە مەڕ خولیا و ئارەزووکان دەبنە لەمپەر لەرێی بەدیهێنانیدا.

بەهەر حاڵ.. هەر یێکی لە لاوتزۆ و دەروێشی یێکەمی (چۆنگ تزۆ).. نەخشەی بنەماکانی ئەو خولیایەمان بۆ دەکێشن کە دڵی مرۆڤ تێیدا شادو ئاوەداندەبێتەوە بەتایبەتی لە خۆرهەڵاتدا.. بەرەو رەوشێکی نموتەیی کە نەهەر سەرکوتکردنی سیاسیانەی تێدا نەبێت.. بەڵکو برسێتی و جیاوازی

کۆمەڵایەتیشی تێدا نەبێت.. بەواتاییەکی وردتر.. لە سەرکوتکردنی کۆمەڵایەتی خاڵیبێت.. ئەویش بەوەی هەردوو چەمکی دەوڵەتی دیموکراسی و دەوڵەتی میللی لەپێکهاتەیێکی حوکمدا هاوئاهەنگبن.. کە دانایان وێڕای بێتواناییە بەردەوامەکەیان لەدانانی بەردی بناغەیدا.. هەردەم بە ئاواتیان خواستووە.

کتێبی **چۆنگ تزۆ** لە سی‌وسێ بەشی کورت پێکهاتووە.. بەپێی تۆژینەوەی زانستیانەی سەردەم.. تەنیا حەوت بەشی دەدرێتەپاڵ **چۆنگ تزۆ**.. بەڵام ئەو دانراوەی حەوت بەشەکەی تێدایەو بیست‌وشەش بەشەکەی دیکەشی خراوەتەسەر.. دەگەڕێتەوە بۆ **کووشیانگ** لەسەردەمی سێیەمی زاینیدا.. وێڕای ئەو زەمەنەی نێوانیشیان تێبینی ئەوە دەکرێت.. وێکچوونێکی گشتی لە زمانی گوزارەکردنیاندا هەیە.. سەرباری وێکچوون لە بیروبۆچونەکانیشدا.. ئەمەیش دەبێتە مایەی ئەوەی وا دابنرێت سەرتاپای لە ژێر کاریگەریی ئەو حەوت بەشەدا نوسرابێت و.. سرووش لە بیروبۆچونەکانی **چۆنگ تزۆ** وەرگیرابێت.. کە نەوە دوای نەوە لەنێوەندە فەلسەفییەکاندا گواسترابێتەوە.. گەرچی بەتەواویش لە یێکدی نەچن.

ئەوەی لەمەدا نوێیە.. ئەو راڤەکردنانەیە **کووشیانگ** بۆیکردوون.. جیاوازی زۆریان هەیەو.. لەنێوان رەخنەو گەشەپێداندا چەندین بەش لە خۆدەگرن.. هەر ئەمەشە وای لە

**فۆنگ یۆلان** کردووە.. کووشیانگ بە پێگەیەنەری **تاویزم**و گەشەپێدەری درەوشاوەی دابنێت.. بیروبڕواکانی **کووشیانگ** هەروەك لە راڤەکردنەکانیدا دەیانبینین لە ڕووی فەلسەفییەوە لە هەردوو پێشینەی خۆی **لاوتزۆ**و **چۆنگ تزۆ** پێشکەوتووترە.

زمانی **چۆنگ تزۆ** لەو حەوت بەشەدا شێوازی گێرانەوە -سرد- ی لەخۆگرتووە.. بە پێچەوانەی کتێبەکەی **لاوتزۆ** کە لە زمانی شاعیرانەوە نزیکە.. زمانی لە زمانی شێخەکەی خۆی تەمومژاوی و پەرش وبلاوترە.. تەنانەت لە بیرکردنەوەشیدا شپرزەیی پێوەدیارە.. پێدەچێت کەوتبێتە ژێر کاریگەریی خولیاکانی رێبازەکەیەوە لەمەڕ نەکردن و هۆگربوون لەگەڵ ریساو حوکمەکانی سرۆشتدا.. تا ئەو رادەیەی هەندێجار خستویێتییە نێو دژواری لەگەڵ پێرەوە بەڵگەنەویستە رەسەنەکانیدا وەك رۆشنبیرێکی گەردوونی دژ بەو شتانەی مرۆڤ لەنێوپاکژی بێگەردییە رۆحییە ئازادبووەکەیدا لەلەکەو چەپەڵیی دەوڵەت و شارستانیی دڵگران و بێزار دەکات. پێدەچێت خولیاکانی نەکردن.. لەژێر دروشمی دەستێوەرنەداندا بەرەو لێکدابڕانی بردبێت لەگەڵ پرەنسیپەکانی چاکەکاریداو.. لەهەڵبژاردنی نمونەکاندا لەمەڕ کارکردن بەپێی ریساکانی سرووست وردبین نەبووبێت.. لە حیکایەتی قەسابەکەی میر.. لەبەشی سێیەمدا.. **چۆنگ تزۆ** ویستوێتی نەخشەی میتۆدێکی کارکردن بەکەمترین هەوڵ و باشترین ئاکام دابرێژێت.. لەمەشدا

زۆر سەرکەوتووە. وەلّی هێندە ناخایەنێت. میزاجی خوێنەر تێکدەچێت. بەوەی کە دووی قیمەکێشی قەسابەکە دەکەوێت چۆن جەستەی ئاژەلێك پارەپارەدەکات.. کەوا پەسەندتردەبوو دارتاشێ، یان ئاسنگەرێ.. یان چێنەرێکی بەنمونە بهێنایەتەوە.

لە قسەکانیدا کاتێ باسی ئەو سیفەتانەی مرۆڤی دانا دەکات کە لەخەڵکی دیکەدا نییەو، هێزوتواناییکی سەرووبەشەری دەداتەپاڵو بەوەش پێدەچێت پەیوەندییێکی نمونەیی لەتەك خەڵکیدا ببەستێ وتوێتی:

***لێرەشەوە.. پیاوی دانا دەکارێ ولاتێ وێران بکات بێئەوەی پابەندبوونی خەڵکی بەخۆیەوە بزر بکات.***

ئەمە گوزارەییکی هەڵەشەی دوور لە بەرپرسیارییەو.. بەپارێزەوە نییەو پێویستی بە وردبینیو وریاییە.

نامەوێ بەرامبەر **چۆنگ تزۆی** دۆستی مرۆڤ ستەمکاریبکەم.. خۆ ئەگەر ویستبێتیشم ستەمی لێبکەم ئەوا هیچ کەسێك ئەو مافەم ناداتێ.. تەنانەت پێدەچێ خوێنەرێکی بەویژدان کە ئاگاداری ئەم هەڵسەنگاندنانەیە بڵێ: بریا هەڵەکانی ئێوە ئەی رۆڵەکانی ئەم سەردەمە.. بەقەدەر هەڵەکانی ئەو بوایێ!

دواجار تێبینی ئەوە دەکرێت.. چۆن دیمەنەکانی رابوردووی زێرین بەسەر نوسراوەکانی **چۆنگ تزۆو** سەرلەبەری تاویستەکانەوە بالادەستە.. وێکچوونە ئاساییێکەیان بۆ دانایی و ئومێدی هاوجووتبوون لەگەڵ سروشتداو فەرمانرەوایی و

نموونـەیی کاربەدەسـتان و.. رەفتـاری نمونـەیی خـەڵکی.. هـەر هەموویان لە رابردووە دێرینەکانەوە وەرگیراون.

ئەمە لە ئاسیادا خاڵی ناوکۆییەو.. لە خوتوورەو خولیاکانی هینـدی و فـارس و عەرەبەکانـدا هاوشـێوەیان هەیـەو.. لەوانەیـە کـارلێکی نەگەتیڤانەیـشی کردبێتـە سـەر گەشەسـەندنی فیکـری ئیسلامی لەپێوەندییێکەیدا بـە فەلسەفەی یۆنانـەوەو.. پابەنـدێتی بــە بەگەشەســـەندنە دەورانـــدەورە ئاســـیاییێکەوە کــە لـــەم گەشەسـەندنەیدا ڕێـچکەییێك دەگرێتەبـەر زێـتر لـە سـوورانەوەو گەڕانەوەو رامبوون نزیکترە تا هـەنگاو بەدووی هەنگاودانانداو.. گەلاڵەکردنی مێژووەکەیەتی لە زنجیرەییێکی چەقبەستوودا جاریٚ بەرز ئەکشیٚ و جارێکی دی دەکشێتەوە کە هەرگیز نوێترین تییێدا لە دێرینترین پێشکەوتووتر نییە.

لەگەڵ ئەوشدا کە هێلێکی بەرزبوونـەوە هەیە.. ئەم زنجیرەیە رێکدەخات و، بـە درێـژایی قۆنـاغی دووردرێـژ شارسـتانییێتییە دیاریکراوەکـە بـەرەو وێـستگەی پێـشکەوتوتر دەبـات.. بـەلاّم حاڵـەتی پاشەکـشەو گەڕانـەوە بـۆ دۆخـی پێـشوو لـە هــەموو کووچەو لاڕێیەکدا چالاکانە لـەڕێی دەربـازبوون و قەڵەمبازدانـدا بەرەو ئاسۆی بەرزو شکۆمەندیی دەبێتە لەمپەر.. ئەو ئاسۆیەی هـەردەم مێـژووی ئەورووپایی لـە کوچـەو لاڕێکانـدا قەڵـەمبازی بۆ داوە..

لە پێچ وپەنای ئەم ڕێبـازە خواروخێـچەدا.. پەندو نمونـەکان لەو شوێنکاتەدا لەسـەر ئەوە گردەبنەوە زەمـی دابڕان بکـەن نـەك زەمـی پێوەلکـان.. لەگەڵیـشیدا سـۆز هەڵرسـتن بـۆ رابـردوو

زێتردەبیت تادەبێتە خولیاییێکی خۆرەس.. خۆ ئەگەر ئەو کەسە پەندو نمونەییێکی حازربەدەستی نەدۆزیبێوە.. ئەوا بەخۆی دروستیدەکات.. تاکو لەو پابەندبوونەدا بەو نمونانەوە بمێنێتەوەو.. لەوێوە.. لەپشت تاریکی ئەم رۆژگارەوە بۆی بڕوانێت.

بەشە دانراوەکانی **چوانگ تزۆ** گەلێ هێماو رووداوی نامێژوویانە لە خۆیدەگرێت.. هەموویان خراونەتە خزمەتی ئامانجەکانی فەیلەسووف خۆیەوە.. لەنێویاندا ناوی نەزانراو هاتووە.. کە وەرگێڕی کتێبەکە گەرچی بۆخۆی فەیلەسوف و مێژووناسی فەلسەفەیەو بەفراوانی ئاگادارە.. ناتوانێ ئەو ناوانە بۆ سەرچاوەییێکی مێژوودار بگەڕێنێتەوە.. لەپاڵ ئەوانەیشدا.. هێمای زانراویش هەیە لە هۆشی چینییۆ هاتوون.. ئیدی چ لەنێو مێژوودا یان لە دەرەوەیدا بن.. وەرگێڕ هەموویانمان بۆ ڕووندەکاتەوە تەنیا ئەوانە نەبێت کە پێدەچێت دەستکردی دانەر خۆیبن.

ئەم وەرگێڕانە ئەو حەوت بەشەی گرتۆتە خۆی کە ساغبوونەتەوە هی **چوانگ تزۆن**..لە وەرگێڕانە ئنگلیزییێکەی **فوانگ یوۆلان** ی سالی ١٩٢٨م وەرگرتووون.. لەگەڵ ڕاڤە کردنەکانی **کووشیانگ**ی پێگەیەنەری **تاو** لە سەدەی سێیەمی زایینیدا.. چەند هەڵبژاردەییێکیشم لە بەشەکانی کتێبەکەی دی خستۆتەسەر کە **ئی.ئار.هیوزی** چینی - بەریتانی وەریگێڕاوە بەناوی:

Chinese Philosophy Classical Times

کە سالی ١٩٤٢ لە خانەی EVERRYMANS • LIBRARY لەلەندەن دەرچووە.. هەروەها پاشبەندێکی بەکەڵکیشم لە نووسینی **ڤۆنگ یۆلان** وەرگێڕاوە.. کە سەبارەت بە **کووشیانگە**.. چونکە ڕۆشنایی زۆر دەخاتەسەر گەشەسەندنی دوادوایی **تاویزم**.

**لەمەڕ**

**ڤونگ یۆلان)ەوە**

ساڵی ١٨٩٥ له **تانگ هۆی** سەر بەناوچەی **هۆنان**ی باشوور لەدایکبووە.

لەزانکۆکانی **شانگەهای**و **بیگینگ**و **کۆلۆمبیا** خوێندوێتی.

له زانکۆکانی **چۆو کایفۆنگ**و یان **چینگ**و **چینگ هوا** دا مامۆستای فەلسەفه بووە.

ڕاگری کۆلێژی هونەرو، سەرۆکی بەشی فەلسەفەی **زانکۆی چینگ هوا** بووە.. دواتر ڕاگری کۆلێژی هونەری زانکۆی باشووری خۆرئاوای یێکگرتوو.. ئەمجا مامۆستای میوان له زانکۆی **بنسلڤانیا**و مامۆستای زانکۆی **بیگینگ** بووە.

پلەی شکۆمەندیی (شەرەف)ی له زانکۆکانی **برینسیتۆن**و **کۆلۆمبیا**و **دەلهی** بەدەستهێناوە.

**لەبەرهەمەکانی:**

-تۆژینەوەییێکی بەراوردکاریی بۆ نمونەییێکانی ژیانو وێناکردنی ژیان.. هەردووکیان لەکارە بەرایییێکانین.

-مێژووی فەلسەفەی چینی بە دوو جزوبەند.. لەژێر چاودێری خۆیدا وەرگێڕدرانە سەر زمانی ئینگلیزیوله **لیدنی هۆڵەندا** چاپکراون.

-چەردەییێکی نوێ له **کۆنفۆشیۆسیزمی** نوێ.

-ریگەی بەرەو ئازادیی چین.

-چەردەییێکی نوێ لە چونییێتی ژیان.

-چەردەییێکی نوێ لە تەبیعەتی مرۆڤ.

-چەردەییێکی نوێ لە بەرنامەکاریی میتافیزیکیادا.

-کۆمەڵی نووسین لە رۆژگاری جەنگدا.

-پوختەییێك لە مێژووی فەلسەفەی چینی.. ئەمەیانی راستەوخۆ بەئینگلیزی نووسی.. دواتر بەفەرەنسیو ئیتالیو سربی وەرگێردرا.

-خانەی پەخشی میللی لە ناوچەی **هونان**.. کە زێدی لەدایکبوونێتی لە ساڵی ۱۹۸٥ دا سەرجەمی کارەکانی بەنێونیشانی سەرلەبەری کارەکانی **هۆڵی سێسنەویەرەکە** بەچەندین جزوبەند بڵاوکردەوە.. بە نەرێتی چینییێکان لەناونانی هۆڵەکانی توێژینەوەی ئیمپراتۆریەدا.

-لەخانەی پەخش بەزمانی بیانی لە **بیکینگ** ساڵی ۱۹۹۱ هەڵبژاردەییێك لە بەرهەمەکانی بەئنگلیزی بڵاوکرایەوە.. لە پێشەکی ئەم هەڵبژاردەیەدا -دوا شتێ بوو بەرلە مردنی نووسیبێتی- **فۆنگ یۆلان** دەڵێ:

چین نەتەوەییێکی دێرینەو پەیامێکی مۆدێرنی هەیە.. رێبازی پێشکەوتنی پابەندە بەو مۆدێرنەیەی بە شارستانێتی چینی پشتقایمە.. وەك توخمێکی پێوەلکاوی دیاریکەری رێبازی چینی لە ژیاندا.. کاتێ چین ئەڵقەی گەشەسەندن لەسەر ئەم بنچینەیە تەواودەکات..ئەوجا نموونەیێك لەسەر ئەو نەتەوە

دێرینە پێشکەشدەکات کە چۆن بەکووچەکانی ژیانی نوێداو لەژێر سایەی ئەو سۆشیالیزمەی هاوئاهەنگی شارستانێتییێکەیەتی پەخشبۆتەوە.

هەمدیسان دەڵێ مەوا لە سەرجەمی کارەکانیداو.. بەدرێژایی تەمەنە درێژەکەی.. هەردەم ئامانجی بەرزوبالا لە ناخیدا ریشەی داکوتاوە لە سنووری کارە ئەکادیمییێکانیشدا هەر بۆ ئەو ئامانجە تێکۆشاوە.. بەلام راستەوخۆ لە چالاکی سیاسی نەئالاوە.

منداڵە وردکەکانی سوپای سوور بە کۆنەپەرستو راستڕەو تاوانباریانکردو کێشیانکردە نێو مەیدانی زانکۆی **بیگینگ** تا ناچاریبکەن بەئاشکرا ددانبەو تاوانەدا بنێ و سێجاریش لەبەردەم قوتابیو مامۆستاکاندا کڕنووشبەرێت.. هەر جارە لەگەڵ کڕنووشبردنەکانیدا ئەوەی دووبارەدەکردەوە: مـن کۆنەپەرستم !!

لەهەڵمەتە گەڕەلاوژێیانەکەی ساڵی ۱۹۷۳دا بۆ سەر **کۆنفۆشیۆس**.. ناچاریانکرد بەیاننامەیێك دەربکات تێیدا هێرشبەرێتە سەر **کۆنفۆشیۆس**.. ئەویش بە پێچەوانەی میتۆدە ئەکادیمییە توندوتۆڵەکەیەوە کە لە مێژووی فەلسەفەی چینیدا گرتبوویەبەر.. بەزمان و گوزارەییێکی سەقەتو پڕ پووچ جێبەجێیکرد.

لەکۆتایی ساڵی ١٩٨٢ داو لە خانووە سادەکەیدا لە زانکۆی **بیگینگ** بە دیداری **فۆنگ یۆلآن** شادبووم.. دیالۆگێکم لەگەڵیدا سازکرد.. وەلێ لەبەر تین وتاوی پیرێتێکەی ناچاربووم هەندێکم لێقرتاندو.. لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٣دا لە بەیرووت بلاومکردەوە.

**فۆنگ یۆلآن** لە ساڵی ١٩٨٨دا کۆچی دواییکرد.. ئەوکاتە من لە دەرەوەی چین بووم و شەرەفی بەشداریکردنم لە ماتەمینێیکەیدا پێنەبڕا.. هەواڵی کۆچەکەیم دوای گەڕانەوەم بۆ چین لە ساڵی ١٩٩١دا پێزانی.. کاتێ هەواڵم پرسی.. پێیانڕاگەیاندم کە بەرلە سێ ساڵ کۆچیدوایی کردووە.

## دێباجەیێک بۆ وەرگێڕانە ئنگلیزییێکە

کتێبەکەی **چۆنگ تزۆ** چەند جارێک بۆ ئینگلیزی وەرگێڕراوە. ئیدی چ پێویستی بە وەرگێڕانی دی هەیە ؟

دوو هۆ بۆ ئەم وەرگێڕانە لە ئارادا بوو. یێکەم : وەرگێڕان بریتییە لە گواستنەوە یان راڤەکردن. هێندەی پێوەندیی بە وەرگێڕانەکانی ئەم کتێبەوە هەیە.. دەتوانم بڵێم لە ڕووی ئەدەبی و زمانەوە وەرگێڕانێکی پوخت و سوودمەندە.

وەلێ ئەمانە خۆیان لە قەرەی رۆحە فەلسەفییە راستەقینەکەی دانەر نەداوە.. بەوتەیێکی دی ئەمانە لە ڕووی ئەدەبی و زمانەوانییەوە سەرکەوتوون نەک فەلسەفی..لەبەر ئەوەی نووسینەکانی **چۆنگ تزۆ** لە پلەی دیالۆگەکانی ئەفلاتووندان.. کارێکی فەلسەفین زێتر لەوەی ئەدەبی بن.. کەواتە پێویستی بەوەرگێڕانێکە جەختی زێتر لەفەلسەفەی خاوەنەکەی بکات..

لەلایەکی دیکەوە بنەماڵەی **چینگ** ئەو ئیمپراتۆریەتەی ساڵی ۱۹۱۱ کۆتاییهات . هـ . ع مەیلیان بەلای سکولاریزمیدا هەبوو.. بۆیە هەلی کارکردنی فراوانیان بۆ سکولاریستەکان رەخساند..تا لەبواری رەخنە و توژینەوەی سەنگینی دەقەکاندا کاربکەن..کارئاسانیان بۆ نوسراو (سفر)ە دێرینەکان تا ئەو رادەیە کرد بەتەواوی دەست خوێنەران بکەون.

وەرگێڕدراوە ئینگلیزییە بەراییێکان.. لەوە دەستەوسانترن لەبەرووبوومی کاری ئەو سکولاریستە شکۆمەندانە سوودمەندبن.. لەبەرئەوە وا پێویست بوو وەرگێڕانی **چۆنگ تزۆ** لە دەستکەوتەکانی سکولاریزمی ئێستە بەهرەمەندبێت.

**ولیم جیمس** دەڵێت.. هەموو گەورە فەیلەسووفێك دیدو بۆچوونێکی هەیە.. ئەگەر وەدەستمانەوەگرت.. دەتوانین بەئاسانی لە پێکهاتەکەی تێبگەین.

**کرۆچێە** دەڵێت: ئەوەندەی پێکهاتەی فەلسەفی مەزن بێت.. هێندەش بیرۆکەی ناوەندیی فەلسەفەکە ئاسانتر بەدەستەوە دێت.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم وەرگێڕانە بریتییە لە تەنیا حەوت بەشە یێکەمینەکەی.. لەو بڕوایەدام دیدو گۆشەنیگا یاخود بیرۆکەکەی دانەر لەئامێز دەگرێت نەك سەری.. ئەوەندە هەیە کەرەسەی دیاریکراو بۆ تێگەیشتنی پێکهاتە فەلسەفییێکەی دەستەبەر دەکات.

لە ئامادەکردنی ئەم وەرگێڕانەدا.. گەڕامەوە سەر ئەوانەی پێشوو.. لێیان سوودمەندبووم.. بەتایبەتی لە وەرگێڕانەکەی **لیگ و گایلز**.. لەهەرکوێیێدا شتی جومگەیی دروستم بەدیبکردبێت.. بەپێویستم نەزانیوە هەر لە بەر دژایەتیکردن دژایەتییبکەم.

لە هەندێ دەقدا هێندە چەمك و دەستەواژەو گوزارەیان تێدابوون.. لەبەر جیاوازییان لە وەرگێڕانەکانیاندا لەوانە بوو تاموبۆو رەنگو تۆنێکی جیاوازی دیکەیان بەبەری بەشەکە بڕیایە.. لەمجۆرە حاڵەتانەشدا.. بەناچاریی دەقەکەم بەپێی ئەوە دەگۆڕی کە خۆم بە لێکدانەوەییێکی دروستی مەبەستەکانی **چۆنگ تزۆم** دەزانی.. ئەم ئاکامەش.. وێڕای ئەو شرۆڤەو روونکردنەوانەی کردومنەتە پاشبەندی کتێبەکە..وامليێدەکات

ئەم وەرگێڕانە بەهی خۆم بزانم. گەرچی بەهیچ جۆرێ لاریم لە قەرزاربارِیی خۆم نییە بۆئەوانەی بەرلە من کردویانە. بەتایبەتی **لیک و گایلز**.

دواجار دەمەوێ پۆزش بۆ خوێنەر بهێنمەوە.. لەمەڕ دەربڕینە ناهەموارەکەم سەبارەت بەخۆم بەزمانی ئنگلیزی.

یاددانیشی بۆ پێدانێم کە دەستانی هاوەڵان **ل.س بۆتەرو ئەی دەبلیوهۆمل**و، **می وو**.. کە دەستنووسەکەیان خوێندەوەو.. لەمەر شوێنێکدا هەڵەیان دیبێ چاکیان کردەوە.. ئەو دەستانەن سەقەتیی زمانی وەرگێڕانەکەمیان کەمترکردەوە.. ئێرە بە هەلدەزانم سوپاسگوزاری خۆمیان بۆ دەربڕم.

**لۆنگ یۆلان**

**بیگینگ / ١٩٢٨**

ئاگادارکردنەوە:

ئەو دەقەی لە **فۆنگ یۆلآن**ەوە وەرگێڕدراوە بریتییە لە ئاخاوتنە رەسەنەکانی **چۆنگ تزۆ** لەگەڵ شرۆڤەکانی فەیلەسووفێکی دی **تاویست** بەناوی **کووشیانگ**ەوە کە دواتر هاتووە. لەگەڵ پەراوێز یا پاشبەندەکانی **فۆنگ یۆلآن** خۆی. دەقە سەرەکییەکەی **چۆنگ تزۆ** بە پیتی ئاسایی چاپی کتێب لێدراوە. شرۆڤەکانی **کووشیانگ**و **یۆلآن** بە پیتی لارو لەنێو کەوانەی گچکەدا دانراون تا لە دەقەکە جیابکرێنەوە.

## بەشی یێکەم

## گەشتی ئاسوودەیی

*" لەگەڵ ئەوەدا کە گەورە لە بچووک جیاوازە.. ئەگەر لە جێگەیێکی خۆشی خۆیاندا پێکەوە بوون.. وا لە هەموو شتەکان دەکەن دووی رەفتارو خەسلەتە تایبەتییەکانی خۆیان بکەون و بەپێی توانای تایبەتی خۆیشیان کاربکەن.. وا لە هەموو شتەکانی سەرئەوییش دەکات لە بەختیاریدا لەگەڵ یێکسانیدابن. هیچ بستە جێگەیێك بۆ جوداکردنەوەی بەرزی و نزمی نییە."*

**کووشیانگ**

لە زەریای باکووردا ماسییێك هەیە ناوی (**گون**)ە.. قەبارەی هەزار **لی**(١)یە.. بۆتە باڵندەیێك بەناوی (**پەنگ**)ەوە.. پانی پشتی هەزار **لی**یە.. هەرکاتێ فڕی بەباڵەکانییەوە وەك هەور بەری ئاسمان دەگرێ.

*"بیرۆکەی گشتیی چۆنگ تزۆ دەرخستنی گەشتی ئاسوودەییە، نوقمبوونە لە کووچە و کۆڵانەکانی ناکاردا و خۆشی چێشتنە.. لێرەوە چیرۆکی ئەوپەڕی زەبەللاحی و ئەوپەڕی گچکەییمان بۆ دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی نەخشەی پێکەوە گونجانمان لە نەرێتی شتەکاندا بۆ بکێشێت"*

**کووشیانگ**

کاتێ ئەم باڵندەیەخۆی بەدەریادا دەدات.. خۆی بۆ ئامادەدەکات روو بکاتە زەریای باشوور، دەریایچەی ئاسمانی.

''پەنگ لەزەریادا نەبێت ناتوانێت بجووڵێتەوە.. ئەگەر نەوەدهەزال لی بەرز نەبووبێتەوە هەوا باڵەکانی پێراگیرناکرێت.''

''**پەنگ** لەمەدا مەبەستی خۆ تێهەڵقورتاندن نییە. بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە شتە هەرە زەبەلاحەکان پێویستیان بەوەیە لە پانتاییە بەرینەکاندا بژین.. چونکە لە پانتاییە بەرینەگانیشدا هەر دەبێ شتە زەبەللاحەکان پەیدا بن.. بەپێی پێڕەوی سروشت ئەمەیە هۆکارەکەی.. هەڵەیێك لە ئارادانییە مایەی مەترسیبێت و.. پەناییکیش بۆ نیشانە لێگرتنەوە نییە.''

**کووشیانگ**

پیاوێك ناوی **چیٚ شیە** یە.. ڕووداوەکانی حیکایەتەکەی تۆمار دەکرد.. وتی:

کە **پەنگ** بەرەو زەریای باشوور دەجووڵێ.. ماوەی سێ هەزار لیبەسەر ئاودا دەفرێ.. ئەوجا بەسەر گێژەڵووکەیێکەوە بۆ بەرزایی نەوەد هەزار لی سەردەکەوێتەوە سەرەوە.. ئەم بە ئاسمانکەوتنەشی شەش مانگ دەخایەنێت..

''کە باڵەکان گەورە بن.. بەگران دەبزوێن و.. باڵندەکەش پێویستی بەوەیە سواری پشتی گەردەلوول بێت و.. بۆیدەرچێت و، بۆ بەرزایی نەوەد هەزار لی وەژوور کەوێت. تاکو هەوا بتوانێ بەرزیبکاتەوە.. جا لەبەر ئەوەی **پەنگ** جووتە باڵی ئا لەم جۆرەی هەیە.. چۆن دەتوانێ لە پڕ بۆیدەرچێت و ئەوجا لە بەرزایی دەیان هەزار پێوە بنیشێتەوە ؟! **پەنگ** بۆ ئەم کارەو بەپێی پلان و ڕێبازی تایبەتی خۆی هەیە.. نەك لەبەرئەوەی هەر دەبێ ئەمە بکات.. باڵندەی گەورە ماوەی نیو ساڵ بە ئاسمانەوە

*دەمێنێتەوە. ئەوجا دەنیشێتەوە سەر دەریاچە ئاسمانییەکە بالَندەی بچووک دوای نیوە ڕۆژێک بەسەر درەختەکانەوە دەنیشێتەوە.. ئەگەر بەراوردی وزەو توانایانمان کرد جیاوازیان دەبینین. وەلێ ئەوەی هەر یێکی لەوان دەیکەن لەگەڵ خەسڵەتە* تایبەتییێکەیاندا گونجاوە.. کەواتە هەردووکیان وەک یێکن."

**کوشیانگ**

**بای گەریدە هەیە..تۆز و گەرد هەن.. ئەو شتە زیندوانەش هەن کە هەندێکیان هەندێکی دیکەیان هەڵدەئاوسێنن.**

***"ئەمە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەیە کە کاری پەنگ کارێکی سروشتییە ، بە وێنەی جووڵەی هەوا و تۆزو گەرد."***

**کووشیانگ**

**نازانین ئاخۆ شیینی ئاسمان.. ڕەنگی ئەسڵی خۆیەتی یان بە هۆی بەرزییە بێکۆتاییێکەوەیە.. ئەوەی پەنگ لەو بەرزییێوە لەسەر زەوی دەیبینێ، ڕێک وەک ئەوە وایە کە ئێمە لەم نزمیییێوە دەیبینین.. چیدی بەرز نابێتەوە، بەرەو باشوور ملدەنێ.**

**بەبێ قووڵایی تەواو.. ئاو ناتوانێ بەلەمێکی گەورە هەڵگرێت ، کوپێک ئاو بکەرە چاڵێکی گچکە.. دەنکە خەرتەلەییێک تێیدا دەبێتە بەلەمێک.. هەوڵبدە کووپەکە وەسەر ئاوەکەخەیت.. بۆت نالوێ چونکە ئاوەکە کەم و تەنکاوەو کووپەکە گەورەیە.. بەبێ چڕی تەواوی هەوا.. با ناتوانێ بەهانای باڵە گەورەکانەوە بێت. ئیدی هەر کە پەنگ بۆ بەرزایی نەوەد هەزار لی کەوتە**

ئاسمان. هەرچی هەوا هەیە گشتی لە ژێریدا دەبێت. لەتەك ئاسمانی شینی ژوورسەریداو نەبوونی هیچ لەمپەرێك لە ڕێگەیدا. سواری هەوا دەبێ و بەرەو باشوور دەبێتەوە.

*"ئەمە ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە. ئەوەی **پەنگ** ناچاردەکات بکەوێتە بەرزاییێکانی ئاسمان. گەورەیی باڵەکانێتی. ئەوەی گچکە پێویستێتی گەورە نییە. ئەوەی گەورەش گەرەکێتی نابێ گچکە بێت. ئا لێرەدا هۆکارەکانی سروشت ڕۆگەی شایست بەخۆیان هەیەو. شتەکانیش ئاست و سنووری بەردەوامیان هەیە. هەرشتە دەتوانێ شتێ بکات و وەك یێك تێیدا سەرکەون. ئەوەی بنەماکانی ژیان بزرلەکات لە بیرچونەوەیەو. لە دەرفەی شایستەیی خۆی زۆرانبازیدەکات و. بەپێی لێهاتوویی سروشتیی (سەلیقەی) خۆی کارناکات و. بەبێ هەست سۆزە ڕەسەنەکەی خۆی ڕەفتار دەکات.. دەکەوێتە نێو گیروگرفت و نارەحەتییێوە.. جا ئیدی بەپەڕوباڵی ئاسمان داپۆشێ یان بەباڵە گچکەکانییێوە یێکسەر تێیتەقێنێ. گرینگ نییە."*

**کووشیانگ**

کۆترێك و زیزیکەییێك بە **پەنگ** پێکەنین و پێیانوت: کاتێ هەوڵدەدەین بەرەو درەختەکان دەفڕین. گەر نەمانتوانی پێیبگەین دەکەوینە نێو چەقی ڕێگە.. ئەدی چ سوودێك لەوەدایە تۆ نەوەدهەزار پێ بەرزبینەوە تا بەرەو باکوور شۆڕبینەوە؟!

"لەگەڵ باوەڕمێنانی شتێ بە تەبیعەتی خۆی. هیچ شتێ بۆ **پەنگ** نامێنێتەوەوە شانازی بەسەر باڵندەیێکی بچووکەوە پێوەبکات کە بۆچی ئەوحەزی لە دەریایچەی ئاسمانی نییە. ئا لێرە دا.. وێڕای جیاوازی نێوان گەورە و بچوك. هەردووکیان چونێك ئاسوودەن" **کووشیانگ**

ئەوەی دەچێتە نێو سەوزە گیای قەراغشارو.. لەگەڵ خۆیدا هێندە خۆراك دەبات بەشی سێ ژەمی بکات.. دەگەڕێتەوەو گەدەی هێندەی تیایە وەك کاتی ڕۆیشتنەکەی.. بەڵام ئەوەی بۆ دووری سەد **لی** گەشتدەکات.. دەبێ بەشی شەومانەوە دابینبکات.. ئەوەشی گەشتی هەزار **لی** دەکات.. گەرەکێتی هێندەی پێبێت بەشی سێ مانگی بکات.

"هێندەی مرۆڤ دوورتر دەکەوێتەوە.. هێندەش زێترپێویستی بەدابینکردنی خۆراك دەبێت.. بەهەمان شێوەیش هەر چەندێك باڵەکان گەورەترین ئەوەندە زێتر پێویستیان بە هەوا دەبێت" **کووشیانگ**

ئەو دوو زیندەوەرە چی دەزانن ؟

"لەبەر ئەوەی زیزیکەو کۆتر گچکەن.. شتێ لەمەڕ گەورە نازانن" **فۆنگ یۆلآن**

نەبابەتی ئەوەیە بچووك بە گەورە ئەندازە بکەین و ، نەتەمەنکورتی بە تەمەندرێژی. لە کوێوە بزانین ئەمە ئاوایە؟!

دوومەلاَن سەرەتاو کۆتایی مانگ نازانیٚ چییە.. کریستاڵیش پەی بەهاتنی بەهارو پایز نابات.. ئەمانە نمونەن لەمەڕ ژیانی کورت.. لە باشووری ولاٚتی **چۆ.. مینگ..لی**(٢) هەیەو بەهاری پێنجسەد ساڵە و پاییزیشی هەروایە.. لە زۆر دێریندا **تاچۆن**(٢) ناوێك هەبوو.. بەهاری هەشتسەد ساڵ و پاییزیشی هەروا بوو.. **پەنگ تزۆ**(٣)ش هەتا ئەمڕۆ بەتەمەندرێژی ناوبانگی دەرکردوە.. ئەگەر هەموو خەڵکی ویستیان وەك ئەو وابن نەهامەتییان بۆدەمێنێتەوە..

ئەگەر هەموو گێتی پێوەی سەرسامبن.. بوێری وەبەرنایێ و، هەموو گێتیش سەرزەنشتی بکەن کۆڵی پێنادرێت.. ئەو بەچاوتروکانێك جیاوازی نێوان ژێرەوەو سەرەوە دەرکپێدەکات.. بەووردی سنوورەکانی ئابروومەندیی و سووکی دەکێشێ.. ئەوە نموونەییترین شتێك بوو تییدا بوو.. ئەو جۆرە مرۆڤە لە جیهاندا دەگمەنە.. لەگەڵ ئەوەشدا هەندیٚ کاروباری بەناتەواوی بەجێهێشت.

*"تەنیا ئەوە دەزانیٚ کە ئەو لەسەر هەقە.. نازانیٚ هەموو شتیٚ لەسەر هەقن"* **کووشیانگ**

**لێە تزۆ** (٤) سواری با دەبیٚ و بەحاڵەتێکی چاك و روونەوە رێگەی تەیدکات.. تا پاش پانگرە رۆژ بگەرێتەوە.. مرۆڤێکی دەگمەن لەنێو ئەوانەی ئاسوودەییان وەدەستهێنا.. وەلیٚ وێرای واز لە رۆیشتن هێنانی ناچارما شاندابداتە سەر شتیٚ.

بـــەڵام وایـــدانێ یێکێـــك لەســـەر تـــەختایی گـــەردوون گالیسکەکەی دە ئاژوێ. سواری هەر شەش توخمە هەبووەکە بووە.. تا گەشتێك بە هەتاهەتایی گەردووندا بکات.. شانبەسەر چی (کێ)دا دادەدات؟

*گـــەردوون نـــاوی ئـــەو شـــتەیە هەمووشـــتەکانی لـــە خۆیداکۆکردۆتـــەوە. هـــەموو ئـــەو شـــتانەی هەیـــەتی لـــە گەڵیـــدا تـــەبان. یێکـــسانیی ئـــەو بنـــەم اسروشـــتییەیە بـــۆ شـــتەکانی دەخوازدرێـــت.. ئـــەوەی لەخۆیـــەوە ئاوەهایـــە بـــۆ ئـــەوەش دروستنەبووە وەهابێ ئەوە سروشتیی نییە.*

*"**پەنگ** لەبەرزاییدا دەفڕێ.. ئاسمانیی لە نزماییێکاندایە.. **تا** دەتوانێ تەمەنێکی درێژ بەرێتەسەر.. دوومەڵان چەندرۆژێك دەژی.. ئەم وزەو توانایەی هەناویان سروشتییە.. هیچیان دەستکردنین و دەرزدانەدراون.. بۆییێ ئەمانە شتگەلێکی ئاساییین.. لەمەوە لەتەك ئاساییبوون وەك یێکبوونی گەردووندا ڕۆیشتن ئەوەیە بەدووی خەسڵەتی شتەکاندا بگەڕێیت.. سوار بوونی شەش توخمە هەبووەکە.. گەشتێکە بە ڕێبازەکانی وەرچەرخان و گەشەسەندندا ئەوەی بەم شێوازە ڕۆی کەی دەتوانێ بە کۆتایی بگات.. ئەوەی لە ڕێگەکەیدا متبوو گوێی نەدایێ بەبێ شان وەبەر چی بدات ؟! ئەوەیە ئاسوودەیی و ئازادی مرۆڤی تەواو ، لەگەڵ ئەویدیدا یێکگرتووە.*

بێک ەخات ئەوەیە جیاوازیی نێوانیان فەرامۆشدەکات و جەختکردنیش لەسەر تایبەتمەندییەکان: **پەنگ**و زیکزیکەو فەرمانبەری گەورەو گچکەو سوارەیی با **لێە تزۆ**. ئەوەی خۆی بە فەتارەت دەدات یاخود یاخیدەبێ. ئەوەی نێوان ژیان و بوونی مەرگ یێکساندەکات ئەوەیە جیاوازیی نێوانیان لەبیردەکات. لەگەڵ جەختکردندا لەسەر تایبەتمەندییەکان. **تاچۆن**و **پەنگو** **تزۆ**و دومەلانی بەیانیان دووچاری خێرا لەناوچوون دەبن. لێرەوە. ئەوەی گەشت بەنێو ناتایبەتمەندییەکانی گەورەو بچووکدا دەکات هیچ سنوورێکی نییە. ئەوەی جیاوازیی مەرگ و ژیان پشتگوێدەخات کۆتاییهاتنی نییە. ئەوانەش ئاسوودەیی خۆیان دەخەنە بارمتەی کۆتاییهاتووەوە سنووردارن. وێڕای ئەوەی بۆ گەشتکردن ڕێپێدراون وەلی ناتوانن سەربەخۆبن"

## کووشیانگ

"گەشتەکان لەسنووره کۆتاییهاتووکاندا چێژ وەردەگرن.. چێژەکانیان کۆتاییهاتووە..بۆ نمونە: مرۆڤ کە تەنیا چێژ لە ژیان وەردەگرێت.. دوو چاری مەرگ دەبێت.. یاخود کە چێژ لە دەسەلات وەردەگرێت دووچاری دەسەلات لەدەستدانیش دەبێت.. بەلام مرۆی سەربەخۆ.. کۆتاییهاتووەکان بەشاردنەوەی گێتی لەنێو گێتیدا.. بەرەو ناکۆتایی تەیدەکات.. وەك لە بەشی

*پێنجەمدا هاتووە: مرۆڤی تەواو ئارەزوو (لەروون)ی نییە.. چونکە کۆتاییهاتووی تێپەڕاندووەو.. لەگەڵ گەردووندا ئاوێتە بووە.. رۆحانی کرداری نییە.. چونکە شوێنپێی سروشتی شتەکان هەڵدەگریٚو، لێدەگەڕێ هەر شتە بەخۆی چێژ وەرگرێت.. دانای راستینە ناوی نییە.. چونکە ئاکارە بەرزەکانی تەواون، هەموو ناوێکیش بریتییە لە دیاریکردن و سنووردانان "* **فۆنگ..**

**یاو** ویستی بۆ **شو یۆ** (٥) دەست لە تەخت هەڵگریٚ.. وتی: ئەگەر مرۆڤ سوور بوو لەسەر ئەوەی لەگەڵ خۆرو مانگ هەڵاتندا مەشخەڵ هەڵگیرسێنیٚ لەبەری گران نابیٚ بیکات.. ئەگەر سوویش بوو لەسەر ئاودانی گێڵگەکان و وەرزە بارانیش دایکردبێت..ئایا ئەمە هەوڵ بەفیڕۆدان نییە؟

ئێستەیش ئەی بەڕێز تۆ لەبەردەم تەختی شاهانەدایت بۆئەوەی ئیمپراتۆرییەت لە ئاسایشدا بێت.. لەگەڵ ئەوەشدا سەرۆکایەتی بۆ من جێدێڵێت.. من ئاگام لە کەموکوڕییەکانی خۆم هەیە.ز تکات لێدەکەم لێموەرگرە..

**شو یو** وەڵامیدایەوە : ئەی بەڕێز ! تۆ کاروبارەکەی بگرەدەست. یێکسەر ئیمپراتۆر سەلامەت دەبێت.. وایدانیٚ من کاروبارم گرتە دەست.. ئایا دەبیٚ ئەوە لەپێناوی ناودا بێت ؟ ناو جگە لە سێبەری دەستکەوتی واقیع چیدی نییە.. ئاخۆ دەشیٚ ئەوە لەپێناوی دەستکەوتێکی ئەسڵیدا بێت؟ ریشۆڵە هێلانەکەی

له دارستانێکی مەزندا دەکات. جگە لە چڵی دارێك هیچی دی لێ داگیرناکات. ئاژەڵ تینوێتی لەنێو رووباردا دەشکێنێ و تەنیا هێندەی لێدەخواتەوە هەناوی پڕکات. تۆ بگەڕێرەوەو دڵنیابە هیچ پێویستییێکم بە ئیمپراتۆریەت نییە.

*"باڵندە. ئاژەڵ. هەموو شتەکان بە تەبیعەتی خۆیان قایلن* ***یاوو شۆیۆش*** *هەردووکیان بەتەواوی لە جێگەو پایەی خۆیاندان. ئەمە ئاکامێکی زۆر دروستە. مادام هەر یێکە ئاکامی دروستی خۆی هەیە. چ پێویست بە چالاکی دەستکردانە دەکات؟ هەموو بە سانایی چێژ وەردەگرن. وێرای ئەوەی* ***یاوو شۆیۆ*** *لە هەڵسەنگاندنی شتەکاندا جیاوازن. بەڵام ئاسوودەییان هەر یێکە"* **کووشیانگ**

**چیەن وو** بە **لیەن شۆی** وت : لە **چێ** م بیست.. هەندێ لەوانەی زاری دەردەچێت مەزنن.. وەلێ پاساو نادرێن.. چونکە هەر کە دەستیپێکرد.. ئیدی هەتاهەتایە بەردەوامدەبێت.. وشەکانی کە وامدەبینین وەك ڕێگەی کاکێشان سنووریان بۆ نییە لەرزیان لێهێنام.

وشەکان لەو ئەگەرەوە دووربوون کە بشێن و زۆریش لە ئەزموونی بەشەریی دوور دەکەوتنەوە.

**لیەن شۆ** لێیپرسی : چی وت ؟

**چیەن وو** وەڵامیدایەوە: لە دووری دوور.. لە دامێنی چیای **کوویی** پیاوێکی روحانی ژیا.. گۆشت و پێستی وەك بەفرو بەستەڵەك وابوون. لەناسکی و لەبزشیرینیدا بەوێنەی پاکیزە

بوو.. هیچ جۆرێکی لە پێنج دانەوێڵە نەدەخوارد.. بەڵکو هەوای هەڵدەمژی و ئاوڕنگی دەخواردەوە.

*"رۆحانی دەکەوێتە سەرووی شتەمادییەکانەوە"* **لۆنگ**

سواری پشتی هەور دەبوو.. هەژدیها باڵدارەکانی وەپێش خۆی دەناو روویدەکردە هەر چوار دەریاکە..

*"بەدووی کۆتاییەهاتووەکانەوە دەڕوات"* **لۆنگ**

رۆحی چڕ و پڕە..

*"رۆحی بە ئارامە..دڵنیایە.. وشکانیی زەویی کاری تێناکات"* **لۆنگ**

دەیتوانی شتەکان لە گەندەڵی بپارێزێ و دابینی بەرووبومێکی زۆرو زەبەندی ساڵانە بکات..من لەو بڕوایەدابووم ئەم قسەلۆکانە بێمانان و.. لە تەکی دا دەمێنمەوە و دەبمە هاوەڵی.

**لیەن شۆ** وتی: وایە ! کوێر چی لە جوانیی دەکات.. کەڕیش بە موسیقا..کەڕو کوێر دوو هۆشن.. هەردووکیشیان نزمن.. لەمەڕ یەکەمیان تۆ بەخۆت بەڵگە بێنەرەوە.. ئەو مرۆڤەی نوقمی چاکی و رەفتاربەرزییە دەتوانێ هەموو شتەکان

لەئامێزبگرێ.. بەلای ئەوەوە هەموو شتەکان لە دنیادا بۆ ئاشتی دەڕوانن.. ئەدی بۆچی پێویستە هەندێ کەس بەرەنگاری حوکمی ئیمپراتۆرییەت ببێتەوە؟

"مادام هەموو شتەکان رووەو ئاشتی دەنوارن.. ئەی بۆ لێنەگەڕێین بۆ خۆیانی بەدەستبێنن" **فۆنگ**

ئەو مرۆڤێکە هیچ شتێ ئازاری نادات.. لافاوێك سەری لە ئاسمان بێت ئەو ناخنکێنێ و نوقمی ناکات.. لە وشکانیشدا کاتێ مەعدەنەکان دەتوێنەوەو جۆگەدەبەستن و چیاکان ئاگر دەپرژێنن ئەو هەست بەگەرما ناکات.

"ئەمە ئەندازەییێکی وا نییە مرۆڤی تەواو بتوانێ قەناعەتی پێبکات.. ئەو هەرچییەك بێ پێیقایلە..مەرگ و ژیان زیانی پێنابەخشن.. لەوەش کەمتر لافاو و قرچەی گەرمایە لای.. مرۆڤی کامڵ.. چورتم و بەڵاکانی بەلاوە سەخت نین.. چونکە دەتوانێ خۆی لێیان بپارێزێ.

لەمەڕ هۆکارەکانی بەرەوپێشتر دەچێت و بە شێوەیێکی سروشتیی خێری دێتە ڕێ" **کووشیانگ**

"وێڕای ئەوەی مرۆڤی کامڵ بەهۆی شتێکەوە ئازاریش بچێژێ.. وەلێ زیان بە زەینی ناگات " **فۆنگ**

...ەت تۆزو گەردو سەر کوزەرەکەیشی هەر بەجوانی
...مێنێتەوەو.. تێیدا **یاوو شۆیۆ** ئاوێتەی دەبن.. ئیدی چ شتێك
ئەرکی خۆخەریککردن بە شتەکانەوە ئەدا بەسەریدا؟

پیاوێك لە وڵاتی **سونگ** شەپقەی ئاهەنگی بۆ وڵاتی **یوەی**
برد.. بەڵام پیاوانی **یوەی** لەسەر ئەوە راهاتبوون قژیان بتاشن و
جەستەیان بۆیەبکەن.. ئەمجۆرە شەپقانەیان بەکارنەدەهێنا.

**یاو** حوکمی خەڵکی ئیمپراتۆریەتەکەی دەکرد.. لە سنووری
چوار دەریاکەدا حکومەتێکی تەواوی دامەزراند.. بۆ دیدەنی
**چوار داناکە** رووی‌کردە کێوی **کوویی**یە دوورەکە.. لە گەڕانەوەیدا
بەرەو پایتەختەکەی لە باشووری روباری **فون** بە بێدەنگی
ئیمپراتۆریەتەکەی لە بیرچووە.

*"**یاو** پێویستی بە ئیمپراتۆریەت نییە.. بەتەواوی وەك
خەلکی **یوەی** پێویستیان بە شەپقەکان نییە.. بەلام ئەوەی
پێویستی بە ئیمپراتۆریەت نییە رێك ئەو پیاوەیە کە
ئیمپراتۆریەتەکە پێویستێتی.. لەگەڵ ئەوەشدا
ئیمپراتۆریەتەکە **یاو**ی کردە سەرۆکی خۆی.. **یاو** خۆی
ئیمپراتۆریەتەکە بە راناوی قسەکەر (**تا لە**)ی خۆی دانانێ
لەبەر ئەوە لەبیری خۆی بردەوەو.. لێگەڕا زەوینی مەملەکەتی
یێکسانی ناجیاوازیی تەییکات.. هەر کە چووە سەر
تەختو هەموشتەکانی خستە ژێر رکێفی خۆیەوە.. شتێ
نامێنێ بتوانێ سەری لێبشلەژێنێ"* **کووشیانگ**

**موی تزۆ**(٦) بە **چۆنگ تزۆی** وت: هەندێ ناو کە کودووی تایبەتییان بۆ **وەی** شا نارد. چاندنی و پێنج گینتار {نزیکەی ٢٢٥ کیلۆ و.ك} بەری دا. کردیە کووپەی ئاو. بەڵام هێندە تۆکمە نەبوو ئاوەکەی پێوە بوەستێت. کردیە دووکەرتەوە. تا بیکاتە ئەسکوێ. بەڵام دوو نیوەکە هێندە قووڵ نەبوون تا شتێ بگرن. جا لەبەرئەوەی سوودی نەبوو شکاندی و پارچەپارچەیکرد.

**چۆنگ تزۆ** بەدوایدا ووتی:

قوربان تۆ نازانی شتە گەورەکان بەکاربێنی. پیاوێك لە **سونگ** رەچەتەیێکی بۆ چارەسەری دەستی قلیشاو پێبوو. خێزانەکەی لە پشتاوپشتەوە ئاوریشم شۆردنیان کردبووە پیشە.. پیاوێکی نەناسراو باسی رەچەتەکەی بیست.. سەد پارچە زێڕی لەبەرامبەر رەچەتەکە بۆ دانا.. خێزانەکە بۆ ئەم مەبەستە کۆبوونەوە.. وتیان: ئێمە ئەوە چەندین نەوە دوای نەوەیە خەریکی ئاوریشم شۆردنین و.. لەچەند پارچە زێڕێك زێترمان دەستنەکەوتووە.. ئیستە لە تاکە رۆژێکدا ئەم هونەرە بەسەد پارچە زێر دەفرۆشین.. کابرای نەناسراو رەچەتەکەی وەرگرت و گەڕایەوە.. تا **وو** شای لێ ئاگادار بکاتەوە.. ئەم لەگەڵ وڵاتی **یوەی** دا ناکۆکبوو.. فەرماندەیی گەلەکەشتی -ئۆستۆڵ- ی پێسپارد.. لەزستاندا لەگەڵ وڵاتی **یوەی** دا کەوتە جەنگەوە.. دوایئەوەی هەتوانەکەی بۆ چارەسەری دەست قلیشاوی بەکارهێنا زۆر بە ناشرینی تێکیشکاند.. ئەوە شتێ بوو وڵاتی

یوەی بۆ سەربازەکانی دەستەبەر نەکردبوو.. کابرا بە پارچە زەوی و نازناو خەڵاتکرا.. بەمجۆرە گەرچی لێهاتوویی لە چارەسەرکردنی دەستە قلیشاوەکاندا لە هەردو حاڵەتدا وەك یێکە.. بەڵام لێرە نازناویشی بۆ دابینکرد.. کەهەر ئەمە لەولا لە ئاوریشم شۆردنیشدا هیچ لێهاتوویییێك بەدیناهێنێ.. ئەمەیش بۆ جیاوازیی خستنەکارەکە دەگەڕێتەوە.. ئێستەیش گەورەم! پێنج وەزنە لەو کوولەکە تایبەتییەت هەیە.. بۆچی لەبری ئەوەی خەمبخۆیت چونکە بۆ شت تێکردن ناشێ دەبەیێکی گەورەی لێدروست ناکەیت تا بۆ بەسەر ئاوکەوتنی نێو روبارو دەریایچەکان بەکاریبێنی؟!

وابزانم هەست و هۆشت شڵەژاوە.

**هوی تزۆ** وەڵامیدایەوە: درەختێکی هێجگار گەورەم هەیە خەڵکی ناویان ناوە درەختی ئاسمان.. لەبەر زۆری گرێکانی قەدەکەی.. دارتاش ناتوانێ هێڵەکانی لەسەر دانێ.. لقوپۆپە گچکەکانی هێندە خواروخێچن بەکاری کەرەسەکانی دارتاش نایەن.. لەچەقی ڕێگەدا هەڵیداوە.. بێئەوەی دارتاشەکان ئاوڕی لێبدەنەوە.. تویش قوربان! وتەکانت گەورەن.. بەڵام بێسوودن و هەناسەییێکیان بۆ کەس تێدا نییە.

**چۆنگ تزۆ** وەڵامیدایەوە: ئایا لەمەوبەر پشیلە کێوی.. یان دەڵەکت دیوە؟ چۆن لە چاوەڕوانیی نێچیرەکەیدا گاکۆڵکێ دەکات.. یان بەملاوئەولادا قەڵەمباز دەدات و خۆی لەبەرزی و

نشێوی لادەدات. بەڵام دوایی دەکەوێتە داوێکەوە. یا لە تۆڕێکدا دەمرێت.

جارێکی دی (**باک**)(٧)یێک قەوارەی چون قەوارەی هەوری ئاسمان. کەچی ناتوانێ مشکێك ڕاو بکات. تۆیش ئەو درەختە زەبەلاحەت هەیە. کەچی دڵەڕاوکێتە چونکە بەلاتەوە بێکەڵکە. بۆچی لەخاکی ناهەبووندا نەتچاند؟! لەو دەشتودەرە پان و بەرینەدا؟ گەر واتبکردایە. لەناکرداردا تەیتدەکرد و بەئاسوودەیی لە بنیا دەخەوتیت.. ئەو شتەی لای خەڵکی بێسوودە.. لەئازار و ژیان بە دووردەبێ.

*"ئەم نموونانە ئەوە دەردەخەن هەر شتە لێهاتوویی تایبەتمەند بەخۆی هەیە.. هەر شتەش بەجۆرێك سوودمەند و بەجۆرێکی دی بێسوودە."* **فۆنگ**

پەراوێزەکان:

١- لی: یێکەیێکی پێوانەی دوورییە.. بەرامبەر پێنجسەد مەترەیە.

٢- میـنگ لیـنگ و تـا چـون: لای هەنـدێ شـرۆڤەوان دوو درەختن.. لای ئەوانی دیش دوو کەسی ناسراون.

٣- پـەنگ تـزۆ: پیاوێکـە لـە بنەماڵـەی شـانگ دوومـین خێزانەکان دەڵێن هەشتسەد ساڵ ژیاوە.. فۆنگ.. نوح ی چینی - ه.ع.

٤- لیە تزۆ: لە باوانی تاوییێکانە.. ئەو کتێبەی بەناوییەوە نانراوە لە شاکارە گەورەکانا.. ه.ع

٥- یاو و شۆ یۆ: لە پادشا داناکانن

٦- هـوی تـزۆ: سـەرکردەی قوتابخانـەی لـۆژیکی.. هاوزەمانی چۆنگ تزۆ

٧- باك: گامێشی چینی ه.ع

## بەشی دووەم

## لە یێکسانی شتەکاندا

*"هەر شتەو خۆی بەڕاست دەزانێ و ئەوی دی ناراست.. خۆی بە جوان و ئەوانی دی دزێو.. هەر شتە ئەوەیە کە هەیە.. بیروڕای هەر کەس لەویدی جیاوازە.. بەڵام هەردووکیان ڕای خۆیان هەیە.. لەمەدا چوونییێکن"* **کووشیانگ**

**نان کوو تزۆ چیێ** شانیدادایە سەر مێزەکەی.. ڕوانییە ئاسمان و هەناسەییێکی ئیسراحەتی هەڵکێشا.. وایدەنواند لە حاڵەتی لە هۆشخۆچووندا بێت.. هەست بەجەستەی خۆی نەکات..

**ین چینگ تزۆ یو** لە خزمەتیدا بوو وتی: ئەوە چییە؟ ئایا دەبێ جەستە وەك داری وشکەوەبووبێت و.. هۆش وەك خۆڵەمێشی بێ ئاگردان ؟ ئەو پیاوەی شانیدادابووە سەر مێزەکە.. هەمان ئەو پیاوە نییە لەمەوبەر لێرە بوو..

**تزۆ چیێ وتی**: پرسیارەکەت بە جێیە.. هەر ئێستاکە خۆم بزر کرد.. پێدەچێت مۆسیقای مرۆڤت بیستبێ و.. مۆسیقای زەویت نەبیستبێ..

**تزۆ یو** وەلامیدایەوە: دەوێرم و داوات لێدەکەم وەسفێکی گشتیی ئەمەم بۆ بکەیت .

**تزۆ چیٚ** وتی: هەناسەی گەردوون ناونرا با.. ئێستاکە وەستاوە.کاتیٚ هەڵدەکات. لەهەموو کووچەیێکەوە دەنگە توورەکان دێن.. ئەو دەنگدانەوە بەرزبۆوەت نەبیستووە ؟ دیمەنی شکۆمەندی دارستانی نێو چیا.. کون و بۆشاییێکانی قەدی درەختەکان بە لووت دەچن.. بەدەم دەچن.. بەهەردوو گویٚ دەچن بە کووپ دەچن و بە ئاوەن (هاوەن) دەچن..بە گومیچکە دەچن..با بەنێویاندا دەچیٚ و.. هاژەی ئاوێکی هەڵقوڵاو دەبیستریٚ.. گیزەی تیر.. توند و تیژی.. هەناسەدان.. فرێدان..گریان..شین و شەپۆر..ناڵە و نکەی سەرە مەرگ.. هەندیٚ لە دەنگەکان بەرز و هەندێکیان قووڵ.. سروە با هارمۆنی گچکە و گونجاو پەیدادەکات.

رەشەبا هارمۆنیای گەورەی لێدەکەوێتەوە.. دوایئەوەی رەشەبا دادەمرکێتەوە ... هەموو کون و کەلەبەرەکانی قەد درەختەکان بەتاڵدەبنەوە.. بزوان و لەرینەوە و سەقامگیری چڵ و پەڵکەکانت نەدیوە ؟

*"تەنها رەنگەکان جیاواز نین..بزوتنەوە و لەرینەوەکانیش جیاوازن.. بزوانەکان بەرێگەی جۆراوجۆر دەبن بەڵام لە شێوازدا چونییێکن.. هیچ بیانوویێك بۆ ئەوە نییە گرژکردنەوە بە راستی تایبەتی دابنرێت.. یان لەرینەوە یەهەڵەی تایبەتمەند دابنرێت"*
**کووشیانگ**

**تزۆ یو** وتی: مۆسیقای زەوی لەو دەنگانە پێکدیٚ کە لە کون و کەلەبەرەکانەوە دەردەچن.. بەڵام مۆسیقای مرۆڤ لە بۆری

و لەرینەوەی ژێی عوودەوە دێت. بوێرانە دەپرسم ئەی مۆسیقای ئاسمان لە چی پێکدێت؟

**تزۆ چی** وتی: کاتێ با هەڵدەکات. بەهەزاران شێوە دەگۆڕێ. بەڵام هەر لە خۆیەوە هەڵدەکات. بۆچی پێمانوایە بەهۆی شتێکی دیکەوە هەڵدەکات؟

*"ئەمە مۆسیقای ئاسمانە. ئەمە شتێك نییە بەتەنیشت ئەوانی دیکەوە. کون و بۆری نابوونەوەر، بوونەوەر نییە. کەواتە ناتوانێ بوونەوەر بەرهەمبهێنێ. ئەگەر بوونەوەر بەرهەم نەهاتووبێ نەخوڵقابێ..لە توانایيدا نییە شتی دی بەرهەمبێنێ بیخوڵقێنێ. دەبێ بەرهەمهێنەری شتەکان کێ بێت؟ وەڵام ئەوەیە خۆرسکانە خۆیان بەرهەمدێنن. ئێمەیش ئەو ئاڵوگۆڕ سەیرورە ی شتانەی بە خۆیان هەن ناوناوە سروشتی. هەر شتە ئەوەیە بە خەسڵەتی خۆیەوە هەیە. بۆ ئەوە نەخوڵقاوە ئاوابێ. لێرەوە کە چۆنگ تزۆ لەمەڕ ئاسمان تیان دەدوێ. مەبەستی سروشتییە و.. شتی نییە بە ناوی ئاسمان (**تیان**)ەوە بێت و بچێ. ئاخۆ کێ دەتوانێ ببێتە ئەو ئاغایەی فەرمان بەسەر شتەکاندا بدات.. هەر شتە بۆ خۆی هەیە و، کەس نەیهێناوەتە بوون.. ئەوە ڕێبازی سروشتە"* **کووشیانگ**

*"هەڵکردنی با جۆراوجۆرە.. بەڵام با لە خەسڵەتی خۆیدا یێکسانە و چاکیشە.. هەروەها شتەکان و بیروڕاکانیش بە فرەچەشنیانەوە لە خەسڵەتەکانیدا یێکسانن.. هەروەها پەسەندیشن"* **لۆنگ**

مەعریفـــەی مـــەزن پـــان و بەرینـــە.. مەعریفـــەی بـــچووك کەمەکێکە و سوودمەندە.. قسەی گەورە دەوڵەمەند و کاریگەرە.. قسەی بچووك.. جگە لە قسەی گەورە شتێکی دی نییە.. کاتێ خەڵکی دەنوون.. دەروون دەشڵەژێ و.. کاتێ لە خەو هەڵدەستن هەڵسوکەوتی جەستە دێتە ئاراوە..

*"خەون.. شڵەژانی دەروونە"*　　　**ئۆنگ**

لە پێوەندییێکانی نێوان خەڵکیدا.. چاووڕاو و ڕێکخستن و هـــەوڵو تەقـــەلای ڕۆژانـــە دەبینرێـــت.. لـــەنێوان هـــزر و هـــزردا سەرسورمانەکان و ژێربەژێرەکان و پارێزگرتنەکان دەردەکەون.. پەیپێبردنـە گـچکەکان دەبنـە هـۆی نەهامـەتییێکان.. پەیپێبردنـە گـەورەکان تـرس و خـۆف دەخەنـەوە..هـزری هەنـدێك وەك ڕم بەتیـــژی دەردەچـــێت.. حوکمـــدان لـــەنێوان ڕاســـتی و ناڕاســـتیدا..هـــزری ئـــەوانی دی وەك پرۆتۆکـــۆلێکی پـــیرۆز بـــە نـــەگۆڕی دەمێنێتـــەوە.. پاســـەوانی مافـــەکان بـــڕوا دارە.. هـــزری هەنـدێك کـەس دادەهێزرێـت هـەر وەك ئـەو شـتانەی لـە پـایز و زســتادا هەڵدەوەشـێنەوە.. هۆشـــی هەنـدێکی دی لـــە شـــادیدا نوقومـدەبێ و ناگەڕێتـەوە سـەرخۆی.. هـزری هەندێکی دیکـەش وەك کوێرەکانییێکەو ئەوەی هەیەتی بەردەوام هـەر ئەوەیە.. ئـەوە لەســـەر مەرگدایـــە و نـــاتوانێ بگەڕێتـــەوە ســـەر چـــالاکی خـــۆی.. شـــادمانی و تـــووڕەیی.. ناســـۆر و خۆشـــی.. شـــپرزەیی و داخ.. بێیـــاری و جـــەختکردن.. ڕاکێـــشان توندکردنـــەوە و شـــلکردنەوە،

لێبوردەیی و جەربەزەیی.. ئەمانە گشتیان وەك ئەو مۆسیقایەن لە بۆری (نەیچە)یێکی بۆشەوە دەنگدەداتەوە یان دوومەلانێ لە گەرمایی و شێدارییەوە هەڵتۆقیبێت.. رۆژانە و شەوانە گشت ئەوانە لە هەناوماندا بەدووی یێکدا دێن و دەڕۆن و نازانین کەی هەڵدەقوڵێن.. ئایا لە توانامانداهەیە لە چرکەساتێکدا پێشبینی چۆنێتی هاتنەکایەیان بکەین؟

*"ئەوەی سەرەوە وەسفێکە بۆ بارە دەروونییە جۆراوجۆرەکان کەلەخۆوە دەردەکەون.. چون دەنگی مۆسیقالە قامیشێکەوە.. یان کارکێ کە لە شێ و گەرماییەوە هەڵدەتۆقێ.. ئەوانە بەبێ بەرهەمهێنەر بەرهەمهاتوون.. بەتەواوی چون مۆسیقای زەوی وان.. پێویستیان بە تۆخمێکی تایبەتی بۆ هەژاندنیان نییە"* **فۆنگ**

ئەگەر ئەو نەبوایێ، منیش نەدەبووم.. ئەگەر منیش نەبوومایە ئەوەی خەسڵەتە جیاوازەکان دروستدەکات نەدەبوو.. پێدەچێت ئەمە دروستبێت.. بەلام ئەی سەرچاوەی ئەم جۆراجۆریانە چییە؟ وا پێدەچێت هەروەکو لەوێدا ئاغاییێك / کەسێك هەبێت.. بەلام بەڵگەمان بۆ بوونی نییە.. هەندێك لەو بروایەدان هەیە و وێنەی نابینین.. ڕەنگە بوونی هەبێت و بێشێوەبێت.. هەر سەد بەشەکەی نێو جەستە، بەهەر نۆ کونەکانییەوە و ،شەش ناواخنەکەیەوە گشتیان لە شوێنی خۆیاندا تەواو دروستن.. کامیان پەسەندترینیانە؟ ئایا هەموویانت وەك یێك خۆشدەوێت؟ یان هەندێکیانت لەوانی دی

خۆشتر دەویست ئایا هەموویان خزمەتگوزارن ! ئایا ئەم خزمەتگوزارانە لەنێو خۆیاندا ناتوانن سەرەوکاریی یێکدی بکەن! ئایا پێویستیان بە فەرمانڕەوایە؟ ئایا بەنۆرە حوکم (خزمەت)ی یێکدی دەکەن؟ ئایا بکەرێکی ڕاستەقینە لەسەرەوەیانەوە هەیە؟ ئەم پرسیارانە ئەگەر وەلامی ڕاست و ڕەوانیان بۆ دۆزرایەوە یان نا هەر بەباییخدارییەوە دەمێننەوە... ئەومە جگە لە کەمەواتاییکی حەقیقەتی (حاکم) زێتر -ئەگەر هەبێت- چیدی نییە.

*"لەگەردوونی مەزندا جگە لە شتە جۆراوجۆرەکان ئاغاییکی ڕاستەقینە نییە.. پەروەردگار نییە.. لە گەردوونی بچکۆلەش (جەستە)دا جگە لە بەشە جیاوازەکانی لەش فەرمانڕەواییکی ڕاستەقینە نییە"* **لۆنگ**

ئەگەر شێوەی جەستە بەتێگرایی وەرگرین.. دەبینین تا دواساتی ژیان ئەندامەکانی لەکاری خۆیاندا بەردەوامن.

لە بە یێکدادان و گونجاندن لەگەڵ شتەکاندا ڕێڕەوی خۆیان بە خێرایی ئەو ئەسپە بزێوە دەگرنە بەر کە ناتوانرێ جڵەوگیربکرێت (بوەستێنرێت).. ئایا ئەمە جێی داخ نییە ؟ بە درێژایی تەمەن بەردەوام ڕەنجبدرێت بێئەوەی بەرووبوومی ڕەنجەکەمان ببینن ! بەدڵەڕاوکێوە بڕۆین و کەسیشمان نازانێ بەرەو کوێ ؟ ڕەنگە یێکێ بڵێ: دوایی لەوێ نەمری هەیە.. ئەم قسەیەی چ سوودێکی هەیە ؟ کە جەستە پرزۆڵ پرزۆڵ دەبێ ڕۆحیش لەگەڵیشدا دادەوەشێ.. ئایا ناتوانین ئەمە بە کارەساتە

سوێبەخشەکان دابنێین ؟ ئایا ژیانی مرۆڤ تا ئەو ڕادەیە لە گەوجێتیدایە ؟ یاخود هەر بە خۆم گەوجم و جگە لەخۆم کەسی دی گەوج نییە ؟

ئەگەر لەسەر خەڵکی پێویستبێت ڕاوێژ بە یێکیٚ بکات.. دەبیٚ کیٚ ئەمجۆرە ڕاوێژکارە (ڕابەرە)ی هەبێت؟.. نەتەنیا ئەوانەی ڕاست و ناراست هەڵدەسەنگێنن و لەنێوانیاندا هەڵدەبژێرن هەر ئەوانە بیروڕایان هەیە.. شێت و شوورەکانیش هەیانە.. چونکە هەلومەرجێك کە ڕاوبۆچونی تێدا نەبێت.. دەبیٚ هەر ئەو کاتە بێت کە بەتەواوی ڕەوا و ناڕەوا لێکجوداکرابنەوە.. ئەوەش زەحمەتە تەسەوربکرێت.. هەر وەك ئەوە وایە کەسێك ئەمڕۆ بچێتە دیدەنی یۆ[1]ی پیرۆز و دوێنی بیگاتیٚ.. واتە ئێمە ئەوەی نابیٚ ببێت دەکەینە دەبێت.. چۆن دەتوانین (نابێت) بکەینە (ببێت)؟ تەنانەت یۆی پیرۆزیش سەری لەمە دەرناچێت ئیدی من بڵێم چی ؟

*" لەوەدا دەردەکەوێت.. هەموو هەڵسەنگاندنێکی ڕەوا و ناڕەوا بە پێی ڕاو بۆچوونە"* **لۆنگ**

قسە تەنیا فوو بەهەواداکردن نییە.. ئەو (قسەکەر) دەیەوێت شتیٚ بڵێت.. بەڵام ئەوەی دەیەوێت بیڵێت هەرگیز نەسەلمێنراوە.

*"ئەوەی کەسێك جەختی لەسەر دەکات.. ئەویدی ئینکاریدەکات"* **لۆنگ**

ئایا فوو بەهەواداکردن بەراستی قسەیە؟ هەندیٚ وای بۆدەچن کە قسەکردن لە جریوە جریوی باڵندە جیاوازە.. بەڵام

ئایا جیاوازیی لەنێوانیاندا هەیە؟ چۆن دەبێ **تاو** ئاڵۆزبێت لە کاتێکدا دەبێ جیاوازیی نێوان راستەقینە و ساختە ساغبکرێتەوە.. چۆن قسە لێڵ و پەنهان دەبێ بەمەرجێ پێویست بکات رەوا و نارەوا یێکلایی بکرێتەوە.. کامە جێگە **تاوی** تێدا نییە ؟ لەکام شوێندا قسەکردن نابەجێیە؟

*" **تاو** هەموو شوێنێکی گرتۆتەوە. قسەش لە هەموو جێگەیێکدا دەگونجێت.. لە بەشی لافاوەکانی پاییزی کتێبەکەی **چۆنگ تزۆ**دا هاتووە . لە دیدی **تاو**ەوە جیاوازی نێوان بەها و بێبەها نییە.. لە دیدی شتەکانیشەوە.. هەر شتە نرخ بۆ خۆی دادەنێ و بۆ ئەویدی دانانێ.. ئەگەر وتمان شتێک مەزنە.. لەبەرئەوەی لەلایەن هەندێ شتەوە وانرخێنراوە.. واتای ئەمە وایە هەر شتە بۆ خۆی مەزنە.. ئەگەر وتمان شتێک بچووکە.. چونکە لەلایەن هەندێ شتەوە وادانراوە.. ئەمەش واتای وایە هەر شتە بە خۆی بچووکە.. گەر لەمەڕ شتێک وتمان ئەوە دروستە.. چونکە بەلای هەندێکەوە وایە.. ئیدی هەموو شتێک دروستە . گەر لەبارەی شتێکە وتمان ئەوە هەڵەیە.. لەبەرئەوەیە بەلای هەندێکەوە وایە.. ئیدی هەموو شتێک هەڵەیە.. دەتوانرێ هەر وشەیێک بۆ هەر شتێک باربکرێت و.. هەموو وشەیێک بۆ هەموو جێگەیێک بشێ"[12]* **تۆنگ**

**تاو** بەخۆشەویستی و قسەیش بە رەوانبێژی ئاڵۆزە.. ئاکام سەلماندن و نەسەلماندنی **کۆنفۆشیۆسی** و بەهرەدارانە.. یێکێکیان ئەوە بەرەوا دادەنێ کە ئەویدی بەنارەوای

دادەنێ. ئەگەر ویستمان ئەوەی ئەو دوو قوتابخانەیە ئینکاری دەکەن ئەوە بسەلمێنین و.. ئەوەی ئەوانیش دەیسەلمێنن ئێمە ئینکاری لێبکەین. هیچ شتێ لە بەکارهێنانی تیشکی هزر و هۆش بۆ ئەمە پەسەندتر نییە..

*" کۆنفۆشیێکان و بەهرەمەندەکان جیاوازی نێوان رەوا و ناڕەوا دەکەن. بۆ سەلماندنی ئەوەی نایسەلمێنن و ئەوەی دەشیسەلمێنن. ئەوە رەتدەکەینەوە کە ئەسڵەن جوداوازیکردن هیچ بنەماینکی هەبێت"* **کووشیانگ**

هەر شتەو بریتییە لە ئەوە - بۆشتێ - .. هەر شتە بریتییە لە ئەمە -خودی تایبەت بەخۆی-..شتەکان نازانن (ئەوە) چییە. چونکە هۆشیان تەنیا لەسەر (ئەمە)یە.. ئەوە و ئەمە یێکدی وەبەرهەمدێننەوە ....بەم پێیە لە هەر کوێ ژیان هەبوو.. مەرگیش دەبێت.. لەهەر کوێش مردن هەبوو ژیان دەبێت لەهەر کوێ شیان هەبوو مەحالیش دەبێت.. هەر کە مەحاڵیش هەبوو شیانیش دەبێت.. لەبەرئەوەی ڕەوا هەیە.. نا ڕەواش دەبێت هەبێت. لەبەرئەوەی نارەوا هەیە رەواش دەبێت هەبێت.. لەگەڵ رەچاوکردنی ئەم راستییەدا.. دانایان ئەم رێبازە ناگرنەبەر.. چونکە شتەکان لەبەر رۆشنایی -تیان- ئاسمان یان سروشت.. هـ. ع- دا دەبینن.. کەواتە ئەمە (ئەو)یشەو.. (ئەو)یش (ئەمە)یەو.. (ئەوە) شێوازێکی رێکخستنە بۆ رەوا و ناڕەوا و.. (ئەمە) یش هەر وەکو (ئەوە) وایە.. ئایا جیاوازیێکی راستگۆیانە لەنێوان ئەمە و ئەوە دا هەیە؟ دژوار نەبوونی ئەمە و ئەوە

نزیکترین گەوهەری تاوە.. ئەوە تەوەرە و چەقی ئەو بازنەیە کە وەڵامدەرەوەی گۆڕانە هەتاهەتاییێکانە.. ئەوجا وتراوە: هیچ شتێ لە بەکارهێنانی رووناکی هزر باشتر نییە.

*"جیاکردنەوەی رەوا و نارەوا گشتی بۆ راوبۆچوون دەگەڕێتەوە.. ئەوەی توانای دەرخستنی هەڵە و راستیی نێو بیروڕاکانی هەیە.. ئەوە هزرێکی فێرکارانەی هەیە کە شتەکان لەبەر رۆشنایی ئاسماندا دەبینێ.. سووسەی ئەوە دەکات کە شێوازی رێکخستنی نێوان هەڵە و راستی دادوەریکردنێکی بەشەرییە و کێشەییێکی چەسپاوی سروشت نییە.. بینینی ئەمە نزیکترین گەوهەری تاویزمە"* **لۆنگ**

بەکارهێنانی پەنجەکان لە وێنەکێشانی پەنجەکانداو.. بەو سیفەتەی کە پەنجە نین شتێکی باش نییە.. هەر وەك ئەوەی کە ناپەنجەکان بەو سیفەتەی پەنجە نین لە وێنەکێشانی پەنجەکاندا بەکاربهێنیت.. دانانی ئەسپێکی سپی بۆ وێنەکێشانی ئەسپگەلێك بەو سیفەتەی ئەسپگەل نین شتێکی دروست نییە.. هەر وەکو ئەوەی نا ئەسپێك لە وێنەگرتنی ئەسپگەڵدا بەکار بێنێت بەو سیفەتەی ئەسپگەل نین.. جیهان گشتی پەنجەی شتەکانە گشتی ئەسپە.

*"بۆ روونکردنەوەی ئەوەی هیچ جیاکردنەوەیێک لەنێوان رەوا و نارەوا نییە.. هیچ شتێ لەوە باشتر نییە کە وێنەی شتێك بەهۆی شتێکی دیکەوە بکێشن.. لە وێنەکێشانی یێکێك بەهۆی*

ئەویدیێوە دەبینین شتەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە هەموویان خۆیان وا دەبینن لەسەر هەقن و ئەوانیدی ناهەقن. جا لەبەرئەوەی لەمەدا کۆکن. مانای وایە راستیی لە جیهاندا نییە. بەڵام لە رووی کۆکبوونیان بە گشتی کە لەسەر هەقن واتا هەڵە لە جیهاندا نییە. باشە ئەمە چۆن دەبێت؟! ئەگەر هەق بەرەهایی هەق بێت. دەبێت هەڵە نەبێت. ئەگەر هەڵەیش بەرەهایی هەڵە بێت. دەبێت ئەوەی بە هەقی دەزانین نەبێت. مەقیقەتی نکوولیکردن لە دەستنیشانکردنی نێوان رەوا و نارەوا. شیرزەیی لە جیاکردنەوەیاندا دەردەکەوێت کە جیاکارییەکە بۆ تێڕوانینە لایەندارییەکە دەگەڕێتەوە.. شتەکان لە راستیدا کۆکن. راستیی ئەمە لە هەموو شوێنێکدا دەبینین. لێرەوە مرۆڤی کامڵ دەزانێ جیهان پەنجەیە و هەموو شتەکانیش ئەسپێکن کە مانا وەبەر مەزنترین ئاشتی دەبات.

"هەموو شتەکان بە پێی خەسڵەتە سروشتییەکانیان ئیشدەکەن و.. چێژ وەردەگرن.. رەوا و نارەوا جیاوازییان نییە" **کووشیانگ**

"لەمەدا هاوشێوەی ئەو تیۆرەیە کە دەڵێ.. هێرش بردنە سەر یێك شێوازە پێکهاتە بۆ هەڵە و ڕاست.. لەگەڵ شێوازێکی دیکەدا پێوانەییەکی مێند نادروستە.. بەقەدەر ئەوەی هێرش بەرێتە سەر شێوازە پێکهاتە گشتییەکەی راست و هەڵە.. لەگەڵ شێوازە پێکهاتەی جیاوازی نەکردن لەنێوانیاندا.. سەلماندنی

*پەنجە و ئەسپەکە.. ئەمە **لۆژیکستەکان** بەکاریانهێناوە کە ددان بە بوونی جیاوازیی رەهایی نێوان راست و هەڵەدا دەنێن و.. **تاویستەکان** نکولیانکردووە و بڕوایان بەوە نەبووە جیاوازی هەبێت و.. ئەوەیش بووە مایەی خستنەوەی ناکۆکی لەنێوان هەردوو قوتابخانەکەدا "* **لۆنگ**

شیاو دەشێ و مەحاڵ مەحاڵە.. **تاو** شتەکان دەکاتە ئەوەی هەیەو *"ماهییەتی خۆی پێدەبەخشێت..* **ه.ع"**

هەر شتە ئەوەیە هەیە و هەر شتەش ئەوە نییە هەیە هەر شتە هەندێکە لە شتێك.. هیچ شتێ نییە هەندێ نەبێ لە شتێ.. یان بەکەڵکی هیچ نەیەت.. لەوحی سەربان و لوولەك.. دزێوی و جوانی سەیر و لە رادەبەدەر.. ئەمانە هەموویان لە **تاودا** یێکدەگرن و چوونییێکدەبن.. جیاوازیکاریکردن بۆئەوەی هەندێ شت بنیات بنێی.. بەلاّم بنیاتنان لە خۆیدا هەڵوەشاندنەوەیە.. بە نیسبەت شتەکانەوە بە گشتی نە بنیاتنان هەیە و نە هەڵوەشاندنەوە هەموویان بەرەو یێکبوون دەچن.. تەنها پێوەلکانی زیرەکانەی یێکدی پەی بە یێکێتی شتەکان دەبات و..ئیدی جیاوازیکاریی دروست ناکات.. بەڵکو وەدووی هاوبەش و ئاسایی دەکەوێت.. هاوبەش و ئاسایی ئەرکی سروشتی شتەکانن.. کە گوزارە لە تەبیعەتە هاوبەشەکەی هەموویان دەکات و.. بەپێڕەوکردنی تەبیعەتی هاوبەش.. شتەکان ئاسوودە دەبن.. کە ئاسوودەش بوون ئەوا لە کاملبوون

نزیکدەبنەوە. کاملبوونیش دەیانوەستێنێ. دەوەستن گەرچی نازانن وەستاون.. تاو تا ئەمەیە

گیرۆدەکردنی رۆح و زرنگی بەکارهێنان بۆ گەیشتن بە یەکێتی شتەکان.. بێئەوەی بزانرێ کە بۆخۆیان یەکەوە گونجاون پێیدەوترێ **سێیانەکەی بەیانی.. سێیانەکەی بەیانی یانی چی؟**

**چاودێری مەیموونە گەورەکان فەرمانێکی پێگەیشت لەمەڕ بەرو پێدانی مەیموونەکان بەجۆرێك هەر مەیموونێك بەیانیان سێ دانە و شەوانە چواری پێبدرێت.. بەلام مەیموونەکان بەوە تووڕەبوون.. چاودێر وتی: با بۆ هەر یێکێك چوار دانە لە بەیانیدا و سێ دانە لەشەودا بێت.. مەیموونەکان هەموو بەمە خۆشحالبوون.. ژمارەی بەرووەکان هەر وەك خۆی بوو.. وەلێ جیاوازیێکە تەنها لە هەستپێکردن بەرەزامەندیی و بێزاریی مەیموونەکاندا بوو.. چاودێر پێرەوی ئەم لایەنەی کرد..** دانایانیش بەمشێوازە ریکخستنە راست و هەلە دەگونجێنن و.. **لە سووڕی سروشتدا دەحەوێنەوە.. ئەمە پێیدەگوترێت جووتە ڕێباز -لە هەمانکاتدا- پێڕەوکردن.**

• ***"گونجانی شێوازی راست و هەلە جگە لە دادوەرییێکی بەشەریانە هیچی دی نییە و.. لە گۆشەنیگای سروشتەوە رەوا نییە.. خەلکی وەك هەقیقەتێك ئەم دادوەرییانە دەکەن کە لەراستیدا دیاردەیێکی سرۆشتییە.. لەبەرئەمە دانایان لە سووڕی سروشتدا سەر رەحەتن و لێدەگەڕێن راو بۆچوونە***

*دژوارەکان وەك خۆیان دەربـڕرێن بێئـەوەی خۆیـان لـە قـەرەیان بـدەن. داناییـان راوبۆچـووەکان ناسـرێنەوە. بـەڵکو تێپەڕیاندەکـەن. ئەمـەش ئەوەیـە کـە پێیـدەڵێن پێرەکردنـی دوو ڕێباز لە مەمانکاتدا"* **فۆنگ**

مەعریفەی دێرینییێکان مەعریفەییێکی تەواو بوو. چۆن؟

یێکەم چونکە بوونی شتەکانیان نـەدەزانی. ئەمـەش ئـەو مەعریفە تەواوەیە کەشتی زێتر قوبوڵ ناکات. دوایی بـەبوونی شتەکانیان زانـی. بـەڵام جیاوازییـان لـە نێوانیانـدا نـەدەکرد. ئـەوجا دەسـتیانکردە جیاکردنـەوە بەبێئـەوەی دادوەریـی (هەڵسەنگاندن)یـان لـەبارەوە بکـەن. لەگـەڵ دادوەریکردنەکانـدا **تـاو** گەنـدەڵ دەبـێ. کـە **تـاویـش** گەنـدەڵ بـوو پەسـەندکارییە کەرتکەرتەکان کۆتاییدێت.

ئایـا بەڕاسـتی بنیاتنـان و هەڵوەشـاندنەوە هەیـە. ئەمـە لـە هەقیقـەتی عـوودژەنینی **چـا ویـن** دەچێت. گـوتنی ئـەوەی کـە بنیاتنان و هەڵوەشاندنەوە نییە. وەك گوتنی ئەوە وایە کە **چاو وین** عوودی نەژەنیوە گەرچی بە کردەوە ژەنیویشێتی.

کە **چاو وین** عوودی دەژەن. **چیێ کوانگ** دارێکی بۆ پێوانەی کات بەکارهێنا. **هوی تزۆیش** شـانیدادابووە سـەر درەختێك و مـشتومڕیدەکرد. زرنگـی ئـەم سـێ مامۆسـتا زاتایـە لـە هونەرەکانیانـدا. لەپلـەی کاملبوونـەوە نزیکە. هـەر یێکـەیان تـا دواڕۆژی ژیانیـان پێـوەی خـەریکبوون. لـە بەرئـەوەی هێنـدە پەرۆشـی هونەرەکـەیان بـوون. حەزیانـدەکرد هۆشـی خەڵکیشی

پیّ رۆشنبکەنەوە. بەلاّم خەڵکی ئارەزووویان لێنەبوو. ئیدی **هوی تزۆ** دەستیدایە مشتومڕێکی تەمومژاوی لەمەڕ پتەویی وسپێتی.

دوای **چاو وین** کورەکەی لەسەر ژەنینی ژێیەکانی بەردەوامبوو و.. تەواوینەکرد.. ئەگەر بلوێ بەمە بوترێ تەواوکردن. ئەوا من دەستمدایە تەواوکردنی شتێك. ئەگەر نەشیا ناوی (تەواوکردن)ی لێبنرێت. ئەوا نە من و نە کەسی دیکەش هیچمان تەواو نەکردووە.. لێرەوە ئەوەی دانایان دەیخوازن.. ڕووناکایی دەرڤەی تاریکاییە.. لەبەرئەوە ئەوان جیاوازکاریی ناکەن و لە سنووری ئاساییبوونی شتەکاندا رادەوەستن.. ئەمە بە بەکارهێنانی رۆشنایی هزری پاساوگەریی (زەرائیعی) ناودەنرێت.

*" **چۆنگ تزۆ** لێرەدا پلە پلە لە گفتوگۆی مەعریفەی هزریی جیاوازیکارییێکانەوە لەمەڕ ڕاست و هەڵە.. بەرەو قاڵبوونی ناوەکی بۆ یێکبوونی بەشەکان لە گشتدا دەڕوات.. ئەو یێکبوونەش لە زەمینەی شارەزایی تایبەتیدا دەپارێزێ. ئەمەیە ڕێرەوی دێرینان.. ئەزموونە پەتێکەیان بە سادەیی وەردەگرت.. ئامادەکردنەوەی هەنووکەیی.. (ئەوە) کە بەپوختەیی چونکە پێویستە ئەو (ئەوە) بە پوختەیی.. بەرووتی بمێنێتەوە تا بڕیاردەدەین چییە.*

ئەوان (ئەوە) بە بەها راستەوخۆکەی بێکەم و زیاد وەردەگرن. کە بەم بەهایەی وەریدەگرین. بەرلە هەر شتێ واتای وایە وەك چۆن هەستی پێدەکەین وامان وەرگرتووە. بەبێئەوەی خۆمان بە قسەکردنی رووت لە بارەیەوە سەغڵەت بکەین و وشەگەلێك تێترنجێنین کە بەرەو داهێنانی وێناگەلێکی (بۆچوونێکی) ناسەرەکییمان دەبات. بۆچوونگەلێك بۆ بەزەینکردنی پێشنیازەکانمان و. شارەزایی و سەلیقەمان وا لێبکات بشێ بەهۆی هزرەوە دەربکەوێتەوە.. لەم حاڵەتەدا تەوژمێکی نەپساوی ئەزموون هەیە.. ئەزموونکار پێینازانێ.. دێرینەکان بە هەبوونی شتەکانیان نەزانیبوو تاکو نکۆڵی جیاوازکاریی تێدا بکەن.. شتەکان لێکدی جوێ نابنەوە تاکو بڵێین: نا بۆ جیاکاریی نێوان خود و بابەت.. بەمجۆرە.. لەحاڵەتی ئەزموونێکی ئاوەهادا.. جگە لە یێك شتێکی دی نییە..''
**فۆنگ**

''دێرینەکان لەسەرزەمینەوە ئاسمان و زەمین لەبیردەکەن.. سەرپاکی شتەکان پشتگویدەخەن.. هیچ چاودێرییێکی بەمەبەستیان بۆ جیهان نییە.. لەناویشەوە..ئاگایان لەجەستەی خۆیان نییە.. ئیدی لێرەوە ئەوان ئازادن.. بەبێ کێشە و گرفت لە تەك هەر شتێکدا دەڕۆن و لەگەڵ هەر جێگەیێکدا رادێن'' **کووشیانگ**

ئێستاکە شتێکم هەیە دەمەوێ بیڵێم.. جا نازانم ئەوەی دەیڵێم لەو قسانەیە خەڵکی دی دەیڵێن.. بەواتایەک ئەوەی دەیڵێم وەک هی یێکێک نییە.. بەواتایێکی دیکەش.. ئەوەی من لەهەمان بابەتەو.. جیاوازی نێوان قسەی من و قسەی ئەوانی دیدا نییە.. بەلاّم وێرای ئەوەی ئەمەیش حاڵەتەکەیە.. هەوڵدەدەم دەستپێبکەم.. سەرەتایێک لەوێیە.. سەرەتایێک لەوێ نییە.. نا هەیە.. نا سەرەتا.. بوونەوەرێک لەوێ.. نابوونەوەرێک لەوێ.. لەوێ نا.. بوونەوەر نا.. لەناکاو جیاکاریی دەکەوێتە نێوان بوونەوەر و نابوونەوەرەوە.. بەلاّم نازانم لەنێوان بوونەوەر و نا بوونەوەردا.. بوونەوەری راستەقینە چییە و نابوونەوەری ناراستەقینەش چییە.. هەر ئێستە شتێکم وت.. بەلاّم نازانم ئاخۆ ئەوەی وتم شتێکی راستینەی وابوو بوترێت یان نا..

لەجیهاندا شتێ نییە لەسەری تاڵەموویێک گەورەتر بێت.. بەلاّم کێوی تای بچووکە.. شتێ نییە لەمنداڵێکی مردوو گەورەتر.. وەلێ پەنگ تزۆ بەبێ کات دەمرێت.. ئاسمانەکان و زەمین و من پێکەوە هاتینە وجوود.. هەموو شتەکان لەتەکمدا یێکێکن.. کە هەموو شتەکان یێکێکبن.. ئیدی چ دەرفەتێ بۆ قسەکردن دەمێنێتەوە.. بەلاّم لەبەرئەوەی ئێستە قسەمکرد..ئایا قسەکەم رێک قسە نەبوو؟ قسە: یێک کۆ یێک دەکاتە دوو.. دوو کۆ یێک سێ دەکات.. لەم پێگەیەوە.. تەنانەت ژمێریاری زۆرزانیش ناتوانێ بە کۆتایی بگات.. ئەوەی لەو بێتواناترە خەڵکی ئاساین.. ئەگەر لە توانامان‌دا بوو لە هیچەوە بەرەو هەندێ شت

جوولاَین ئەوا دەتوانین بگەینە سێ.. ئەی ئەگەر لە شتێکەوە بۆ شتێکی دی چووین دەگەینە چەند؟ با لە جوولاَن بوەستین.

*"لە حالَەتی ئەزموونی پوختدا هیچ شێوەییکی مەعریفەی هزریمان بەگرێدراوی بە زەمەنەوە نییە.. یان بەگرێدراوی لەگەلّ شتەکاندا مەعریفەیێکی هزریمان لەمەڕ سەرەتا نییە..مەعریفەی هزریمان نییە خۆی لەقەرەی ئەو راستییە بدات کە ئێمە مەعریفەیێکی هزریمان نییە لەمەڕ سەرەتا.. بەگرێدراوی لەگەلّ شوێن یان لەگەلّ شتەکانی نێو شوێندا مەعریفەیێکی هزریمان لەمەڕ بوونەوەر نییە.. هەر بەمجۆرەش لەگەلّ ئەزموونی پوختدا..*

*لەو بارەیەشەوە کە وجوود بۆ جیاکاریی و بەراوردی نێوان شتەکان..هەر دەرفەتێکی تێدا دەمێنێ.. گەرچی ئەو جیاکارییە لە مەعریفەکاریدا وجوودی نییەو.لە رووی مەعریفیێوە بەش لەگەلّ گشتدا یێکە"* **لۆنگ**

لە **تاو**دا جیاکاریی نییە..رێگە بۆ قسە بەسەر ئەبەدییەت سەپاندندا نییە.. بەهۆی قسەکردنەوە ئینتەلا دەکات شتێ دەربارەی دەلّێم: لای چەپ و راست هەیە.. مشتومڕ و دادوەریکردن.. بەشکردن و سەلماندن.. کێبڕکێ و پێکدادان.. ئەمانە پێیاندەگوترێت هەشت بارکراوەکە.

دانایان هێندە خۆیان بەوەی دەکەوێتە ئەودیو گیتییێوە خەریکنەکردووە.. لەگەلّ ئەمەشدا نکوولیان لە وجودی نییە.

دانایان هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەوەدا دەکەن کە وەنێو جیهان کەوتووە.. بەڵام دادوەری ناکەن.

بەنیسبەت قۆناغ و تۆماری پاشا دێرینەکانەوە.. داناییان دادوەریدەکەن.. بەڵام هیچ سەلماندنێك ناخەنە ڕوو.. لەهەر کوێ بەشکردن هەبوو.. هەندێ شت بە بەشنەکراوی دەمێنێتەوە.. لەهەر کوێ سەلماندن هەبوو.. شتگەلێ دەمێننەوە سەلماندن زەفەریان پێنابات.. ئا ئەوە چۆن؟

داناییان هەموو شتەکان لەئامێزدەگرن.. کەچی خەڵکی مشتومڕیانە لەسەری تاکو ئەمیان بەویدی دەسەلمێنێ.

**تاوی** مەزن قایل نابێ ببێتە بابەتی قسەکردن.. مەزنترین سەلماندن هەوەجەی بە وشە و قسەکان نییە.. چاکەی مەزن بەمەبەستی خێر نییە.. پاکێتی مەزن بە بێفیزی نییە.. ئازایەتی مەزن بە زەبروزەنگ نواندن نییە.. **تاوی** ئاشکراش تاو نییە.. ئەو قسەیەی بە مشتومڕە لەمەبەستەکەی کەمدەبێتەوە.. ئەو چاکەیەی بەردەوام دەکرێ ئامانجەکەی ناپێکێ.. ئەگەر خاوێنی بۆ خستنەڕوو بوو گوماندەخاتەوە.. ئەو ئازایەتییەی پشت بە کەڵەگایی دەبەستێ شکستدێنێ.. ئەم پێنج شتە هەروەك چۆن بە بازنە دەچێت مەیلی بەوەش هەیە چوار گۆشەش بێت.. ئیدی ئەوەی بەباشی لەو شوێنەدا رادەوەستێت کە نایزانێت ئەوە مرۆڤی کامڵە.. ئەوە کێیە کە ئەو سەلماندنەی پێویست بە وشە ناکات دەزانێ.

تاویش ناونانرێت.. بەکۆگەی خەسڵەتەکان دە ناسرێت.. ئەو کۆگەیەی شتە پڕ نەبووکانی تێدا دادەنرێت.. کە شتەکانیشی لێ دێنەدەرەوە بەتاڵ نابێتەوە.. بۆ خۆیشی نازانێ بۆچی ئاوەهایە.. ئەمە پێیدەگوترێت پاراستنی تەنوورەکە.

*"ئەمە سنووری چۆنێتییە کۆتاییهاتووکان دەردەخات.. مرۆ دەبێ خۆی لە چۆنێتییەکان دابڕێ.. ئەزموونە پەتییەکە راگیربکات تا لە گفتوپەیمانی مەتامەتاییدا رابوەستێ"*[٢] **لۆنگ**

**یاو** بە **شۆن** ی وت: دەمەوێت لەشکرکێشی بکەمە سەر میرنشینەکانی **تزۆنگ** و **کوەی** و **شو ئاو**.. لەوساتەوە هاتوومەتە سەرتەخت نەمتوانییوە دەست لەم خولیایە هەڵگرم.. بۆچی ئەمە وایە؟

**شۆن** وەڵامیدایەوە: فەرمانڕەوانی ئەم سێ دەوڵەتۆکەیە.. هێشتا حەزیان لە ژیانی سەرەتایی نێو جەنگەڵستانە.. بۆچی لەبیرخۆتیان نابەیتەوە؟!

جارێکیان دە خۆر پێکەوە هەڵهاتن و هەموو بوونەوەریان رووناککردەوە.. ئەی دەبێ چاکەکاریی(فەزیلەت) کە لە خۆر بالآترە چەندێك رووناکبکاتەوە؟

*"وێڕای ئەوەی خۆر و مانگ لە رۆشنایی بەخشیندا خۆپەرست نین.. هەندێ شت هەر لە دەرەوەی سوورگەکانیاندا*

دەمێننەوە.. بەڵام هیچ شتێ لە چاکەکاریدا نائاسوودە نییە.. ئەوەی دەیەوێت روانینە ئومێدەوارییەکانی خەڵکانێ بگۆڕێ کە لە جەنگەڵستاندا دەژین و ناچاریانبکات پێرەوی رێبازەکەی خۆی بکەن.. ئەمە لەگەڵ گشتگیری تاودا نایەتەوە.. لێگەڕێ با هەر شتە چێژ لە سروشتی تایبەتی خۆی و قەناعەتی تایبەتی خۆی وەرگرێت.. گرینگ نییە شتەکان لە کوێن و چۆنن.. لێیانگەڕێ وابن.. هەر یێکەیان لە بوارەگونجاوەکەیاندا بن.. بەوە قایلدەبن و ئاسوودەییش باڵ بەسەریاندا دەکێشێت" **کووشیانگ**

"ئەمە چونییێکێتی شارستانی و هەمەجێتی رووندەکاتەوە.. جیاوازی نێوان شتەکانە.. ئەم شێوازە جۆراوجۆرانەی ژیان.. بەهای چونییێکیان هەیە" **لۆنگ**

**یَ چۆی لە وانگ یێ** ی پرسی: دەزانی شتەکان لە چیدا ڕێکن؟

وەڵامیدایەوە: چۆن بزانم؟

لێیپرسی: دەزانی ئەوەی نایزانی چییە؟

وەڵامیدایەوە: چۆن بزانم!

لێیپرسی: ئایا هەموو شتەکان هیچ زانیاریان نییە؟

وەڵامیدایەوە: چۆن بزانم

بەهەرحاڵ هەوڵدەدەم شتێ بڵێم.. چۆن.. دەزانم ئەوەی دەیڵێم ئەوەیە من دەیزانم و لەوانەیە لەڕاستیدا ئەوە نەبێت کە نە یزانم و لە ڕاستیشدا دەشێ ئەوەبێت کە دەیزانم و ئەم پرسیارانەت لێدەکەم.

ئەگەر کەسێ لە جێگەیێکی ناساز (خراپ)دا نوست و ناوقەدیشی دەیەشا و.. نیوەی جەستەی وەك مردووی لێهات.. وەلێ باروودۆخەکە بە نیسبەت ماسیێکەی ئەنکلیسەوە جودایە.. ئەگەر مرۆڤێك لەسەر درەختێك ژیا.. دووچاری ترس و لەرز دەبێت.. بەڵام ئاخۆ بەنیسبەت مەیموونەکانیشەوە هەروایە؟.. لەنێوان ئەم سێ شێوازەدا کێ دەزانێ شێوازی دروستی نیشتەجێبوون کامەیە؟

خەڵکی گۆشت دەخۆن و.. ئاسك گیا.. هەزارپێ حەزی لە مارە و.. کونەپەپوو یان قەلەڕەشکە حەزیان لە مشکە.. لەنێوان ئەم چوارەدا کێ چێژی دروست دەزانێ.. نێرە مەیمون هاوسەریی مێ مەیموون دەکات.. نێرە بزنەکێوی بە مێینەکەی.. پیاوان روانیانە خاتووتان: **ماوچیانگ و لی چێ** و بە شۆخترین ئافرەتیان دانان.. بەڵام لەبەر چاوی هەردووکیاندا ماسییەك بەرەو قووڵایی ئاو دەچێ و باڵندەیێك لە بەرزاییدا دەفڕێت و.. ئاسکێك لەوناوەدا هەڵدێت.. لەنێوان ئەم چوارەدا کێ دەزانێ پێوەری راستەقینەی جوانیی چییە؟ کاتێ لەمانە ورددەبمەوە دەبینم پرەنسیپەکانی چاکەکاری و راست و دروستی و

شێوازەکانی ڕاست و چەوت لەوپەڕی تێکەڵ و پێکەلێدان.. چۆن بۆم بلوێ جیاوازییەکانیان بزانم؟

**ێ چوێ** پرسی: کە تۆ نەزانی زیانبەخش و سوودبەخش چین.. ئایا ئەمە وا ناگەیەنێ کە مرۆڤی کامڵ لەم مەعریفەیە بەتاڵە؟

**وانگ یی** وەڵامیدایەوە: مرۆڤی کامڵ هەناوی (باتنی)یە.. کاتێ دەریایەچە گەورەکان دەسووتێن (دەکوڵێن) هەست بەگەر ماناکات و.. کاتێ ڕووبارەکان دەیبەستن هەست بە سەرما ناکات.. کاتێ چیاکان لەژێر هەورە بروسکەدا دەناڵێنن و دەریاکان بە شەپۆلەکان دەهەژێن.. ترسی لێ نانیشێ.. لێرەوە دەتوانێ سواری پشتی هەوری ئاسمانی ببێ و سواری خۆر و مانگ ببێ و بەرەوڕووی پانتایی دەریا تێیتەقێنێ.. نە مەرگ زەفەری پێدەبات و نە ژیان.. ئیدی دەوری سوودمەند و زیانبەخش لێرەدا چییە؟

**چۆ چیاوتزۆ لە چانگ وۆ تزۆی** پرسی: لە جەنابی **کۆنفۆشیۆس**م بیست دانا خۆی بە کاروباری دنیاوە سەرقاڵ ناکات.. کەمجار بەدووی دەسکەوت دەکەوێت.. خۆی لە ئازار لانادات.. ئەوەیە کە تۆژینەوە ئاسوودەی ناکات و مەبەستیشی نییە خۆی بە **تاوەوە** گرێبدات.. بەبێ وتە دەدوێت.. کە دەدوێت قسەناکات.. بەمە وادەکات لە دەرڤەی ئەم جیهانە خۆڵاوییە بسوڕێتەوە.

کۆنفۆشیۆس ئەمە بە بارودۆخێکی نزیک لە داناوە دادەنێ.. بەڵام من.. ئەم ڕێبازانە بە تولەڕێ نهێنییەکانی **تاو** دەبینم.. ئەی قوربان تۆ چیدەڵێیت؟

**چانگ وۆ تزۆ** وەڵامیدایەوە: تۆ تەنانەت ئیمپراتۆرە زەردەکەش سەرسامدەکەیت.. ئایا **کۆنفۆشیۆس** هێندەی لەباردایە بتوانێ لەمە تێبگات؟ لەمەیش زێتر.. تۆ لە هەڵسەنگاندنەکانتدا زۆر بە پەلەیت.. هێلکەیێک دەبینی و یێکسەر پێشبینی بیستنی قووقەی کەڵەشێر دەکەیت.. سەیری شیش دەکەیت و هەر لەو ساتەدا پێشبینی ئەوە دەکەیت کۆترێکی برژاو لەبەردەمتدا دابنرێت بەچەند وتەییێکی هەڕەمەکی قسەت لەگەڵدا دەکەم.. ئایا تۆیش هەرەمەکیانە گوێدەگرێت؟ دانا چۆن لەکن خۆر و مانگەوە دادەنیشێ و گەردوون بە هەردوو دەستی دەگرێت؟ دانا هەموو شتێک بۆ گشتێکی گونجاو دەگۆڕێ.. جیاوازکارییە بێسەروبەرەکان ڕەتدەکاتەوە.. جیاوازییێکانی نێو پلە و پایە کۆمەڵایەتییێکان فەرامۆشدەکات.. خەڵکی هەوڵ و ڕەنجدەدەن.. دانای بێمەعریفەتیش سەرەتاییە.. دە هەزار ساڵ پێکەوە گرمۆڵە دەکات و لە یێک، گشت، سادەییدا دەوەستێت.. هەموو شتەکان هەر ئەوەن کە هەن و وەدووی ڕۆگەی خۆیان خۆڕسکانە دەکەون.. چۆن بزانم خۆشویستنی **چیان** گومڕاییە؟ چۆن بزانم ئەوەی لە مەرگ دەترسێت لە کەسێ ناچێت لەتاق لاویدا لە ماڵ دەرچووبێت و نیازی گەڕانەوەی نەبووبێت؟

لی چی‌ی کچی ڤای‌ی پاسەوانی سنوور.. کە بۆ یێکەمجار میرنشینی تسین بردی.. گریا.. گریا تا کراسەکەی بە فرمێسك تەڕکرد.. کاتێ گەیشتە دالدەی شاهانە و لە تەك پاشادا چووە نێو پێخەفە نایابەکەوە و.. چێژی خۆراکی بەتامی کرد.. داخی بۆ گریانەکەی خوارد.. چۆن بزانم مردوو لەو پەرۆشییەی بۆ ژیان پەشیمان نەبۆتەوە؟ ئەوانەی شەوانە خەون بە خوانەوە دەبینن و کە رۆژ دەبێتەوە دەگرین و شین و شەپۆڕدەکەن.. ئەوانەی لە خەوندا دەگرین و شەپۆڕدەکەن.. بەیانی بۆ ڕاودەردەچن.. ئەوانە کاتێ خەوندەبینن نازانن ئەوە خەونە.. بەڵکو دوای خەبەربوونەوە دەزانن.. وردەوردە خەبەربوونەوە مەزەنەکە دێت.. ئەوسا تێدەگەن کە خودی ژیان خەونێکی گەورەیە.. شێتەکان هەموو ساتێ لەو بڕوایەدان کە بەخەبەر (بەئاگا)ن و ، لە ئەهلی مەعریفەن.. بەسیفەتگەلێکی ناسك میرانێ لە مەیتەرەوان جیادەکەنەوە.. ئەمە چ گەوجێتییەکە ! **کۆنفۆشیۆس** و تۆیش هەردوکتان لەخەوندان.. کە پێتدەڵێم تۆ خەوندەبینی.. من بەخۆیشم خەوندەبینم.. ئەمە موفارەقەی پێدەڵێن.. ئەگەر ئێمە پاش دە هەزار ساڵ بە داناییێك گەیشتین کە بزانێ چۆن ئەمەمان بۆ شرۆڤە دەکات.. بەڵام هەروەك ئەوە وایە کە لە ماوەییێکی زۆر کورتدا دیبێتمان.. با وایدابنێین تۆ مشتومڕت لەگەڵدا کردم.. ئەگەر لە بری ئەوەی بتبەزێنم تۆ بەزاندمت.. ئایا بەوە تۆ دەبێ لەسەر هەق بیت و من ناهەق ؟ئایا

یێکێکمـان راسـتە و ئەویـدی ناراسـت؟ یـاخود هـەق بـەلای هەردووکمانەوەیە و هەردووکیشمان ناهەقین؟ نەمن دەزانم و نە تۆ.. ئەوانیدیش لە ئێمە تاریکبیرترن.. لەکێ بپرسین تا بڕیاری دروستمان وەچنگ بکەوێت؟ رەنگە لە یێکێك بپرسین لەگەڵ بۆچوونی تۆدا تەبابێت.. بەلاّم لەبەرئەوەی لەگەڵتا هاوڕایە چۆن دەتوانێ ئەو بڕیارە بدات؟ لەوانەیە لە یێکێك بپرسین ولەتەك مندا تەبابێت.. وەلێ لەبەرئەوەی هاوبیری منە چۆن دەتوانێ بڕیار بدات؟ دەشێ لە یێکێك بپرسین لەگەڵ هیچماندا نەبێت.. بەلاّم مادام لەگەڵماندا جیاوازە چۆن بڕیارەکە دابڕێژێت؟ بەمجۆرە نەمن نەتۆ و نەکەسی دی توانای تێگەیشتنی هاوبەش و بەرامبەریان نییە.. ئایا دەبێ چاوەڕوانی یێکێکی دی بین بڕیارەکەمان بۆ دابنێ"؟

*"ئەگەر دەنگە جیاوازەکان لە یێکێکەوە بۆ ئەویدی رێژەییبوو یان نا.. ئێمە لەنێو سنووری سروشتدا دەیانگونجێنین و..بەتەنیا لێیاندەگەڕێین بە ڕێڕەوی گەشەکردنی سروشتیی خۆیاندا بڕۆن.. شێوازی تەواوکردنی تەمەن وایە.. مەبەست لە گونجاندنی شتگەل لە بۆتەی سروشتدا چییە؟ بەرەوانەکردن بۆ سەر کێشەی راست و چەوت و.. بوونەوەر وایەو نابوونەوەر وایە.. دەڵێین: ئەگەر راست بەراستی راست بێت ئەوە ناکۆکی لەسەر ئەوە نابێت کە چەوت شتێکی جیاوازە*

*لێی.. هەروەها ئەگەر بوونەوەری ئاوا بەراستی ئاوا بوونەوەر بێت.. ئەوا پێویستیمان بە ناکۆکی نابێت لەمەڕ ئەوەی نابوونەوەری ئاوا لێی جیاوازە.. با ژیان لە بیربکەین.. با جیایی نێوان راست و چەوت وەلانێین و.. شادمانییەکەمان لەگەڵ خۆمان بەرینە مەملەکەتی هەتاهەتایی و لەوێدا بمێنینەوە"* **ڤۆنگ**

سێبەری ناتەواو لە سێبەری تەواوی پرسی: ساتێ دەبزوێیت و ساتێ پشوو دەدەیت.. ساتێ دادەنیشیت و ساتێ هەڵدەسیت.. مەبەستت لەم جرتوفرتە چییە؟

وەڵامیدایەوە: ئاخۆ شتێکی دی ئەمەی بەسەردا نەسەپاندووم وابم؟ ئایا ئەو شتەی من پشتم پێبەستووە ئەویش لای خۆیەوە پشتی بە شتێکی نەبەستووە تا وەهابێت؟ ئایادەبێ پشت بەکاژی مار یاخود باڵی زیکزیکە ببەستم؟ چۆن روونیبکەمەوە بۆچی من ئاوام و ئاوەها نیم؟

*"ئەوە روونەدەکاتەوە هەر شتە ئەوەیە کە خۆرسکانە هەیە.. مرۆ پێویستی بەوەیە وەدووی سروشتی خۆی بکەوێت نەک بپرسێت بۆچی ئەوە وایە و بە پێچەوانەوە نییە؟"* **ڤۆنگ**

رۆژێکیان **چۆنگ تزۆ**[٢] لەخەوندا خۆی وەک پەپولەیێک بینی.. پەپولەکە دەسووڕایەوە و شادمانبوو.. نەیدەزانی کە **چۆنگ تزۆیە**..لەپڕ وەئاگاهاتەوە و بووەوە بە **چۆنگ تزۆ** خۆی..

ئێمە نازانین ئاخۆ **چۆنگ تزۆ** خەونی بینی بۆتە پەپولەکە یاخود پەپولەکە بەخەون بۆتە **چۆنگ تزۆ**.. دەبێت لەنێوان **چۆنگ تزۆ** و پەپولەکەدا هەندێ جیاوازی هەبێت.. ئائەمەیە پێیدەگوترێت بوونە ئەویدی شتەکان.

*"ئەوە رووندەکاتەوە کەوێرای جیاوازییە رووکەشە ئاساییەکانی نێوان شتەکان.. لەحاڵەتی گێژ بوون یان لەخەوندا دروستە ببێتە ئەویدی.. بوونە ئەویدی (شتەکان) لەریدەخات جیاوازی نێوان شتەکان رەهایی نین"* **فۆنگ**

**ـەکان**

**١- یوی پیرۆز:** پاشاییکی دانای نێو بەندوباوەچینییەکانە ئامارژەیە بۆ سەلماندنێکی **هوەی** کە پێشەوایێکی لۆژیکستە چینییەکانە.. **چۆنگ تزۆ** بەمجۆرە پێکداهەلپژانە قالەو.. بە لەخەسڵەت لادان و خۆتێهەلقورتاندنی سروشتی دادەنێت.. هـ.. ع

**٢-چۆنگ تزۆ**.. ناوە رەسەنەکەی **تزۆ**یە.

## بەشی سێیەم

## بنەماکانی ڕێکخستنی ژیان

ژیانمان سنووردارە و مەعریفەمان بێسنوور.. وەدووکەوتنی ئەوەی بێسنوورە بەشتێکی سنووردا گرفتێکی گرانە.. لەنێو ئەم ڕاستییەوە بۆ پتەوکردنی مەعریفەمان بەردەوام لە سۆراخدا دەبین.. ئەو تەنگژەیەی نکوولی لێناکرێت.. لەکارێکدا کە داب و نەریت بە دروستی دەزانێت لە ناوبانگ هەڵدێین.. لە کارێکدا داب و نەریت بە چەپەڵی دادەنێت.. لە لەکەداریی یان لە سزا هەڵدێین و.. هەردەم ڕێبازی ناوەند دەگرین.. کەرەسە بۆ پاراستنی جەستە بۆ بەردەوامیی ژیانمان.. بۆ کۆمەککردنی داك و بابمان.. بۆ تەواوکردنی ڕێڕەویساڵەکانی تەمەنمان هەیە.

ئاشپەزی میر ون هوی گایێکی قەسابیدەکرد.. هەر پیاکێشانێکی دەستی.. هەر پارچەیێك لەنێوشانی.. هەر لەقەیێك لە قاچی.. هەر نوشتاندنەوەیێکی هەردوو ئەژنۆی.. هەر دەنگێ لە گۆشتە قەسابیکراوەکە.. هەر ساتێ لە ساتەکانی

جوولانەوەی قەسابەکە.. بەهاوسەنگی و هارمۆنییەکی تەواو و گونجاوەوە بوو.. هەروەکو سەمای (لۆچەکانی دارتوو) بوو.. لەخۆوە بوو مانەندی ژێکانـــــــی (چینگ شەو)[1]

میر وتی: سەیرە.. هونەرە تەواوەکەت ئاوەهادەبێ..

قەسابەکە کێردەکەی وەلاوەنا و وتی: ئەوەی نۆکەرەکەت خۆشیدەوێت تاوە.. ئەو لە هونەر پێشکەوتووترە.. کە بۆییەکەمجار دەستیکردە گا قەسابیکردن.. ئەوەی بە ئاسانی بینیم هەموو گاکان بوو.. پاش سێ ساڵ کار ئیدی گای دیکەم نەدی.. ئێستاکە من بەزەینم کاردەکەم نەك بەچاوم.. هەستەکانم لە پیشەی خۆیان وەستاون و.. رۆحم زاڵبوو.. وەدووی دەمارە سروشتییێکانم دەکەوێ.. قیمەکیشەکەم بەرەو چاڵوچۆڵییێکان، شوێنەوارەکان دەخزێ.. بەتەواوی سوود لەوە وەردەگرێت کە بووە.. بەدووی دەمارە سەرەکی و لکەکانیدا ناگەرێم.. بەدووی ئەو شوێنانەدا ناگەرێم کە گۆشت تێیاندا بە ئێسکەکانەوە نووساون.. چجای ئەوەی وەدووی ئێسکە گەورەکان بکەرم.

ئاشپەزی چاك هەموو ساڵێك جارێك کێردەکەی دەگۆرێت.. چونکە هەر دەبرێت و دەبرێت.. ئاشپەزی ئاسایی هەموو مانگێك دەیگۆرێت چونکە درزدەبات (کولدەبێت).. وەلێ من بیست و نۆ ساڵە هەزاران گام پێ لەتلەتکردووە و هێشتا دەمەکەی هێندە تیژە دەڵێیت هەر ئێستە لای چەقۆتیژکەر هاتۆتەوە.

هەمیشە جومگەکان قلیشیان تێدایە.. دەمی کێردەکەم ئەستوورایی نییە.. ئەگەر شتێ ئەستورایی نەبێت خستمانە نێو

ئەو جومگانەی درزیان تێدایە.. ئەوا دەرفەتی تەواوی بزواندنی دەبێت.. کە دەگەمە سەر لەتلەتکردنی ئەندامێکی ئاڵۆز و سەخت و هەستدەکەم لە پارەپارەکردنیدا هەندێ نارەحەتدەبم.. بەگوڕ و تینێکەوە و بێسڵەمینەوە بەردەوامدەبم.. چاوی تێدەبڕم هێدی هێدی دەبزووم.. ئیدی بە بزواندنێکی زۆر بەبەزەییانەی کێردەکەم ئەو ئەندامە بەگورجی لە جەستەکە جیادەکاتەوە.. چوون کلۆتکێك لەسەر تەپۆلکەییێك ورد و خاشدەبێت.. دوایئەوە بەپێوە چاودەگێڕم و کێردەکەش بە دەستمەوە پڕە لە شنەی ڕەزامەندی و سەرکەوتن.. ئەوجا کێردەکەم دەسڕمەوە و دەیخەمەوە نێو کیفەکەی.

میر بە دوایدا گوتی: سەیرو سامناکە.. لە وتەکانی ئەم ئاشپەزەوە فێری شێوازەکانی ژیان ڕێکخستن بووم.

*"چیرۆکەکە هۆکارە سروشتییێکانی کارکردنی شتەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە.. لەمەڕ چارەسەرە سروشتییێکانی گرفتەکان.. ئەگەر توانیمان لەکارکردنماندا پێڕەوی ڕێبازی سروشتیی بکەین.. ئەوەی پێویستە بەبێ شڵەژاندنی زەین و هۆشمان رامان پەڕاندو.. زەینیشمان چوون کێردی ئاشپەزەکە زیتەڵ و چالاك دەبێت."*

**قۆنگ**

کاتێ **کۆنگ** **ون** **شێن** سەرکردەی (هەق)ی بینی داچڵەکی و وتی: ئەوە کێیە! چۆن تەنیا قاچێکی هەیە ؟ ئایا ئەمە سروشتکردە یان مرۆڤکرد؟

سەرکردەی هەق وەلآمیدایەوە.. سروشتکردەیە نەك مرۆڤکردە.. سروشت قاچ دەبوێنێ و دەشیکاتە یێك.. دیمەنی مرۆڤ زۆر هاوسەنگە.. لەوەوە فێربووم کە ئەمە کرداری سروشتە نەك مرۆڤ.

*"ئەوەی هاوسەنگە بۆ سروشت دەگەڕێتەوە.. ئەگەر تاکێیەك هەبوو.. مەڵەی بەشەری نییە.. هەمدیسان ئەوەی هەقیقەتی ژیان بزانێ کرداری بێسوود ناکات.. ئەوانەی پێداویستییێکانی قەدەر دەزانن پێرەوی شتە دیاریکراوەکانی دەکەن.. بە ئاسانی پابەندی ئەوەن کە سروشتییە"* **کووشیانك**

پۆر لە هۆڕەکاندا هەر دەهەنگاو جارێك دەنووکێکیان پیادەدات و هەر سەد هەنگاویش یێکجار ئاو دەخواتەوە.. لەگەڵ ئەوەشدا حەزی بەخواردنی نێو قەفەز نییە.. رۆحی لەو زۆنگاوانەدا شادمانە و.. ئیدی شادمانیشی لەبیردەچێتەوە.

** ** **

کە **لاوتزۆ** کۆچی دواییکرد **چەین چێ** بۆ شینکردن چووەسەری.. لەوێ سێ هاواریکرد و گەڕایەوە.. یێکێك لە شوێنکەوتوانی لێیپرسی: ئایا تۆ هاوەڵی حەزرەت نەبوویت؟

وەلآمیدایەوە : بەڵێ!

شوێنکەوتوو (مورید)ە کەی وتی: ئەی کەوایە.. ئایا ئەو شێوازە شینکردنەی بۆتکرد پەسەند بوو؟

**چەین چیٚ** وەلامیدایەوە: سەرەتا وامزانی ئەوانەی شینی بۆدەکەن لە پیاوەکانی خۆین و.. ئێستە زانیم وانین.. لەویٚ کەلە پیاوانێکم دی وا دەگریان وەکو رۆلەکانیان جوانەمەرگ بووبن.. گەنجانێکم دی هەرٚ وەکو بەسەر دایکیاندا شینبکەن.. کۆبوونەتەوە.. هەر دەلێن و فرمێسکدەرێژن.

لەوەدا زێدەرۆیی لە هەلچونەکاندا هەیە بەلاوەنانی یاسا و رێساکانی سروشتەو.. لە بیریانکردووە چەندێکمان لە سروشت وەرگرتووە.. دێرینەکان ئەمە ناودەنێن سزای وەلاوەنانی پرنسیپە سروشتییێکان.. کە حەزرەت هات.. لەبەرئەوە بوو کە دەرفەتێك بۆ لەدایکبوونی رەخسابوو.. کە کۆچیشیکرد.. بەسادەیی لەبەرئەوە بوو پێرەوی رێبازە سروشتییێکەی کرد.. خۆڕاگرانی بەر رووداوەکان و شوێنپێهەلگرانی ڕۆگەی سروشتیی.. نە پەرێشاندەبن و نە گەشکە دەیانگرێت.. ئەوانە لەوانەن کە دێرینەکان وتوویانە: ئەمانە لە پێڕەوکەرانی خواوەندە لە پەیوەند ئازادبوەکانن.

*"ئەوەی لە سروشت وەرمانگرتووە.. برێکی گونجاوە و.. بە هەولی مرۆڤ رێگەی زیادکردن و کەمکردنەوەی نییە.. ئەوەی لە هەلچوندا رۆدەچێت لە پرەنسیپەکانی سروشت لادەدات و.. لەنێو خەم و خۆشیدا گەشتدەکات.. ئەویش لەخۆیدا سزادانێکە لەسەر لە رێگە لادان لەوەی لەگەل سروشتدا گونجاوە.. خەم و شادی ئاکامی لەکیسچوون و دەستکەوتن.. مرۆڤ ئەگەر بەخۆدا چۆوە و بیریکردەوە و لەگەل گۆرانکارییێکاندا*

چێبوو. لەبارەیدامەیە لەمەر لاڕێیێکدا مێوربێت و ڕێبازێک بگرێتەبەر. لەگەڵ گەشەسەندندا یێکبێت، لە هەموو جێگەیێکدا ئامادەبێت. نە زیانی بەلاوە بێت و نە قازانج. نە مەرگ و نە ژیان. ئەوەی پێیدەگات بەبێ خەم و شادی وەریدەگرێت. مەرکە پەیوەندی لەئارادا بوو.. کۆت پەیدا دەبێت. ئەگەرپێوەندێیکان بە شتەکانەوە ڕەوینەوە (نەرم و نیان بوون) کۆت و پێوەندەکان دەپسێن.. بە پسانی کۆتەکانیش ئاسوودەیی دێتە ئاراوە.. ئا ئەوەیە گەوهەری ڕاهێنان و پوختەکردنی ژیان" **کووشیانگ**

" ئاسوودەیی لای **تاویستەکان** ڕەتبوونە لە خەم و خۆشی.. لای موسڵمانەکان زوهدە.. لە عەلی کوڕی ئەبی تالیبەوە: خواناسی (زوهد) لەنێوان دوو ئایەتی قورئاندایە: لکی لاتأسو علی ما فاتکم و لاتفرحوا بما اتاکم" **ه.ع**

" سزادان لەسەر لادان لە پرەنسیپەکانی سروشت.. ئەوەیە **سپینۆزا** بە کۆتی بەشەری ناولێنا.. ئەوەی بەهۆی زێدە هەڵچونەکانەوە پەیدادەبێت.. زانینی چێوە سروشتییێکانی بەشەر واتا پابەندبوون بە ئازادیی مرۆڤەوە -وەك **سپینۆزا** ناوی لێناوە: **" لە کۆت قوتاربوون "**.. ئیدی کاتێ مرۆ دەگاتە وێناکردنی شتەکان لە بۆتە باوکایەتییێکەیاندا -بە پێی دەستەواژەکەی **سپینۆزا**- لە هەڵچونەکان ڕزگاریدەبێت" **فۆنک**

لەوانەیە پەنجەکان نەتوانن هەموو سووتەمەنییەکان ئامادەبکەن.. بەلآم ئاگر دەگوڕدرێت و نازانین کەی بە ئاکامدەگات.

*"ئەمە وێناکردنی نەمریە .ی **چۆنگ تزۆ**.. ئەو جیهانێکی رۆحی ناقەبلێنێت هیچ دەخلێکی بە زانست و فەلسەفەی سروشتەوە نەبێت.. جەستەی مرۆ هەر دەبێ نەمێنێ.. هەروەها رەوان (رۆح)یش کە بریتییە لە فرمانی جەستە.. وەلێ جیهان بەتێکڕایی بۆ هەتاهەتایە دەمێنێت.. لەگەڵیدا ئەوانەیش کە خۆیان لەگەڵ گشتدا چێدەکەن دەمێنن. **چیاو مۆنگ** کە لە شـــــــــــرۆڤەوانانی **تزۆیە** و لەبنەماڵەی **مینگە**.. وتی.. گەرچی شەپۆلەکان نامێنن وەلێ دەریا نامرێت.. ژیانیش نییە بەڵکو بوون هەیە" .هـ . ع .*

*" لە برگەکانی دیکەی ئەم بەرگەدا **چۆنگ تزۆ** باس لە پەروەردەکردن و رێکخستنی ژیان دەکات.. لەم بەشەدا دەڵێت مەرگ و ژیان چونییەکن و.. دژواری لەنێوانیاندا نییە.. ئەوەی پەی بەوە بەرێت کە ژیان و مردن چونییەکن.. پەسەندترین پەروەردە و پوختەیی ژیان بەدەسدێنێت" **فۆنگ***

١- **لۆچەکانی دارتوو و چینگ شەو** دوو پارچە مۆسیقان

# بەشی چوارەم

## جیهانی مرۆڤ

*" لەبەر ئەوەی ئێمە لەگەڵ خەڵکیدا لەژین ناتوانین دەستبەرداریان ببین.. بەڵام جیهانی خەڵکی سەرومڕ لە گۆڕاندایە.. نەوەیێک لەویدی جیاوازە.. ئەوانەی بەبێ ئەندێشە توانای ئەوەیان هەیە شانبەشانی گۆڕاوەکان بڕۆن.. ئەوانە لە ملهوڕێتی بەدوورن.. ئەوانەن بە دەورووپشتی خودی خۆیاندا ناسووڕێنەوە"* **کووشیانگ**

**ین هوی** چوو **کۆنفۆشیۆس** ببینی تا مۆڵەتی سەفەرکردنی لێوەرگرێت.. حەزرەت لێپرسی: بۆ کوێ ؟

وتی: بۆ وڵاتی **وەی**

لێپرسی: بۆچی ؟

وتی: بیستوومە میرەکەیان لە تافیلاویدایە و.. جەخت لەسەر کردارەکانی دەکات.. هەروەکو وڵات هیچ بایێخێکی نەبێت و..خوار و خێچی لە خۆیدا بەدیناکات.. کەم بیر لە

مەرگەساتی میللەتەکەی دەکاتەوە. بەجۆرێك مردووەکان بە هەموو لایێکی ولاتدا بلاوبوونەتەوە. خەڵکیش نازانن روو لەکوێ بکەن. ئەی بەڕێز! لەمەبەر پێتوتم: لەو ولاتە گەڕێ کە بەچاکی فەرمانڕەوایی دەکرێت. رووەدەکەمە ولاتێکی بەشێوحاڵ. لەبەر دەرگەی پزیشك دەردەداران جمەیان دێت.. لە پشت ئەوەی لێم بیستیت. بیرم لە کارێك کردەوە.. لەوانەیە بەهۆیەوە بتوانم لەو ولاتەدا خراپەکاری دامرکێنمەوە.

**کۆنفۆشیۆس** بەسارسامییێوە وەلامیدایەوە: دەترسم تەنیا لەوەدا سەرکەوتووبیت کە کوێرەوەری و ئازار بەسەر خۆت بێنیت. رێبازی نموونەیی تێکەڵوپێکەڵکردن قبووڵ ناکات.. چونکە ئەگەر تێکەڵکردن روویدا چەندینجار زێتر دەبێت و هەر رێبازەکان زۆربوون بێسەروبەری دادەکەوێت و کە بێسەروبەری هاتە ئاراوە سەراسیمەیی و دۆشدامان رووەدەدات و لەم شپرزەییەشدا قوتارکردنی بارودۆخەکە ستەمە.. مرۆڤی کامڵ لای دێرینەکان داوای لێدەکرا: یێکەم بەتەنگ خۆیەوە بێت.. لەگەڵ ئەم بەتەنگ خۆهاتنەوەشدا شتێکی ناتەواو دەمایەوە.. مرۆڤ لەگرتنەبەری رێگەی شەڕفرۆشاندا چۆن دەحەوێتەوە؟ ئەمجا ئایا دەزانیت چاکەخوازی لە کوێوە گەندەڵدەبێت و مەعریفەش لەکوێوە سەرهەڵدەدات؟ چاکەخوازی لە پەرۆشبوونی ناوبانگەوە گەندەڵدەبێت و.. مەعریفەش لە ناکۆکییێوە دەستپێدەکات.. هەرکە خەڵکی لەسەر ناوبانگ کەوتنە پێکدادان هەندێکیان هەندێکی دیکەیان وێراندەکەن و.. مەعریفەیش لەم ناکۆکییەدا دەکەنە چەکی دەستیان..

هەردوکیان کەرەسەی شەڕن و دەبێت داماڵرێن. لەنێو خەڵکیدا کەسانێك هەن چاکەخوازییان تێدا چەسپاوە دڵسۆزیی پتەو. دەستبەرداربوونی ناوبانگ. بەڵام بەبینەوەی زانیاریی لەمەڕ سروشت یان سەبارەت زەینی مرۆڤی هەبێت. ئەمانە وێڕای ئەوەش. بەزۆر فێربوونی چاکەکردن و سەرڕاستی و دادوەریکردنی پیاوخراپان دەسەپێنن. ئاکامیشیان لەلایەن خەڵکییەوە هەر رق و بوغزاندنیانە. ئەمەیش هەر لەبەرئەوەی ئەوانە پیاوچاکن. ئەمە پێیدەوترێت خەڵکی ئازاردان. ئەوەی خەڵکی ئازار بدات لە خەڵکیشەوە ئازاری پێدەکات و. دەشێ ئەمە کۆتاییهاتنیشی بێت.

ئەوجا ئەگەر میر حەزی لە خێربێت و رقی لەشەڕبێت.. تۆ بە چ مەبەستێك داوای لێدەکەیت لە ڕێبازەکەی لابدات؟ ئەگەر وایش نەبێت. جگە لە بێدەنگی چیدیت لەدەستنایەت.. ئەگەر بەگوێت نەکردم و بەرەو راگەیاندنی بۆچوونەکانت کەوتیتەڕێ.. میر ئەم هەلە دەقۆزێتەوە.. بۆئەوەی لەتەکتدا بکەوێتەوە پێکدادان و گرەوی سەرکەوتن بەسەرتدا بکات.. ئیدی بەشەوارەدەکەوێت و چاوانت پڕ لە سەراسیمەیی دەبن.. گوزارەو دەربڕینەکانت دەپووکێنەوە.. زارت دەکەوێتە جوینی ئەو وتانەی کە هەموویان پۆزش بۆخۆهێنانەوە و پەشیمانیی دەربڕینن. حاڵیشت گوزارە لە شپرزەیی ناخت دەکات.. زەینت بەوەوە خەریکدەکات ئەوەی وتوێتی پەسەندیبکەیت. ئەمەیش وەك ئەوە وایە ئاگر بە ئاگر بکوژێنیتەوە.. یان بەری ئاو بە ئاو رابگریت.. شەڕ بەشەڕ زیادەکردنە.. گەر دەست بە گەڕانەوە

**كۆنفۆشیوس** وەلامیدایەوە: نەخێر هیچ کارێك ناکەن.. میر **وەی** بە رۆحی دەسەلات لیپاولیپە و.. خۆی بەشت دەزانێ و، حولحولیشە و کەس ناوێرێ بەرهەڵستی بکات.. لەبەر ئەوە.. ئەو چێژ لە پێشێلکردنی هەستی خەڵکیدا دەبینێت.. ئەگەر ئەو لە چاکەخوازییە ئاساییەکاندا دەسەوەسانبوو ئایا رەچاوی ئەوەی لێدەکەیت ئامادەبێت دەست لە پلە وپایە هەڵگرێت؟ ئەوجا هەر بێژی نایەت گوێت بۆ رادێرێ و وەدووکەوتنی رێنماییەکانت رەتدەکاتەوە.

**ین هوی** وتی: چاکە.. لەکاتێکدا هەناوم سەرراستێتی دەپارێزێت.. رووەکەشم هەڵخەڵەتێنراو دەنوێنێ.. با ئەوەی دەمەوێت بیڵێم.. بەگەڕانەوە بۆ دێرزەمان بەرجەستەی بکەم.. بەپاراستنی سەرراستیی هەناوم دەبمە شوێنکەوتووییەکی سروشت.. ئەوەی شوێنکەوتەی سروشت بێت.. دەزانێ خۆی و میر چونییەکن.. هەدووکیان رۆڵەی سروشتن.

ئایا پەسەندکردن و ناپەسەندکردنی قسەکانی بەلاوە گرینگ نییە؟ لەو تەرزە پیاوە خەڵکی بە منداڵی دادەنێن.. ئەوە ئەوەیە کە داوایان دەکرد ببێتە شوێنکەوتەی سروشت.. لە رووکەشدا بە پێچوپەنام.. دەبمە شوێنکەوتەی خەڵکی.. چەمینەوە و، کرنووش و بە چۆکاهاتن ئەرکی سەر شانی وەزیرانە.. ئەوەی خەڵکی دەیکەن ئەگەر منیش کردم کەس لۆمەم ناکات.. ئەمە ئەوەیە کە بە شوێنکەوتەیی خەڵکی ناوبراوە.. وەلێ من قسەکەم بە گەرانەوە بۆ رابردوو گەوهەرپۆشدەکەم.. دەبمە شوێنکەوتەی دێرینان.. وێرای

ئەوەی وتەکانم بنیاتنەرن و تاوانبارکردنیشیان لە دووتوێدایە.. بەلاّم وتەگەلێکی دێرینانن نەك هی من.. بەمشێوازە و سەرباری دەربڕینی راشکاویشم هەر لە لۆمەکردن بەدووردەبم.. ئەوەیە داوایدەکەم کە شوێنکەوتەی دێرینان بە.. ئایا بەباشی نازانی؟

**کۆنفۆشیۆس** وتی: نەخێر باش نییە.. زۆر نەخشەی دروست بەدەستەوەیە.. بەلاّم کارامانەنین..لەگەلّ نارەحەتیاندا.. لە ئازاردان قوتارت دەکەن ... بەلاّم هەر ئەوەندە و بەس.. ئەوانە زۆر تەواونین و.. هێشتا حەزەکانت رێنماییکەرتن.

**ین هوی** وتی: دوور ناڕۆرم و.. رێ بەخۆم دەدەم لەمەڕ چارەسەر پرستپێبکەم.

**کۆنفۆشیۆس** بەپەلە وەلاّمیدایەوە: پێتدەلّێم ئەگەر حەز و ئارەزووت هەبوو ئایا لەو بڕوایەدایت کە دەتوانی بەئاسانی مامەلّە لەگەلّ شتەکاندا بکەیت؟ ئەوەی لەو بڕوایەدا بێت کە ئاسانە..لە ئاسمانە رۆشنەکانەوە ناپەسەندیی و بێزاری بەسەردا دادەبارێت.

**ین هوی** لەسەری رۆیشت: خێزانەکەم هەژارە.. چەند مانگێکە نەتامی مەیم کردووە نە گۆشت.. دەکرێت ئەمە لەبری رۆژوودابنێم ؟

**کۆنفۆشیۆس** وەلاّمیدایەوە: ئەوە ئەو رۆژووەیە لەگەلّ قوربانێداندا دەگونجیّ.. رۆژووی زەین نییە.

**ین هوی** وتی: رێ بەخۆم دەدەم لەمەڕ واتای رۆژووی زەینییەوە پرسیارت لێبکەم.

**کۆنفۆشیۆس** وەلامیدایەوە: یێکێتی ویستت توندبگرە. بە گوێکانت مەبیسە. بەڵکو بە زەینت ببیسە. بە زەینت مەبیسە. بەڵکو رۆحت ببیسە. کاری گوێ دوای بیستن کۆتاییدێت. ئەوەی پەیوەندیی بە زەینەوە هەیە. هێما و بیرۆکەکانن. بەلام رۆح بەتاڵەو بۆپێشوازی هەموو شتەکان ئامادەیە. **تاو** لە بۆشاییدا نیشتەجێدەبێت. ڤالایی (بەتاڵیی) رۆژووی زەینە.

**ین هوی** وتی: گەر رۆژووی زەینم نەگرت تاکێتی خۆم دەهێڵمەوە. هەر کاتێ گرتم تاکێتییێکەم بزردەکەم. ئایا دەکرێت بۆئەمە ناوی ڤالایی لێبنرێت؟

**کۆنفۆشیۆس** وەلامیدایەوە: بەتەواوی بەڵێ. لێگەرێ پێتبڵێم: پچۆرە خزمەتی ئەو پیاوە. بەلام لەسەر ناوبانگ لەگەڵیدا تێکی مەدە. ئەگەر هەندێ سەلماندنت لەوەوە هەستپێکرد. دەتوانیت دەنگی خۆتی پێبگەیەنیت. دەنا بێدەنگبە.

*"پێویستە قسە بەبێ خۆ ئەزێتدان لە زەینی ساف و وریاوە وەك ئاوازە مۆسیقییێکان بێتەدەرێ. قسەکردن واتا دەنگ گەیاندن. بەدەنگەوە چوون بەبێ زەینێکی وریا واتا لە شتەکان گەرێ بۆخۆیان چۆنن با هەروابن و هیچ بەسەریاندا مەسەپێنە"* **کورشیانگ**

شێوازێکی نکوولێکەرانە دەرمەخە.. نکولیکردن نمایش مەکە.. لەگەڵ یێکیکدا بژی و.. نەتتوانی دابینیبکەیت بوەستە.

*"ئەوەی لە دابینکردنیدا دەستەوەسانین.. ئەوەیە کە لە مزردا پێویستە"* **کووشیانگ**

کە لەسەرکەوتن نزیکدەبێتەوە.. پێت ئاسانە بوەستێت و نەڕۆیت.. بەڵام ئەوەی گرانترینە ئەوەیە برۆیت و توخنی بەرزایی نەکەویت.

*"ئاسانە هیچ شتێك نەکەیت.. بەڵام زۆر گرانە شتێ بکەیت ئازاری رۆح نەدەیت"* **کووشیانگ**

چوون مرۆڤ رەفتاربکە.. بە ئاسانی دەبێتە شتێکی دەستکرد.. مانەندی سروشت رەفتاربکە.. ستەمە بتوانیت دەستکردانە بیت.. بەباڵ فڕینم بیستووە.. بەبێ باڵ فڕینم نەبیستووە.. زانینم بەهۆی مەعریفەوە بیستووە.. بەڵام بەبێ مەعریفە نەمبیستووە.. بڕوانە ئەو بۆشاییە.. لەژووری ڤالادا تیشکێکی درەوشاوە هەیە.. ئاسوودەیی هەیە.. ئەگەر نەتتوانی لەوێدا راوەستێت زەینت بەپەلە دووردەکەوێتەوە.. گەرچی جەستەت لە جێی خۆیدایە.. ئەگەر توانیت چاو و گوێت بۆ پەیوەندی بپارێزیت و.. دەرگەی هۆش و مەعریفەشت داخست.. ئەوا سەرباری مرۆڤێتی، سەروو سروشتیش لە

تەکدا دەژی.. ئەوەیە نهێنی شتەکان.. ئەو جومگەیەی **یۆ** و **شۆن** لەسەری دەبزوان.. ئەوەی **فۆشی** و **چیْ تزۆ** لە ژیانیاندا دەیانکرد.. تا چ ئاستێك خەڵکی دی دەتوانن پێرەوی هەمان رێباز بکەن ؟

*"ئەم چیرۆکە ئەوە دەردەخات کە بە تاڵیی تا ئاستی لە خـود روتبوونـەوە.. باشـترین رێگـەی مامەڵەکردنـە لەگـەڵ مرۆڤدا.. نموونەییترین شێوازی ژیان لەگەڵ خەڵکیدا ئەوەیە بێ حەز و ئارەزوو بیت.. ئەمە گەوهـەری رێبـازی **تـزۆیە**..مرۆڤـی کامڵ ئارەزوو –نەفس–ی نییە ئەوەی لە جیهانـی مرۆڤدا توانـی بێ ئارەزووبێت ، زیان بەکەس ناگەیەنێت"* **فۆنگ**

کـاتێ **تـزۆ کـاوی** نـەجیبزادەی وڵاتـی **شـە** ویـستی بـە نوێنەرایـەتی بـچێتە سـەردانی وڵاتـی **چـیْ** لـە **کۆنفۆشـیۆس**ی پرسی: پاشا نوێنەرایەتییکی هێجگار گرینگی پێسپاردووم و.. وڵاتـی چـیْ یـش وەك بـاڵیۆزێکی هێجگـار بـەرێز پێـشوازیم لێدەکات.

بـەڵام مـن بـۆ ئـەم کـارە پەلـەم نییـە.. مرۆڤـی ئاسـایی ناتوانێت بە ئاسـانی هەڵپەی بۆ بکـات . بۆئەمـە چیدەڵێت؟ مـن بەتـەواوی تێیـدا قـاڵبووم.. هەمیـشە پێتوتـوم.. لـەنێو هـەموو سەرچاوەکاندا بە وردو درشتیانەوە.. تەنیا **تـاو** بەرەو ئاکـامی ئاسـوودەییت دەبـات.. لـەم حاڵەتـەی منیـشدا.. ئەگـەر مـن سەرنەکەوتم.. ئەوە نەهامەتییکە لە خەڵکییەوەیە.

"سزاكانيش لە پاشاوە" **لۆنگ**

ئەگەر سەریشکەوتم نەهامەتیی هەرلە سروشتەوەیە

"دووچار بوونی هەڵچوون و فرەشادی" **لۆنگ**

مرۆڤ هەر خۆی خاوەنی چاکەخوازییە.. ئەوەی لەم ماندوێتیانە بەتاڵبۆتەوە.. جا ئیدی سەرکەوتوو بێ یان ژێرکەوتوو من خۆراك هەڵتابژێرم.. لە موبەقیش کەس پێویستی بە ساردکرنی خواردنەوەکان نییە.

"موبەتەکە زۆر سادەیە" **لۆنگ**

هەر کە سەر لەبەیانی فەرمانەکەم وەرگرت.. لە ئێوارەدا بەفراو دەخۆمەوە.. لە هەناومدا هەست بە تالاو دەکەم تەنانەت بەرلە گرەوکردن لەسەر کاروفرمانێك.. لە سروشتەوە دووچاری نەهامەتی هاتووم.. ئەگەر لەم فرمانەدا شکستخواردوو بووم لە هەردوو لاوە دووچاری گیروگرفتی ئەوتۆ دەبم وەك وەزیرێك نەتوانم بەرگەیان بگرم.. پێم نالێی چارەم چییە ؟

**کۆنفۆشیۆس** وتی: لە جیهاندا دوو پرەنسیپی گرێدراوی مەزن هەن.. یێکەمیان قەدەرە و دوومیان ئەرکە.. خۆشویستنی رۆڵە بۆ دایك و باوکی قەدەرە.. چونکە لەدڵی جوێ نابێتەوە.. دڵسۆزی میللەت بۆ سەرپەرشتیارانی ئەرکە..

میللەت دەبێ چاودێری هەبێت و چار نییە.. ئەمانە دوو پرەنسیپە پێکەوە گرێدراوە مەزنەکانن.. لەبەرئەوە: خزمەتکردنی دایك و باوك بەبێ پابەندبوون بەو هەلومەرجەی تێیدایەتی.. ئەوە ئەوپەڕی مەزنی ڕۆڵایەتییە.. خزمەتی فەرمانڕەوای بێ ڕۆپامایی.. بە چاوپۆشی لەوەی چی لە میللەت دەخوازێت لوتکەی دڵسۆزییە(٤).. بەڵام خزمەتی ڕۆحی خەڵك بەبێمەستی خۆشیچێژتن یان لە خەفەت قوتار بوون.. بەڵکو بۆ ڕەچاوکردنی ئەوەی هەردەبێ ببێت بەو سیفەتەی ئەمە چارەنووسە و.. خۆگونجاندن لەگەڵیدا ئەوپەڕی چاکەخوازی (فەزیلە)یە.. ئەوی لە خانەی ڕەعییەت یان فرزەندداییە.. بەزۆری ئەگەر پابەندی ئەو ڕەفتارە نەبێت ئەوا پاساودانی نییە.. ئیدی لەو کاروبارانەدا نقومدەبێ و ژیانە تایبەتییێکەی خۆی بیردەچێتەوە.. چ دڵنیاییێك لە خۆشویستنی ژیان و بوغزاندنی مەرگدا دەبینێ؟ ئا بەمجۆرە قوربان.. دەتوانی بۆ نوێنەراییێکەت بچیت.

شتێکم بیستووە دەمەوێت بۆتی بگێڕمەوە.. لە یێکگرتنەوەی نێوان وڵاتەکاندا.. ئەگەر لێکدییێوە نزیك (هاوسێ) بوون.. ئاڵوگۆڕی هەڤاڵبەندی و کارو کردەوەی ڕاست و دروستی نێوانیان زێتر دیاردەبێت.. ئەگەر دووربوون.. ئەوا بۆ پێوەندی نوێکردنەوە چار هەر پەیامی زارەکییە.. ئەم پەیامانەش بە کەسانێکی دیاریکراو دەسپێررێن.. ئەگەر بابەتی ئەو پەیامانە لە مەڕ تووڕەیی و قاییلبوون بوون ئەوە کارێکی سەخت و ناهەموارە.. کاتێ هەردولا قایلبوون.. دەبێت پەیامەکە

گۆشـەییێکەوە خـۆی لەلاییێکـەی دی هەڵـدەقورتێنێت بێنـەوەی بـەخۆبىزانیْ بیرۆکـەی تونـد و تیـژی دەورووژێنێـت.. ئەگـەر کردارێکی نەزانانەشی لێکەوتەوە.. ئیدی ئەوە کەس نازانیْ بە چـیدەگات! لەبەرئەمەیـە لـە **فـاین**دا وتـراوە:"لـەو پـەروەردە رەسـەنەی دەرزت پێـی دادراوە لامـەدە.. لـە پێکهاتنـدا گفتوگـۆ مەکە.. -لە رادە تێپەربوون واتا سنور.. بەزاندن-".

لادان لە فێرکردنە رەسەنەکە و.. دەمەقاڵیْ لە پێکهاتندا بڤـەن.. پێکلاییکردنـەوەی قایلکەرانـە لەگـەڵ کـات (زەمـەن)دا پێدەگات.. پێکهاتنی نابەدڵانە هەرکە تەواوکرا دەرفەتی گۆڕانی نییە.. ئایا نابێت مرۆڤ لەمەدا بەئاگا بێت؟! لە زەینت گەڕیْ با بێگوێدانـە ئـەوەی دەقـەومیْ گەشـتی خـۆی بکـات.. ڕیْ بـە دڵ و هەناویـشت بـدە بـا ئـەوەی پێویـستێتی وەریگرێـت.. ئـەوە بـۆ پوختکردن و پەروەردەی رۆح هەر دەبیْ هەبیْ.. ئائەمەیە رێبـازی کـامڵبوون.. بـۆچ لەمـەر وەلامدانـەوەی وڵاتەکـەی دیکـەدا دڵەڕاوکێتـە؟ هـیچ شـتیْ لـەوە پەسـەندتر نییـە هـەمووی بدەیتـە دەست چارەنووس.. گەرچی ئەوە کارێکی ئاسانیش نییە..

*"ئەم چیرۆکە ئەوە دەردەخات کاروبارێك لە جیهانـدا هـەن هـەر دەبـیْ هـەبن و.. لـە سـەلماندنیان زێـتر چـیدیمان پێناکرێت.. با پەنا وەبەر ئەوەی هەر دەبێت ببێت ببەین و.. با لەبەردەم ئەو شتانەی دەقەومێن بێکگرتـووبین و.. هـەمووی بـۆ چارەنووس جێبێلین.. پێویستیشە مرۆڤ خۆی لەبیربکات.. ژیانی خۆش نەوێت و رقی لە مردن نەبێت.. سەرکەوتن و شکستهێنان لە دنیادا هیچ بایێخێکیان نییە."* **فۆنگ**

داوا لە **لین هو** کرا ببێتە رەوشتدادەری کوڕە گەورەکەی **لینگی** خانەدانی میرنشینی **وەی**.. رەوشتدادەر راوێژی بە **چۆ بۆ یۆ** کرد و پێیوت: پیاوێکمان لەبەردەستدایە رەفتاری لەسەر شێوازێکی نزم سروشتییە.. ئەگەر رێمپێدا بەبێ پرەنسیپ و بڕواییێک رەفتار بکات.. ولاتەکەمان دەکەوێتە مەترسییەوە.. ئەگەر جەختیشم لێکرد رێورەسمێکی مەبدەئی بگرێتەبەر.. بەخۆم دەکەومە مەترسییەوە.. هێندەش زۆرزانی تێدایە بەشی ئەوە دەکات خەوشەکانی خەڵکی ببینێ و هی خۆی نا.. لەم حاڵەتەدا دەبێ چیبکەم؟

**چۆ بۆ یۆ** وەلامیدایەوە: لەراستیدا پرسیارێکی ژیرانەیە..دەبێ وریابیت بە خۆچاککردن دەستپێبکەیت.. هێندەی پەیوەندی بە دۆخی دەرەوەتەوە هەیە.. هیچ شتێ هێندەی خۆگونجاندن و تەبابوون پەسەند نییە.. هێندەش پەیوەندیی بە زەینی هەناوتەوە هەیە.. هیچ شتێ هێندەی ئاشتی و هۆگریی پەسەند نییە.. بەهەرحاڵ دوو خاڵ بۆ خۆپاراستن هەن.. نابێ خۆگونجاندنە رووکەشەکە بەقووڵی رۆبچێتە هەناوەوە و.. نابێ هۆگربوونە ناوەکییێکەش شەڕی نێو هەناوی ئەو وەدەرخات.. لەم حاڵەتەی دواییدا شکستدێنیت.. خودت وێراندەکەیت.. دەڕووخێیت.

*"دەکەویتە نێو بازنەی خراپەکارییەوە و.. دەبیتە مرۆڤێکی چەپەڵ"*

**ڤۆنگ**

له حاڵەتی دواییدا ناوبانگی چاك وەدەستدێنێت و..

هەروەها چوون درنجێك بۆت دەڕوانن كە بۆ هەل و رووداوە شەڕەنگێزییەكان خوڵقێنرابێت..

*"دەبێتە مایەی ئیرەیی پێبردنی خەڵكی"* **قۆنگ**

ئەگەر شازادە چوون هەرزەكارێك رەفتاریكرد.. تۆیش هەر وەك مێردمنداڵێك رەفتار بكە.. ئەگەر ئەو هەموو جیاوازییەكانی تووڕدا.. تویش هەمان شت بكە.. ئەگەر هەموو تایبەتمەندییەكانی وەلاخست.. تۆیش هەروا بكە.. ئەوسا دەستیدەگریت و بەرەو پاكژی (بەرائەت)ی دەبەیت.

ئایا بەسەرهاتی **كوللەحاجیێكە** دەزانیت؟ لە تووڕەبوونێكی زیانەخەرۆدا باڵەكانی بۆ وەستاندنی كالیسكەكە -لەكاتی رۆیشتنیدا- درێژكرد.. بێئەوەی بزانێ ئەوەی لە باردا نییە.. لەو بڕوایەدا بوو تواناكەی بەجێ و نایابە.

خۆت بپارێزە.. وریا بە ! گەر بەردەوام لێهاتوویی خۆتت بۆ شازادە دەرخست تاكو دەستبەسەریدا بگریت.. لەوانەیە تۆ خۆت بكەویتە مەترسییەوە.. دەزانی چاودێری پڵێنگەكان چۆن رەفتار دەكەن؟ ئەو ناچێت ئاژەڵی زیندوویان بۆ بكاتە خۆراك و ژیانی خۆی بخاتە مەترسییەوە.. چونكە لە هەڵچوونی كاتی راوكردنی نێچیرەكانیان دەترسێت.. سەرەڕۆیی واش ناكات ئاژەڵی تەواویان بداتێ بیخۆن.. چونكە لەو

هەڵـــچوونەیان دەترســـێت لـــە کـــاتی پارچەپارچـــەکردنیدا تووشیاندەبێت.. ئەو دەزانێ پڵینگەکان کەی برسیاندەبێت و.. کەییش تێرن.. لەو هۆکارەش تێدەگات کە تووڕەیاندەکات.. پڵینگ لە جۆرێکی دیکەی جیا لە جۆری مرۆڤە.. لەگەڵ ئەمەشدا هەوڵـــدەدەن چـــاودێرەکەیان ئاســـوودە بێـــت.. چـــونکە هۆگریـــانبووە.. هەنـــدێ کـــەس بەپێـــچەوانەی سروشـــتی پڵینگەکانەوە رەفتاردەکەن.. پڵینگەکان دەکوژن.

لەوانـەی خولیـای چـارەوێن.. تێیانـدا هەیـە زنجـیرو کەرەســـەکەلێك بـــۆ تێکـــردن و لابردنـــی شـــیاکە و میزیـــان بـــە کاردێنێت و.. کاتێ مێشوولە و مێشیان بەسەرەوە دەنیشنەوە و دوایـی بەسـەر چـارەوێکانەوە دەنیـشنەوە رامیارەکـە بـە فڵـچە دەریانـدەکات.. ئاکـام ئەسـپەکە پەتدەپـچڕێنێ و سەروسـنگی رامیارەکەی ئازاردەدات.. رامیارەکە دەیەوێت چاکەیان بەرامبەر بکـات.. کەچـی لـە ئەنجامـدا ئـەوەی مەبەسـتیبوو بـە زیـان بـۆی گەڕایەوە.. ئایا پێویست بەوە ناکات وریا و ئاگاداربین؟

*"رێبازی نموونەیی بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ مرۆڤدا ئەوەیە بەپێی خەسڵەتە سروشتییێکانی رەفتاری لەتەکدا بکەین"*

**فۆنگ**

وەستا **شێ** ی تەنەکەچی لە رێگەکەیدا بەرەو **چێ** گەیشتە **چۆیوان**.. دار بەڕوییێکی لێبوو.. ژێرەکەی بۆ سەربڕینی قوربانییێکانی رۆحی زەوی بەکاردەهێنرا.. درەختەکە هێندە

گەورە بوو گای لەو دیو خۆیەوە دەشاردەوە.. گرێکانی قەدی. خۆی لەسەد گرێ دابوو.. بەرزایی لق و پۆپی لە زەوییەوە هەشتا باڵ زێتر بوو.. زێتر لە دە لقی هەبوو.. هەر لقێکی بەشی لێتاشینی (دروستکردنی) بەلەمێکی دەکرد..

خەڵکی پۆلپۆل وەك چۆن دەچوونە بازار ئاواش دەهاتنە سەیرکردنی.. کەچی وەستای تەنەکەچی بێئەوەی سەیریبکات بەلایدا لێیدا و رۆشت.. بەڵام شاگردەکانی وەستان و تاتوانیان سەیریانکرد و.. ئەوجا بەراکردن وەستایان گرتەوە و پێیانوت: لەو رۆژەوەی بەتەور و دەمە تیغەکانمان کارت لەگەڵدا دەکەین دارو تەختەی وا چاکمان نەدیوە.. وەستا لەبەرچی نەوەستای سەیری بکەیت و لیتدا رۆیشتیت؟

وەستا وەڵامیدانەوە: بوەستم؟! ئەو دارە بێخێرە.. ئەو بەلەمەی لەوە دەتاشرێت لەئاودا نقومدەبێت.. تابووتەکەی خێرا دەرزێت.. هەر کەلوپەلێکی نێو ماڵی لێدروستکەیت یێکسەر هەڵدەوەشێت و پارچەپارچە دەبێت.. دەرگەکەی بەو کەتیرەیەی دەریدەکات دادەپۆشرێت.. کۆڵەکەکان مۆرانە تێیاندەدات هیچ سوودی نییە.. بۆ هیچ باش نییە.. هەر لەبەرئەمەیشە ئەو درەختە بەو تەمەندرێژییە ماوەتەوە..

دوای گەرانەوەی وەستا بۆ ماڵەوە.. درەختەکە هاتە خەوی و پێیوت: دەتەوێت لەگەڵ چ درەختێکی دیکەدا بەراوردم بکەیت.. لەگەڵ درەختی رازاندنەوەدا؟ دارگوێژی کێوی.. هەرمێ.. نارنج.. لیمۆی هیندی.. کولەکە سەنگەری!؟ ئەمانەهەن

گشتیان هەر بەرەکانیان پێگەیشتن دەتەکێنرێن (هەڵدەپاچرێن) و.. لقە گەورەکانیان دەشکێنرێن و گچکەکانیان لەتلەتدەکرێن.. ژیانی ئەم دارو درەختە بچووکانە بەهۆی بەروبوومیانەوە بەکلۆلی دەستپێکردووە.. لەبەرئەوە بەرووبومەکانیان ناتوانن ڕێڕەوی سروشتیی ژیانیان تا دوایی بگرنەبەر و.. بەر لەوادەی کۆتایی و لەنێوەی تەمەنیاندا کۆتاییاندێت.. ملکەچی ئەو ڕەفتارە وێرانکارییەی کۆمەڵن.. هەموو شتەکانیش هەروان.. هەر لە زووەوە فێربووم سوودبەخش نەبم.. چەند بۆنەییێکم هاتەپێش خەریکبوو تێیاندا وێرانبم.. ئێستە گەیشتمە ئەوەی کە دەبێت بێسوود بم.. ئەمەیش سوودێکی گەورەم پێدەبەخشێت.. ئەگەر سوودبەخشبوومایە ئەئاوا گەورە دەبووم؟ لەمەیش واوەتر ئێمە هەردووکمان شتین.. چۆن بۆ شتێ دەشێ حوکم بەسەر شتێکی دیکەدا بدات؟ تۆیش لای خۆتەوە پیاوێکی بێکەڵکیت و لەمردن نزیکدەبیتەوە.. بەچیتەوە دەزانی درەختی بێکەڵک کامەیە؟

وەستا خەونەکەی بۆ شاگردەکانی گێڕایەوە و..

شاگردەکان لیێان پرسی: ئەگەر ئەو درەختە ویستبێتی بێکەڵک بێت.. ئەی بۆچی بۆئەوە دەستدەدات ببێتە قەسابخانەییێکی ڕۆحی زەمین؟

وەستا وەڵامیدانەوە: بەکاوەخۆ.. ورتەتان لێنەیەت.. بۆئەوە ویستوێتی ببێتە قەسابخانە..تا خۆی لە ئازاری ئەوانە بپارێزێت کە نازانن درەختێکی بێکەڵکە.. ئەگەر نەبوایەتە قەسابخانە ئەوا مەترسی بڕینەوەی لەسەر بوو.. لەمەیش واوەتر ئەو شانگسەی ئەم درەختە هەیەتی لە درەختی ئاسایی

جیاوازە  ئیدی ئێرە بەپێی رەوشتە باوەکە جێیێکی لەبار نییە بۆ پیاهەڵدانی درەختەکە..

**نان بۆتزۆ چیٚ** لەنێو تەپۆڵکەکانی **شانگدا** دەگەڕا درەختێکی هێجگار لەڕادەبەدەر گەورە دەبینیٚ کە لەسایەیدا حێی هەزار گالێسکە پێکەوە دەبێتەوە.. وتی: ئەمە چ درەختێکە؟ پێویستە بیکەینە پارچە تەختەیێکی سەرسوڕهێنەر.. چاوی بۆ سەرەوە گێڕا تا بڕوانێتە لقە بچوکەکانی.. بینی لێکئالاو و شکاون و بەکار نایەن بکرێنە کۆڵەکە یان باهو.. چاوی بڕییە بنەوەی.. قەدەکەی بینی بۆتە چەند بەشێکی خڕ و درێژ.. نەبەکەڵکی تابووت دێت و نەچێوەی خانوو.. زمانی لە گەلاییێکی هەڵسوو.. هەستیکرد زاری خەریکە دەقڵیشێت و زامدار دەبێت..

ئەمجا بۆنیکرد.. جەستەی بەبۆنەکە خرۆشاو سیٚ رۆژ چوون ژەهر خواردوو مایەوە.

ئەوجا وتی: ئەمە درەختێکە هەرگیز بەکەڵکی هیچ نایەت.. هەر لەبەرئەمەیشە وا بەتەمەندرێژی ماوەتەوە.. ئاخ ! مرۆڤی رۆحانیش ئەئاوا بێکەڵك دەژی.

لە **سۆنگدا**(٨) ناوچەییێك هەیە پێیدەڵێن **چینگ شیٚ**.. دارتوو و کەتەڵبەو بەگۆنیای تێدا دەڕوێن.. خەڵکی دەچن بە ئەندازەی ئەڵقەییێك یان دوو ئەڵقە یان لێدەبڕنەوە تامێخی مەیموون بەستنەوەی لێدروستبکەن.. یان ئەوانەی بە ئەندازەی سیٚ چوار ئەڵقەن.. ئەوانە دەیانبڕنەوە کە دەیانەوێت سەقفی ماڵەکەیانی پێبکەن.. ئەوانەشی لە حەوت هەشت ئەڵقە پێکهاتوون.. ئەو نەجیبزادە و بازرگانە دەوڵەمەندانە دەیانبڕنەوە

بتوانێت ژیانی دابینبکات و.. ڕێبازی بوونی خۆی تاسەر بگرێتەبەر، ئەی دەبێت ئەوەی لە چاکەخواز ییکەیدا سەپۆڵەیە بتوانێت چیبکات؟!

*"مرۆڤی کامڵ سوود بەخەڵکی ناگەیەنێت.. بەڵام هەر شتە بۆ خۆی سوودمەندە.. لەبەرئەمە مرۆڤی کامڵ لێیەگەڕێت هەر شتە چێژ بە دەستکەوتەکانی و ناوبێوە بنۆشێت.. کەچی بەخۆی شتەکان بەبێ جیاکاری دەکات.. بەوەیش لە ئازاردانی جیهانی مرۆڤ بەدووربێت و.. هەمیشەش سوودی ڕاستەقینەی دەستدەکەوێت.. ئائەوەیە ئەو مرۆڤەی لە چاکەخوازیدا ڕۆچووە"* **کووشیانگ**

کە **کۆنفۆشیۆس** بۆ **چۆ** چوو.. **چێ یۆی** قۆشمەی توشبوو.. پێیووت: ئای ئەی زۆرزان! ئەی دانا! لەگەڵ ئەم جیهانە وێرانەدا چیدەکەیت؟ ناتوانرێت چاوەڕوانیی دوارۆژ بکرێت.. رابردووش ناگەڕێتەوە.. کاتێ سیستمێکی چاک لە جیهاندا بەرکەماڵدەبێت.. دانا بەدووی کار راپەڕاندندا دەگەڕێ.. کە پشێویش دادەکەوێت ئەو تەنیا ژیانی خۆی دەپارێزێت.. لەم ڕۆژگارە ڕەشەدا.. باشترین شتێ کەسێك بیکات خۆ لەسزا قوتارکردنە.. ئاسوودەیی لە پەڕی باڵندەیێك سووکترە.. بەڵام هیچ کەسێ ناتوانێ هەڵیگرێت.. نەهامەتییێکان لە زەوی قورسترن.. کەچی هیچ کەسێك ناتوانێت خۆی لێتان دووربخاتەوە.. پێویستە تەقەللاکانت بوەستێنیت ڕەفتارەکانت

که ناوی ڕێکخستن (سیستم)ت لێناون خەتەرن خەتەر. من خۆم لە بەدناوی دەپارێزم ڕێبازەکەم لێ نەتەنرێت. بە چەماوەیی دەڕۆم تا قاچەکانم ئازار نەدەم. درەختەکانی چیا خۆیان دەبنە مایەی بڕینەوەیان. چەوری ئاگر بۆ خۆی دێنێت. داری زیرە دەخورێت. داری بەرنیق بەکەڵکە. قەدەکەی لەتدەکەن. هەموو خەڵکی سوودی سوودمەند دەزانێ نەك سوودی بێسوود.

*"درەختە بێسوودەکان بەکەڵکی کەس نایەن. هەر ئەمەیشە لە ئازار بەدووری گرتوون. ئەمە نمونەی سوودی بەکەڵکنەهاتووە.. بەڵام* ***چۆنگ تزۆ*** *لەمەدا مەبەستی ئەوە نییە هەموو مرۆڤێك بێسوود بێت –بە واتا ئاساییەکەی وشەکە – لە بەشی بیستەمدا بە ناونیشانی* ***درەختی چیا*** *ئەم بەسەرهاتە دەگێڕێتەوە :*

*کاتێ* ***چونگ تزۆ*** *بە چیایێکدا هەڵدەگەڕا.. درەختێکی بەرزی بە لقە زەبەلاح و گەڵا زۆرەکانێوە بینی.. دارکەنێکیش بێئەوەی دەستی بۆ بەرێت لەپاڵیدا دەحەوایەوە.. کە هۆی ئەوەی لێپرسی دارکەن وتی: هەروا بەبێ هۆ..* ***چۆنگ تزۆ*** *وتی.. لەبەرئەوەی ئەم درەختە زەبەلاحە بێکەڵکە کەواتە دەتوانێ ڕێبازی سروشتیی خۆی لە وجووددا تەواوبکات..*

*دوایئەوەی* ***چۆنگ تزۆ*** *چیاکەی جێهێشت چووە ماڵی هاوەڵێکی.. ئاوەڵەکەی بەهاتنی خۆشنوود بوو.. بە غوڵام (نۆکەر)ەکەی وت مراوییێك سەربڕێ و بیکوڵێنێت.. غوڵام وتی: مراوییێکمان گارەگاردەکات و ئەویدی ناتوانێت.. گەرەکتە*

کامیان سەربرم. وەڵامیدایەوە: ئەوەی گارەگارناکات.. بۆ ڕۆژی دوایی شاگردەکەی **چۆنگ تزۆ** لێیپرسی: دوێنی درەختە شاخاوییە مەزنەکەمان بینی.. لەبەرئەوەی بێکەڵکە لەتوانێ کە ڕێبازە سرووشتییەکەی خۆی لە وجووددا تا سەر بگرێتەبەر و بژی.. ئێستەیش لەبەر هەمان هۆ مراوی خانەخوێکەمان سەربڕرا.. کام حاڵەت لەو دوو حاڵەتە بەپەسەند دەزانی ئەی سەروەرم؟

**چۆنگ تزۆ** پێکەنی و وتی: وای بە پەسەند دەزانم لەنێوان کەڵکدار و بێکەڵکدا بم.. پێموایە ئەوە حاڵەتێکی دروستە.. بەڵام لە ڕاستیدا وانییە.. ئالێرەوە لە گرفت و دژوارییەکان سەرڕەحەت نابم.. بەڵام ئەوەی **تاو** و **تی** تەییکات تووشی دژواری نابێت و.. دەکەوێتە دەرەوەی بازنەی ستایش و زەمکردنەوە.. ئێستاکە چوون ئەژدیهایە.. چون مارە.. لەگەڵ کاتدا دەگۆڕێ و ئیستەرەمکردنی لا نییە.. ئەو ئێستە بە رزە و هەر ئێستەش نزمە.. هۆگربوونی کردۆتە پێوەر.. بەئاسانی خۆی لەگەڵ پێکهاتەی شتەکاندا خۆشنوودەکات.. مامەڵەی شتەکان وەك شتەکان دەکات ئەو لەلایەن شتەکانەوە وەك شتێك مامەڵەی بۆ ناکرێت.. ئیدی چی هەیە بیخاتە گێرمەوکێشەوە؟

ئەوە دەمانباتەوە بۆئەوەی لە بەشی یێکەمدا هاتووە کە مرۆڤی کامڵ شاندانادانە سەر شتێك و لە بێکۆتاییدا گەشتدەکات.. مرۆڤی کامڵ حەزوو ئارەزوو(نەفس)ی نییە.. مرۆڤی ڕۆحانی هیچ وەبەرهەم ناهێنێت.. داناییش ناوی نییە..

ئەوانە لەبەرئەوە وان چونکە لێگەڕاون هەر شتە بەپێی توانای تایبەتی خۆی کاربکات و ناوی تایبەت بەخۆشیان وەردەگرن.

لەبەرئەوەی ئاوەوهان. ئەوانە هەمیشە بێکەڵك و بێ جیاکاریی دەبن.. یان وادەردەکەون کەوان.. بەم هۆیەوە لە گێرمەوکێشەکان دوور بوون.. هەروەکو **کووشیانگ** دەڵێت ئەوە ئەو کەسەیە کە لە چاکخوازییێکەیدا قووڵبۆتەوە ئائەوە سوودە مەزنەکەی بێکەڵکییە..

لە دوا بەسەرهاتەکەی ئەم بەشەدا.. ئەو مەترسییە ڕووندەکاتەوە کە بەهۆی دەرخستنی خەسڵەتە تایبەتییێکانەوە بۆ خەڵکی دی تووشی مرۆڤ دەبێت.. مەترسی هەوڵدانی مرۆڤ بۆئەوەی پێوەرە تایبەتییێکانی خۆی بەرەو خەڵکی دی ببات.. کاتێ جیهان لە سەلامەتیدایە.. لێێگەڕێ با بۆخۆی وابێت. کاتێکیش لە پشێویدایە.. هەمدیسان لێیگەڕێ بۆخۆی با وابێت.. خەڵکی دەتوانن قوتاربوونی خۆیان بەخۆیان دابینبکەن.. ئەگەر مرۆڤ بەپێی ئەم پرەنسیپە هەڵنەسووڕاو وای بەپەسەند زانی پێ لەسەر پێوەرە تایبەتمەندەکانی خۆی دابگرێت و.. بەپێی ئەو پێوەرانەی خۆی خەڵکی بە شێوەیێکی دەستکرد پەروەردە و چاك بکات.. ئەوا دوچاری تەنگوچەڵەمە دەبێتەوە.. بەڵام ئەمە ئەوەیە کە خەڵکی بەئاسانی دەیکەن.. چونکە سوودی شتی بەکەڵك دەزانن و، سوودی شتی بێکەڵك نازانن" **فۆنگ**

پەراوێزەکان :

١- **ین موی**: ڕێنماییکەرێکی **کۆنفۆشیۆس** بوو

٢- **چی و چۆ**: دوو ملهوڕی سەردەمی دێرین بوون. هەردوو وەزیرە لێهاتووەکانی خۆیان **کوانگ لۆنگ بانگ** و **یی کان** یان کوشت.

٣- ئاوی سارد خواردنەوە لای چینییەکان ئاماژەییە بۆ تەندروستی.

٤- **کۆنفۆشیەتێکی** هەڵبژێرکاو.. گومان بەلای خستنە پاڵی ئەم دەقەدا بۆ **چۆنگ تزۆ** لاسەنگە.. **هـ.ع**

٥- **فاین**: پەندی دێرین لە ڕەوشت و یاسادا.. **هـ. ع**

٦- عارفێکی میرنشینی **لۆیە**

٧- وەزیرێکی میرنشینی **وی** یە

٨- **کەتەڵبە**: درەختێکی گەلاپانی جوانە.. گوڵەکانی سپین و خەتخەتی ڕەنگاوڕەنگیان پێوەیە..سەرچاوەکەی لە ئەمەریکای باکوورەوەیە.. **بەگۆنیا**: بەمەبەستی جوانی دەڕوێنرێت.. گوڵەکەی ڕەنگاوڕەنگە.. لە ناوچە گەرمەکاندا زۆرە.

٩- لەوانەیە ئاماژەبێت بۆ ئەو قوربانییە بە شەریانەی بۆ رووبارە گەورەکان پێشکەشدەکران.. وەك روباری **زەرد** و **نیل**.. ئەمە تاکو فەتحی ئیسلامی بۆ **نیل** بەردەوام بوو.. ئیدی عمرۆی کوڕی عاس –داگیرکەری میسر– لەسەدەی حەوتەمی زایینیدا قەدەغەیکرد.. لە **چین**دا بەرلەو مێژووە قەدەغە کرابوو.. بەڵام لە **تیبیت**دا تا سەردەمی نوێش بەردەوامبوو.. تاکوا دوای داگیرکردنی لەلایەن سوپای ئازادکەری چینییەوە ساڵی ١٩٥١ بە ڕەسمی قەدەغەکرا.

# بەشی پێنجەم

## ڕێنمایی خاکخوازی تەواو

*"سەرەکیترین مەبەستی ئەم بەشە ڕوونکردنەوەی واتای چاکخوازیی فەزیلەی تەواو و پتەوەیی دەسەڵاتەکەیەتی"* **فۆنگ**

**وانگ تای** پیاوێك بوو لە پیاوەکانی وڵاتی **لو**.. قاچێکی نەبوو کەچی بەقەدەر شوێنکەوتەکانی **کۆنفۆشیۆس** مورید و شاگردی هەبوو.

جارێکیان **چانگ چیٚ** لە **کۆنفۆشیۆسی** پرسی: **وانگ تای** شەلەو دەرزوتنەوەی لە وڵاتی **لودا** لەگەڵ تۆدا کردۆتە دوو کەرتەوە.. ئەو نە وەعزدەدات و نەمشتومڕدەکات.. وەلێ ئەوانەی دەچنە لای بەبەتاڵی دەچن و لەوسەرەوە بە پڕی دێنەدەرەوە.

ئایا بەڕاستی شتێ هەیە پێیبگوترێت فێرکردنی بێ وشە؟ لەکاتێکدا جەستە شێواو بێت. ئایا زەین دەتوانێ ساغبێت؟ ئەوە چ جۆرە پیاوێکە؟

**کۆنفۆشیۆس** وەلآمیدایەوە: ئەو پیاوە دانایە. من لەبەرئەوەی دواکەوتووم و نەچوومەتە خزمەتی من بە شێخی دادەنێم و. هیچ شتێکیش بەوانە نالێم کە من و ئەو یەکسان دەکەن. ڕێنمایی هەموو جیهان دەکەم شوێنی بکەون و. هیچ شتێکیش لەمەڕ ولآتی **لو** نالێم.

**چانگ چیْ** وتی: ئەو پیاوە گەرچی شەل و گێڕو پەرێشانە. کەچی لەو لەپێشترە. دەبێت جیاوازی لە خەڵکی ئاسایی زۆر زۆر بێت.. ئەو شێوازە چییە کە زەینی پێ بەکاردەهێنێت؟

**کۆنفۆشیۆس** وتی: مەرگ و ژیان دوو شتی مەزنن.. بەلآم هیچ کامێکیان ناتوانن زەفەری پێبەرن.. ئەگەر ئاسمان و زەوی لێکبدەن ئەو لە جێی خۆی نابزوێت.. ئەو پیاوە کاملێتی بەڕوونی دەبینێ و شتەکان زەفەری پێنابەن.. ئەو دەزانێ نەشونما و گەشەسەندنی شتەکان بەدەست چارەنووسە.. بۆیێ تەنیا ئەوەی پێویستە دەیپارێزێت.

لێرەدا **چانگ چیْ** لێیپرسی: مەبەستت چییە؟

**کۆنفۆشیۆس** وەلآمیدایەوە: ئەگەر شتەکانمان لەدیدی جیاوازییانەوە سەیرکرد دەبینین تەنانەت جگەر و زراو هێندەی دووری **چۆ** لە **یۆیە** لە یێکدییێوە دوورن.. خۆ ئەگەر لە گۆشەنیگای ڕێککەوتنیانەوە بۆماتڕوانی.. ئەوا ئەوانە هەموویان

چونیێکن.. ئەمەی دواییان ئەو دیدو نیگایەیە کە ئەو پیاوە پێڕەویدەکات.. بەمەیش ئەو پیاوە نە هەر بەوانە دەزانێت کە بە گوێ و چاوانی ئاشنان بەڵکو لە خەون و خەیاڵیدا یاری و دەستبازی لەگەڵ هۆگرێتی چاکخوازیدا دەکات.. ئەو پێکانەیی شتەکان دەبینێ نەك زیانە تایبەتییێکانی خۆی و..لە دەستدانی قاچی وا دادەنێت وەك گل و خۆڵێکی زۆر بێت و لێی کەوتبێتە خوارەوە.

**چانگ چیێ** وتی: کە بە مەعریفە دەرزی خۆی دادەدات.. هزری خۆی بەدەستدێنێ.. بەدەستهێنانی هزریشی هزری هەتا هەتایی بەدەستدێنێ.. ئەی کەواتە بۆچی شتەکان لەدەوری کۆدەبنەوە؟

**کۆنفۆشیۆس** وەلامیدایەوە: خەڵکی هەوڵ نادەن وێنەی خۆیان لە ئاوێکی رۆشتوودا ببینن.. بەڵکو لە ئاوی وەستاودا دەیبینن.. شتەکان تەنیا لەدەوری وەستاو کۆدەبنەوە.. ئیدی بەنیسبەت ئەو شتانەی کاریگەریگەرێتی زەویان لەسەرە.. ئەوا تەنیا سەرو و سنەوبەر بەزستان و هاوین سەوزن.. بەلام بە نیسبەت ئەوانەی کاریگەرێتی ئاسمانیان پێدەگات.. ئەوە بەتەنیا **شۆن** راستدەکان.. بۆ خۆشبەختیش ئەو دەکارێ ژینی تایبەتی خۆی راست و پوختکاتەوەو ئەوجا ژینی خەڵکیش.. لەرێی فشاری هێزە رەسەنەکەوەو بەسرینەوەی ترس لەهەناودا.. مرۆڤێك بەتاقیتەنیا خۆی دەتوانێت بەنێو نۆ لەشکردا بەسەرکەوتوویی رێبکات.. کاتێ پیاوێکی جوامێر

بەئاکامێکی ئەوها دەگات. ئیدی کێ لەپێناوی ناوبانگدا خۆی بەکوشتدەدات؟ ئەوەی دەسەڵاتی بەسەر ئاسمانو زەویدا گرتبێتو هەموو شتەکانی لەئامێزی خۆی نابێت چ لەوڕێک دەگێڕێت؟ ئەوەی جەستەی خۆی وا دادنێت کەجێگەیێکی کاتییە بۆمانەوەی لەژیاندا. هەردوو چاوو گوێیشی تەنیا وێنەن. ئەوەی ئەو هەموو مەعریفەیەی فێریبووە دەیکاتە یەکو هەرگیزیش هزری نامرێت. ئەو مرۆڤەی ڕۆژی کۆچیدوایی خۆی هەڵدەبژێرێو دواجاریش خەڵکی وەدووی دەکەون. ئیدی چ باکێکی بەدەردیسەری دنیاوە هەیە؟!

**چەن تۆ چیا** پیاوێکی یەك قاچ بوو. لەگەڵ **تزۆچان**دا لای **قۆمۆن تۆجەن** لەمیرنشینی چەنگدا دەیخوێند **تزۆچان** بەپیاوە شەلەکەی گوت: ئەگەر واپێویستی کرد یەکەمجار من جێتانبهێڵم و بڕۆم ئایا کەمێك دوای من دەمێنیتەوە؟ چونکە ئەگەر واپێویست بوو تۆ لەپێشەوە جێمانبێڵی ئەوا من دوای تۆ دەمێنمەوە!

*"**تزۆچان** کەورە وەزیری وڵاتی **چەنگ** بوو. پێی نەنگبوو لەتەك پیاوێکی شەلو شێواودا بڕوات"* **قۆنگ**

ڕۆژی دوایی لەهەمان جێ دانیشتبوون. **تزۆچان** وتی: ئەگەر پێویستی کرد من پێش تۆ ئێرە جێبێڵم. ئایا کەمێ دوای

من دانبەخۆتا دەگریت‌و دەمێنیتەوە؟ چونکە ئەگەر وای ئیجابکرد تۆ زووتر بڕۆیت ئەوا من دەمێنمەوە.. ئێستەش کاتی ڕۆیشتنمە دەمێنیتەوە یان نا؟ لەمەیش واوەتر.. ئەگەر وەزیری دەوڵەتێکت بینی.. هەوڵمەدە لەرێگەکەی دووربکەویتەوە.. ئایا خۆت بەهاوشانی ئەو دەزانیت؟

**چەن تۆچیا** وتی: ئاخۆ لەحوجرەی شێخماندا دەبێ وەزیرێکی ئاوەهای تێدابێت؟ تۆ لەو کەسانەیت شانازی بەپلەو پایەوە دەکەن‌و وادەزانن خۆیان لەخەڵکی پایەبەرزترن.. بیستومە دەڵێن ئەگەر ئاوێنە تەواو ساف‌و ڕوونبێت خۆڵ‌و پیسی لەسەر ڕووی کۆنابێتەوە.. ئەگەر وابوو ئەوا ئاوێنەکە بریقەداریی خۆی لەدەستدەدات.. ئەوەی بۆماوەیێکی زۆر ئاوەڵی مرۆڤی ژیر بیت لەهەڵە پاکدەبێتەوە.. ئێستەیش ئەو پیاوە ژیرەی بۆ ئەوە هەڵتبژاردووە بتکاتە پیاوێکی مەزن.. ئەوە مامۆستاکەمانە.. کەچی وێڕای ئەمەیش ئەئاوا دەدوێیت.. ئایا ئەوە هەڵەییێك نییە دەیکەیت؟

**تزۆچان** وتی: من لەسەرەتادا وەك ئێستەی تۆ وابووم.. تۆ هێشتا خەریکی ئەوەیت شانەسوێی پیاوچاکیی **یاو** بکەیت.. ئایا بەتەنیا خەملاندنێکی چاکەخوازییێکەت هێندەی تیانابێت بۆ هەڵسەنگاندنی خۆت لێهاتووییانە ڕێنماییت بکات.؟

**چەن توچیا** وتی: زۆرن ئەوانەی لەنێو خەڵکیدا بەدناوی بەسەرخۆیان دێنن.. بەپێچەوانەیشەوە ئەوانەی لەمەدا خۆیان بەرز رادەگرن‌و لەو بڕوایەدان دەبێ هیچ شتێك بۆ خۆیان

گلنەدەنەوە.. ئەوانە کەمن.. سەلماندنی شتە حەتمییەکان و گوێڕایەڵبوونی بێدەگانە یان کەوەك خواستێکی قەدەر بێت.. ئەوە بەڕاستی کاری چاکەخوازانە.

کاتێك خەڵکی لەسنووری نیشانەگرتنەوەی تیری **یی**(١) دا دەسووڕێنەوە.. ئەو نێوەندە ئەوەیە تیری تیرئەندازان شتگەلی تێدا دەپێکن و ئەگەر ییەکی لەوێدا بەر تیرنەکەوێت ئەوە رێکەوتەو کاری قەدەرە.

*"لەبەر پێکدادانی بەرژەوەندییەکانیان.. خەڵکی هەمیشە لەزۆرانبازیدان.. لەبەرئەوە دەبیتین **یی** لەهەموو جێگەییەکدا ئامادەیە.. وێڕای هەڵاوێردکردنی ئەوانەی نەحەزو ئارەزوویان هەیە و نە مەعریفەو.. وەدووی رێڕەوە سروشتییەکە دەکەون.. هەرچی مرۆڤ هەیە دەکەوێتە مەودای تیری **یی** ئیدی تەنیا قەدەر بڕیاری ئەوە دەدات کێ بەر نووکی ڕمەکە دەکەوێت.. هەموو مرۆڤێ چانس و دەرفەتێکی هەیە.. وەلێ هەموو کەسێك ئەوە نازانن کەهەرحاڵ و دەرفەتێکیش لەسنووری چارەنووسیدایەو.. لەبەرئەوە وادەزانین ئەو کەسانەی بەر تیری قەزا ناکەون کەسانێکن حسابی لێهاتووییان بۆدەکەن و بەمەیش خۆشحاڵدەبن.. بەڵام کاتێ بەر تیرەکە دەکەون داخ بۆ رەفتارە هەڵەکانیان دەخۆن و بەمەیش ئازاری رۆحی خۆیان دەدەن.. ئەمەیش لەبەرئەوەیە هیچ لەمەڕ چارەنووس نازانن.. ئێمە خاوەنی ژیانین.. لەبەرئەوە نا بویستی ژیان بووبین.. لەو سەد ساڵەی ژیانماندا.. بەدانیشتن و هەستانەوە.. بەرۆیشن و*

*وەستانەوە.. بەکردار پشوودانەوە.. بەدەستکەوت و زیانەوە.. بەهەست و خولیاو مەعریفەو لێهاتوویێوە.. هەموو ئەوانەی هەمانەو نیمانە.. هەموو ئەوانەی دەیانکەین و توشمانده‌بن.. هیچیان لەبەرئەوە نین چونکە ویستوومانە وابن.. ئەوانە لەبەرئەوە وان چونکە سروشت وایداناون.. وێڕای ئەمەش زۆر هەن ئەمە تێناگەن و دەیانبینین دژی سروشت وەستاونەتەوە.. ئەوانە هەڵەو چەوتییان زۆرە"* **کووشینگ**

زۆرن ئەوانەی‌جووتە لاقی ساغیان هەیە.. لەبەرئەوی من یێک لاقم هەیە پێمپێدەکەنن.. جاران زۆر لێیان توورەدەبووم.. بەڵام لەو رۆژەوەی هاتوومەتە خزمەتی شێخەکەم.. ئیدی بەوە سەغڵەت نەبووم.. دەشێ شێخم لەو هەڵچوونە پاکژی کردبێتمەوە.. ئەوە بۆ نۆزدە ساڵ دەچێت لەخزمەتیدام و.. رۆژێ لەڕۆژان هەستم بەوە نەکردووە یێک لاقم هەیە.. ئێستەیش تۆ و من پێکەوە گەشتێکمان بەجیهانی هەناودا کردو کەچی هێشتاکە تۆ بایێخ بە رواڵەتی‌جەستەم دەدەیت.. ئایا لەوەدا بەهەڵە نەچوویت؟

تزۆچان هەستی بەپەشێوی کرد.. ئەوجۆرە دەربڕینە بەپێودانگەی گۆڕی وتی: گەورەم! تکات لێدەکەم لەمە زێتر لەسەری مەڕۆ.

* * *

پیاوێکی قاچکۆڵ لەوڵاتی **لۆ**دا هەبوو پێیاندەوت شۆشانی **بێپەنجەپا**.. لەسەر پاژنەی پێی رۆیشت تا **کۆنفۆشیۆس**

ببینێ‌و.. بەکابرای وت: وریای خۆت نەبووی‌و ئەم بەڵایەت بەسەر خۆتا هێنا.. هاتنەکەت بۆلام زۆر درەنگوەخت بوو.

**بێپەنجەپا** پێیوت: بەهوی نەشارەزاییم لەوەبەرگرتنی ڕێگەی دروستداو.. هەروەها بەهۆی ئاوریایی خۆیشم قاچەکانم ئاوایان بەسەرهات.. ئێستەیش هاتووەتە لات.. چونکە هێشتاکە شتێك شکدەبەم لەقاچم بەهادارترەو بەتەواویش بەتەنگییەوە نیم.. هیچ شتێ نییە لەسایەی ئاسماندا نەبێت.. شتێ نییە زەوی هەڵینەگرتبێت.. گەورەم! من لەو بڕوایەدابووم تۆ وەك ئاسمان‌و زەوی وایت‌و.. پێشبینی ئەوەم نەدەکرد بەمجۆرە پێشوازیم لێبکەیت.

**کۆنفۆشیۆس** وەڵامیدایەوە: بۆچی نایەیتە ژوورەوە تا ئەوەی فێریبووم بۆتی بگێڕمەوە. کتێ کابرای پاکۆلی لێیجودابۆوە.. **کۆنفۆشیۆس** وتی: ئەم پیاوە بێ‌پەنجەی پێیە.. پیاوێکی شێواوو پەرێشانە.. لێ هێشتا پەرۆشی ئەوەیە فێربێت چۆن چارەسەری خراپە لەرەفتارەکانی پێشوویدا بکات. ئەی دەبێ ئەوانەی چاکەخوازییان تەواوە چیبکەن؟

کابرای کوڵ ڕۆی **لاوتزۆ** ببینێ.. پێیوت: وابزانم **کۆنفۆشیۆس** هێشتا نەبۆتە مرۆڤێکی کامڵ.. بۆچی هەمیشە هەوڵدەدات لاساییت بکاتەوە! ئەو بەدووی ناوو شۆرەتدا وێڵە تاکو ببێتە کەسێکی نائاسایی‌و لەسروشتبەدەر بێئەوەی بزانێت مرۆڤی کامڵ ئەمە بەکۆت‌و پێوەند دادەنێت.

**لاوتزۆ** بەدوایدا وتی: بۆچی واتلێنەکرد لەوە تێبگات ژیان و مەرگ یێکشتن و راست و چەوتی چونییێکن.. بەوە لەو کۆت و پێوەندانەی قوتارتدەکرد؟

کابرای کۆل وتی: ئەو بەسزای سروشتی خۆی گەیشتووە (٢) ئیدی چۆن سەرفراز دەبێت؟!

شازادە **ئای** ی وڵاتی **لۆ** لە**کۆنفۆشیۆس**ی پرسی: پیاوێکی ناشیرینی گرگن لەوڵاتی **وی**دا ناوی **ئای تای تو** بوو.. ئەوانەی لەنزیکییێوە دەژیان لەو بڕوایەدابوون ناتوانن خۆیانی لێی دووربخەنەوە.. ئەو ژنانەی بینیبوویان زێتر لەدەژن دەبوون بە باوانیان وت: ئێمە وامان لاپەسەندترە بمانکەنە کەنیزەکی ئەوپیاوە نەك ببینە ژنی کەسێکی دی.. بەڵام لەو نەبیستراببوو لەشتێکدا وەپێش خەڵکی کەوتبێ.. بەڵکو هەر وەدوویانکەوتووە.. لەپلەی دادوەریشدا نەبوو تا بتوانێت لەمردن قوتاریانبکات.. سامانیشی نەبوو تا بتوانێ ورگی خەڵکی تێربکات.. لەمەش واوەتر هێندەیش ناشیرین بوو.. هەموو خەڵکی لێیدەترسان.. وەدووی خەڵکی دەکەوت و پێشیان نەدەکەوت.. زانیارییێکانی لەسنووری ناسینی هاوسێ نزیکەکانی تێنەدەپەڕی.. کەچی پیاوان و ژنان تێیورووکابوون.. لەڕاستیدا دەبێت پیاوێکی ئاوەها لەخەڵکی ئاسایی جیاواز بێ.. بەدوویان ناردم و بینیم.. بەڕاستی وابوو.. هێندە بەدفەساڵ بوو هەموو خەڵکی لێیدەترسان. کاتێ کەمتر لەمانگێك لەتەکیدا ژیام کەسێتییێکەی سەرنجی راکێشام.. بەرلەوەی ساڵێکمان بەسەردا

دەتوانێت هەندێ کار راپەڕێنێت.. ئەدی ئەوەی خاوەنی چاکەخوازیی کامڵە دەبێت چیبکات و چی لەدەستبێت؟

ئێستەیش **ئای تای تو** وێڕای ئەوەی هیچی نەوت، لێ راستگۆ بوو.. هیچی نەکرد، خۆشەویستیش بوو.. پیاوێکی هێنا تاکو حکومەتەکەی بداتێ و تەنیا لەوەش دەترسا رەتیبکاتەوە.. لەڕاستیدا دەبێت پیاوێکی خەسڵەت کامڵ هەبێت و چاکەخوازییەکەی شاردراوە بێت.. ئەوجا شازادە **ئای** پرسی: مەبەستت لەکامڵ خەسڵەت چییە؟

**کۆنفۆشیۆس** وەڵامیدایەوە: مەرگ و ژیان.. هەبوون و نەمان.. بەدبەختی و بەختیاریی سامان و هەژاریی، لێهاتوویی و بێتوانایی.. ستایش و سەرزەنشت.. برسێتی و تینوێتی.. ساردی و گەرمیی ئەمانە ئاڵوگۆڕەکانی رووداوەکانن و کارو کردەی قەدەر (چارەنووس)ن.. ئەمانە بەدوی یێکدیدا دێن.. چوون بەدووی یێکدیداهاتنی شەو و رۆژ کەس نازانێ کەی دەسپێدەکەن.. لەسەر مرۆڤیش پێویستە لێنەگەڕێت ئەمجۆرە شتانە ئالوودەو هۆگربوونیان لێبشێوێنێ.. رێنەدا ئەمانە زەفەر بەزەینی بەرن.. دەبێ زەین بەهۆگریی و قابیلی و کاملی بمێنێتەوە.. دەبێ مرۆڤ هەمیشە شاد لەگەڵ شتەکانیشدا ناسک بێت.. زەین وەدووی ئاڵوگۆڕی رووداوەکان دەکەوێت.. ئەمە پێیدەوترێت خەسڵەتی کامڵ.

ئەی مەبەستت لەچاکەخوازیی شاردراوە چییە؟

**کۆنفۆشیۆس** وەلاّمیدایەوە: باشترین پێوەر پەسەندێتی ئاوی راوەستاوە.. ئەوە چێوەی لێکچونمانە.. هێمنی هەناو پارێزراو بێتو هیچ شتێکی دەرەوە نەیشێوێنێو لیخنی نەکات.. چاکەخوازیی (فەزیلەت) پاراستنی تەواوی هۆگربوونەکەیە.. مرۆی کامڵ چاکەخوازیی هەیە.. بەلاّم دیمەنی دەرڤەی ئەمە ناگەیەنێت.. ئەمجۆرە مرۆڤە بۆ هەموو شتەکان پێویستە.

پاش چەند رۆژێك شازادە **ئای** ئەم رووداوەی بۆ **مینگ تزۆ**(٣) گێڕایەوەو وتی:

لەمەوبەر کاتێ چوومە سەر تەخت بۆ ئەوەبوو فەرمانڕەوایی دنیا بکەمو جڵەو وەدەستگرمو بەتەنگ میللەتەوە بێم.. چونکە لەو بڕوایەدابووم ئەوە ئەوپەڕی کامڵبوونی مرۆڤە.. بەلاّم ئێستە.. دوائەوەی گوێم لەقسەکانی مرۆڤی کامڵ گرت.. ترسی ئەوە دایگرتووم هیچ پێوەندییێکم بەچاکەخوازیی راستەقینەوە نەبێت کاتێك من خۆم لەبێموبالاتی و بەهەند رانەگرتنی شتەکاندا دەبینمەوە دەترسم ئەمە ببێتە مایەی ئەوەی ولاّتەکەم وێرانبکەم.. **کۆنفۆشیۆس** و من میرو رەعیەت نین.. بەڵکو هاورێی چاکەخوازین.

پیاوێکی پێ لەچ و لێو.. هەردوو لاقی بەجۆرێك نوشتابوونەوە لەسەر پەنجەی پێی نەبێت نەیدەتوانی بەڕێوە بڕوات.. بۆ راوێژکرن نێررایە لای میر **لینگ** ی ولاّتی **وی**.. میر کەسەیری ئەو پیاوە رەزاسووکەی کرد گەلێ خۆشحاڵبوو

هەروەکو خاوەنی بچووکترین و جوانترین گەردن بێت. پیاوێکی دی لووینێکی لێهاتبوو بەقەدەر گۆزەییێك. بۆ راوێژپێکردنی نێردرایە لای میر **هوان** ی ولاّتی **چین**.. میر هێندە خۆشحاڵبوو تا ئەو رادەیەی وا سەیری ئەو پیاوە رەزا سووکەی دەکرد هەروەکو پیاوێکی ساوگەردن جوان و باریکبێت.

ئەمە ئەوەمان نیشاندەدات کە چاکەخوازیی بەرزو بالاّ خەوشەکانی جەستە دادەپۆشێ.. کاتێ خەڵکی ئەوەی پێویستە لەسەریان لەبیرخۆیانی ببەنەوە، لەبیری نابەنەوەو.. ئەوەشی کەپێویستە لەسەریان لەبیریانبێت لەبیر دەبەنەوە.. ئیدی دەکەوینە نێو حاڵەتێکی بیرچوونەوەی تەواوەوە.

لێرەدا دانا جێگەو رێگەییێکی دی بۆ گەشتەکەی هەیە.. ئەو لەنێو مەعریفەدا نەفرەت بەدیدەکات. لەنەریتەکاندا حەزو دڵخواز، لەرەوشتدا هونەری گردبوونەوەی خەڵکی.. لەو هونەرانەی سەر بەییێك بابەتن بازرگانی دەبینێت.. ئەو لەبەرئەوەی نەخشە دانانێت پێویستی بەمەعریفە نییە.. شتەکان دابەشناکات دڵخوازو ئالودەیی گەرەك نییە.. لەخەسلەتیشیدا شوورەیی نییە و هەوەجەی بەرەوشت نییە.. شمەکیشی ناوێت و بەبازرگانییەوە تێوە ناگلێت.. بەم چوار رێبازە لەسەر سروشت قنیات دەکات.. قنیات بەسروشت کردن واتا بەسەرییەوە دەژی.. ئیدی کە بەسروشت بژی، هونەر چ سوودێکی هەیە؟

خۆی سەروسیمای بەشەری هەیە.. بەلاّم بەبێ کاریگەریی بەشەریانە.. کە شێوەی بەشەریشی هەبوو واتە مرۆڤێکە لەنێو

خەڵکیدا.. ئەگەر کاریگەریی بەشەریشی نەبوو ئەوا لەسەروو ئەو جیاکارییە ئاساییانەی نێوان راستو چەوتدا دەوەستێ ئەو پابەندییە بەشەرییەی دەبێتە مایەی بچووکیو بێبایەخی بۆی.. بەڵام مەزنیی و جەبەروتی لەچێبوونە ناوازەکەیدایە لەگەڵ سروشتدا.

**هۆی تزۆ** لە **چۆنگ تزۆی** پرسی: ئایا لەجیهاندا کەسانێك هەن کاریگەرییان نەبێت؟

وەڵامیدایەوە: بەڵێ.

**هۆی تزۆ** وتی: ئەگەر مرۆڤێك کاریگەریی نەبێت چۆن ناوی مرۆڤی لێبنێین؟

وەڵامیدایەوە: **تاو** سیما و روخساری پێدەبەخشێ و سروشتیش وێنەی دەداتێ.. ئیدی بۆچی ناکرێت بەمرۆڤ ناوبنرێت؟

**هوی تزۆ** وتی: ئەگەر ناوی مرۆڤمان لێنا چۆن دەبێ بێ کاریگەریی بێت؟

**چۆنگ تزۆ** وەڵامیدایەوە: مەبەستم لەکاریگەریی ئەوە نییە.. کاتێك سەبارەت بەمرۆڤ دەڵێم بێ کاریگەرییە، مەبەستم لەو کەسەیە بەهۆی شتە دڵخواز (ویستراو) و قێزەونەکانەوە ئازار بەخۆی ناگەیەنێت.. ئەوەی هەمیشە لەگەڵ سروشتدا تەبایەو شتێ ناکات بۆئەوەی زیادەییەکی دەستکردانە بخاتەسەر ئەوەی لەخۆیدا هەیبووە.

**هوی تزۆ** پرسی: ئەگەر شتێ نەکات بۆئەوەی زیادەییێکی دەستکردانە بخاتەسەر ئەوەی بۆخۆی هەیبوو.. ئەی چۆن دەتوانێت بەردەوامبێت؟

**چۆنگ تزۆ** وتی: **تاو** روخسارو سروشت وێنەی پێبەخشیوە.. ئازاری خۆی نادات.. بەلام تۆ خۆت بۆ شتە زەمینەیی (بەڕانی)یێکان تەرخانکردووەو بەمەیش چالاکییێکەت شەکەت دەکەیت.. پاڵ بەدرەختێکەوە دەدەیت و ورتەورتێك دەکەیت.. شانادەدەیتە سەر مێزێكو دەنوویت.. سروشت شێوە جەستەییێکەتی بۆ هەڵبژاردوویت و تۆیش بەمشتومڕی رەق و سپی(٤) یوە وڕێنە دەکەیت.

پەراوێزەکان:

١- **یی** لەدێرزەماندا تیرهاوێژێکی بەناوبانگ بوو - **ڤۆنگ** لێرەدا هێمای جەنگە - هـ. ع

٢- سزای سروشتی: مەبەستی ئەوەیە کە ناوبانگ و پایەی دەسگیربووەو، ئەوەش سزای سروشتە لەسەر جیاکاریی لەنێوان مەرگ و ژیان و راست و چەوتدا.. هـ. ع

٣- لەشوێنکەوتانی **کۆنفۆشیۆسە**.

٤- ئاماژەیە بۆ دژوارییە لۆژیکییێکانی **هوی تزۆ**.. هـ.ع

## بەشی شەشەم

## مامۆستای مەزن

*"ئەم بەشە وەسفێکی مرۆڤی کامڵ یان "مرۆڤی راستگۆ"ی گرتۆتە خۆی.. ئەو مرۆڤەی دەتوانێ ببێتە گەورە مامۆستای جیهان"* **لۆنگ**

ئەوەی کاری سروشت و کاری مرۆڤ دەزانێت.. ئەوە بەزۆری بەکامڵ دادەنرێت.. ئەوەی کاری سروشت بزانێت.. لەژیاندا پێڕەوی سروشت دەکات.. ئەوەی کاری مرۆڤ بزانێت لەوەی لەمەعریفەکەیدا زانراوە پەرە بەوەدەدات کەنەزانراوە.

*"نەزانراوی نیو مەعریفە کاری سروشتە.. وەك سوڕی خوێن، کرداری نێو هەناوو هتد.. زانیاری نێو مەعریفەش کاری مرۆڤە.. وەك خوێندنەوەو نووسین و.. هتد"* **لۆنگ**

بەمەیش دەتوانێت ئەو هەندە ساڵە سروشتییەی بەسەربەرێت و نەشگاتە کۆتاییێکی دیاریکراو کاتێ لەناوەڕاستی تەمەندایە.. ئا ئەمەیە مەعریفە لەلوتکەکەیدا.

دەمێنێتەوە هەندێ گرفت. لێرەدا وابەسەر مرۆڤدا دەکەوێتەوە پشت بە شتێک ببەستێ ئەویش مەعریفەیە. مەعریفە زۆر لەراست و ڕەوانیی (بێگومانبوون)ەوە دوورە. ئەو وادەزانێ کە ئەوەی ناوی سروشتی لێناوە مرۆڤ نییە. ئەوەشی ناوی مرۆڤی لێناوە سروشت نییە.

*"هەرکە مەعریفە هەبوو. بێسەروبەریش دەبێت. ڕێبازی دروست لەتێپەڕاندنی مەعریفەدایە.. ئەوەیش بەتەواوی لەبەشی دووەمدا گفتگۆی لەسەر کرا.. مەعریفەی ڕاستینە بۆ مرۆڤی ڕاستگۆ ئەو مەعریفەیەیە کە ناوی ئەزموونی پوختی لێدەنێین.. ئەمەش ئەوەیە لەم وەسفەی خوارەوەدا بۆ مرۆڤی ڕاستگۆ دەیبینین"* قۆنگ

مرۆڤی ڕاستگۆ تەنیا مەعریفەی ڕاستگۆیانەی هەیە.. مرۆڤی ڕاستگۆ کێیە؟ مرۆڤی ڕاستگۆ لەکۆندا تەنانەت بەرهەڵسی کەمایەتی نەکردووە.. وەدووی کاری پاڵەوانانە کەوتووە.. نەخشەی دانەناوە.. ئەوجا بەشکستهێنان دڵگران نەبووەو بەسەرکەوتنیش دڵشاد نەبووە.. بەمجۆرە توانیویێتی بەبێ ترس وەسەر بەرزاییێکان سەرکەوێت و وەنێو ئاو بکەوێ بێئەوەی تەڕبێت. وەنێو ئاگریش بکەوێ بێئەوەی هەست بەگەمایی بکات.. ئەمجۆرە نموونەیە هی ئەوەیە مەعریفەکەی گەیشتۆتە ئاستی **تاو**.

مرۆڤی راستگۆی پێشینە دەنووست و خەونی نەدەبینی.. بەخەبەر دەهات و ڕاڕا نەبوو.. دەیخواردو خۆراکەکەی هەڵنەدەبژارد، بەقووڵی هەناسەی دەدا.. هەناسەکەی لەپاشەوە بۆیدەهات کەچی خەڵکی ئاسایی لەقوڕقوڕاگەیانەوە هەناسە دەدەن.. دوور بوو لەوانەی وتەکانیان وەك هێلنجدان دەردەپەڕێنن.

*"مرۆڤی راستگۆ هێمنە، سەقامگیرە، دڵنیایە.. بەڵام خەڵکی ئاسایی هەموو لەنێو بێسەروبەریی و شپرزەییدا نقومبوون"* **ڤۆنگ.**

ئەوەی ئارەزووەکانی لەقوڵاییدا بێت.. کانیی تەبیعەتی لەتەنگاودایە.

مرۆڤی راستگۆی پێشینە خۆشویستنی ژیان و رقلێبوونی مردنی نەدەزانی.. دەژیاو هەستی بەشادمانی نەدەکرد.. بێ پەلەقاژێ دەمرد.. بێئاگا دەڕوی.. بێئاگا دەهات.. بەهوشیارییێوە هەوڵی لەبیرچوونەوەی ئەوەی نەدەدا سەرەتای ژیانی چۆن بووە.. یاخود بەدووی ئەوەدا بگەڕێ کۆتاییهاتنی چۆن دەبێ.. هەر شتێکی وەپێش بهاتایە بە شادمانییێوە قبوولیدەکردو.. هەر شتێکیشی لەبیربچوایێ لێیدەگەڕاو بەتەنگێوە نەدەهات.. زەینی بەئاگا کار لە **تاو** ناکات.. یاخود کار لەتەبیعەتی تەواوکەری مرۆڤ ناکات.. ئەمە ئەوەیە کەناوی مرۆڤی راستگۆی لێدەنێین.

لەم کەینوونەیەیدا هزری لەهەموو بیروڕاکان ئازاد دەبێت.. هەڵسوکەوتی چەسپیوو ڕۆشن تەویلی برشنگی سادەیی دڵپاکی دەداتەوە.. چوون پاییز سارد، چوون بەهاردش گەرم.. بێزاریو ئاسوودەیی چوون چوار کەشەکە بەلایەوە خۆرسکانەن.. لەگەڵ هەموو شتەکاندا هۆگرو تەبایە بێئەوەی هیچ پێوەرێکی چەسپیوو بزانێت.. ئەئاوا دانا دەتوانێت لەهەڵسوڕاندنی جەنگدا وڵاتێ وێران بکات بێئەوەی متمانەی خەڵکی پێی بدۆڕێنێت.. سودبەخشینی دەگاتە دووری دە هەزار میل بێئەوەی ببێتە (خۆشەویستی مرۆڤ).

ئیدی ئەوەی بۆ مەبەستێك هەوڵدەدا هەموو شتێك بزانێت دانا نییە.. ئەوەی دەیەوێ کاریگەریی خۆی دەربخات ئەهلی چاکە نییە.. ئەوەی بەمەبەستێکەوە چاودێری گۆڕانکارییێکانی کات دەکات لەزومرەی دانایان نییە.. ئەوەی ناتوانێت سوودبەخش و زیانبەخش چونییێك بکات لەدەستەی چاکەخوازان نییە.. ئەوەی بۆ ناوبانگ کاردەکاتو بەمەیش خەسڵەتە تایبەتییێکەی خۆی بزردەکات لە پێڕی مەعریفە نییە.. ئەوەی خەسڵەتە تایبەتەکەی خۆی بزردەکاتو گومڕادەبێ ناتوانێت خۆی لەخەڵکی جیابکاتەوە هەموو ئەوانە **هو فۆچێ، وو کوانگ پو بی، شۆ چێ تزفۆ، شۆ یو، چێ تو، شەن تو تی**.... لەو جۆرە مەردمانەن.

*"لەڕەوشتگەراییکانی سەردەمی دێرین بوون"* **فۆنگ**

هەموو بەپێی پێوەری خەڵکی رەفتاریاندەکرد نەک بەپێوەری تەبیعەتی تایبەتی خۆیان.. هەموو بۆ ئاسوودەیی خەڵك نەك خۆیان کاریاندەکرد.

لەپێشیندا.. دیمەنی راستگۆ بەشتێکی بەرزو شکۆدار دەچوو.. بێئەوەی مەترسی کەوتن‌و نزمبوونەوەی لێبکرێت.. شتێکی ئاوا ناتەواوبوو.. وەلێ پێویستی بەتەواوکردن نەبوو.. سەربەخۆیانە هەڵدەسوڕا وەلێ یێکلاییکەرانە بوو.. ڤالایی (بۆشییێتی) دیاربوو بەڵام نمایشی نەدەکرد.. زەردەخەنە دەیگرت‌و شادمان دیاربوو.. خۆڕسکانە بەدەمتەوە دەهات هەروەك ئەوەی لەوە زێتر هیچی دی پێنەکرێت.. لەگوزارەکردنیدا کەمەندکێشیی ئاشکرای تێدابوو.. ڤالاییێکەی شوێنکەوتەیی مرۆڤی بۆ چاکەخوازی دەسەلماند.. بەرزو بڵندییێکەی قابیلی دەستبەسەرداگرتن نەبوو، نهێنییێکانی بەدەر نەدەکەوتن لەبەرئەوەی هەمیشە بەئاگا نەبوو.. ئەوەی دەیوت لەبیردەچۆوە.. یاسای بەڕوالەتکارییێکی دنیایی حکوومەت دادەنا و ئاهەنگەکانی بەباڵن‌و، مەعریفە داخوازیی کاتە و، چاکەخوازیش رێنماییکەرە.. روانینە یاسا وەك رواڵەتێکی فەرمانڕەوایی زەمینی.. واتا یاسا لەنەریتەکانی جیهانی مرۆڤە.. دانانی مەعریفە بەداخوازیی کات واتا پێڕەوکردنی رێبازە حەتمییێکەی شتەکان‌و.. دانانی چاکەخوازیی بەڕێنماییکەر واتا گەڕانەوە بەرەو هەواری پێشوو.

ڤۆنگ *"واتا بەرەو سروشت"*

لەتەك ئەوانەی توانای رۆیشتنیان هەیە لەخۆیەوە دەڕوات.. خەڵكی وادەزانن كە تەقەلاییكی تایبەتی دەدات.. بەمجۆرە ئەوەی حەزی لێیە ئەوەیە بەرەو پێك بگەڕێتەوە.. ئەوەی حەزیشی لێ نییە ئەوەیە بەرەو پێك بگەڕێتەوە.. ئەوەی بەلای ئەوەوە پێك نییە ئەوە هەر پێكە.. ئەو كەسەیە دەزانی پێك سەر بەسروشتەو سەر بەمرۆڤ نییە.. نەسروشت و نەمرۆڤ هیچكامیان بۆیان نییە ئەویدی بخەن.. ئائەوەیە مرۆڤی راستگۆ.

*"راستگۆ سروشت و مرۆڤ دەكاتە پێك و پێكسانیی دەخاتە نێو هەموو شتەكانەوە بەرهەڵستی و دژواری نێوان شتەكانی لانییە.. پێكدی بەزاندن لەنێوان سروشت و مرۆڤدا نییە.. لەبەرئەوە ئەو وەك هەموو شتێك بۆشە.. بێئاگایەو لەهەموو شوێنێكدایەو ئەوەیشە كەلەهەناودا نێوان خۆی و خەڵكی دی پێكدەخات"* **كووشیانگ**

*" ئەمە ئەوەیە **چۆنگ تزۆ** ناوی لێدەنێت -گرتنەبەری جووتە رێباز لەهەمانكاتدا- هەروەكو لەبەشی دووەمدا باسكرا"* **فۆنگ**

قەدەر بەتەنگ ژیان و مەرگەوەیە.. بەدوی پێكدی هاتنیان وەك بەدووی پێكداهاتنی رۆژو شەوە.. ئەمە گۆڕانكارییێكانی سروشتە.. شتێكە لەدەستی مرۆڤدا نییە.. واقیعی شتەكانی دیكەش هەر ئاوەهان لەنێو خەڵكیدا كەسانێك هەن ئاسمان بەباوكی خۆیان دادەنێن و لەخۆشویستنیدا بەردەوامن.. ئەی دەبێ ئەوەی لەئاسمان مەزنترە چەندیان خۆشبوێت؟

*"مەبەستی تاوە"* **لۆنگ**

تیایاندایە فەرمانڕەواکەی لا بەرزو بڵندەو ژیانی خۆی لەپێناویدا دەکاتە قوربانی.. ئەدی دەبێ بەرامبەر ئەوەی لەفەرمانڕەوا زۆر مەزن و راستینەترە چی بکەن؟

*"هەر مەبەستی تاوە"* **لۆنگ**

کاتێ کانیاوەکان وشکدەکەن ماسییەکان دەخزێنە وشکانی تاکو یێکدی بەو شێدارییەی لەدەوریانە تەڕبکەن و بەدابەشکردنی لینجاییەکە بەنێو پێستیاندا بەتەڕوبڕی بیانهێڵێتەوە.

*"ئەو رەوشگەرایانەی جیهان بەچاکەو سەرڕاستی چاکدەکەن"* **لۆنگ**

ـبۆ ماسی ـ واچاکترە لەنێو روبارو دەریاچەکان یـێکدی لەبیر بکەن.

*"لە تاودا خەڵکی یێکدی فەرامۆشدەکەن"* **لۆنگ**

خەڵکی ستایشی **یاو** دەکەن و زەمی **چێ** دەکەن.. بەڵام وابۆیان چاکترە هەردووکیان فەرامۆشکەن و هەردو رێبازە جیاوازەکەیان بکەنە نموونە.. جیهان لەنێو جەستەماندا هەڵماندەگرێت.. بەدرێژایی تەمەن رەنجمان پێدەدات.. لەپیریدا

هێمنیمان پێدەبەخشیّ‌و لێماندەگەڕێت تا لەمردندا بحەوێینەوە.. ئەمەیە ژیانمان والێدەکا باشبێت‌و مردنیشمان هەر باشبێت.. دەکریّ بەلەمێك لەجۆگەییێکدا دابنرێت‌و تۆڕێکیش لەدەریاچەدا.. ئەمە بۆ هەردووکیان بەتەواوی باشە.. بەڵام لەوانەیە لەنیوەشەودا پیاوێکی بەدەست‌وبرد بێت‌و هەردووکیان بەکۆڵییەوە بنێت و بیانبات.. نەفام نازانیّ کێشەکە لەچۆنێتی پارێزگاریکردندا /شتی کچەکە لەگەورەدا/ نییە.. کە هەردەم مایەی بزرکردنن.. بەڵام ئەگەر هاتیت جیهانت لەنێو جیهاندا شاردەوە.. ئیدی دەرفەتی بزربوونی نامێنێت.. ئائەمەیە مەزنە راستگۆیی شتەکان (١).

ئەوە راستییە مەزنەکەی شتەکانە.. پابەندێتی بەوێنەی بەشەرییەوە سەرچاوەی خۆشییە.. بەڵام لەرۆگەی هەتاهەتاییدا هەزارەها وێنەی چونییێك لەچاکەدا هەیەو ئەگەر بکەیتە ژێر ئەو ئاڵوگۆڕە لەژمارە نەهاتوانەدا ئەوە خۆشی‌و شادییێکی بێهاوتایە.. ئا لێرەوە دانا دەستدەکاتە گەشتکردنەکەی بەو نێوەندەدا کە ترسی بزرکرنی شتەکانی نییەو، تاکۆتایی بزرنابن‌و پێیدەمێننەوە.

*"داناییان بەنێو کووچەو کۆڵانەکانی وەرچەرخانەکاندا گەشتدەکەن‌و شوێن رۆگەی نوێکردنەوەی رۆژانە دەکەون.. شتەکان لەتەکیاندا دەگۆڕێن.. ئالوگۆڕ بێکۆتاییەو داناییانیش کۆتاییان نایەت.. ئەوان ژیان بزردەکەن‌و لەمردندا درێژەی پێدەدەن.. واتا بەردەوام ماونەتەوە"* **کووشیانگ**

"ئەوانەی جوانەمەرگیی، تەمەندرێژیی، سەرەتاو کۆتایی هەموویان بەشتی چاك دەزانن. دەبێ ئەوانە پێشرەوبن و شوێنکەوتەیان هەبێت.. ئەوەی هەموو شتەکان بۆ لای دەگەڕێنەوە دەبێ چەند گەورەو بەرین بێت.. ئەوە ئەوەیە بەرزبوونەوە مەزنەکە پشتی پێدەبەستێت.. ئەم بڕگەیە ئەوە دەردەخات کەگەشتی راستگۆ لەواقیعدا پشت بەهیچ -ناشتی- دەبەستێت.. وەك لەبەشی یێکەمدا باسکراوە" **لۆنگ**

**تاو** واقیع و رێنمایی هەیە.. بەڵام بێکردار و بێوێنەیە.. ئاڵوگۆڕ دەکات بەڵام وەرناگیرێ. دەشێ بگیرێت بەڵام ناتوانرێ ببینرێت.. بەهۆی خۆیەوە یان لەنێو خۆیدا هەیەو بەر لەهەبوونی ئاسمانەکان و زەوی هەبووە.. بەڵکو لەسەر ئاستی ئەبەد هەیە.. هەرئەوە خوایەتی بەخواوەندەکان و، وجوود بەجیهان دەبەخشێت.

"*__تاو__ خواوەندێتی بەخواوەندان نابەخشێت. بەڵکو خۆی لەخۆیدا خواوەندێتییە.. بەمەیش ئەو بەنەکردنی بەخواوەند دەیکاتە خواوەند.. __تاو__ جیهان بەرهەم نامێنێت. جیهان خۆی خۆی بەرهەمدێنێت.. بەمەیش __تاو__ بەبەرهەم نەهێنانی جیهان، جیهان دێنێتە بەرهەم*" **کوشیانگ**

**تاو** لەسەروو کەشکەلانی فەلەکەوەیە.. بەڵام بەرز نییە.. لەژێر ئەستێرەوەیە.. بەڵام نزم نییە.. لەنزماییرین شوێندایە

بەلام نەوی نییە. پێش ئاسمان و زەوی هەبووە بەلام کۆن نییە.
پێش دێرینترین دێرینەو کۆن نییە.

*"ئــەوە دەردەخــات تــاو لەهــەموو جێگەیێکدایــە..*
*لەبەرزترین شوێندایەو بەرز نییە.. لەنزمترین شوێندایەو نزم نییــە.. لەســەردەمە هێجگــار دێرینەکاندایــەو بۆخــۆی کــۆن نییــە.. لەهــەموو جێگەیێکــدا هەیــەو لــەهیچ جێگەیێــشکدا نییە"*

**کووشیانگ**

دارِشتنێکی دی لەوەرگێڕانەکەی انیدهام):

**تاو** واقیع و ڕێنماییە بەڵام بەبێ کردارو بێوێنە.. بەنێو شتەکاندا تێدەپەڕێت و ناتوانرێت بگیرێ.. دێتەدیو نابینرێت.. بەهۆی خۆیەوە بەر لەبوونی ئاسمان و زەمین خۆی زەوی دۆزیوەتەوە.. تاو لە سەروو کەشکەلانی فەلەکەوەیە.. بەڵام بەرز نییە.. لەژێر ئەستێرەوەیە وەلێ نزم نییە.. لە نزماییترین شوێندایە کەچی نەوی نییە.. پێش ئاسمان و زەوی هەبووە لێ کۆن نییە.. دێرینترین دێرینە و کۆن نییە.

ئەستێرەی **شی وی**(٤) فێری **تاو** بوو.. **تاو** بەئاسمان و زەوی هاوسەنگیکرد.. وەچنگ ئەستێرەی **فۆشی**(٥) کەوت و چووە نێو نەژادی مادەکانەوە.. حەوتەوانە پێیگەیشت و هەرگیز لەسوڕگەکەی خۆی لاینەدا.. خۆرو مانگیش هەرگیز لەبزووتنەوەی خۆیان نەکەوتن.. وەچنگ رۆحی **کان پی** کەوت.. خستیە نێو چیاکانی **کۆن لونگ** -دڵی جیهان- ەوە.. وەچنگ رۆحی روباری **فەنگ یی** کەوت.. گەشتەکەی بەنێو روباری مەزندا کردو **چین رۆ** نیشتەجێکەی لەشاخی **تای** بوو.. ئیمپراتۆری **زەردیش** بەهۆیەوە بەرەو ئاسمانی سەدیمی

بەرزبۆوە و **چوان شۆ**(٦) لە تەلاری نووتەکدا جێگیربوو... **یوشیانگیش** هاوشانی جەمسەری باکوور بوو.. وەچنگ **شی وانگ مۆ**(٧) کەوت.. لە چیای **شاو کوانگ** نیشتگەیێکی دایێ و کەس نە سەرەتای زانی و نە کۆتایی.. وەچنگ باپیرە **پەنگ شۆ** کەوت.. لە سەردەمی **شۆنە**وە تا سەروبەندی پێنج شازادەکە **ژیا**.. وەچنگ **فۆ یوەی**(٨) کەوت.. بووە گەورە وەزیری **وو تۆنگ** و دەسەڵاتی بەسەر گشت ئیمپراتۆریەتەکەدا هەبوو.. دوای مردنیشی سواری هەسارەیێك بوو کە هەسارەیێکی دی رادەکێشا و لەنێو خولگەی ئەستێرەکاندا جێی خۆیکردەوە.

*''ئەم برگەیە وەسفێکی شیعری بۆ **تاو** و ئەوانەی وەچنگیان هێناوە پێشکەشدەکات''* **فۆنگ**

**نان یوتزۆ کوەی** لە **نیوچۆی** پرسی چۆن بەو پیرییە روخساری بەهی منداڵ دەچێت؟

وەڵامیدایەوە: چونکە تاوم ناسی نان یو پرسی: دەتوانم تاو بناسم؟

**نیوچۆ** وەڵامیدایەوە: نا.. چۆن دەتوانیت ئەو مرۆڤەنیت شایانی ناسینی بیت.. باسی بولیانگ یی‌ت بۆ دەکەم.. ئەوەی کەبلیمەتیی دانایێکی هەبوو بەڵام هی تاو نا.. من تاوم هەیە بلیمەتیش نیم ویستم فێریبکەم تاو دەبێتە دانایێکی راستەقینە.. فێرکردنی دانایی تاو بۆ مرۆڤێکی بلیمەت بەکارێکی ئاسان دادەنرێت. بەڵام نا.. بەردەوام خەریکی بوو پاش سێ رۆژ ئەوجا وایلێهات بتوانێ گوێنەداتە هەرچی کەلپەرلی دنیایی هەیە.. دوایئەوەی توانای بەتەنگ کەرەستە

دنیاییکانەوە نەیەت. لەفێرکردنیدا بەردەوام بووم. پاش حەوت ڕۆژ خەریکبوو بتوانی گوێنەداتە شەرە زەمینییکان. دوایئەوەی توانی شتە زەمینێکان فەرامۆشبکات.. لەفێرکردنیدا بەردەوامبوومو پاش نۆ ڕۆژ خەریکبوو دەیتوانی گوێنەداتە وجوودی کەسێتی خۆی.. کەگەیشتە ئەوەی هەبوونی کەسێتی خۆی فەرامۆشبکات.. بووە ڕۆشنبیر متەنەویر.. کەوایلێهات توانای ئەوەی وەبەرهات یێك بینی وە چنگبخات.. کەتوانای ئەوەی هەبوو یێك بینی وەچنگبخات توانای ئەوەی وەبەرهات جیاوازی نێوان رابردوو ئێستە تێپەڕێنێ.. هەرکە توانای فەرامۆشکردنی جیاوازیی نێوان رابردوو هەنوکە هەبوو. دەتوانی بچێتە نێو ئەو مەملەکەتەی کەمەرگ و ژیان تێیدا هاشاندەبن.. ئەوەش ئە حاڵەتەیە کەێرانبوونی ژین تێیدا بەمردن داننرێتو درێژە یێدانیشی بەژیان دانانرێت.. ئیدی لەوێوە وایلێهات وەدووی هەموو شتێ بکەوێو هەموو شتێ بقۆزێتەوەدو هەموو شێ لەدیدی ئەوەوە بەرە تێکشکانو وێرانبوون دەچوو.. هەروەکو چۆن هەموو شتێکیش بەرەو ژیانەوە دەچوو.. ئەم حاڵەتە بەهێمنی لەپشێویدا ناودەبرێتو ئەودیە واتای کاملبوون دەبەخشێت.

*"وێرای ئەو وەزعە ڕۆحیانییەی لەسەرەوە باسکرا.. هێشتا لەپێناوی ژیان لەگەڵ خەڵکیدا سروشتیانە خۆیدەگونجێنێ.. خۆکشانەوەی ئەوها کەسێك (ناسکێك) بۆ دەسەبەرکردنی مرۆڤی پوخت، کارێکی پێویست نییە"* **گایلز**

## دارِشتنێکی دی دەقەکە لەلایەن ئوستاد هیوزەوە:

**بولیانگ یی** بەهرەی دانایی تێدابوو بەڵام تاو دانایی تێدا نەبوو.. منیش **تاوی** دانام هەیەو بەهرەم نییە.. زیستم فێربیکەم.. بەو ئومێدەی ببێتە داناییێکی راستەقینە: سێ رۆژ دەرزم دادا ئەوجا توانی ئاور لەجیهانی مرۆڤ دا بداتەوە.. کە ئەم قۆناغەی بڕی حەوت رۆژ دامنا ئەوجا توانی گوێنەداتە شتە زەمینەییێکان بەهەموو جۆرەکانییێوە.. کەگەیشتە ئەم قۆناغەش نۆ رۆژ دامنا تاکو توانی خودی خۆی فەرامۆشبکات.. دوایئەوە بەتەواوی بەرچاوی رۆشنبۆوە.. کە ئەم زەینرۆشنییەی بەدەستهێنا.. توانی یێکایەتی ببینێ.. کەتوانی یێکایەتی ببینێ توانی رابردوو و ئێستەی نەبێت.. کەبووە کەسێکی بێرابردوو و بێئێستەیی توانی بگاتە نەمریی و نەژیایی.. ئەو حاڵەتەی کەتێیدا ژیان وێرانبوون مردن نییە و.. زێدە ژیانیش ژیان نییە.. لەبەرئەوەش کەخۆی شتێکە بەردەوام لەگەڵ شەکاندا هاوڕێو تەبا بوو.. بەردەوامیش پێیان خۆشنوودبوو.. بەردەوام وێراندەبوو.. بەردەوام کامڵدەبۆوە.. ئەم قۆناغەی کەمنداڵێکە

چون ئاشتی وایە ئەو مرۆڤەی لەم ئاشتییەدایە منداڵێکە بەرەو کامڵبوون.. پێیدەوترێت (کامڵبوونی منداڵێتی).

**ئان یزۆ کوی** پرسی: ئەمە لەکوێوە فێربوویت؟

**نیوچۆ** وەڵامیدایەوە: نوسین لەفێربوونەوە، فێربوون لەتێگەیشتنەوە.. تێگەیشتن لەبەردەوامییەوە بەردەوامی لەسووربوون لەسەری.. سووربوون لەسەری لەچێژ وەرگرتنەوە.. چێژ لەشاردراوە.. شاردراوە لەبێ ناولێنان.. بێناولێنان لەبێکۆتاییەوە.

*"ئەم گفتوگۆیە هەنگاوەکانی فێربوون (وەرگرتن)ی تاوە"* **فۆنگ**

**تزۆ سەو ، تز یۆ، تزۆ لی، تزۆ لای** بەیێکدییان وت:

ئەو کەسە کێیە کە دەتوانێ سەری هەبوونی نەکاتە شتێ و ژیان نەکاتە بڕبڕە پشتی خۆیو مردن نەکاتە کلکی! ئەو کەسە کێیە دەزانێ مەرگو ژیان، هەبوونو نەبوون یێکشتن.. ئەو مرۆڤە هاوڕێی ئێمەیە.

هەر چواریان زەردەخەنە گرتنیو لەگەڵ یێکدیدا پێکهاتنو بەوە بوونە هاوەڵانی یێکدی.

هێندەی نەخایاند **تزۆ یو** نەخۆشکەوتو **تزۆسەو** چووە دیدەنی..

نەخۆش وتی: وەستای شتگەڵ چەند مەزنە.. بەفەزڵی ئەئاوا شێواو بووم.

پشتی کۆمابۆوە و گیپاڵی سەروو جەستەی کەوتبوو.. شانەکانی لەسەری بەرزتر دەرپەڕیبوون و ئێسکەکانی ملی بەرەو ئاسمان دەرپەڕیبوون.. بەکورتی ئازای ئەندامی هیچیان لەجێی خۆیاندا نەبوون.. کەچی زەینی سەلامەت و ئاسایی بوو.. بۆ بیرێك روانی و سەیری شێوەی خۆی تێدا کردو وتی: ئۆه.. وەستای شتگەل کردوومێتیە دەعەجانی.

**تزۆسەو** لێیپرسی: ئایا بەدڵت نییە؟

وەڵامیدایەوە: نا.. بۆ بەدڵم نییە.. ئەگەر باڵی چەپم ببوایەتە کەڵەشێرێك.. دەمکردە رێبەری سەعاتەکانی شەوانەی خۆم.. ئەگەر باڵی راستم ببوایەتە کەوانێك باڵندەیەیێکم پێ راودەکرد و دەمبرژاند.. ئەگەر سێبەندەم ببوایەتە گالیسکەو رۆحیشم بەئەسپ.. سواری دەبووم و ئیدی پێویستم بەئەسپ نەدەما.. کاتێ هاتین بەبۆنەی لەدایکبوونەوە بوو.. کە دەشرۆین.. ئەوا زۆر بەسادەیی ئێمە وەدووی رۆگەی سروشت دەکەوین.. ئەوەی لەڕووداوە داهاتەکاندا خۆڕاگر و بەجەرگە و شوێن رۆگەی سروشت دەکەوێت.. خەم و خۆشی لەهەناویدا هیچ ناچنن.. ئەوانە ئەو کەسانەن کەپیاوە دێرینەکان بەئازادبوو لەکۆت دایان دەنێت.. ئەوانەی ناتوانن کۆتەکانی خۆیان بپسێنن.. لەتێکچرژانی شتەکاندا دوودڵن.. لەمەیش واوەتر ئەو حەقیقەتەیە کەشتە بەشبەشەکان بەسەر سروشتدا زاڵ نابن.. حەقیقەتێکی لەمێژە دانپێدانراوە.. ئیدی بۆچی لەم حاڵەم هەڵبێم؟

ئەمجا **تزۆ لای** نەخۆشکەوت و نەخۆشییەکەی خستییە شارای لەمەرگەوە.. کاتێ **تزۆ سەو** هاتە دیدەنی بینی ژن و منداڵەکانی‌لەدەوری دەگرین.. هاواری لێکردن: بەسە! لێیدوورکەونەوە.. ڕێڕەوی سروشت تێکمەدەن.. ئەمجا شانیدایە سەر دەرگەکەو تی: سروشت گەورەترە چیت لێدروستدەکات؟ ئایا دەتخاتە نێو جەرگی مشکێکەوە؟ دەتکاتە باڵی جانەوەرێك؟

**تزۆ لای** وەڵامیدایەوە: کاتی فرزەند داوا لەباوکی دەکات بەرەو خۆرهەڵات یان خۆرئاوا، بەرەو باشور یان باکوور بڕوات.. ئەوا بەئاسانی بەگوێیدەکات.. **ین یانگی** سروشت لەباوکە مرۆڤەکەم زێتر چیدی نییە.. ئەگەر مەرگم بەسەردا بسەپێنێ و بەخێرایی فەرمایشتەکەی جێبەجێ نەکەم‌و یاخی‌و لوتبەرزبم.. هەڵەکە لەسروشتەوە نییە.. جیهان بەدرێژایی تەمەن لەنێو دەستە ماندووەکانمدا هەڵمدەگرێ.. لەپیریدا ئاغریم پێدەبەخشێت‌و حەوانەوەش لەمردندا.. ئەوەی ژیانم چاکدەکات مردنیشم چێدەکات.. تۆکمەچییێك کانزاکەی دادەڕشت.. ئەگەر کانزاکە هەڵقونیایە و بیوتایە دەبێ بمکەیتە شمشێری **مومیە** (٥).. توکمەچییە دەستڕەنگینەکە ئەمە بە ناتەواوییێك لە بەسەلیقەیی خۆیدا دادەنێت.. ئێستەش ئەگەر من کە جارێك شێوەی بەشەرم وەرگرتوە وتم: دەبێ ببمە مرۆڤ، دەبێ ببمە مرۆڤ.. دوستکەری شتەکمان بەبێزەوقم دادەنێت.

ئەگەر جیهان وا دابنێین کوورەییێکی کانزا تواندنەوەیەو سروشتیش تۆکمەچییێکی مەزنە.. چ شوێنێك تێیدا بۆ وجوودی ئێمە لەبار نییە؟ بێدەنگ دەمرین و لەهێمنیدا دەژین.

"ئەم چیرۆکە وێنەی بەرجەستەکراوی تیۆری شاردنەوەی جیهان لەنێو جیهاندا دەخاتە ڕوو.. هەروەها تیۆری سەربەخۆیی مرۆڤی کامڵیش.. کەلەبەشی یێکەمدا هاتووە" **لۆنگ**

**تزۆسانگ هو** و **مەنگ تزۆ ڤان** و **تزۆ چییەن چانگ** هاوەڵی پێکدیبوون.. بەیێکدیان وت: کێ دەتوانێ ناپێوەلکاو پێکەوەبلکێنێت و هاریکاری لەناهاریکاریدا بکات؟ کێ دەتوانێت سواری ئاسمان بێت و بەنێو هەورەکاندا بگەڕێ و گەشتی هەتاهەتایی تێدا بکاتو بەردەوامیش و بۆ هەتاهەتایە وجوود فەراموش بکات؟

هەرسێکیان بەزەردەخەنەو سەیری یێکدیان کردو بەبێدەنگی سەری ڕەزامەندییان راوەشاندو بوونە هاوڕێی یێکدی.

پاش کەمێك **تزۆ سان هو** مرد.. بەر لەناشتنی **کۆنفۆشیۆس** **پێیزانی تزۆ کۆنگ**ی موریدی بۆ بەشداریکردنی ماتەمینییێکەی نارد.. **تزۆکۆنگ** رۆی.. لەوێ بینی ئاوەڵێکی گۆرانی دەڵێ و ئەویدیان عوود لێدەداتو پێکیشەوە بەهاوئاواز بەگۆرانییێوە دەڵێن:

نەی نەی **سان هو**

**سان هو** وا کەڕاینەوە

بۆ هەق کەڕاینەوە **سان هو**

ئێمە هێشتا ماوین

لەپاش تۆ لەنێو خەڵکیداین

نەی.. نەی سان هو

**تزۆ کۆنگ** بەپەلە گەیشتە لایان تا پێیانبلێ:

دەمەوێت لێتان بپرسم.. ئایا گۆرانیوتن لەحوزوری مردوودا شیاوە؟

هەردوو پیاوەکە سەیری یێکدیانکردو ئەوجا وتیان: ئەم پیاوە چی لەمەڕ شیاو و نەشیاو دەزانێت!

**تزۆکۆنگ** یێکسەر گەڕایەوە تا هەواڵ بە **کۆنفۆشیۆس** بگەیەنێتو ئەوجا لێیپرسی: دەبێ ئەوانە چ جۆرە پیاوێك بن؟ لەرۆشنبیریی بێبەری، جەستەی خۆیان بەلایانە نامۆ.. لەحوزووری لاشەی مردواندا ستران دەچڕن.. بێئەوەی هیچ گۆڕانێك بە روخساریانەوە دیاربێت.. ئەوانە چ جۆرە مەردمێکن؟

**کۆنفۆشیۆس** وەڵامیدایەوە: ئەوانە بەرەو دەرڤەی جیهانی مرۆڤ سەفەردەکەنو منیش بۆ هەناوی مرۆڤ سەفەردەکەم.. لەنێوان ئەم دوو رێبازەدا هیچ هێلێکی هاوبەش نییە.. من هەڵەبووم کەبۆ بەشداریکردنی ماتەمینییێکە ناردمیتە لایان.. ئەوانە یاوەری دروستکەی شتەکانن.. لەگەڵ یێکایەتی جیهاندا گەشتدەکەن.. ژیان بەپاشکۆییێك دادەنێن کەپێیانەوە لکێنراوە.. جواناوێکی زیادەیە بەسەریانەوە و مەرگ بەجیابوونەوەی پاشکۆکەیان وەدەرنانی جواناوەکەیان دادەنێن.. ئیدی بەم دیدو بۆچوونەیان چۆن دەتوانن لەبەرزیی ژیانو نزمی مەرگ تێبگەن؟ بەلایانەوە جەستەیان لەچەندین توخمی وەرگیراو پێکهاتووە و ئەوان بۆ ساتەوەختێك تێیدا دەمێننەوە.. جەرگ و زراوییان

لەبیردەکەن و گوێ و چاوانیان فەرامۆشدەکەن. کۆتاییاندێت و دەستپێدەکەن بێئەوەی بزانن کۆتاییو سەرەتا چییە. ئەوانە لەدەرقەی جیهانی چەپەڵدا و بەبێئاگایی ماخۆلانیانە. لەمەملەکەتی ناکرداردا دێنو دەچن. ئیدی چۆن سەریاندەپەرژێت خۆیان بەنەریتەکانەوەو لەپێناوی خەڵکی ئاساییدا سەغڵەت بکەن؟

**تزۆ کۆنگ** لێیپرسی: ئەی جەنابی مامۆستام! ئەگەر کێشەکە ئاوایە. تۆ بۆچی هێندە بەتەنگ دابو نەریتەکانەوەیت؟

**کۆنفۆشیۆس** وەڵامیدایەوە: من لەلایەن سروشتەوە گوناهبارم. بەهەرحاڵ ئەمە کێشەییەکی هاوبەشە لەنێوانماندا.

**تزۆ کۆنگ** وتی: دەوێرمو داوات لێدەکەم ئەمەم زێتر بۆ روونبکەیتەوە.

**کۆنفۆشیۆس** وتی: ماسی کەیفی بەئاو دێتو خەڵکیش کەیفیان بە **تاو** دێت. ماسی هۆگری ئەستێڵ گۆماو دەبێت خۆراکەکەیشی بەپێی ئەوێ بۆی دەگونجێت. خەڵکیش کەکەیفیان بە **تاو** دێ هیچ ناکەن و ژیانیان دەبێتە خۆژێنی – اکتفاء ذاتی–و تراویشە: ماسی نێو روبار و دەریاچەکان یێکدی فەرامۆشدەکەن. خەڵکیش لە **تاو**دا یێکدی فەرامۆشدەکەن.

**تزۆ کوانگ** پرسی: رێگەم دەدەی لێتبپرسم مرۆڤی نائاسایی چۆنە؟

**کۆنفۆشیۆس** وتی: مرۆڤی نائاسایی ئەوەیە لای خەڵکی نائاساییەو لای سروشت ئاساییە. لەبەرئەوە وتراوە: مرۆڤی

لای سروشت نرم.. لەنێو خەڵکیدا بەرزە.. مرۆڤی لای سروشت بەرزیش لای خەڵکی نزمە.

**ین هوی** لە **کۆنفۆشیۆسی** پرسی: کاتێ دایکی **مەنگ سۆن تزای** مرد.. بەبێ فرمێسک گریا.. لەدڵەوە هەستی بەکارەسات نەکرد.. ڕۆژانی ماتەمینی نەپەشۆکابوو کەچی بەباشترین شێوەنگێڕی وڵاتی **لۆ** دادەنرێت.. ئایا بەلاتەوە مرۆڤ دەتوانێ بەبێ بنچینە سومعە بۆخۆی پەیدا بکات؟ ئەمە بەڕاستی سەرسامیکردووم.

**کۆنفۆشیۆس** وتی: **مەنگ سۆن تزای** لەکامڵەکانە.. قۆناغێکی لەمەعریفە واوەترە.. هەندێ کەس مردن بەژیان دەپێون و جیاوازی لەنێوانیاندا ناکەن.. ئەمە کارێکی باشە.. وەلێ بەراوردکردن هەر دەمێنێت... **مەنگ سۆن** نازانێ ژیان چییە و مردن چییە.. ناشزانێ کامیان بەسەر ئەویدیدا پەسەند بکات.. ئەو وەدووی پێشهاتەکان دەکەوێت و چاوەڕوانی ئەوە دەکات کە هێشتا نەبووە.. لەمەیش واوەتر.. ئێستە ئێمە لەگۆڕاندایین.. چۆن دەتوانی ئەوەی هێشتا نەبووە بیزانین؟ ئێستە ئێمە بەرەو شتێ دەگۆڕدرێین هێشتا ڕوووینەداوە.. چۆن بزانین ئەو شتە چییە خەریکە ڕوودەدات؟ دەشێ تۆ و من لەخەونێکدا بین و هێشتا وەئاگا نەهاتبینەوە.. لای **مەنگ سۆن** گۆڕانکاری لەوێنەدا هەیە بەڵام لەزەیندا بێگرفت و چەڵەمەیە.. ئاڵوگۆڕ لەنیشتەجێییدا بەڵام مردنێکی ڕاستینە نییە.. دەگریا و بەئاسانیش وەدووی خەڵکی دەکەوت. لەهەموو شتێکدا خۆی دەبینی. چۆن بزانێت کە شتێکە لەنێو شتەکانی دیکەدا..

ئائەمەیە کەپێیدەگوترێت خودی تایبەتی خۆی. تۆ لەخەوندا خۆت دەبینی باڵندەیێکیت وەئاسمان دەکەویت.. دەبینی بویتەتە ماسییێکو وەژێر ئاو دەکەویت.. پێمانناکرێ بڵێین: داخوا ئێستە قسەکەر وەئاگایە یان لەخەوندایە. هەستی ساختە وەپێش زەردەخەنە دەکەوێت.. زەردەخەنەی بەتۆبزی سروشتی نییە. لەتەك سروشتدا مانەوەو.. شانبەشانی رێبازی گەشەکردنو بەرزبوونەوە رۆیشن دەتخاتە نێو بۆشایی، نێو سروشت، نێو یێکایی.

**لی ئەرتزۆ** چووە دیدەنی **شویو**. **شویو** وتی: چۆن لەیاو بەهرەمەند بویت؟

وەڵامیدایەوە: **یاو** پێیوتم دەبێ خێرخوازو سەرڕاستبمو دەبێ بەرەوانی راست و چەوت لێکجودابکەمەوە..

**شویو وتی**: ئەی کەواتە لێرە چ کارێکت هەیە؟ کە ئەو لێڕابینیویت و بۆ چاکەو سەرڕاستیی گازیکردوویتو لەسەر جیاکردنەوەی نێوان راستو چەوت دایمەزراندوویت.. ئیدی چۆن دەتوانیت بەرێگەوبانی ئازادی و رەوانیدا بسوورێیتەوە.. رێگەوبانی شکۆو نارێکو بێئامانج.. رێگەوبانی بەرزبوونەوەی بەردەوام لەگۆڕانکاریدا؟

**لی ئەرتزۆ** وتی: دەشێ وابێ.. وەلێ من من مەیلم لای تەوافکردنی دەوری سورگەکانە.

**شو یۆ** وەڵامیدایەوە: نا.. کەمرۆڤ کوێربوو بەتەنگ هەڵسەنگاندنی جوانیی روخساری بەشەرییەوە یان سیحری رەنگەکانەوە نییە. بەسووکی تێڕوانینی خاتوو **وو چۆنگ**

بەجوانییێکەی و.. **لیانگ** بەهێزو تواناکەی‌و دەستبەردارنی ئیمپراتۆری **زەر** لەمەعریفەکەی.. ئەمانە گشتیان بەهۆی هاڕین‌و پێچانەوەی بەردەوامی گۆڕانکارییێکانەوە بوون.. تۆ چۆن دەزانیت دروستکەری شتەکان شێوەو روخسارمی نەسریوەتەوە؟ یان هەڵوەشاندنەوەی جومگەکانم تا ئەو رادەیە نییە من وەشوێنت بکەوم و پێڕەوت بکەم‌و سەرجەمی روخسارم گەراندۆتەوە تاکو تۆ ببیتە مامۆستام؟

**شۆیۆ** وەڵامیدایەوە: ئاخ.. ئەوە ئەوەیە تا ئێستە نەمانزانیوە.. بەڵام من بۆت پوختدەکەمەوە.. ئۆم گەورەم.. شتەکان بەرلەوەی هەموارببن پارچەپارچەیان دەکات.. خێرو بێری بەهەموو نەوەکان دەگات.. بەڵام خێرخواز نییە.. ئەو لەهەموو شتەکان لەپێشترە وەلێ کۆن نییە.. ئاسمان دادەپۆشێ.. پشتیوانی زەمین دەکات‌و نەخشەی چەندین روخسارو شێوە بۆ هەموو شتەکان دەکێشێت لێ کارامە نییە.. من بەناویدا گەشتەکەم دەکەم.

*" ئەم برگەیە وەسفێکی تەبیعەتی **تاوە**.. **تاو** لەهەموو شتەکان دەگەڕێ‌و کرداری تایبەت بەخۆی دەکات.. سەرکەوتن‌و شکستهێنانی ئاکامی کردارە تایبەت بەخۆکانێتی.. بەهۆی ئەمەوە وتراوە: **تاو** بەهیچ نەکردن هموو شتێك دەکات"*

**ڤۆنگ**

**یـن هـوی** وتـی: هەنـدێك بەرەوپێشـچوونم بەدەسـتهێناوە..
**کۆنفۆشیۆس** لێیپرسی: مەبەستت چییە؟

ئائەمەیە کەپێیدەگوترێت خودی تایبەتی خۆی.. تۆ لەخەوندا خۆت دەبینی باڵندەییکیت وەئاسمان دەکەویت.. دەبینی بویتەتە ماسییێکو وەژێر ئاو دەکەویت.. پێماننناکرێ بڵێین: داخوا ئێستە قسەکەر وەئاگایە یان لەخەوندایە.. هەستی ساختە وەپێش زەردەخەنە دەکەوێت.. زەردەخەنەی بەتۆبزی سروشتی نییە. لەتەك سروشتدا مانەوەو.. شانبەشانی رێبازی گەشەکردنو بەرزبوونەوە رۆیشتن دەتخاتە نێو بۆشایی، نێو سروشت، نێو یێکایی.

**لی ئەرتزۆ** چووە دیدەنی **شویو**.. **شویو** وتی: چۆن لەیاو بەهرەمەند بویت؟

وەڵامیدایەوە: **یاو** پێیوتم دەبێ خێرخوازو سەرڕاستبمو دەبێ بەڕەوانی راست و چەوت لێکجودابکەمەوە..

**شویو وتی:** ئەی کەواتە لێرە چ کارێکت هەیە؟ کە ئەو لێڕابینیویت و بۆ چاکەو سەرڕاستیی گازیکردوویتو لەسەر جیاکردنەوەی نێوان راستو چەوت دایمەزراندوویت.. ئیدی چۆن دەتوانیت بەرێگەوبانی ئازادی و رەوانیدا بسووڕێیتەوە.. رێگەوبانی شکۆو ناڕێكو بێئامانج.. رێگەوبانی بەرزبوونەوەی بەردەوام لەگۆڕانکاریدا؟

**لی ئەرتزۆ** وتی: دەشێ وابێ.. وەلێ من من مەیلم لای تەوافکردنی دەوری سوڕگەکانە.

**شو یۆ** وەڵامیدایەوە: نا.. کەمرۆڤ کوێربوو بەتەنگ هەڵسەنگاندنی جوانیی روخساری بەشەرییەوە یان سیحری رەنگەکانەوە نییە.. بەسووکی تێڕوانینی خاتوو **وو چۆنگ**

**تزۆیو** و **تزۆ سانگ** هاوڕێ بوون.. وابوو یێکبینە دە ڕۆژ باران دنیای گرتەوە.. **تزۆ یو** وتی:

دەترسم **تزۆ سانگ** تووشی چەڵەمەیێك بووبێت..

هەندێ خۆراکی ئامادەکردو چوو بۆ لای.. کەگەیشتە بەر دەرگە گوێی لەشتێ بوو.. لەنێوان گۆرانیوتن و شینکردندا لەتەك دەنگی عوودەکەیداو دەیوت: ئۆی باوکە! ئۆی ئەی مرۆڤ!

دەنگەکە بەهەزار حاڵ دەهاتە گوێ‌و وشەکانیش بەنیخەنیخ دەوتران.. **تزۆ یو** چووە ژوورێ‌و وتی: بۆ بەمجۆرە گۆرانی دەڵێیت؟

**تزۆ سانگ** وەڵامیدایەوە: دەمەوێ بیربکەمەوە.

کێ منی هێنایە ئەم شێوە ژیانەوە؟ بەڵام بیرکردنەوەکەم بێهوودەیە.. باوك و دایکم پێیان گرانە بەهەژاری بمبینن.. ئاسمان هەموو شتێك چونییێك دادەپۆشێت.. زەویش هەموو شتێك چونییێك لەخۆی دەگرێت.. ئەی چۆن دەمخەیتە نێو ئەم هەژارییەوە؟ من بۆئەوە پرس‌وڕا دەکەم تا بزانم ئەمە چییە.. بەڵام بێهوودەیە پرسم.. بەهەرحاڵ.. دەشێ قەدەر منی فڕێدابێتە سەر ئەم لێوارە.

## پەراوێزەکان

١ـ راستگۆیی بەرامبەر (تۆن) دانراوە.. هیوادارم خوێنەر وشەی راستگۆیی و راستگۆ کەلەهەر شوێنێکدا لەم دەقانەدا هاتووە.. بەواتا باو و رۆژانییەییێکە وەریاننەگرێت.. لەفەلسەفەی چینیدا بۆ ئەو شتەی راستینەو ریشەداکوتراوە بەکاریدێنێ.

٢ـ **چوان شۆ** فەرمانڕەواییێکی خورافییە.

٣ـ **شی وانگ مو**: رۆحێکی ئەفسانەییە.

٤ـ **فوییوەیە**: گەورە وەزیری بنەماڵەی **شانگ** بوو.. **وو تۆنگ** لەپاشاکانی بنەماڵەی **شانگی** دووەمین بنەماڵە لەمێژووی چینیدا بوو.. لەدوو هەزارە ساڵانی بەر لەزایین.

٥ـ **مومیە** : شمشێرێك بوو لەچیندا وەك **زولفەقاری** عەرەبی ناسراو بوو.

## بەشی حەوتەم

## پاشای فەیلەسووف

## بۆ دامەزراندنی حکوومەتی پاشا راستەقینەکان

"هەتا فەیلەسووفەکان دەبنە پاشا.. یان پاشاو میرەکان رۆح و دەسەڵاتی فەیلەسووفیان دەبێت و تا مەزنیی سیاسەت و دانایی پێکەوە دەبنە یێك.. وڵاتان لەدەردو خەوش سەرفراز نابن -پێموایە سەری بەشەریش سەرفراز نابێت- ئەوسا ئیدی وڵاتەکەمان توانای ژیان و بینینی پرشنگی خۆری دەبێت.. ئەمە بیرۆکەی **ئەفلاتوونە**و هەروەها هی زۆربەی فەیلەسووفە چینییەکانە.. پێدەچێت ناونیشان و شێوازی حەوت بەشەکەی ناوەوەی کتێبەکەی **تزۆ چۆنگ** هەمان بابێخیان هەیە.. بەشی یێکەم باس لەحاڵەتی ئازادیی رەها دەکات.. دووەم یێکسانی رەها.. ئەوەی ئەم حاڵەتانە وەدەستدێنێت.. دەتوانێت ژیانی خۆی بەپوختی پەروەردەو چاکبکات و لەتەك خەڵکیدا لەجیهانی مرۆڤدا بژی و چاحکەخوازییەکەشی تەواوەتی بێت.. بەم چاکە

*خوازییە کاریگەریی سروشتیانەش دەکاتە سەر خەڵکیو ئەوجا دەبێتە مامۆستاییێکی مەزن.. مامۆستای مەزنیش دەبێتە پاشا.. مەزنێتی سیاسەت دەبێت ببێتە تاجی دانایی.. فەلسەفەیش لەبیروباوەڕدا داناییەو لەکردەوەشدا پاشایەتییە"* **لۆنگ**

**یەچوێ** لەگەڵ **وانگ یی**دا بەیییێکگەیشتن و چوار پرسیاری لێکرد.. **وانگ یی** وەڵامی هیچ پرسیارێکی نەدایەوە.. **یەچوێ** بەمە زۆر شادمانبوو.. بەبازدان و هەڵخستنەوە چووەلای **بویی تزۆ** تا ئەمەی پێڕابگەیەنێت.

**بویی تزۆ** وتی: ئایا پێشتر ئەوەت دەزانی؟

**شۆن**ی ئیمپراتۆر هاوتای ئیمپراتۆر **تای** ١ نییە.. **شۆن** هێشتاکە لەرێنماییکردنی خەڵکیدا پابەندی خێرو چاکەیە.. خەڵکی بەلای خۆیدا راکێشاوە.. بەڵام هێشتاکو لەسەریدا ئەوە ماوە جیاکاریی لەنێوان ئەوەی مرۆڤەو ئەوەی مرۆڤ نییە بکات و هەروها هەرگیز لەم جیاکارییە قوتارنەبووە.. ئیمپراۆر **تای** بەدڵنیایی دەنوێت و بەسادەییێکی قایلبوونەوە لەخەو هەڵدەستێت.. جارێکیان خۆی بینی ئەسپەو جارێکی دی گا.. مەعریفەکەی راستگۆیانە بوو چاکەخوازییێکەشی رەسەن.. هەرگیزیش نەکەوتۆتە داوی جیاکاریی نێوان ئەوەی مرۆڤەو ئەوەی مرۆڤ نییە.

*"ئەوە.. ئەوە دەردەخات کەلەجیهانی ناجیاکارییدا تاوی پوخت و گەوهەردار دەبێت"* **لۆنگ**

**چێن وو** رۆی **چێن یو**ی قۆشمە ببینێ.. کە لێیپرسی :ماوەیێك لەمەوبەر **تزۆنگ شیە** چی پێراگەیاندی؟

**چێن وو** وەڵامیدایەوە: پێیوتم: فەرمانڕەوا خۆی والێدەکا نموونەو رابەربێت و خەڵکیش بەیاساو پێوەرەکان رێکدەخات.. بەمەیش ئیدی کەس خۆی ناخاتە مەترسیی یاخیبوونەوەو گۆڕان رەتدەکاتەوە..

**چێن یو** وتی: ئەمە چاکەخوازیی گەندەڵکردنە.. کاتی فەرمانڕەوا بەمشێوازە هەوڵی پاراستنی سیستمی جیهان دەدات.. وەك ئەوە وایە خۆی دەخاتە دەریاوە تا ڕێگەیێك لەروباردا لێبدات.. یان وەك ئەوەی وا لەمێشوولەیێك بکات چیاییێك بەکوڵ هەڵگرێت.. کاتێ دانایان کار بۆ رێکخستنی جیهان دەکەن.. باکیان لەوە نییە لەدەرڤەی سروشتی بەشەریدا چی روودەدات.. لێدەگەرێن هەر مرۆڤە هاوشانی خەسڵەتە تایبەتییە گونجاوەکەی خۆی بەردەوامبێت.. هەر یێکێك ئەوە دەکات کەبەراستی دەسەڵاتی بەسەریدا دەشکێت.. باڵندە لەبەرزاییدا دەفرێت تا لەداوو تیر خۆی لابدات.. مشك لەژێر جێگەی قوربانییێکانەوە کونی خۆی لێدەدات.. تاکو لەمەترسی بەدووکەڵ خنکانو چاڵ لەسەری هەڵکەندن بەدوور بێت.. ئایا ئەو هەقیقەتانە دەزانیت کەبەم مەخلووقاتانەوە پابەندن؟

*"ئەم چیرۆکە ئەوە دەردەخات کەهەر شتەو قابیلیەتی سروشتیی خۆی هەیە.. تەنانەت باڵندەی بچووك و مشکی گچکەش رێبازی سروشتیی خۆیان لەخۆ پاراستن و کاروبار*

*دابینکردندا هەیە. ڕێبازی نموونەیی لەفەرمانڕەواییدا ئەوەیە لێگەڕێیت شتەکان بۆخۆیان ئەوەی لەتوانایاندا هەیە بیکەن"*

**لۆنگ**

**تیان کەن** بەرەو باشووری چیای **یین** دەڕۆیشت.. کەگەیشتە روباری **لیاو** دانایێکی بێناوی تووشبوو.. لێیپرسی: بەڵکو پێمبڵێیت چۆن جیهان فەرمانڕەوایی دەکرێت؟

زانای بێناو وەڵامیدایەوە: وەلبە! تۆ نزمیت.. چ پرسیارێکی قێزەونم لێدەکەیت؟ من لەخزمەت دروستکەری شتەکاندام‌و هەر هەستم بەشەکەتی کرد.. سواری باڵداری سانایی‌و بۆشایی دەبم‌و لەجیهان دەردەچم.. لەبن ناجێگەدا دەسووڕێمەوە.. لەسەڵتەنەتی ناشتیدا دەژیم.. بۆچی دێیت‌و بەکێشەی ڕێکخستنی دنیاوە وەرزمدەکەیت؟

**تیان کەن** پرسارەکەی دووپاتکردەوە..

بێناو وەڵامیدایەوە: گەشتێك بەنێو سانایی بێگەردا بکە.. خۆت لەتەك ناجیاکاریدا چێبکە.. هاوڕێی خەسڵەتی شتەکانبە.. لایەنگریی شەخسی مەکە.. ئیدی جیهان سەلامەتدەبێت.

**یانگ تزۆ** چۆ چووە دیدەنی **لاوتزۆ** پێیوت: لێرە پیاوێکی هوشیارو بەرچاوڕوون‌و بیرتیژ هەیەو بۆ ناسینی **تاویش** لەتەقەلادایە.. ئایا دەتوانرێ بەفەرمانڕەواییێکی ژێردابنرێت؟

**لاو تزۆ** وەڵامیدایەوە: بەبەراوردکردن لەگەڵ دانایاندا.. ئەمجۆرە پیاوە بۆئەوە باشە نۆکەرێك بێت یان وەستاییێکی چاك

و دروست بێت.. ئەوانە بەماسولکەکانیان رەنجەدەن و زەینیان کفتەدەکەن.. پڵنگ لەبەر جوانیی کەوڵەکەی راودەکرێت.. زیرەکیی زنجیر لەملی مەیمون و سەگ دەکات.. دەشێ فەرمانڕەوا بەم ئاژەڵانە بەراورد بکرێن؟

**یانگ تزۆ چۆ** بەشپرزەیی وەڵامیدایەوە: زاتبکەم لەمەڕ حوکمی فەرمانڕەوای ژیر پرسیارت لێبکەم؟

**لاو تزۆ** وەڵامیدایەوە: لەحکومەتی پاشای فەیلەسووفدا کار و دەستکەوتە دنیاییەکان مەزنن.. بەڵام وەك ئەوە وایە خۆی نەیکردبن.. هەموو شتەکان لەژێر دەسەڵاتیدا دەبن.. بەڵام کەس پشتی پێنابەستێت.

*"پیاوی رۆحانی کار و دەستکەوتی نییە.. وەك لەبەشی یێکەمدا وتراوە.. لێدەگەڕێت هەرکەسە بەپێی لێهاتوویی خۆی کاربکات"* **لۆنگ**

کەس ناتوانێت ناوێکی پێببەخشێت.. بەڵام هەرکەسە بەوەی هەیەتی خۆشنوودە.. پادشای دانا ئەوەیە پەنهانبێت و گەشتەکەی لەناهەبووندا بکات.

*"مرۆڤی کامڵ ئارەزوو (نەفس)ی نییە.. هەروەك لەبەشی یێکەمدا باسکرا"* **لۆنگ**

لەوڵاتی **چەنگ**دا فاڵچییێکی سەیر هەبوو ناوی **ج شیەن** بوو.. هەموو شتێکی دەزانی.. لەلەدایکبوون و مردنی خەڵکی

دەستکەوتو زیان.. بەدبەختیو ئاسوودەیی.. تەمەندرێـژیو کەمـەنکورتی.. تـا ئـەوەی بەسـاڵو مـانگو ڕۆژو بـەوردییێکی لەئاساییبەدەر پێشبینیدەکرد.

خەڵکی وڵاتی **چەنگ** پەنایان وەبەر دەبرد.. **تزۆ** چووە لای.. هەر بینی پێی سەرسامبوو.. لەگەڕانەوەدا بە **هو تزۆی** ئاوەڵی وت: گـەورەم! وا راهـاتبووم رێبازەکـەت بـەکامڵ بـزانم.. کەچـی ئێستە من ئەوەش دەزانم کەزۆر لەوە کامڵترە.

*" ئـەم چـیرۆکە بـەپێی **کووشـیانگ**.. رووە جیاوازەکـانی مرۆڤـی کـامڵ رووندەکاتـەوە.. مرۆڤـی کـامڵ (لەشـڵەژاندا نیشتەجێیە) هەروەکو لەبەشی دواییدا وتـراوە.. بەواتاییێکی دی لەچالاکیدا نیشتەجێیە.. لێـرەدا چـوار روخسـار دەردەکـەوێت: ئـاغری (نیـشتەجێبوون)، چـالاکی، هاوسـەنگکردنی ئـاغریو چالاکی (بزێوی).. ئەمجا ئاغری لەبزێویدا"* **فۆنگ**

**هـو تـزۆ** وتـی: سـیفەتی مەزهەبەکـەمم فێرکـردی.. بـەڵام گەوهەرەکەی نا.. ئایا لەو بڕوایەدایت کە پەیت پێبردووە؟

بـەبێ کەڵەشـێر مریـشکەکەت چ هێلکـەیێك لەکولانەکەتـدا دادەنێ؟ تۆ مەزەبەکەت بۆ خەڵکی ئاشکرا دەکەیت تا متمانـەیان وەدەسـتخەیت.. ئـا ئەوەیـە هۆکـاری بـەتوانایی ئـەو پیـاوە لەشـیکردنەوە (خوێندنـەوە)ی روخسـارتدا.. بـا لەگـەڵ خۆتـدا بێتو منی نیشاندە.

لەڕۆژی دواییدا **لیە تزۆ** و **چن شیەن** چوونە دیدەنی **هو تزۆ**.. هەرکە بینیان **چن شیەن** هاواریکرد: دەی! مامۆستاکەت

لەگیانەلادایــەـ. دە ڕۆژ زیــاتر نــاژی.. مــن شــتێکی ســەیر لەدەوروبەری دەبینم.. شتێ وەك لمی تەڕ وایە.

**لیو تزۆ** چووە ژوورەوەو هێندە گریا کراسەکەی تەڕکرد.. ئەمجا ئەوەی فاڵچییێکە وتبووی بە **هۆ تزۆی** گوت..

**هو تزۆ** گوتی: خۆمم لەشێوەی خۆڵدا نیشاندا.. چوون چیاش بێجووڵە بووم.. پێدەچێت وایدیبێتبم.. هەوڵبدە جارێکی دی لەگەڵ خۆتدا بیهێنیتەوە.

*"ئەمە لایەنێکی مرۆڤی کامڵە"* **فۆنگ**

ڕۆژی داهاتوو **لیە تزۆ** لەگەڵ فاڵچییێکەدا بۆ دیدەنی **هو تزۆ** هاتــەوە.. کەچــوونە دەرەوە فاڵــچی بــە **لیــە تــزۆی** وت: مایــەی خۆشبەختییە کــە مامۆستاکەت ئێستە هاتەلاەو لەدوێنێ باشتر بــوو.. تــەواو زینــدووەوە.. پێدەچــێت وەســتانی کــردارە سروشتییێکانی جەستەی شتێکی کاتی بێت.. **لیە تزۆ** چووە لای **هو تزۆو** قسەکانی فاڵچی پێڕاگەیاند.

**هو تزۆ** گوتی: خــۆمم لەشێوەی ئاسماندا نیشاندا.. نــاو و شــۆرەت و کــارو کاســپی ڕاســتینە عــەقڵم نایــانبڕێ.. فرمانــە سروشــتییێکانم لــەکانگای قەوارەمــەوە هەڵــدەقوڵێن.. پێدەچــێت فرمانــە سروشــتییێکانمی لەوپــەڕی چالاکیدا دیبێــت.. هەوڵبــدە جارێکی دی بیهێنیتەوە.

*"ئەمەش لایەنێکی دیکەی مرۆڤی کامڵە"* **فۆنگ**

رۆژی داهاتوو جارێکی دی **لیە تزۆ** هاتەوەو فاڵچیشی بۆ دیدەنی لەتەکدا بوو.. کە دەرچوونە دەر فالچی پێیوت: ماموستاکەت هەرجارەو جۆرێکە ناتوانم سیمای بخوێنمەوە.. یا تاکو ئاساییدەبێتەوە چاوەڕوانیین.. ئەوسا فەحسیدەکەم.

**لیە تزو** چووە ژووری لای **هۆ تزۆ** و ئەوەی پێڕاگەیاند..

**هۆ تزۆ** پێیوت: خۆمم لەحالەتی هۆگربوونی مەزندا نیشاندا.. کە هیچ شتێ لە هیچ شتێکی دی زاڵو بالاتر نییە.. **پێدەچێت هاوسەنگیی فرمانە سروشتییکانی دیبێتم**.. ئاو بەهەر **کوێی گای دەریادا** بسووڕێتەوە.. ئەوا گێژاو لەئارادایە.. لەبەر هەر لەمپەرێک بسووڕێتەوە دەبێ گێژاو هەبێت.. لەهەر کوێشدا بەتەوژم دەڕیەڕی.. لەوێدا گێژاو هەیە.. نۆ جۆر گێژاو بەناوی جیاجیا هەیە.. تەنیا سیانیانم وت: هەوڵبدە جارێکی دی لەتەك خۆتدا بیهێنیتەوە.

*''ئەمەش لایەنێکی دی مرۆڤی کامڵە.. هاوسەنگیی نێوان خامۆشی و چالاکی.. لێرەدا عەقڵی مرۆڤی کامڵ بەگێژاو بەراوردکراوە.. **کووشیانگ** وتی: **چوانگ تزۆ** لە گێژاو و یێکسانیکردنی سستییە بەبێدەنگی.. ئاو هزری نییە.. هەمیشە وەدووی سروشتی شتەکان دەکەوێت.. لەگەڵ ئەو جیاوازییەی لەنێوانی ڕۆیشتن و چەڵەمە ڕێگرەکانیدا هەیە.. لەنێوان بزوتنەوەی **گای دەریا** و **سەمای ئەژدیهادا** هەیە..*

*ئاو لەدۆخی بێدەنگیدا هەردەم وەکو خۆیەتی.. هەرگیز لەخامۆشی و بێدەنگی خۆی ناکەوێت.. مرۆڤی کامڵیش هەر وەهایە.. کە داوای لێدەکرێت شتێك بکات چالاکە.. ئەگەر داوای*

*لێنەکرێت خامۆشە.. وێڕای جیاوازی نێوان چالاکی و خامۆشی بەردەوام لە هێمنییێکی هەناویدایە.. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمەیش **چۆنگ تزۆ** باسی دۆخە جیاوازەکانی ئاوی کردووە.. وایداناوە کە نۆ جۆرە جیاوازەکەی ئاو -وێڕای تێکەڵاوبوونی لەباری و نالەباری شێوازەکەی لەوە دەچێت کە بوونەوەری ئاستبەرز هەردەم سادەو سانایە و بەخودی خۆی خۆشحاڵ دەبێت و کردار فەرامۆشدەکات* **ڤۆنگ**

لەرۆژی داهاتوودا **لێە تزۆ** لەتەك فاڵچیدا بۆ دیدەنی **هۆتزۆ** هاتنەوە.. بەڵام بەرلەوەی فاڵچی دانیشێت.. هەراسانبووو هەڵهات..

**هۆ تزۆ** وتی: ئادەی فریاکەوە..

**لێە تزۆ** وەدوویکەوت و نەیتوانی بیگرێتەوە.. گەڕایەوە و بە **هۆ تزۆی** وت: بزربوو.. نەمتوانی پێیڕابگەم.

**هۆتزۆ** وتی: دۆخ و دەروونێکی جۆراوجۆرم نیشاندا.. بێئەوەی ناوەرۆك و گەوهەرەکەیان بزرکەم.. بەبۆشایی و نەرمونیانی وەدوویکەوتم، نازانم کێیە و چییە.. بەپێی شتەکان دەگۆڕدرێم.. بەگوێرەی شتەکان چێدەبم.. لەبەرئەوە هەڵهات و تێیتەقاند.

ئەمەش ڕوویێکی دیکەی مرۆڤی کامڵە -چالاکی لەخامۆشیدا-.

**کووشیانگ** وتی: کاتێ مرۆڤی کامڵ چالاکبێت لەئاسمان دەچێت.. کەلەخامۆشیشدایە لەزەمین دەچێت.. ئەگەر شتێکی

کرد ئەوا لەئاوێکی لەبەر ڕۆیشتوو دەچێت.. کە هیچیش ناکات لەگێژاوێکی بێدەنگ دەچێ.

وێڕای جیاوازی نێوان ئاوی خوڕ ڕۆشتوو و گێژاوی مەنگ.. جیاوازی نێوان بزوتنەوەی ئاسمان و نەبزواوی زەوی.. ئەمانە گشیان سروشتی و نادەرکردانەن.. بۆیێ هەر فاڵچییێکە مرۆڤی کامڵی بینی دانیشتووە و خودی خۆی فەرامۆشکردووە.. وای زەنکرد مردووە.. کە بینیشی چوون ئاسمان چالاکە وای زەنکرد ژیانی وەبەرداهاتۆتەوە.. لەراستیدا کە مرۆڤی کامڵ بەزەینێکی بێئاگاوە وەدەنگ شتە زەمینییێکانەوە دێ و لەهەناویشدا لەگەڵ هزردا هاوجووتدەبێت و بەرەو ژوورو بەرەو خوار لەتەك ئاڵوگۆڕەکاندا بەپێی گۆڕانکاریی لە وجوودا دەڕواو تێیاندەرژێ.

*"ئیدی تین و تاوی ئەوەی تێدەزێت دەست لەکاری شتەکان وەردا و شانبەشانی زەمەنیش تا کۆتایی بڕوات.. بۆیێ فاڵچییێکە نەیتوانی لێیحاڵیبێت"* **ڤۆنگ**

لێرەدا **لیوتزۆ** بڕوای بەوەهێنا کە هێشتاکە بۆ فێربوونی ڕاستینەی خۆی ماوێتی.. لەماڵەکەیدا دایکوتاو تا سێ ساڵ نەچووەدەرێ.. چێشتی بۆ ژنەکەی لێدەناو خۆراکی بەبەرازەکان دەدا.. هەروەکو کاری خواردنپێدانی خەڵکی بێت وابوو.

جیاوازی پلەو پایە کۆمەڵایەتییێکانی فەرامۆشکردو تەنانەت جیاوازی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵیش" ڤۆنگ

هیچ خولیاییێکی تایبەت بەهیچ شێوەییێکی کارکرد نەبوو.

*''هەموو شتەکانی بەلاوە یێکسان بو''* **لۆنگ**

دروستکراوی لەبەرخۆی داماڵیو خۆی خستە بارمەی خەسڵەتەوە.. لەجیهاندا هەروەك تۆپەڵێك گڵ راوەستا لەنێوەندی سەرەڕۆیی شێواویدا هەتا کۆتایی لەگەڵ یێکانەگیدا مایەوە.. خاوەنی ناوو شۆرەت مەبە.. بەنەخشە (پلان) لێوانلێو مەبە.. بەکاروبارەوە خۆت خەریك مەکە.. مەبەرە ئاغاییێکی مەعریفە.

*''لێگەڕێ با هەر شتە بەتەنگ خۆیەوە بێت''* **لۆنگ**

خۆت لەتەك بێکۆتاییدا چێبکە.. گەشتێك لەبۆشیدا بکە.. ئەوەی لەسروشتەوە وەریدەگریت بەتەواوی رایپەڕێنە.. هیچ شتێکیش لەبەرامبەری وەرمەگرە.

بەتاکە وشەییێك: بەتاڵبە!

زەینی مرۆڤی کامڵ لەئاوێنە دەچێت.. لەتەك شتەکاندا نابزوێتو پێشبڕکێیان لەگەڵدا ناکات.. وەلاّم بەشتەکان دەداتەوەو بەدەستیان ناهێنێت.. ئیدی ئەو دتوانێ سەرکەوتووانە مامەڵە لەتەك شتەکاند بکات.. بێئەوەی کاریان تێبکات.

فەرماندەی دەریای باشوور ناوی گۆڕانە.. فەرماندەی دەریای باکوور ناوی گومانە.

بەڵام فەرمانڕەوای ناوەڕاست ناوی: سەرەتاییە.. گۆڕان و گومان هەمیشە لەهەرێمی سەرەتایی بەیەکدی دەگەن.. ئەو هەردەم بەناسکی مامەڵەی لەتەکدا دەکردن و بڕیاریشی داوە بیشیانخاتەبەر بەزەیی خۆی.. هەردوکیان وتیان: هەر مرۆڤێك حەوت کونی تێدایە.. بۆ دیتن و بیستن و خواردن و هەناسەدان.. تەنیا سەرەتایی نەبێت هیچیانی نییە.. با هەندێ کونی تێکەین.. هەر ڕۆژەی کونێکیان تێکرد.. لەحەوتەمین ڕۆژدا سەرەتایی مرد.

سولتانی دەریای باشوور ناوی (قایلنەبوو) بوو بە (شتەکان وەك خۆیان).. سولتانی دەریای باکوور ناوی (خول) بوو.. سولتانی نێوەندیش ناوی (چەواشە) بوو.. هەرجارە ناجارێ (قایلنەبوو) لەگەڵ خولدا لەهەرێمی چەواشە بەیەکدی دەگەیشتن کەبەگیانێکی بەرزی میوانپەروەرەوە پێشوازی لێدەکرن.. هەردوو سولتان نەخشەیان بۆ چاکەدانەوەی سولتان چەواشە دانا.. پێیانوت: خەڵکی حەوت کونیان تێدایەو ئەم ئاوەڵەمان لێرە بێکونە.. با خەریکبین هەندێ کونی تێبکەین.. دەستیانکردە کونکردنی.. هەر ڕۆژەی کونێك لەرۆژی حەوتەمدا چەواشە مرد.

**هەندێ بابەتی زیادە کەلە وەرگێڕانەکەی اڤۆنگ یۆلان) دا نییە**

[لەبەشی دوانزەهەمدا ئوستاد **ئۆ ئار. هیوز**.. ئەم بەشەو ئەو بەشانەی دی کە بەدوایدا دێنو لە وەرگێڕانەکەی ئەومان وەگرتون.. وای دادەنێ ئەمانەش لەدانراوی **تاویستەکانن** لەسەروبەندی بنەماڵەی **هان** (یێکەمی پێش زاین) دا.. گەرچی لەهەمان کاتدا دەبینین کاریگەرییێکانی **چۆنگ تزۆ** و زمانو پێرەوە گشتییێکەی پێوە دیارە.. پێدەچێت نووسەرانێ ئەمانەیان بۆ ئەو حەوت بەشەی **چۆنگ تزۆ** نووسیونی – بەهەمان پێرەو– خستبێتیانە سەری ] **ه. ع**

پانوبەرینە چوون ئاسمانو زەوی.. ئەو گۆڕانکاریانەیە کەچونییێك سەرجەمیان دەگرێتەوە.. زۆر لەوانە بەحوکمی شتەکان تاکە یێکێ دەستیان بەسەردا ەگرێت.. گەورەی شکۆدار وەك سەرجەم رەشە خەڵکەکە.. فەرمانڕەوایی بەسەرییوە سەردارێتیە.. سەردارێتی لە بە سوڵتانبوونی١ شەخسییوەیە لەمرۆڤداو لەئاسماندا کامڵدەبێت.. لەم جەختکردنەوەدا دەبینین

لەرابردوودا سوڵتانی نهێنی لەحوکمکردنی هەموو خەڵکیدا ناکرداریی بوو.. ئەو ناکردارییە شتێ نییە جگە لەتین و تاوی جیاکارییانەی ئاسمان.

ئەو ئاخاوتنانە بەکاربێنە کە **تاو**یان تێدا رەنگدەداتەوە ئیدی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی بەسەر خەڵکیدا دەسەڵاتێکی راستینە دەبێت.. بەپلەو پایەی جیاوازی نێو کۆمەڵ **تاو** دەخەنەڕوو.. ئەوسا لەنێوان پاشاو رەعیەتدا داد بەئاشکرا و لۆژیکیانە دێتەئاراوە.. ئەو تین وتاوەی **تاو** وەدەردەخاتەوە بەکاربێنە.. ئیدی فەرمانبەران لەهەموو شوێنێکدا ئاشتیو رێکخستن بەرهەمدێنن.. چونکە بە **تاو** و ئەو شێوازانەی لەدەوروبەریدا دەسووڕێنەوە هەموو مەخلووقات بەدەم پێکدییێوە دێن.. بەهەمان واتایش ئەوەی وەنێو بۆشاییێکانی ئاسمان و زەمیندا دەچێ سوڵتانی کەسێتییەو ئەوەی لەنێو هەموو مەخلوقاتەکاندا چالاکە **تاوە**.

رێنماییکردنی خەڵکی لەسەروەوە لەنێو رستێك ئەرکدا بەئاکام دەگات و توانای گونجاندنی لەتەك داددا سەلیقەیە.. سەلیقەیش شانبەشانی رستێك ئەرك دەڕوات.. ئەم ئەرکانەیش لەتەك داددان.. دادیش لەتەك سوڵتانی رۆحی مرۆڤدایە.. ئەم سوڵتانی رۆحیەش لەتەك **تاو**دایەو **تاو**یش لەتەك ئاسماندایە.. بەهەمان واتایش.. ئەو کەسانەی خۆراکی هەموو کۆمەڵەکەیان دەدەن.. حەزو ئارەزوویان نییەو ئەئاوا سەرتاسەری کۆمەڵ پڕدەبن.. چونکە پرۆسەی ناکردار دەکەن.. هەموو مەخلووقات دەگۆڕدرێن.. ئەمانە بە ریشەداکوتراوی دەمێننەوە.. پێوەندیی

نێوان هەموو خێزانەکان چێدەبێت.. هەروەکو لەتۆماریشدا هاتووە: بچۆرە نێو تەنیاییەوە.. هەرچی ئەرکەکانە بەئاکامدەگەن.. بیر لەسەرکەوتنی تاکانە مەکەرەوە.. نێوبانگ و رۆحەکان لەخزمەتتدا دەبن.

جەنابی **کۆنفۆشیۆس** وتی: ئەم **تاوەی** دەچێتە نێو هەموو مەخلووقاتەکانەوەو جێشیاندێڵێ.. ئەم تاوەی بەمشێوەیە کاردەکات دەسەڵات و هەژموونی چەندێك سەرتاسەرییە! مرۆڤی خاوەنبڕوا ناتوانێ دڵی بۆنەکاتەوە.. ئێمە کاتێ بیر لەکرداری بێکردەوە دەکەینەوە.. دەڵێین ئاسمان.. هەروەکو چۆن دەڵێین دەسەڵاتێکی رۆحی کاتێك بەبێ هیچ شتێك بیر لەشتەکان دەکەینەوە.. هەروەکو دەڵێین چاکە کاتێك بیر لەخۆشویستنی خەڵکی دەکەینەوەو لێدەگەڕێین شتەکان بۆخۆیانبن هەروەکو دەڵێین مەزنیی کاتێ بیر لەتەبایی لەجیاتی جودایی دەکەینەوە.. هەروەك دەڵێین هێمنیی کاتێ بیر لەشتێ دەکەینەوە نەیارەکانمانی پێ هەراسانبکەین.. وەکو دەڵێین شۆڕش کاتێ بیر لەبەدەستهێنانی هەموو جۆرە شتەکان دەکەینەوە.. هەروەکو دەڵێین سەرەتا کاتێ بیر لەمرۆڤێك دەکەینەوە پابەندی چاکەخوازییێکەی بێت.. هەروەکو دەڵێین سەقامگیربوو کاتێ بیر لەگەیشتنی چاکەخوازییێکەی بەقۆناغی کاملبوون دەکەینەوە.. هەروەکو دەڵێین پاکژبۆوە کە بیر لەو مرۆڤە دەکەینەوە لەتەك تاودا گەیشتۆتە پلەی تەبایی و تێکەڵاوبوون.. یاخود کاتێ کامڵ بەکاردێنین.. ئەوە لەبیرماندا بۆ ئەوەیە توندوتیژی بەرامبەر هیچ شتێ بەکار ناهێنێ.

ئەگەر مرۆڤی مەبدەئی لەم دە حاڵەدا روون و ئاشکرابوو وایلێدەکات ئەرکەکانی بەتەواوی جێبەجێکات و ئاسۆی

زەینیــشی فراوانبێــت.. ئیــدی ئــاو بــەجارێك دەڕژێتــە نێــو کردارەکانییەوە و سروشتیش بەیێکجاری دیاریدەدات ٢.

مرۆڤێکی لەم چەشنە زێڕ لە چیاکاندا دەنێژێت و مرواری فرێدەداتە دەریاوە.. هیچ سوودو بەهایێك لەو شمەکانەدا نابینێ و لە ئاهەنگ و دەبدەبە و گەزافلێدان دوورەپەرێزە.

نە بە تەمەندرێـژی خۆشحاڵدەبێتو نـە بەجوانەمـەرگبوون خەمـدەخوات.. لاف بەخۆشـگوزەرانییەوە لێنـاداتو هەژاریـشی پێشەرم نییە.. بەو سیفەتەی کەپادشاییێکە بۆخۆی.. وەلێ چنگ وەسـەر دەسـتکەوتەکانی نەوەییێکـدا بۆخـۆی ناگرێـتو تـەختو تاراجەکەیشی لـەکن خـۆی بـۆ شکـۆی شـۆرەت نییـە.. بـەڵکو بـۆ شکۆی تێگەیشتنە لـەوەی سەرانـسەری وجـوود گەنجینـەییێکی تاکانەیـە.. کـە روخـساری مـەرگو روخـساری ژیـان تێیـدا جونییێکدەبن(٣).

لەسەرەتا مەزنەکەدا (هیچ) هەبوو.. هیچیش نـاوێکی نییـە.. لـەخاڵی دەسـتپێکی یێکانـەیی (یێکانـەیی گـەردوون)دا تـەنیا یێکانـەییێکی بێـشێوەی نابەرجەسـتە هـەبوو.. دەکرێـت ئـەو سەروبەندە بەسوڵتانی رۆحی لـەکاردا وەسفبکرێت.. ئیدی ئەو شـێوە بەبـەردەوامی لـكو پـۆی لێدەبێتـەوە.. دەکـرێ ئەمـەیش بـەبڕێکی بەشبەش لـەو هـەردوو سوڵتانە دابنرێـت.. شـەپۆلێکی پچڕپچڕی کاریگەریی لەکارەکەدا لـەئارادابو.. ئەوە وایکرد شتە بەشبەشـەکان بـژینو خەسـڵەتە تایبەتـەکانیان وەدەرکـەون.. ئـا ئەمەیانـە بـە (شـێوە) دایـدەنێین.. چـێوەی شـێوەش رۆحەکـەی نـاوی دەپارێزێـت.. هـەموو رۆحێکـیش مـەودایێکی هەیـەو هـــەردەبێت وەدوویکـــەوێت.. ئەمەشـــیان بەسروشـــتەکەی دەناســـرێ.. ئیـــدی هـــەر کـــە شـــتەکان بـــەرەو کـــامڵبوون

گەشەیانسەند.. گەڕانەوە بۆ سوڵتانی ڕۆحی ڕوودەدات کەوجوود لەنێویدا دێتە ئاراوە ئێستەیش ئەو سوڵتانە دەگاتە لوتکەکەی لەتەك خۆیداو لەخاڵی سەرەتادا یێکسانەدبێتەوە.. هەرکە یێکسانیش بووەوە پابەندی مەرجەکانی (جێکات) نابێ.. کە بێمەرجیشە ئاشکراو دیار دەبێت و.. (یێکبوونی نێوان دەنووکی باڵندەو خوێندنەکەیشی بەشێکە لەیێکرتنی نێوان ئاسمان و زەمین)(٤).. ئەم یێکگرتنەش گشت پێکهاتەکە دەگرێتەوە.. شتێکی بێئاگا لەژێر ڕوخساردا هەیەو دەکرێت بەسوڵتان (یان خواوەندێتی) دابنرێت.. ئەویش ئەوەیە هەموو شتەکان لەرەنگدانەوە مەزنەکەدا کۆدەکاتەوە.

جەنابی **کۆنفۆشیۆس** پرسیارێکی لە **لاوان** (**لاو تزۆ**) کرد: خەڵکی بەجۆرێك **تاو** وەردەگرن هەروەکو ئەوەی هەندێکیان رەخنە لەهەندێکیان بگرن و بەشتێك دەڵێن دەشێ و ئەویدی ناشێ.. یان ئەمە دروستەو ئەوە نادروست هەروەکو وتووێژکارەکان(٥) دەیکەن.. ئەوانەی دەڵێن تۆکمەیی و سپێتی یێکناگرنەوە.. هەروەك ئەوەی تۆ دەتوانی بەشێوەییێکی میکانیکی شتەکان لێکجودابکەیتەوە.. ئایا دەشێت ئەو کەسانە بەدانا ناوبەریت؟

**لاوتان** وەڵامیدایەوە: ئەوانە کەمبەهان دەسرەنگینەکان لەکارخانەدان بەدڵەڕاوکێوە کاردەکەن.. ئەوانە لەو سەگانە دەچن کەلێهاتوویيان لە ڕاوکردنی ڕێوی و ئاژەڵی دیکەدا دەیانخاتە نێو داو و گیروگرفتەوە.. یان بەو مەیموونانە دەچن کە گەمە زیرەکانەییێکیانیان لەچیاو دارستان (ژینگەی سروشتییان) وەدەریان دەهاوێتەدەر.

ئەی **یاچیو**(٦) شتێکت پێدەڵێم نەتوانی لێیحاڵیبیت یان قسەی لەسەر بکەیت. کەسانێك هەن سەرو قاچیان هەن و هزر گوێیان نین. وەلێ لەنێو بوونەوەردا تاکە کەسێك نییە بتوانێت سەری جەستەییێکی بینراو -بەهەر جۆرێك بێت- بڕژی. هەڵسوکەوتی ئەمجۆرە بوونەوەرە. ژیان و مەرگی. هەر هەمووی لەگەڵ هۆکاری وجوودیا دژوارن (٧).

مرۆڤ هەندێك پێوەری بۆ زاڵبوون بەسەر خۆیدا هەیە. لەشتەکان بێئاگا دەبێ بەو سیفەتەی شتەکان لەدەرڤەی خودی خۆیدان. لەئاسمان بێئاگا دەبێت بەو پێیەی لەدەرڤەی خۆیدایە. ئەمە واتای ناهوشیاریی خودە. مرۆڤی لەخود بێئاگا بەو کەسە دەگوترێت چووبێتە نێو ئاسمانەوە.

**چیٚ چەی** بیرتیژی سەردەمی خۆی وتی کەوا حکوومەتی داناى مەزن لەکۆمەڵی مەزندا پێداویستی گەورە دەخاتە نێو دڵی خەڵکییەوە. وایانلێدەکات بتوانن پڕەنسیپە رەونەقدارەکان چێبکەن و نەریتی خۆیان بەجۆرێ بگۆڕن بتوانن زەینی چەتەوڵ لەخۆیان داماڵن. هەر یێکەشیان ویستی تاکەکەسیی خۆی هەیە تاکو لە نیازێکەوە بەرەو نیازێکی دی بچێ. بەجۆرێك وادیاربێ هەروەکو سروشتی تاکەکەسیی بەخۆی کار بکات و خەڵکی سەچاوەی کاریگەرێتییێکە نەزانن. داناى ئاوەها لەسرووش بەخەڵکی بەخشیندا دەگاتە پایەی **یاو** یان **شون**. ئیدی بۆ نەبێت چوون **کەیبانووەکچ**(٨) ببنە نۆکەر؟ خولیاکانیان لەتەك سوڵتانی رۆحی تێیاندا تەبان و دڵ و دەروونیان سەقامگیرە.

**هێوز**

## پەراوێزەکان

١ـ **سوڵتان**: بەرامبەر وشەی **چەون لی** چینیو Powerی ئینگلیزییە.. دەلالەتی وشە چینییەکە لەکۆی تین و تواناو بەڵگەو بیانوودا گرددەبێتەوە کەلە بێژەی عەرەبیدا ئایەتەکانی **اعراف** ٧١، **یونس** ٦٨، **هودا** ٩٦، **المؤمنون** ٤٥، **صافات** ١٥ نموونەی ئەو واتا دیاریکراوەن کەلێرەدا لەوشەی **سوڵتان** مەبەستمانە.

٢ـ دەستەواژەیێکی تەمومژاوییەو **هیوز** نیشانەی پرسیاری لەبەردەمدا داناوە.

٣ـ نە ئەمەو، نە ئەو ئاخاوتنانەی لەمەوبەریش کەبەزمانی **کۆنفۆشیۆس**ەوە یاخود لەسەر مەزەبەکەی وتراون پێوەندییان بە **کۆنفۆشیۆس**ەوە نییە.. بەڵکو لێرەدا نووسەری **تاویست** بۆ پشتقایمکردنی بیروڕاکانی خۆی ئەوی هێناوەتە ئاخاوتن.. هەروەکو چۆن سوفییە موسڵمانەکان لەگەڵ **محەمەدی** پەیامبەردا لە نەوەکەیاندا بەدەمییەوە هەڵیاندەبەست.. **م.ع**

٤ـ ئەم دەقە پشت بەنهێنێتی پێوەندیی نێوان شێوە هەڵکەوتەی دەنووکێک و تۆن و ئاوازی ئەو خوێندنەی لێوەی دێتەر دەبەستێت.. **هیوز**

٥ـ **هیوزی** مامۆستا پەیی بەوە بردوە کە ئەم وتووێژکەرانە لەسەروبەندی **کۆنفۆشیۆس**دا نەبوون.. وەلێ گومانی لەم گفتوگۆیەی نێوانی ئەو و **لاو تزۆ** نییە.. وەك لە پەراوێزی پێشووتردا، روونمانکردەوە **تاویستەکان** بۆ مەرامی ؟

خۆیـان **کۆنفۆشـیۆس**یـان هێناوەتـە قسە.. بـۆیێ هەرچـی لـەم کتێبەی **چۆنگ تزۆ**دا لەمەر **کۆنفۆشیۆس** هاتووە بەکەڵکی ئەوە نایەن بکرێنە دۆکیۆمێنت (بەڵگەو ئەرشیف).. **ه.ع**

٦- ناوی کەسێتی**کۆنفۆشیۆسە**.. **ه.ع**

٧- **تێبینـی** ئـەوە بکـە **لاو تـزۆ** چـۆن **کۆنفۆشـیۆس** بـەناوی **خۆیـەوە** **بێ**نازنـاو دەدوێنـێ.. کەئەمـە دەبێتـە مایـەی ئـەوەی ئـەو بەسـەرهاتەی **لاو تـزۆ** دەیگێڕێتـەوە بەدەمـەوە هەڵبەسـتن بێـت و جێی بڕوا نـەبێت.. بڕوانە چۆن **لاوتـزۆ** خۆی بەشێوەی سـەروەر بەسەر **کۆنفۆشیۆس**دا وەدەردەخات.

٨- کەیبانووەکچ: لەئاکامی هەژاریی لە وڵاتی چینی کۆندا.. خێزانەکان نەیاندەتوانی کچەکانیان بەخێو بکەن.. هـەر بەمنداڵی دەیاندایـە خانـەوادە خۆشـگوزەرانەکان بـۆ کارەکـەرێتی.. بـەو حسابەی لەداهاتوودا دەبێتە ژنـی کوڕەکـەیان.. ئیدی کاتـێ کـچە گەورە دەبوو شوویدەکردە کوڕی ئەو خێزانـەی خزمـەتیکردووە.. وەڵێ دەبوە کەیبانوویێکی پلە دووی چوون کەنیزەک.

## لەبەشی سیانزەهەمدا

**تاوی** ئاسمان، **تاو** ئیمپراتۆرێکە.. **تاو** داناییێکە.. وەك پێرەوێکی ئالوگۆڕ نەك کەڵەکەکردنی هەموو شتێك بەبێ جیاکاریی.. لەم راستینەیەوە مەخلووقاتێکی هێجگار زۆر جیاواز دێنە ئاراوە.. دڵسۆزی بۆ ئیمپراتۆریەتی ئیمپراتۆرێك‌و.. باوەڕپێدانێکی گەردوونی بەداناییێك.. ئەو مرۆڤەی لە ئاسمان حاڵیدەبێت‌و لە بەهرەمەندییێکانی داناکاندا سەردەرچوو.. هەروەك چۆن لەو هێزە سروشتییانەی کاریگەرییان لەچاکەخوازی سەروەریدا هەیە.. ئەمجۆرە مرۆڤە لەخودی خۆیەوە هەڵدەسووڕێت.. بێئاگا.. تەواو خامۆش.. خامۆشی دانا ئەوە نییە لەبارەیەوە وتراوە گوایە (هەبوونێکە لەئاشتیدا) بەو مانایەی تاکو چاك بێت سەلامەتیت.. نا.. لەسروشتدا شتێك نییە زەینی بەلای خۆیدا بەرێت.. ئەو لەحاڵەتی خامۆشیی ویستراودایە.

ئەگەر ئاو لەدۆخی ئارامیدا بێت.. تاڵە مووی ریش‌و برژانگی مرۆڤ تێیدا دەردەخاتەوە.. بەئاستە مردۆکەیشی کارئاسانی بۆ وەستای دارتاش دەکات تا بیکاتە نموونەیێکی ئەندازەگەری.. ئەگەر ئاو لەخامۆشییێکدا هەر بەڕوونی مایەوە.. ئەی سەبارەت بەکێشەکانی رۆح و پێوەندییان بەزەینی داناوە چیبڵێین؟ ئەوە رەنگدانەوەی ئاسمان‌و زەمینە.. ئاوێنەی گشت مەخلووقاتە.. کەلەحاڵەتی ئارامیدا دەبێت.. قایل، هۆگر،

خاموش.. ئەمە حاڵەتی هاوسەنگییە لەئاسمان و زەمین و لەنێو دڵی سوڵتانی زرنگی ئاودا.. ئیدی ئیمپراتۆران و دانایان لەحەوانەوەدا دەبن.. ئەمجا بەرەڵلا.. ئەمجا زرگاربوو(ئازاد).. ئەمجا قووڵئەندێشە.. بەمەیش بێگوماندەبم کە هیچ شتێ نییە لەئاسمان خواهانەترو.. لەزەوی دەوڵەمەندترو لەئیمپراتۆر(١) مەزنتر.

بەمجۆرە پێویستە جەخت لەوە بکرێت کە سوڵتانی رۆحیی ئیمپراتۆر هاوتای ئاسمان و زەمین دەبێت.

(لە کۆمەڵدا) شتە گەوهەرییێکان (بنەڕەتییێکان) کارو پیشەی فەرماندارەو.. شتە ناگەوهەرییێکان هی خەڵکییە.

هەروەکو(بۆنموونە) بڕیارە گرینگەکان کارو پیشەی سەردارەو وردەکارییێکانیشی کارو پیشەی وەزیرەکەیەتی.

بەکارهێنانی هێزی چەکدار بۆ سوڵتانی رۆحی کارێکی گەوهەری نییە.. خەڵات و سزا.. بەتەمای قازانج بوون و، لەزیانکردن ترسان.. هەر پێنج یاساکەی سزادان.. ئەمانە گشتیان بۆ پرەنسیپەکانی وڵات گەوهەری نین.. شێوازەکانی سرووشت و کێش و پێوەرەکان، ژمێریاری، پۆلینکردن و پێناسەی خاڵە وردەکان.. ئەمانە گشتیان بۆ حکوومەت گەوهەری نین.. دەنگ و سەدای ئامێرەکان، خشڵ پۆشین.. ئەمانە لەمۆسیقاو دانسدا ناگەوهەرین..

مودەتی ماتەمینی دیاریکراوو، جیاکاری لەپۆشاکی ماتەمینیدا.. ئەمانە لەخەفەتخواردنی مردواندا ناگەوهەرین.. ئەم پێنج ناگەوهەرییانە، بەفێرۆدانی تین و تاوی رۆحی و شەکەتبوونی زەینیان گەرەکە.. ئەو کەسانەی بەتەنگ ئەو شتانەوەن.. ئەوانە رێک خوێندکاری ناگەوهەرین.. دێرینەکان

ئەم کاروبارانەیان هەبوە . بەڵام دژ بەهەر رەوتێك وەستاونەتەوە کە ویستبێتی زێدەڕۆیی لەباییخپێدانیاندا بکات

دێرینـان کەلـە **تـاوی** مـەزن تێگەیـشتبوون . بەرلـەوە لـە ئاسمانیش گەیشتبوون.

بـەدووی ئـەودا سـوڵتانی **تـاو** هـات.. بەگەیـشتنە پلـەی لەسوڵتانی **تاو** حاڵیبوون دڵئارایی هات.. ئەوجا مرۆڤایـەتی، دادخــوازیی.»(٢) ئــەوجا ئیدامــەی جیاکــاریی کۆمەڵایــەتیو پۆلینکرددنی شتەکان هاتن.. دواتر بەکارهێنانی بەرپرسانەیان» (٣).. ئـەوجا هەڵبـژاردنی بـاشو خـراپ.. ئـەوجا جیاکردنـەوی راستو چەوت.. ئەوجا خەلاتو سزا.. ئەوجا دیاریکردنی پلەو پایـەی دروسـت بـۆ هـەر نـەزانو قسەزانێكو دیـاریکردنی جێـی گونجاو بۆ وەجاخزادەو رەشۆکی و.. هەر یێکەش لەچاکەخوازو شـەڕانی بـەپێی توانـای خۆیـان رەفتـار دەکـەن.. ئا ئەمەیـە کـە بەمەزنە هاوسەنگیو لوتکەی فەرمانڕەوایی ناودەبرێت (٤)

**هیوز**

<u>پەراوێزەکان:</u>

١ـ **هیـوزی** زانـا.. وریـای ئـەو تێکەڵکردنـە **کۆنفۆشیۆس**یـە بەتینە بووە کە لـەزەینی نوسـەری ئەم بەشـەدا بووە ئەمـەیش لـە بەرزڕاگرتنی شکۆی ئیمپراتۆردا ئاشکرا دەبێت.. وەلێ بەشـەکە بەگشتی لە **کۆنفۆشیۆس**ێکی بە**تاویست** کراوەوە هاتووە.. **ه.ع.**

٢-٣ـ نیشانەی پرسیارە کە **هیوزی** مامۆستا دایناوە.

٤ــ **کۆنفۆشیۆســیێکی** زەقــە لەنێوەنــدێکی هێــچگەرایی **تاویزم**دا.. **ه.ع**

## لەبەشی بیستو هەشتەمین

### چەند حکایەتێ.. واپێدەچن سەبارەت بەپاڵەوانگەلێکی ئەفسانەیی بن.

لە کاروبار هەڵاتن.

پادشای دانا **-شون-** ویستی بۆ **شان چوان** دەست لەتەختی پاشایی هەڵگرێت.. ئەمەی دوایی وتی: من لەنێوەندی جیهاندا دەوەستم.. لەزستاندا بەرگی فەرو دەپۆشم.. لەهاوینیشدا پۆشاکێك لەگژوگیا چنرابێت.. لەبەرهاردا دەکێڵم و تۆودەوەشێنم بەمە جەستەم پێداویستییێکانی کارکردنی خۆی چێدەکات.. لەپایزیشدا دروێنەدەکەم.. بەمەیش جەستەم پێداویستییێکانی خۆی لەحەوانەوەو خۆراك چێدەکات.. لەکاتی خۆرهەڵاتندا ئەچمەسەر کارو لەخۆرئاوابووندا دەگەڕێمەوە.. لەنێو بۆشاییێکانی ئاسمانو زەمیندا بەئازادی و دڵنیایی دەسوورێمەوە.. ئیدی بۆچ خۆم بەکۆمەڵگە مەزنەکەوە سەغڵەتبکەم؟ بەوەی کەتا ئێستە نەتناسیوم نیگەرانت کردم.

بەمجۆرە داواکەی رەتکردەوەو دوور بەرەو چیاکان سەری خۆی هەڵگرتو کەس نەیزانی بەرەو کوێ چوو ژیانی تێدا بەسەربەرێت.

## پادشای دانا

**تای وانگ شان فو** لە **یین** دەژیا کەبەر شاڵاوی هەمەجییەکانی خێڵی **تی** کەوت.. سەرەییەکی باشی لەفەروە و ئاوریشم خستە بەردەستیان.. بەڵام هەمەجییەکان پێی قایلنەبوون.. ئەسپو سەگی وەبەردەمنان.. قبووڵیان نەبوو.. مرواریو شەوەی دانێ.. رەتیانکردەوەو، ئەوەی دەیانویست خاکەکەی بوو.. ئیدی بەمیللەتکەی وت: ناتوانم لەتەك کەسێکدا هەڵبکەم کەبووبێتە مایەی مەرگی برا گچکەکەیو رۆڵەکەی خۆی.. بیستووشمە پێویستە لەسەر مرۆڤ ئەو هۆکارانەی دەرخواردی ژیان ئەدرێ بۆئەوە بەکارنەهێنێ زیان بەژیانەکە بگەیەنێت.

بەپێی ئەم باوەڕەو بەپشتیوانی یاوەرانی (١) لەجێی خۆی دەرچوو و خەڵکەکەش وەدوویکەوتنو کۆڕەوەکەیان بەدامەزراندنی وڵاتێکی نوێ لەدامێنی چیای **چێ** کۆتاییهات.

دەکرێت لەمەڕ **تای وانگ شان فو** بوترێت.. کەتێنوتاوەکەی مۆرکی شکۆمەندیی ژیانی بەخۆوە گرتبوو.. ئەو مرۆڤەی وێڕای پلەو پایەبەرزو سامانەکەی، دەتوانێت ژیان شکۆمەند بکات، لێناگەڕێت ئەوەی ژیان دەژیێنێ زیانی پێبگەیەنێت.. هەر ئەوییش وێڕای نەداری و پلە و پایەی نزمی، نایەڵێت لەپێناوی

دەستکەوتێکدا کۆتو پێوەند لەگەردنی خۆی نێت. بەپێچەوانەی ئەمەوە.. ئەهلی ئەم سەردەمەمان لەکەسانی بەرپرسی گەورەو ئەو خانەدانانەی لەدوو سەرەوە لەوەدا شکستخواردوو بوون.. هەر ئەوەندەی دەستکەوتێکیان چنگەوت.. ئیدی بەتەنگ قوربانیدانو کۆتی جەستەیانەوە نایەن.

## ئەو تەختو تاراجەی قوڵێک ناهێنێ..

هەردوو ناوچەی **هان** و **وی** دوژمنایەتیان وەنێو کەوت.. هەریێکە شاڵاوی بۆسەر ئەویدی برد.. **تزۆ هوا تزۆی** دانا هاتە لای **چاوچی** دەرەبەگی **هان**و، سوێی بەدڵابردو وتی: باوایدابنێین هەموو دەرەبەگە خاوەن زەوییێکان بەئامادەبوونی تۆ رێکەوتننامەییێکیان مۆرکردو بڕیاریان دا کە بڕینی دەستی چەپ نەخۆشییێکی کوشندە بۆ دەستی راست دەخاتەوە.. بڕینی دەستی راستیش دەبێتە مایەی نەخۆشییێکی کوشندە بۆ دەستی چەپ.. بەڵام هەر تەنیا ئەو کەسەی دەستی خۆی دەبڕێت بۆی هەیە حوکمی هەموویان بکات.. ئایا جەنابت ئامادەیت دەستێکت ببڕیت.. **چاو** وەڵامیدایەوە: نەخێر.. **تزۆ هوا تزۆ** وتی: چاکە.. کەواتە دوو دەست لە خاوەندارییی سەرتاسەری وڵاتێك گرنگترە.. بێگومانیش هەموو جەستە لەهەردوو دەست بەتەنێ بەهادارترە. کەچی وێڕای ئەوەی کەرتی **هان** لەهەموو وڵات کەمبەهاترە، تۆ دەتەوێت جەستەی خۆت خەوشدار کەیتو ئازار بەژیانت بگەیەنیت.. ئەمە چییە لەشکستهێنان دەترسیت(٢).

**کۆنفۆشیۆس** لەدەربەندێکی نێوان هەردوو ناوچەی **چەن** و **تزای** دا گیریخواردبوو.. ماوەی حەوت ڕۆژ جگە لەهەندێ گژوگیای بێ چەڵتووک زێتر بێخوراك مایەوە.. شەکەتی بەروخسارییێوە دیاری دا.. بەڵام لەوێدا پاڵی لێدایەوەو دەستیدایە عوودژەنین..

**ین هوی** ش لەدەرەوە گژوگیای نایابی دەچنییێوە.. **تزۆ لو** و **تزۆ کۆنگ** هاتن و پێیانگوت: جەنابی **کۆنفۆشیۆس** لەوڵاتی خۆی دابڕاوە.. ئەوانیش هەموو شوێنەوارییێکیان لە **وەی**دا سڕیوەتەوە.. درەختەکەیان لە **سۆنگ** بڕیوەتەوە.. ئێستەکە ئەو لە **چەن** و **تزای**دا بۆتە تاڵانیی هەموو دەستێك.. ئاشکراشە کەتاوانە ئەم سەروەرەمان بکوژرێت و هیچ لەمپەرێکیش نییە رێ لەکوشتنی بگرێت.. کەچی جەنابی بەردەوام خەریکی عوودژەنین و گۆرانیوتنە.. چما مرۆڤی باوەڕدار هەست بەو خراپەکارییانە ناکات دەرهەقی دەکرێت؟

**ین هوی** وەڵامی نەدانەوە.. بەڵکو چووە لای **کۆنفۆشیۆس** تا پێیڕابگەیەنێت.

عوودەکەی وەلاناو بەهەناسە هەڵکێشانەوە وتی: ئەو دوانە گچکە هزرن.. بڕۆ بیانهێنە لام.. دەمەوێت لەگەڵیاندا بدوێم.

کەگەیشتە لای.. **تزۆ لو** وتی:

هەروەکو شتەکان ئێستە وان.. هەروەهاش لەبارەمانەوە دەوترێت کە هەردووکمان بەئاستەکە گەیشتووین

**کۆنفۆشیۆس** وەڵامیدایەوە:

چیدەڵێیت؟ بە**تاو** زۆربوون مانای زۆربوون.. لەگەڵ **تاو**دا ڕێکو ڕەوان بیت.. مانای وایە ڕێکو ڕەوان دەبیت.. من لێرە بۆ ئەوەی جەخت لە**تاوی** دڵنەیی، مرۆڤایەتیو دادمەند بکەم.. دووچاری چەڵەمەکانی جیهانێکی شێواو دەبم.. بۆئەوەی ڕاستو ڕەوانبم چیمکردووە؟ ئا بەم شێوەیە دڵت بپشکنو سەبارەت بە **تاو** مەپەشۆکێ کاتێ نارەحێتییێکان دێنە بەرەوە.. سوڵتانی تاوی ڕۆحی بزر مەکە.. تەنیا لەزستاندا کە بەستەڵەکو سەهۆڵبەندانە.. ئەوجا دەزانین بەهای سنەوبەرو سەروو چییە.. ئەم کێشەیەش لە**چەن** و **تزای** هەڵێکەو بۆم هەڵکەوتووە.. وانییە؟

بەسڵاوەوە پشتی وەرچەرخان بەرەو ساباتەکەی بۆ ئەوەی تێیدا خەریکی عوودژەنینی خۆیبێت.

**هیوز**

<u>پەراوێزەکان</u>

١- نیشانەی پرسیار هی **هیوزە**... **هـ.ع**

٢- کابرایێکی تێگکەیشتوو بەخەلیفەی وت: ئاخۆ ئەگەر میزت گیرا.. موڵکەکەت دەخەیتە پێناوی بەربوونی؟ وتی: بەڵێ.. وتی : ئەو موڵکە دەبێ چ بەهایێکی هەبێت کەنەکاتە میزێك؟

## لەبەشی سی و سێهەمیندا

## هونەری بەتاو حوکمکردن

## دیمانەی کۆمەڵگەی مەزن

لەکۆمەڵی مەزندا لایەنگرانی هونەری حوکمداریی نۆرن.. هەر یێکەیان بیرو بۆچوونی خۆی وادادەنێ کەدروستەو پێویستی بەهیچی دی نییە.. پرسیارەکە ئەمەیە: کام لەمانە ئەو هونەرەی **تاو** یان پێیە کەدانایانی دێرین باسیان لێوە کردووە؟ وەڵام: هیچ کام.. جارێکی دی دەپرسین: چۆن خوداوەندێتی (لەمرۆڤدا) بۆی دێتە خوار؟ چۆن رەونەقی ئاوەز (ئەقڵ) دەردەکەوێت؟

وەڵام ئەمەیە.. شتێك هەیە دانا (راستگۆ) کان بانگ (کەمەندکێش) دەکات تاوەکو وەدەرکەوون و پادشا راستگۆکان وەبەرهەمبێنێت.. سەرچاوەی گشت ئەمانەش لەیێکانەگیدایە.. بەمەرجێ پێوەندیی لەتەك بننەچە (ریشە)ی باوانەییدا بۆهەموو ژیان نەپچرێت.. ئەمەیە مەبەست لەمرۆڤی ئاسمانی کە لە پێوەندیی نەپساوەدابێت لەگەڵ هێزی دامەزرێنەر (لەهەموو

سرووشت)دا.. ئەمەیە مەرام لەمرۆڤی سەرووئاسایی کەلە پێوەندییێکی نەپساودابێت لەگەڵ هەقیقەت (راستینە)دا لەمەڕ ژیان.. ئەمەیە مەبەست لەمرۆڤی کامڵ کە ئاسمان بکاتە بنەچەی باوانێتی (هەموو ژیان؟) و ریشەی (هەموو چاکەیێك).. ئەمەیە مێژو تینی کەسێتی.. تاو دەروازەییێکە (بۆ گشت دانایی؟) هەروەکو چۆنیش شانبەشانی [وەدووی] ئاڵوگۆڕەکان دەڕوات.. ئەمئاوایش لەمەبووندا دەگەڕێت.. ئەمەیە خواستمان لەوەی ببیتە دانا و.. دڵنەوازیی مرۆڤایەتیانە بکەیتە میهرەبادیو.. دادمەندیی بکەیتە باوەڕو.. (رۆح)ی سرووتئامێزانەیی باڵا بکەیتە وێردی سەر زاری رۆژانەتو.. مۆسیقاش وزەی تەبایی کۆمەڵو.. بەرامبەر هەموو نیازپاکێك میهرەبان بیت.. بۆ مرۆڤ مرۆڤبیت.. ئەمەیە مەبەست لەوەی (کە مرۆڤی باوەڕ و پرەنسیپەکان بیت) و بەمجۆرە.. لەرێگەی حوکمە گشتییێکانەوە جیاکاری دەکرێتو لەرێی ناوەوە نیشانەکان دروستدەکرێت (وەك زانینی چییێتی خەسڵەتی شت) و.. لەڕێی سەلیقەوە ئەزموون پەیدادەکرێتو لەڕێی تۆژینەوەو بەدواداچوونەوە دادگاییێکان وەك کۆی ژمارە ورد و دروسدەبن.. ئەمەیە پێسپاردنەکانی پێوەندندیی نێوان [سەد بەرپرس] لەکۆمەڵدا.. ئەئاوا سەد بەرپرس*زۆر بەپوختی بایێخ بەئەرکەکانیان دەدەن.. پۆشتەکردنەوەو خۆراکپێدانی خەڵکی دەکەنە پێڕەو** [ئەمەش] لەپاڵ زێدە بەرهەمهێنانو ئەمبارکردنی لەجێگەییێکی بێمەترسیدا.. بەتایبەتتیش وەتەنگ پیرو پەککەوتەو هەتیوو بێوەژنەوە دێن.. هەر هەموویان پێڕەوییێکیان بۆ سەروەریی و ئەڤیندارکردنی بەشەر هەیە ***

## پەراوێزەکان

* سەد بەرپرس: مەبەست لەژمارەکە نییە.. هێمایە بۆ زۆرو زەوەندیی بەرپرسەکانە.

** بەراوردی ئەوە لەتەك وتەی **عبدالقادر الجیلی**دا بکە "روانیمە گشت کارو کردەوەکان.. نەمدی هیچ لە خۆراکپێدان مەزنتر بێت.. ئاواتەخواز بووم هەموو جیهان لەدەستما بوایێ بۆئەوەی دەرخواردی برسیانی بدەم.

*** ئەو گوزارانەی نێو کەوانە چەماوەکان لەدەقە ئینگلیزییێکەدان.. ئەمەیش بۆ تەواو پوختکردنی ئەو دەقەی لەسەرچاوە چینییێکەدا دەستەواژەی کورتکراوە نوسراوە.. منیش هێندەی بۆ روونکردنەوە، یان تەواوکردن، یا پارسەنگدانەوە پێویست بێت خستوومنەتە نێو دوو کەوانەی گۆشەدارەوە.

لەگیانەڵادایـــە.. دە رۆژ زیـــتر نـــاژی.. مـــن شـــتێکی ســـەیر لەدەوروبەری دەبینم.. شتێ وەك لمی تەڕ وایە.

**لیو تزۆ** چووە ژوورەوەو هێندە گریا کراسەکەی تەڕکرد.. ئەمجا ئەوەی فاڵچییێکە وتبووی بە **هۆ تزۆی** گوت..

**هو تزۆ** گوتی: خۆم لەشێوەی خۆڵدا نیشاندا.. چوون چیاش بێجووڵە بووم.. پێدەچێت وایدیبێتبم.. هەوڵبدە جارێکی دی لەگەڵ خۆتدا بیهێنیتەوە.

*"ئەمە لایەنێکی مرۆڤی کاملە"* **فۆنگ**

ڕۆژی داهاتوو **لیە تزۆ** لەگەڵ فاڵچییێکەدا بۆ دیدەنی **هو تزۆ** هاتـەوە.. کەچـوونە دەرەوە فاڵـچی بـە **لیـە تـزۆی** وت: مایـەی خۆشبەختییە کە مامۆستاکەت ئێستە هاتەلام و لەدوێنێ باشتر بـوو.. تـەواو زینـدووەوە.. پێدەچـێت وەسـتانی کـردارە سروشتییێکانی جەستەی شتێکی کاتی بێت.. **لیە تزو** چووە لای **هو تزۆ**و قسەکانی فاڵچی پێڕاگەیاند.

**هو تزۆ** گوتی: خۆم لەشێوەی ئاسماندا نیشاندا.. ناو و شـۆرەت و کـار و کاسـپی راسـتینە عـەقڵم نایـانبڕێ.. فرمانـە سروشـتییێکانم لـەکانگای قەوارەمـەوە هەڵـدەقوڵێن.. پێدەچـێت فرمانـە سروشـتییێکانمی لەوپـەڕی چالاکیدا دیبێـت.. هەوڵبـدە جارێکی دی بیهێنیتەوە.

*"ئەمەش لایەنێکی دیکەی مرۆڤی کاملە"* **فۆنگ**

## لەگەوهەری تاویزم و.. ئاقارە کۆمەلایەتییەکەیدا

بەهۆی ئەو مەعریفە دروستکردانەوەیە کەوا شەڕەنگێزیو کوێرەوەریی باڵی بەسەر خەڵکی ئەم دنیایەدا کێشاوە.. داهێنانی تیروکەوان و رم بووە هۆی نەگبەتی باڵندەکانی ئاسمان.. داهێنانی قولاپو تۆڕ ماسی نێو ئاوی بەدبەختکرد.. داهێنانی داوو تەڵەو چاڵهەڵکەندن بووە مایەی نەهامەتی چوارپێیان لەلانەو کونە ئەشکەوتەکانیانداو.. داهێنانی سیاسەتو هەڵەکاریی (سەفسەتە)و هونەرو سرووتو یاساکان.. بووە مایەی سەرگەردانی بۆ بەشەر.

با بگەڕێینەوە بۆ سروشت.. شەوەو مرواری بکەینەوە بەئارد.. تاکو چەتەیی ریشەکێش بکەین.. پەیماننامەکان بسووتێنینو مۆرەکان بشکێنین خەڵکی بەرەو شکۆمەندیی دەگەڕێنەوە.. لەپێوەرو کێشان قوتار بین، جەنگ نامێنێت.. بەتینو تاوەوە گشت ئەو دامودەزگەیانەی بۆ دانایی دانراون وێرانیانکەین.. خەڵکی دەچنەوە دۆخی سروشتی خۆیان.. پەیژەکانی ئاوازەکان هەڵوەشێنینەوە.. ئامێرە مۆسیقییێکان بشکێنین.. خەڵکی دەگەڕێنەوە دۆخی سروشتی خۆیان.. پلەو تۆنی رەنگەکانو سەرچاوەی بۆیاخەکان نەهێلینو چاوی بۆیاخچییێکان هەڵکۆڵین.. بینینی سروشتی بۆ دیدەی خەڵکی

دەگەڕێنەوە.. بەکارهێنانی پەرگاڵ و چوارگۆشە قەدەغەکەین و، پەنجەی دارتاشان بشکێنین موڵك و داراییکان (١) بۆ خەڵکی دەگەڕێنەوە.. ئەملی یاسا دەرکەین.. لغاوی کەشخەچییکان بکەین.. شاگردانی **کۆنفۆشیۆس** لەتەك دانراوەکانیاندا دوورخەینەوە.. خەسڵەتە بزربووکان دێنەوە.. تاکو خەریکی کرداری نهێنی خۆیانبن کە پێکخەری مرۆڤە.

بەڵێ: با بگەڕێینەوە بۆ سروشت.. ئەوە کۆتایهاتنی گشت فەیلەسووفە چاچۆڵبازەکانە.

له: لیو ویگەر

A history Of The Reigious Belief And
Philosofical Openions In China
Hsien-Hsien Pres 1927 P 199-200

- بڕوانە سەرکێشیی زمانی **تاوییکان** لەدەرقەی یاساکانی لۆژیك.. بەئاسانی بۆت دەردەکەوێت کە **چۆنگ تزۆ** لەداواکەیدا بۆ هەڵکۆڵینی چاوی بۆیاخچیان و شکاندنی پەنجەی دارتاشان مەبەستی واتایی نەبووە.. بەڵکو وەك هێما (دەلالەت) دێت.

پەراوێز:

١- ئیمازەدان بەهۆکارەکانی یێکلاییکردنەوەی موڵك و داراییکان و دەستنیسشانکردنی دەستکەوتەکان لێرەدا.. پێدەچێت دەقەکە لەپابەندبوون بەحاڵەتی موڵکداریی گشتی (مەشاعیەت)دوە سەرچاوەی گرتبێت.. **م.ع**

**شیمانەیێک لەگەشەسەندندا**

**لەبەشی هەژدەهەمەوە**

جەنابی **لیە** لەچەقی رێگەدا خواردنی دەخوارد هەرکەچاوی بە کاسەسەرێکی تەمەن سەد ساڵە کەوت.. لاسکی گیاییێکی هەڵکەندو.. دەستیکرد بەنیشانە کێشان لەسەر کاسەسەرکەو دەیوت: ئاخ.. تۆ و من.. هەردووکمان دەزانین نەژیان لێرەدایەو نەمەرگ.. ئایا تۆ بەراستی لەشتێ سەغڵەتی و؟ منیش بەڕاستی لەئاسوودەیی و شادیدام؟ تۆوێك میکرۆبێکی لەهەناودایە.. هەرکە تێرئاو بوو میکرۆباوی دەبێت (١).. ئەگەر ژینگەییێکی لەباری بەئاوو گڵەوە بۆ رەخسا.. دەبێتە **واپین چێ یی**.. ئەگەر **لینگ چیاو** پەینێکی باشی دەستکەوت دەبێتە **ئەلوو تزۆو**.. رەگوریشەی **ئەلووتزۆیش** دەبێتە کرمۆلکە (یەرەقە) کەچی گەڵاکان دەبنە پەپوولەو پاش مودەتێکی کەم دەبنە مەگەز (جرو جانەوەر).

هەرکە ژیان لەژێر گەرماییدا داپۆشی.. شێوەکەی مانەندی پەیکەر دەبێت و ناویشی دەبێتە **چۆ** (جۆرێك لەسیسرك یا مێشە

سەگانە"ʼ) پاش هەزار رۆژ سیسرك دەبێتە باڵندەیێك ناوی **كان یۆ كۆ** بێت لیكی **كان یۆكۆ** بۆ **سسۆمی** دەگۆڕدرێت. ئەمیش بەخۆی دەبێتە **ژێ سژی** (مێشی خۆراك؟) و **چی یو** لەمەوە پەیدا دەبێت و **مۆنگ كۆنگ** لە **چی یو** دەوەو **موو جوییش** لە **قۆچوانەوە**. ئەگەر **یانگ چ**ی بەحەیزەرانێكی گەورەی بێرەگوریشە متوربە بكرێت. **چینگ ڤینگ** بەرهەمدێنێ ئەمیش بەنۆرەی خۆی پلینگ دەخاتەوە. پلنگیش ئەسپ. لە ئەسپیش مرۆڤ دەزێ. لەگەڵ كات و زەمانەیشدا مرۆڤ دەبێتەوە بەمیكرۆب.

دەیان هەزار مەخلووقات لەمیكرۆبەوە دێنەئاراوەوو ئەمجا دەگەڕێنەوەو دەبنەوە بەمیكرۆب.

## هیوز

تێبینیۆكەیێك: ناوی ئەو زیندەوەرانەی لەم دەقەدا هاتوون. لای شرۆڤەوانانەوە نەزانراون. **هیوزی** مامۆستا لێرەدا هەندێ لە بۆچوونە بەپەسەندكراوەكانی خۆی بۆیان خستۆتە نێو كەوانەوە. لێ زنجیرەی بەدووی یێكداهاتووی گەشەسەندنەكان لێرەداو بەو چەمكە گشتیەی **چۆنگ تزۆ** یان نووسەرانی كتێبەكەی مەبەستیان بووە، ئاشكرایە. لەمیكرۆب (ڤایرۆس)ێكەوە كەنزمترین پلەو شێوازی زیندەگی و ژیانە دستپێدەكات و گەشەدەسێنێ بەرەو كرمۆكە و جروجانەوەرو. بەتێپەڕبوونی كات بوونەوەری زیندووی پێشكەوتووی لێدەكەوێتەوە تا دەگاتە پلینگ و ئەسپ و. لەمانیشەوە بۆ مرۆڤ كە ئەسپیشی هەڵبژاردووە لەبەر زیرەكی و نەرمی

راهێنانی بووە.. هەروەکو گەشەگەرانی موسڵمان دەڵێن و ئەسپیانی خۆستۆتە پلە بەرزەکانەوە گەرچی لەپایەی مەیموون نزمتر داینناوە.. کە لە زنجیرەی گەشەسەندنی ئیسلامیدا مەیموون بەر لەدەرکەوتنی مرۆڤ لەلوتکەی درەختی ژیاندایە..

**هـ.ع.**

پەراوێز:

١- میکرۆباوی: پێشنیازێکی **هیوزە** بۆ وەرگێڕانی ئەو بەشەی لەم بڕگەیەدا هاتووە و لەزانای چینی **ماسشولون**ەوە نەقڵکراوە کەمانای ئەم بڕگەیە نەزانراوە.

## لەبەشی هەژدەمەهەمەوە

کەژنەکەی **چۆنگ تزۆ** مرد فەیلەسووفی لۆژیک **هوی شێ**ی هاوڕێی هاتە سەرخۆشی.. هەرکە **چۆنگ تزۆ**ی بینی لەسەر سەکۆکەی دانیشتووەو گۆرانیدەلێت واقیوڕماو لێیپرسی:

چۆن بەرامبەر ژنەکەت هێندە دلڕەقیت؟

وەلامیدایەوە: کاتێ مرد.. سەرەتا خۆم پێینەگیراو پەژارە دایگرتم.. لەهەمانکاتدا وێڕای ئەوەش کارەساتەکەم بەوردی هەر لەسەرەتا پێکلارییکەرەوەکەیەوە تاوتوێمکرد.. سەرەتا ژنەکەم نەگیانی تێدابوو نەشێوەی هەبوو.. تەنانەت بەشیشی لەژیاندا نەبوو.. وەلێ بەهەر هۆکارێك ئێستەیش لەگۆڕانکارییێکی دووتردا.. بەدوویاندا مرد.. ئەم گۆڕانە بەتێکڕایی لە بەدووی یێکداهاتنی چوار وەرزەکە دەچێت.. بەهارو هاوین.. پایزو زستان.. لەکاتێکدا ئێستە ئەو لەتەلارۆکەکەی گەردوونە مەزنەکەدا پاڵکەوتووە.. شینو شەپۆڕکردنم بەسەریدا واملێدەکات بەرامبەر یاساکانی سروشت گەوج بنوێنم.. ئیدی دەسبەرداری خەمو پەژارە بووم بۆی.

**- لەشرۆڤەی کووشیانگ**

**کەنەزانبوو هەستی بەدڵتەنگیکرد.. کە تێیگەیشت ئیدی نەبووە نێچیری خەفەت.**

**چۆنگ تزۆ خەڵکی فێری ئەوە دەکات چۆن بەکردار هەڵچوون دەرەوێنێتەوە.**

لەوەرگێڕانەکەی فۆنگ یۆلان

لەدەرقەی حەوت بەشەکە.

## پاشبەند

## کووشیانگ و پێشکەوتن لە فەلسەفەدا

گەلێ کەس (لەخۆرئاواییێکان.. هـ . ع) مێژووی فەلسەفەی چینی وادەبینن پێشکەوتنێکی گەورەی بەخۆیەوە نەدیوە.. ئەم بۆچوونە لەوەوە هاتووە کە زۆربەی فەیلەسووفەچینییێکان لەوانەن چوانگ تزۆ ناوی (پەیرەوکارانی دێرینەییێکان)ی لێناون.. ئەوانە بەناوی خۆیانەوە گوزارەیان لە بیروڕاکان نەدەکرد.. بەڵکو لەنێو وتەی پێشینانی خۆیان و هەر وەك پەندێکی دانراو و ئامادەکراوی بەردەستیان بیروڕاکانیان دەردەبڕی.

بۆیێ نووسینەکانیان بە شرۆڤەکردن دەچوون.. ئەم شرۆڤەوانانە لەڕاستیدا فەیلەسووف بوون و فەلسەفەکانیشیان نرخ و بەهاییێکی راستینەیان هەبووە (١)

لە فەلسەفەی خۆرئاواییانەدا.. فەیلەسووفەکانیان وا راهاتبوون بیروڕاکانیان بەنێوی خۆیانەوە دەربڕن.. بۆیێ توێژینەوەی رووکەشانە لەمەڕ ئەم فەلسەفانە وا دەنوێنن کە

بیروڕای جۆراوجۆری زۆر و پێشکەوتنێکی لەڕادەبەدەریشی هەیە.. بەڵام لێکۆڵینەوەی ورد و هێمنانە دەریدەخات کە فرەچەشنی و پێشکەوتوویی بیروباوەڕەکان بەو قەبەییە نەبوون کە بە چاوپیاخشانە سادەکە دەرکەوتبوو.

**ولیەم جێمس** دەڵێت کە **پەڵپخوازی** -زەرائعی- تەنیا ناولێنانێکی نوێیە بۆ فەلسەفەییەکی کۆن.. ناولێنانی فەلسەفەییەکی کۆن بەناوێکی نوێوە.. نەریتێکی پێڕەوکراوی نێو فەیلەسووفە خۆرئاواییێکانە.. کەچی فەیلەسوفە خۆرهەڵاتییێکان (مەبەست لە فەیلەسووفە چینییێکانە هـ . ع) وا ڕاهاتوون هەرچی فەلسەفەییەکی نوێیان بەدەستهێنابێ بەنێوی فەلسەفەییەکی کۆنەوە ناوی بنێین.. خۆ ئەگەر فەیلەسوفە خۆرئاواییێکان پێڕەوی ئەم نەریتەیان بکردایێ ئەوا **پەڵپخوازەکان** خۆیان لەوە ـتر ناو نەدەنا کە تەنیا شرۆڤەوانێکی **برۆتاگۆراسن** و هیچی ی.. نووسینەکانیشیان شرۆڤەییێکی وتەکانی ئەون کە دەڵێت :

*مرۆڤ پێوەری هەموو شتەکانە*

**بێرگسۆن**یش خۆی لەوە زێتر دانەدەنا کە ڕاڤەوانێکی **هێراکلیس**ە و نووسینەکانیشی هەر شرۆڤەی **هێراکلیزمن** لەمەڕ گۆڕانکاریی..

دیارە باسکاری سەرپێی فەلسەفەی خۆرئاوایی.. مێژووی فەلسەفەکەی وادەبینێ کە پێشکەوتنێکی کەمی بەخۆوە دیبێت.. لەڕاستیدا **پەڵخوازی** و **بێرگسۆنی** دوو فەلسەفەی ڕاستینەن.. من لاریم لە فەلسەفەی خۆرئاوایی نییە.. بەتایبەتی ئەو فەلسەفە مۆدێرنانەی ئەنجامی گەشەکردنی زانستی نوێن..

ئەوانەی لە چاو هاوتا چینییەکانیاندا (بەمەرجی کۆنێتیان.. ه. ع) زۆر پێشکەوتوو و جۆراوجۆریشن.

زۆر بەسادەییش دەیڵێمەوە: جۆراجۆریی و پێشکەوتوویییەکەیان نە بە و قەبەییەن و نەبەو تۆزقاڵییەن کە پێیانەوە دیارە.

دەتوانین لەنێوان **چۆنگ تزۆ** و **کووشیانگ**دا نەشونمای **تاویزم** بەرەو پێگەیشتن بەدیبکەین.. ئەو فەریکە نەخشەسازییانەو، ئەو زمانە شیعرییەی پێکەمیان.. لەلای دووەمیان بە شێوازێکی روون و رەوان دارێژراون.. ئەوەی لای **چۆنگ تزۆ** بیرۆکەیە.. لای **کووشیانگ** دەبێتە بڕواییێکی پێگەییو.. کێ دەڵێت: پێشکەوتن لە پرۆسەی نەشوونمای مریشك لە هێلکەوە وجـوودی نییە ؟!(٢)

لەپاڵ ئەمەشدا **کووشیانگ** گەلێ بیروڕای <u>نوێی</u> دەرخستووە کە لەگەڵ رۆحی گشتیی **تاو**دا هاوئاهەنگن.. نوێ بەو واتایەی **لاوتزۆ** و **چۆنگ تزۆ** ئەو شتانەیان نەوتووە.

لێرەیشەوە پوختە نمایشێکی فەلسەفەی **کووشیانگ** بەبەراورد لەگەڵ فەلسەفەی **باوان**یدا دەکەین.

١-**لاوتزۆ** و **چۆنگ تزۆ**(باوان).. هەردووکیان ئینکاری بوونی خودایێکیان کردووە.. هەردووکیان لـەو بڕوایەدان هەرشتێ لەم گێتییەدا هەیە.. بەخۆی خۆی وەبەرهەمهێناوە.. ئەم بیرۆکەیە بایێخێکی زۆر تەواوی لە (شرۆڤەکان)ی **کووشیانگ**داپێدراوەو.. جەخت لەسەر ئەوەدەکات کە شتەکان خولقێنەرێکیان نییە.. لەترسی ئەوەش نەك خەڵکی وا **تاوی**

رەها تێبگەن کە شێوە خودایی (خالق)یکە. بۆیێ وتی: **تاو** هیچ نییە..

لە شرۆڤەی دەستەواژەییێکی بەشی پێنجەمی **چۆنگ تزۆ**دا کە دەڵێت **تاو** خودایەتی بەخواکان دەبەخشێت تاکو بوونی گێتی تەواو بێت. **کووشیانگ** دەڵێ:

*" **تاو** خۆی شتێ نییە.. ئیدی چۆن دەتوانێ خوایەتی بەخواکان ببەخشێ تا کێتی بێتە ئاراوە؟! تاو خوایەتی بە خواکان نەبەخشیوە.. بەڵکو بەخودی خۆی خواهانەیە.. بەمەیش **تاو** دەیکاتە خوایەتی، بەوەی وای لێناکات.. **تاو** گێتی نامێنێتە ئاراوە.. بەڵکو گێتی خۆی خۆی دێنێتە ئاراوە.. کەواتە **تاو** بە نەهێنانە وجوودی گێتی گێتی دێنێتە ئاراوە.. **تاو** لە هەموو جێگەییێکدایە وەلێ خۆی لەهیچ جێگەییێکدا شتی نییە.. "*

لەراڤەکردنیدا بۆ بەشی بیست و دووەم **کووشیانگ** دەڵێ: *چی لە پێش بوونی شتەکاندا هەیە ؟ رەنگە بڵێین **ین** و **یانگ** بەڵام **ین** و **یانگ** بۆ خۆیان شتن.. ئەدی بەر لە **ین** و **یانگ** چی هەیە ؟ رەنگە بوترێت سروشت.. وەلێ سروشت زۆر بەسادەیی بریتییە لە خەسڵەت یان تەبیعەتی شتەکان خۆیان.. لەوانەیە بڵێین: **تاو** پێشینەی شتەکانە.. بەڵام **تاو** شت نییە..جا لەبەرئەوەی خۆی شت نییە چۆن وەپێش بوونی شتەکان دەکەوێ ؟ ئێمە نازانین بەرلەشتەکان چییە.. شتەکان لە دروستبوونێکی بەردەوامدان.. ئەمەش واتای وایە شتەکان ئەوانەن لەخۆیانەوە هەن.. خۆرسکاون.. خولقێنەریان نییە*

٢- **كووشیانگ** وایدەبینێ بوونەوەر سەرەتا و کۆتایی نییە.. نابێ و ناکرێ نابوونیی بووبێت و.. بۆیشی ناتوێت بە نابوونی بگۆڕدرێت.. لە هەمان بەشدا دەڵێت:

*" نەک هەر نابوونیی بەبوونەوەر نابێت.. بەڵکو بوونەوەریش بە نابوونیی نابێت.. لەگەڵ ئەوەشدا بوونەوەر بەهەرازان شێواز دەگۆڕێت.کەچی مەحاڵە خۆی بکاتە نابوونیی.. ئیدی هیچ کات و زەمانێ نەبووە بوونەوەری تیا نەبووبێ.. بوونەوەر هەر هەبووە."*

**کووشیانگ** بۆ پشتگیری تیۆرەکەی لەمەڕ بوون و نەشونمای خۆڕسکیی بەڵگە دێنێتەوە.. لە راڤەکردنی دەقێکی بەشی چواردەهەمدا دەڵێ:

*" لەوانەیە بوترێت ئێمە هۆکارەکانی چەند شتێکی دیاریکراو دەزانین.. ئەو پرسیارە هەر دەمێنێ: هۆکاری هۆکارەکان چییە ؟ ئەگەر لە پرسیارکردندا بەردەوام بووین.. پرسیار دوای پرسیار.. هەردەبێ لەبەردەم شتێکدا بووەستین کە خۆڕەسانە بووە دەستنیشانی ئەو <u>چییەتی</u> بۆ خۆی تێیدایەتی کردووە.. بۆمان نییە هۆکاری ئەو شتە بپرسین..تەنیا دەتوانین بڵێین ئەوە ئەوەیە و بەس"*

ناچارین لە کۆتاییدا ئەو تیۆرە دەستەبەرکەین کە دەڵێت:

شتەکان بەخۆیان خۆیان هێناوەتە ئاراوە و.. چییەتی خۆشیان دیاریکردووە.. جا لەبەرئەوەی –هەر وەک **کووشیانگیش** بڕیاردەدات– ئەم تیۆرەمان دەستەبەرکردووە..

ئیدی بۆچی هەر بەیێکجاری نایکەینە سەرەتای یێکلاکەرەوەی شتەکان؟ ئەگەر ئێمە ئەمەمان کرد.. ئەوسا پێویستمان بەوە نییە پرسیار لەمەڕ هۆکاری هیچ شتێ بکەین.. پێویستیشمان بەوە نییە پرسیار لەمەڕ هۆکاری هیچ شتێ بکەین وەلامی لەسەر نەبێ.. دەتوانین بە ئاسانی بلێین..هەر شتێ هەر ئەوەیە لەخۆوەیە.

**لە شرۆڤەی بەشی دووەمدا دەڵێ:**

***هەندێ کەس دەڵێن شێوەی سێبەر لە سێبەرەوەیە و، سێبەریش ئەنجامی وێنە جەستەییێکانە و، وێنە جەستەییێکانیش لە خولقێنەرەوەن.. بۆم هەیە بپرسم ئاخۆ ئیس یان لیس خالقە؟ ئەگەر لیس بێت چۆن توانی شتەکان بخولقێنێ؟! خۆ ئەگەر ئیس یش بێت.. ئەوا زۆر بە سادەیی خۆی یێکێکە لە شتەکان.. چۆن شتێ دەتوانێ خالقی شتێکی دی بێت؟ ئالێرەوە خالق وجوودی نییە و هەر شتێك خۆی خۆی خولقاندووە و.. ئا ئەمەیش رێبازە دروستەکەی بوونە.***

٣- لەکاتێکدا **کووشیانگ** دەڵێ هەموو شتێگ خۆی و چێیەتی خۆی خۆڕسکانە وەبەرهەمدێنێ..مەبەستی پێویستی نەبوونە بە خالق.. ئەم قسەیە نەفیکردنی ئەو پێوەندییانە ناگرێتەخۆ کە لەنێوان شتەکاندا هەن..پێوەندییێکان بەلایەوە لە شتە پێویستەکانە..

**لە راڤەکردنی بەشی شەشەمدا دەلێت:**

***کاتی مرۆڤ بەو لاوازی و گچکەییەوە لەدایکدەبێت.. خەسڵەتە پێویستەکانی بوونی خۆی تێدایە.. جا ئیدی هەر***

*چەندە ژیانی هیچ و پووچیش بێت. پێویستی بە هەموو بوونێک هەیە وەک مەرجێکی بوونێتی خۆی. هەموو شتەکان لە وجوودا. هەموو ئەوانەی هەن کاریگەرییان لەسەریان هەیە. ئەگەر مەرجێك لە مەرجەکانی نوقسان بوو. ئەوا بوونەکەی قرچۆکدەبێت. خۆ ئەگەر بنەڕەتێکی هەڵوەشاوبوو ئەوا ژیانیشی پووچەڵ دەبێتەوە.*

بیرۆکەکەیش ئەوەیە.. هەر کاتێ هەل و مەرجە دیاریکراوەکان هەبوون ئەوا هەر دەبێ شتگەلێکی دیاریکراو بێتە ئاراوە.. بەڵام بەهۆی خالقێك یان (کەسێك)ی دیکەوە وەبەرهەم نایەت.. بە وتەیێکی دی.. شتەکان بەگشتی بە هەل و مەرجەکانیان وەبەرهەمدێن.. نەك بە بەشتێکی دی و تایبەتمەندانە.

بۆ نمونە.. **سۆشیالیزم** کاتێك دێتە ئاراوە کە مەرجە ئابوریە دیاریکراوەکان لەباربن.. بەپێی ئەوەی بە (لێکدانەوەی ماتەریانەی مێژوو) ناسراوە.. **سۆشیالیزم** بە **مارکس** و **ئێنگلز** و بەیاننامە (شیوعی)یێکەیان وەبەرهەم نایەت.. بەم واتایە دەتوانین بڵێین: هەموو شتێك خۆبەخۆ وەبەرهەمدێت.. نەك لەویدییەوە..(٤)

ئەگەر چەمکی (هەرشتە خۆی وەبەرهەمدێنێتەوە) بەوجۆرە لێکدرایەوە کە هیچ پانتاییێك بۆ ویستی ئازاد نامێنێتەوە.. **کووشیانگ** لە شرۆڤەی بەشی پێنجەمدا دەڵێت:

*ژیانمان بە ویست و ئارەزووی خۆمان نەبووە. بەدرێژایی خولی سەد ساڵەی ژیانمان – ئەوەندەی تەمەنی مرۆڤ*

دەیگاتی".. هـ . ع- ئەو کردارانەی دەیانکەین.. بەدانیشتن و هەستان و ڕۆیشتن و کار و فرمان و پشوودان و قازانج و زیان.. هەروەها ئەو هەست و خولیا و زانیاری و توانایەی هەمانە.. هەموو ئەوانە و.. هەموو ئەوانەی هەمانە و نیمانە.. هەمووی ئەوانەی دەیانکەین و تووشیاندەبین.. لەبەرئەوە وا نەبوون چونکە ئێمە ویستوومانە وابن.. بەڵکو بەهۆی کاری سروشت و هۆکارەکانییەوە وا بوون.

لە ڕاڤەکردنێکی دیکەی هەمان بەشدا دەڵێ:

"بەرێکەوت نەهاتوییینەتە نێو ژیانەوە.. ڕێکەوتیش نییە ژیانمان بەو جۆرەیە کە هەیە.. گەردوون هێجگار زۆر درێژبۆتەوە.. شتەکانیش هێجگار زۆرن.. لەنێویدا و لەنێوانیدا ئێمە بەتەواوی ئەو ئێمەیەن کە واهی هەین.. هیچ شتێ لەم حوکمە گشتییە بەدەرنییە.. نەدەوڵەت و نەدانا و نەبوێر و نەژیر.. ئەوەی کە ئێمە نییە ناتوانین بیکەین.. ئەوەی ئێمەشە ناتوانین نەیکەین.. ئەوەی نایکەین (ئەوەی بۆمان نییە بیکەین.. هـ . ع) ناتوانین بیکەین.. ئەوەی دەشیکەین (ئەوەی بۆمان هەیە بیکەین.. هـ . ع) هەر دەبێ بیکەین.. لێگەڕێ با هەر شتە وەك هەیە وابێ.. لێگەڕێ با سەلامەت بێ."

ئەم حەتمیەتە بەنیسبەت دیاردە کۆمەڵایەتییێکانیشەوە هەر بەڕاست و دروست دەگەڕێ.. **کووشیانگ** لە شرۆڤەی بەشی شەشەمدا دەڵێ :

*"هیچ شتێ نییە سروشتیی نەبێت.. ئاشتی و ئاژاوە.. سەرکەوتن و کەوتن.. هەموو ئەوانە بەرووبوومی سروشتن نەك مرۆڤ"*

مەبەستی لە بەرووبوومی سروشت ئەو ئەنجامەیە کە بەو هەلومەرجە دیاریکراوەوە بەندە.. دامەزراندنی حکومەتی **رۆسیای سۆڤێتی** -وەکو سۆشیالیستەکان دەڵێن- بەرهەمی کەسانێکی دیاریکراوو نەبوو.. بەڵکو ئاکامێکی زەرووری هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری دیاریکراو بوو..

**کووشیانگ** لە راڤەکردنی بەشی چواردەهەمدا دەڵێ:

*"رۆگەی مێژوو پابەندی بارودخی سەردەمەکەیە.. ئەو لە کێشە هەنووکەییێکان بەرپرسیارە.. نەك کەسانێکی دیاریکراو.. بەڵکو سەرلەبەری گێتی بەرپرسیارە.. چالاکی دانایان گێتی دوو چاری دڵەڕاوکێ ناکات.. بەڵکو گێتی خودی خۆی شپرزە دەبێ."*

٤-**کووشیانگ** کە لە گێتی دروانێت لەبزواتندا دەیبینێت.. لە شرۆڤەی بەشی شەشەمدا دەڵێت:

*گۆڕانکاریی هێزە.. هێزێکی نادیاری بەزەبر.. ئاسمانەکان و زەمین بەرەو نۆێبوونەوە دەبات.. گرد و چیاکان لە کۆنێتی دەتەکێنێ.. کۆن بۆ ساتێ خۆی ڕاناگرێت.. یێکسەر نوێی بەسەرداێت.. هەرچی شت هەیە لە ساتەوەختێکدا دەگۆڕرێت.. ئەوەی پێیدەگەین بەرەو نهێنی دووردەکەوێتەوە.. ئێمە وەك ئەوەی لەئێستەدا هەین خۆمان لە ڕابوردوودا نابین.*

*ئێمە بەردەوام لەگەڵ ئێستەدا دەڕۆین و ناتـــوانین خۆمان لەسەر ئێستەش بهێڵینەوە.*

کۆمەڵیش بۆخۆی لەرۆیشتنی بەردەوامدایە.. هەموو ساتێ پێداویستییێکانی بەشەر لە ئاڵوگۆڕدان.. دامەزراوەکان و رەوشتبەرزێتی لەسەردەم و کاتێکدا چاکن و لەکاتێکی دیدا خراپن.

**کووشیانگ** لە شروڤەی بەشی چواردەهەمدا وتوێتی:

*دامەزراوەکان –دامودەزگەکان–ی پاشایەتی پێشوو وەڵامدەرەوەی پێویستییێکانی ئەو کاتە بوون.. ئەگەر لەگەڵ ڕەوتی زەمانەدا بمانایەتەوە بەسەر خەڵکییەوە دەبوونە بارگرانی و شتێکی دروستکراو.*

لە راڤەی بەشی نۆیەمدا دەڵێ:

*ئەوانەی لاسایی دانایان دەکەنەوە.. تەنیا لاسایی ئەو کردەوانە دەکەنەوە کردوویانە.. بەڵام ئەوەی کردوویانە.. شتێکی بەسەرچووە و لەگەڵ رەوشی ئێستەدا ناگونجێت.. کارێکی بێسوودە و پێویست ناکات شوێنی بکەوین.. رابردوو مردووە و حازر زیندووە.. ئەوەی دەخوازێ لەگەڵ مردوودا بژی.. ناژی*

لە شرۆڤەییێکی دیکەدا بۆ بەشی دوانزەهەم **کووشیانگ** لە ئاخاوتنەکەیدا لەمەڕ **شون**ی دانا و ووشا دەڵێت:

*ئەو دوو دانایە خەریکی ئەوەبوون گێتی لە رەوشی شڵەژاوییەوە بەرەو رەوشێکی هەموار بەرن.. یێکێکیان شێوازی*

ئاشتیانەی بۆ ئەم مەبەستە بەکار هێنا.. ئەویدی هێزی عەسکەریی.. ئەم جیاوازییەشیان بەهۆی جیاوازی زەمەنەکەیانەوە بوو.. دەنا هیچ ناجۆرییێکیان لەرووی بەرزی و نزمییەوە نییە.

کۆمەڵ لەگەڵ بارودۆخەکەدا دەگۆردرێت.. کاتی هەل و مەرجەکان دەگۆڕرێن، پێویستە دامودەزگە و نەریتەکانیش بگۆردرێن.. دەنا وەك شتێکی دەستکرد دەنوێنن و دەبنە بارگرانی بەسەر خەڵکییەوە.. شتێکی سروشتییە دامودەزگە و نەریتە نوێکان خۆیان بەرهەمبێننەوە.. کۆن و نوێ لەیێکدی جیاوازن چونکە زەمەنەکەیان جیاوازە.. دەنا هچی بەرزی و نزمییان تێدا نییە و.. **کووشیانگیش** بەرەهایی دژی دامودەزگە و نەریتەکان نییە و.. بەپێچەوانەی **لاوتزۆ ڤ** و **چۆنگ تزۆ** وە.. بەڵکو ئەو دژی ئەوانەیە تێیاندا پووچەڵبوونەتەوە و بوونەتە دامەزراو نەرێتی دەستکردانە.

٥-کاتێك گۆڕانکاریی دەکەوێتە هەلومەرجە کۆمەلایەتییێکەوە.. دامودەزگە و نەریتە نوێکان خۆیان وەبەرهەمدێننەوە.. گەر لێگەڕێن بۆخۆیان بەردەوام بڕۆن.. واتا رێگەی سروشتیی خۆیان گرتووە.

لە شرۆڤەی بەشی شەشەمدا دەڵێت:

کە ئاو لەبەرزییەوە بەرەوخوار دەڕوات و دەڕژێت بەرەنگاریکردنی مەحاڵە.. کاتێ شتە کچکەکان لەگەڵ کچکەکاندا و گەورەکان لەگەڵ گەورەکاندا گرددەبنەوە.. ڕێگەیێك بۆ

بەرەنگاریی ئەو ئارەزووە نییە.. کاتێ مرۆڤ بەتاڵ و بێلایەن دەبێت هەموو شتەکان لە دانابییێکەیدا دەیگرێتەوە.. ئەوەی سەرکردایەتی خەڵکی دەکات و بەرەوڕووی ئەو تەوژم و لایەنانە دەبێتەوە چیدەکات؟! متمانەی خۆی دەبەخشێتە دانابییە کاتییێکەی.. پشت بەزەرورەتی هەلومەرجەکانی دەبەستێ و.. لێدەگەڕێ دنیا کاروباری خۆی بۆخۆی مەیسەربکات.. ئەمە ڕاست و ڕەوان ناکاریە.

لە شرۆڤەی بەشی سیانزەهەمدا دەڵێت:

کاتێ دارتاش دار ئەتاشێ لە ناکارییدایە.. وەلێ بەبەکارهێنانی تەور دەچێتە نێو کارەوە.. میر کاتێ کاروبار هەڵدەسوڕێنێ.. لە ناکاریدایە وەلێ کە وەزیرەکان دەخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە.. ئەوە لەکاردایە.. وەزیرەکان دەتوانن کاروبار مەیسەر بکەن.. بەڵام میر دەسەڵاتیان بەسەردا دەگرێ.. تەور دەتوانێت تەختە هەڵکۆڵێت.. بەڵام دارتاش دەتوانێ تەور بەکاربێنێ.. هەر شتە جێکە و ڕێگەی خۆی هەیە.. بەرز و نزم.. هەردووکیان جێی لەباری خۆیان هەیە.. ئائەوە تەواوی پرەنسیبی ناکارییە(٦).

لە ڕاڤەکردنی هەمان بەشدا **کووشیانگ** دەڵێ:

بەبەراوردکردنی پلە و پایەی بەرز لەچاو هی نزمتردا و.. بەبەراوردکردنی زەمانی دێرین لەگەڵ ئێستەدا.. میر زێتر ئیسراحەتە و وەزیر زێتر خەریکە.. کاروبار لە زەمانی **یاو** و **شون** دا ئاسانتر بوو و.. لە زەمانی **یو** و **تانگ**دا ئاڵۆزتر بوو..

*بەلام لەبەرئەوەی هەر شتە لە چوارچێوەی تەبیعەتەکەیدایە کەواتە ناکار خەسڵەتی گشت حاڵەتێکە*

لەبەر گۆڕانکارییەکانی هەلومەرجەکان گرێوگۆلی ژیانی نوێ خۆی خۆڕسکانە وەبەرهەمدێنێتەوە ئەمە شتێکی سروشتییە نەك دەستکرد.

**کووشیانگ** بەرهەڵستی بانگەوازەکەی **لاوتزۆ** و **چۆنگ تزۆ** بۆ گەڕانەوە بۆ بەسەرەتایی بوون دەکات. لە ڕاڤەکردنی بۆ بەشی نۆیەم دەڵێت:

*دەبێ سوارچاك لێگەڕێ ئەسپەکەی تەواوی توانای خۆی وەگەڕخات. بەوەی ئازادی پێببەخشێت. هەندێ کەس ولاخەکانیان بەڕێگەی دەستکرد ڕامدەکەن و، تا ئەو پەڕی توانایان بەکاریاندێنن. بەم ڕێگەیە هێزیان لەبەردەبڕن و دەمرن. ئەگەر ئێمە لێگەڕێین ولاخ ئەوە بکات کە لە توانایدایەو. ئەسپی خاومان بە زۆرەملێ خێرا نەکرد و خێرامان خاو نەکرد و. هەموو گێتیمان بە سوارێوەتەیکرد. ئەوا لەو گەشتەیدا لەگەڵماندا خۆشنووددەبێ. کەسانێك کە دەبیستن دەبێ چارەوێ ئازادی خۆی بدرێتێ. وا زەندەدەکەن کە مەبەست ئەوەیە بە کێوێتی بمێنێتەوە. کاتێکیش تیۆری ناکار دەبیسن وای دادەنێن واتای وایە ڕاکشان و پاڵلێدانەوە لە ڕۆیشتن باشترە. ئەمە بەدحاڵیبوونێکە زۆر لە مەبەستی* **چۆنگ تزۆ**وە دوورە.

لای **کووشیانگ** شرۆڤەکردنی دیکەش بۆ سەرەتاییبوون و ئاسایی دەبینین. هەروەك لەمەڕ بەشی پانزەهەم دەڵێت:

ئەگەر مەبەست لە بەسەرەتاییبوون نەگۆڕانە لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی دی.. ئەوا ئەو مرۆڤەی خەسڵەتەکانی ناگۆڕدرێ ئەوە زۆر سەرەتاییە ئەگەرچی توانای ئەوەیشی هەبێت زۆر شت بکات.. مەبەست لەسادەیی تێکەڵنەکردنە.. شێوەی ئەژدیها و خەسڵەتەکانی سیمورغ لەوپەڕی سادەییاندایە.. گەرچی جوانیشیان بە تێگرایی لەڕادەبەدەرە.. لەلایێکی دیکەوە دەبینین تەنانەت پێستی سەگ یان بزن.. گەر خەسڵەتە سروشتییێکانی تێکەڵاو کران.. یان بەتوخمی دی گۆڕدرا ئەوا سەرەتایی و سادە نابێ.

٦- **لاوتزۆ** و **چۆنگ تزۆ** بەرهەڵستی دانایان کرد.. وشەی دانا لە ئەدەبیاتی **تاویدا** دوو واتای هەیە.. هەردوکیان مرۆڤی کامڵ یان ئەو مرۆڤەی مەعریفەی جۆراوجۆری هەمەچەشنەی وەدەستهێناوە.. **لاوتزۆ** و **چۆنگ تزۆ** هێرش دەبەنە سەر واتای دوایی و.. سەر ئەو کەسانەیش کە خۆیان بە دڵکار دەزان.. لەو دەستەواژانەی پێشوودا **کووشیانگ**مان بۆ دەردەکەوێت.. کە دژی ئەوە نییە کەسانێك ببنە دانا.. بەڵکو تەشەر لەوانە دەدات کە لاسایی دانایان دەکەنەوە.

**ئەفلاتون** بە **ئەفلاتۆن** لەدایکبووە.. **گۆتێ**یش بە **گۆتێ** لەدایکبووە..بلیمەتییێکەیان سروشتییە چوون شێوەی ئەژدیها یان خەسڵەتەکانی سیمورغ.. هەردووکیان لە سادەیی و سەرەتاییاندا وەك هەر شتێکی دیکەن لە سروشتدا.. ئەمەش مانای وایە کە ئەمانە لەنوسینی **کۆمارەکە** و **فاوست**دا هەڵەیان

نەکردووە.. لەم کارانەیاندا پێڕەوی تەبیعەتە تایبەتمەندەکەی خۆیانیان کردووە.

**کووشیانگ** لە شرۆڤەی بەشی سێیەمدا دەڵێت:

*مەبەستمان لە مەعریفە ئەو چالاکییەیە لە توانای سروشتی ئەو کەسەوە بەدەردەکەوێت.. ئەوەی وانەبێت بە مەعریفە ناونانرێت(٧).. ئەوە لە خەڵکی داوادەکرێت لە سنووری دەرفەتە گونجاوەکەی توانا سروشتییێکەیدا رەفتار بکات و لێی تێنەپەڕێت.. کەسی بە تەبیعەت بەهێز دەتوانێ بارێکی گران هەڵگرێ بێئەوەی هەست بە پەستاوێن و شەکەتی بکات.. ئەوەی بەتەبیعەت کارامە و زۆرزانبێت.. بێئەوەی هەست بە سەرقاڵی بکات کاروباری جۆراوجۆر رادەپەڕێنێ.*

مەعریفە لای **کووشیانگ** پێناسەیەکی تایبەتی هەیە.. بەپێی ئەوە **کۆمارەکەی ئەفلاتوون** و **فاوستەی گۆتێ**.. تەنانەت فتوحاتەکانی **ناپلیۆن**یش.. زۆربەسادەیی بریتین لە گوزارەکردنێکی خۆڕسکانە لە بلیمەتییان.. لە قابلیەتە سروشتییێکەیان.. هەرگیز مەعریفە بۆ توخمە رەسەنەکان نییە.. تەنیا لاساییکەرەکان مەعریفەیان هەیە.

پێدەچێت **کووشیانگ** لەبەر سێ هۆ لاسایی رەتبکاتەوە.. لەقسەکردنیدا لەمەڕ بەشی سیانزەهەم ئەمە هاتووە کە هۆی یەکەمی رەتکردنەوەی لاسایی لەبەرئەوەیە بێسوودە و دەڵێ:

*ڕووداوەکانی دێرزەمان وێڕای ئەوەی لەتواناندا هەیە تۆمارکرێن کەچی لە وجووددا وەستاون.. وەلێ لەتوانماندا نییە جارێکی دی بەکاریان بێنینەوە.. جا ئیدی دەبێت دەستبەرداری لاساییکردنەوە بین و.. بەپێی خەسڵەتە خۆڕسکەکانمان کاربکەین و.. لەگەڵ کاتدا بگۆڕدرێن.. ئەمەیە ڕێگەی دروست و تەواو.*

لەبەرئەوەی هەموو شتێك لە ڕەوانڕۆیندایە.. دێرین لە ئێستە و هەریێك لەویدی جیاوازن.. ڕەوش و گرفت و پێداویستییێکانمان ساتبەسات دەگۆڕدرێن.. دەبێ لەهەر ڕۆژێکدا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بارودۆخە نوێکانمان ڕێبازێکی نوێمان لە ژیاندا هەبێت.. هەروەها ڕەوش و گرفت و پێداویستییە تایبەتمەندەکانی کەسە جۆراوجۆرەکانیش لەهەمان چرکەساتدا لە هی کەسانی دی جیاوازن دەشبێ هەروا ملی ڕێگەی ژیان بگرن.. ئیدی لاسایی سوودی چییە؟

هۆی دووەم: چونکە لاساییکردنەوەی تەواو پێکلاییکەرەوە مەحاڵە و.. مرۆڤ ناچار و پابەندی ئەوەیە وابێ کە هەیە و.. لە شرۆڤەی بەشی پێنجەمدا دەڵێت:

*ئێمە لەبەرئەوە نەهاتوینەتە نێو ژیانەوە چونکە ویستوومانە بێین و وابین.. کەسانێك بەمەبەستەوە هەوڵدەدەن ببنە مەزنە هونەرمەند.. بەڵام لەمەدا هەمیشە شکست دەخۆن.. مەزنە هونەرمەندان خۆڕسکانە و بەبێ مەعریفەییێکی چۆنییێتی پێدەگەن.. کەسانێك بەمەبەستەوە تێدەکۆشن ببنە دانا.. هەرگیز*

پێیناگەن.. دانایان لەخۆوە و بەبێ مەعریفەیێکی چۆنێتی دەبنە دانا.. لەگەڵ ئەمەشدا لاساییکردنەوەی هونەرمەندان و دانایان کارێکی گران نییە.. بەڵکو ئێمە هەر بەوەی حەزمان لێیە یان هەوڵدەدەین ناتوانین ببینە سەگەڵ یان شێتووێت.

هەموو شتێك دەبێ وەك ئەوەی هەیە وابێت.. یێکێك ناتوانێ ببێتە یێکێکی دی.

لە ڕاڤەکردنی بەشی دووەمدا باس لەوە دەکات کە لاساییکردنەوە زیانبەخشە:

هەندێ کەس دەبینین لە خۆیان ناڕازین.. ڕەفتارێکی دوور لە تەبیعەتی خۆیان دەکەن و.. هەوڵی سەرسەختانەشی بۆ دەدەن بێئەوەی هیچ ئاکامێك وەدەستبێنن.. بازنە ناتوانێ لاسایی چوارگۆشە بکاتەوە.. ماسیش هیچ هەلێکی بۆ نارەخسێت ببێتە باڵندە.. لەوانەیە ئەوانە لاسایی شتگەلێکی چاك یان جوان بکەنەوە.. وەلێ هێندەی هەوڵی شتە دوورەدەستەکان دەدەن هێندەش ئامانجەکانیان لێدوور دەکەونەوە.. هێندەی کۆی بەدەستهێنانی مەعریفەکانیان زێتربێت.. هێندەش نەریت و خەسڵەتەکانی خۆیان بزردەکەن.

لە شرۆڤەی بەشی دەیەمدا دەڵێت:

تەبیعەتی هەر شتێك سنووری دیاریکراوی خۆی هەیە.. ئەگەر مرۆڤ خۆی وای پێ جوان بوو لە تەبیعەتی خۆی تێپەڕبێت بزردەبێت.. پێویستە و دەبێ فریو نەخوات و.. بۆ خودی خۆی بژی نەك بۆ خودی ئەویدی.. ئەوسا دەتوانێ کامڵبوونی خەسڵەتەکانی بپارێزێت.

ناتوانرێت بەسەرکەوتوویی لاسایی ئەوانی دی بکرێتەوە بەپێچەوانەوە.. ئەگەری ئەوە هەیە لە هەوڵدانێکی ناجۆری وەهادا سروشتی شتەکان بزربێت.. جا ئەگەر لاساییکردنەوە بێسوود(بێئاکام) و مەحاڵ و زیانبەخشبێت.. بۆچی بیکەین.. ئەمەیان تەنیا ڕێگەی ئاسوودەییە.. ئەو هۆکارەی زۆربەی خەڵکی وا لێدەکات نەتوانن بەرهەڵستی فریودانە دەرەکییێکە بکەن ئەوەیە نازانن شتەکان چۆنییێکن.. نازانن کە *لە ڕووی بەراوردکردنیانەوە هەر هەموو شتەکان یێکن.*

بەهۆی ئەم نەزانینەشەوە.. شتگەلێکی باشتر و پەسەندتریان لادروستدەبێ کە لەبەر تیشکی ژیریدا پووچەڵ و بەتاڵن.

پێویستە خەڵکی یێکبوویی لە شتەکاندا ببینێ و لە تەکیاندا ئاوێتەبێت.. ئەوەی دەتوانێ وابێت ئەوە مرۆڤی تەواوە.

٧- ئەو خاڵانەی دەتوانم بە خەسڵەتە جیاکەرەوە تایبەتمەندەکانی فەلسەفەی **کووشیانگ** دابنێم تەواوبوون **تاویزم** بەهۆی چەمکە نوێکانەوە بە گەلێ گرفت و لەمپەردا تێدەپەڕێ.. وێڕای ئەوەی بۆچوونەکانی **کووشیانگ** گەلێجار رووکەشن و، پابەند بەمەبەستێکی کردەوەییەوەن.. وەلێ بە شێوەییێکی بەرچاو بەتەنگ **تاوەوە** بەتایبەتی و بەتەنک فەلسەفەوە بەتێگڕایی هاتووە و بەشداری تێدا کردوون.

گەرچی فەلسەفەی **کووشیانگ** -وەك ئێستە بینیمان- چۆتە نێوجەرگەی سروشتگەرایی و حەتمێتی فەلسەفەی **لاتزۆ** و

**چۆنگ تزۆوه**. وەلیٚ لەناخگـــەرایی (باتنیەت)دا لەوان کەمتر نییە و.. دەتوانریٚت ئەمە لەو پەلوپۆ هاویشتنە فراوانەی نیٚو "شرۆڤەکانیدا" بەدیبکریٚت.. کە لەگەڵ دەقەکانی **چۆنگ تزۆ**دا وەرگیٚڕدراون.. مەزنیی **کووشیانگ** لەنیٚو هەردوو جیهانی سروشتیٚتی و ناخگەراییدا پیٚکەوە حەشاردراوە.

گرانە بزانریٚ و بوتریٚ تا چ ئاستیٚك **کووشیانگ** کەوتۆتە ژیٚر کاریگەریٚتی **بووزی** یٚوە.. بەهەرحاڵ ئەم **تاویست** بووە و.. بۆئەوەش جیاوازی بنەڕەتی لەنیٚوان **تاو** و **بووزا**دا هەیە.. کەچی هەر بۆنمونە.. **بووزی** هەموو شتیٚ بە ناڕەوا و هەڵە دەزانیٚ بەلاٚم **تاویزم** هەموو شتیٚ بەڕاست و دروست دەبینیٚ.. میتافیزیکیای **بووزی** خەیاڵییە و هی **تاوی** واقیعییە.. لە **بووزیدا** نیرڤانا حاڵەتیٚکی میتافیزیکییە.. لە**تاویزم**دا دەبیٚتە گیٚتی ئەزموونی پەتیی مەعریفیانەیی و.. ویٚڕای هەناوەکی بوونی **تاویزم** کەچی بەرامبەر زانست ناکەویٚتە بەرەنگاربوونەوە و پیٚکدادانەوە.(٨)

لە کۆتاییدا ئاڵۆزییێکی میٚژوویی هەیە.. ئاخۆ شرۆڤەکانی **کووشیانگ** بەڕاستی هی ئەوبن! بەوە تۆمەتبارە کە شرۆڤەکانی **شیانگ شوی** داوەتەپاڵ خۆی.. ئەم تاوانبارکردنەمان زۆر لامەبەست نییە.. چونکە ئیٚمە باسی فەلسەفە دەکەین نەك میٚژوو.. بەلامانەوە هیچ جیاوازییێك نییە

خاوەنەکە **کووشیانگ** بێ یان **شیانگ شو**.. ئەمە هەربەوە دەچێت کە **چۆنگ تزۆ** داوایدەکات: لە بەیانیدا سیان.. یان شوێنکەوتوانی تاقیکاران بەجارێك...

**تێبینییێکی گچکە**: لەمەڕ پەیوەندیی نێوان شرۆڤەکانی **کووشیانگ** و **شیانگ شۆ**دا.. توێژینەوە دواییێکان روونیانکردەوە ئەمە بریتییە لە گەشتێکی تەواوکەری پێکدی لەنێوان دوو فەیلەسووفدا.. **کووشیانگ** پشتی بە شرۆڤە بەراییێکانی **شیانگ شو** بەستووە و هێندەشی خستۆتەسەر تا وایلێکردووە گەشەسەندنێکی بنەڕەتی بۆ وتەکانی **تاوییە پێشەنگەکان** پێکبێنێت.. کەواتە لێرەدا دەگونجێ بەهاوبەشیکردنی نێوان دوو فەیلەسوف بۆ مەیسەرکردنی کارێك دابنرێت نەك ئەوەی دزی و تالآنکردن لە ئارادابێت.. هەندێ لە گێڕەرەوانی نێوەندە فەلسەفی و زانستییێکان لە کات و شوێنە جۆراجۆرەکاندا پێوەندییێکی تەواوکەرانەی نێوان دوو فەیلەسووفی لەمجۆرەی خۆمان قەبەدەکەن و بەلای تاوانبارکردن بە دزێتییدا دەیشکێننەوە.. چونکە حەزیان لەوەیە هەرا و هوریا لە دەرەوەی فەیلەسووف یان زانا یان ئەدیبێکی پایە بەرز پەرپا بکەن.. هـ. ع

## پەراوێزەکان :

١- لە م ڕووەوە، فەیلەسوفە چینییەکان لە ئەفلاتوون دەچن.. کە لە ڕووی دیالۆگەکانیدا **سوکرات**ی هێناوەتە ئاخاوتن.. بەڵام بە بیروڕاکانی **ئیفلاتون** خۆی و فەلسەفە ڕاستینەکەی.. ئەمەش لای فەیلەسوفە کۆنەکانی یۆنان ڕێبازێك بوو پێڕەودەکرا.. لە شێوازی فەلسەفەکاریی چینیشدا بە هەمانشێوە دەرکەوت.. دوای ئەویش لە ئاخاوتن و نووسینەکانی سۆفییە موسڵمانەکانیشدا دەرکەوت.. ئەوانەی لەمەڕ کێشە ئاڵۆزەکان دواون و لەمەشدا بە ڕێگەی بەدەنگهێنانی هێما ئیسلامی و زانستە ئیسلامییەکان.. وەك **محەمەد** و یاوەران و پێشەواکانی بەیت و چوار فەقیهەکە.. م.ع

٢- نمونەیێکە بەسەر گەشەسەندنی فیکر و شارستانێتی لە تێگرای ئاسیادا دەسەپێ.. پێشکەوتن لە پلە نزمەکانەوە هێلکە بەرەوسەروو مریشك دەکشێ.. بەڵام بەشێوەییێکی سووڕاندنەوەیی.. مریشکیش دەگەڕێتەوە و هێلکە دادەنێ.. ئەمە سنووری داهێنانی ئاساییە.. کە پێویستی بە شێوازە ستوونییێکەی ئەورووپایە تاکو مریشکەکە بەرەو دروستکردنی فرۆکە گەشەبسێنێ.. م.ع

٤- **فۆنگ یۆلان** ساڵی ١٩٢٨ ئەم دەقەی نووسی.. پێدەچێت -گەرچی کۆمۆنیستیش نییە- لەم ڕووەوە لاریی لە **مارکسیزم** نەبێت.. م.ع

٥- کەمیی لە دەستێوەردانی دەوڵەت و دامەزراوەکاندا..م.ع

٦- پێدەچێت ئەمجۆرە بگرەوبەردە و ناکۆکیانە لە بیرۆکەی بەگەڕخستن (تولید)ی موعتەزیلەوە نزیکبن.. پوختەکەی ئەوەیە ئەگەر یێکێك تیرێکی گرتە ئەویدی و تیرهاوێژ بەرلەوەی تیرەکەی بگاتە نیشان مرد و لە هەمانکاتیشدا تیرتێگیراویش پێکرا و مرد.. ئاخۆ ئەو مردوە (تیر هاوێژ) بە بکوژ دادەنرێت؟! بەلاّم ئەو کارە کوشتنەکە تیرەکە کردوێتی کە تیرهاوێژ بەر لەمردنی بەجولاّندنەوەکەی ئەو هێز و توانایەی داوەتە بەر تیرەکە.. تیرەکە بکوژی راستەقینەیە نەك هاوێژەری.. ە.ع

٧- لێرەدا مەعریفە وەك شتێکی دژ بەسروشت باسکراوە.. وەك یێکێك لەو دامەزراوە دەستکردانەی شارستانێتی سەپاندوێتی.. ە.ع.

٨- بەراووردکردن بووزی و تاوی گرفت و کێشەی تێدایە.. چونکە بووزێتی ئایینە و تاوێتی فەلسەفەیە.. بەهەرحالّ پێدەچێت فۆنگ یۆلان.. ئەوەی ڕەچاوکردبێت کە هەردووکیان لە ناخگەرایی (باتنیەت)دا هاوبەشن.. وێرای سەمتی بووزێتی بەرەو فەلسەفەکاریی لە سەردەمی دوای سەردەمی دامەزرێنەرەکەیدا.. ئەو جیاوازییانەی لە سەرەوە هێناونیێوە.. ئەو جیاوازییە باوانەن کە لەنێوان ئایین و فەلسەفەدا هەن.. هەر وەکو بەشداربوونیان لە ناخگەراییدا چونییێك بوونیان ناسەلمێنێ..سۆفیگەرێتی بێبڕوایی (مولحید)انەی ئیسلامی لە سۆفیگەرێتی ئیماندارێتی زۆر ناخگەراییترە.. وێرای ئیمانداریيە ئاییینیێکەشی.. هێندەی سۆفیگەرێتی لە ئایین دووربکەوێتەوە.. هێندە نزیکبوونەوەیە لە رەوان (رۆح)گەرایی و ناخگەرایی.. ە.ع

# زنجیرەی بلاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان لە ساڵی ٢٠٠٥

| ناوی کتێب | زمان | نووسەر | بەش | وەرگێڕ |
|---|---|---|---|---|
| ئەفغانستان و پێنج ساڵ دەسەڵاتی تالیبان | فارسی | وحید مژدە | سیاسی | عەلی بەروەندی |
| تۆپەکە | ئینگلیزی | سی. ئێس. فۆریستەر | رۆمان | ئەمین شوان |
| ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا لە سەدەی (٢١) | | ئا/ ئەنجومەنی دارشتنی ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا ) | سیاسی | دلاوەر عەبدوللا ـ مجید سالەح - ئاوا شێخ عوسمان |
| نهێنی یاری کاغەز | دانیمارکی | یۆستاین گاردەر | فەلسەفە | بەهرۆز حەسەن |
| کلتوری بە جیهانی بوون و بە جیهانی کردنی کلتور | عەرەبی | د. بورهان غلیون /د. سەمیر ئەمین | کۆمەڵناسی | خەبات مەحمود |
| چەند لاپەڕەیەك لە سەربوردەی خۆم | فارسی | سەدرەدین عەینی | ژیاننامە | عەزیز گەردی |
| ڕەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردی ڕواندز | | ئی. ئار. لیچ | کۆمەڵایەتی | عەزیز گەردی |
| تێگەیشتنی تیۆرە سیاسییەکان | فارسی | تۆماس ئارتۆر سپراگینز | سیاسی | فەرشید شەریفی |
| التنین | کوردی | محەمەد موکری | رۆمان | ئەبەز کەمال |
| پلاندانان و پلاندانانی ڕاگەیاندن | عەرەبی | د. عماد محمد حسین الهلالی | ڕاگەیاندن | دلاوەر عوسمان سالح |
| تۆماری شێتێك | رووسی | ن. گۆگۆل | شانۆی | جەلال تەقی |
| جوگرافیاو پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان | عەرەبی | محمد عبدالغنی سعودی | جوگرافی | جەزا تۆفیق تالیب ئەحمەد عەلی ئەحمەد |
| کەمییەکەی نوح | تورکی | یەشار کەمال | رۆمان | ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل |
| گوتارو وەرگێڕان | فارسی | عەلی سولحجوو | وەرگێڕان | کوساری فەتاحی |
| رینێ دیکارت | ئەلمانی | رینێ دیکارت | فەلسەفی | د. حەمید عەزیز |
| ڕۆژی شۆڕش | ئینگلیزی | راجی عمر | مێژووی | شیلو محمود کلوە سەباح |
| دوٚنی ئارام | عەرەبی | میخائیل شلۆخۆف | رۆمان | محەمەد حەمە سالح |
| دووبرا | رووسی | لێرمەنتۆف | شانۆی | جەلال تەقی |
| هونەری وانەگوتنەوە | عەرەبی | محمد عبد الرحیم عدس | پەروەردەی | محەمەد سالح مەلا حەسەن هۆرێنی |
| کایلی دەسەڵاتی چوارەم | عەرەبی | د. فاروق عمر علی | ڕاگەیاندن | هیوا سالح ئەحمەد |
| هنری کیسنجەر | عەرەبی | هنری کیسنجر | سیاسی | ئەبەز کەمال نوری |
| شیخوخة کلیوبطراو أطفال المطر | کوردی | لەتیف هەڵمەت | هونراوە | لەتیف هەڵمەت |
| شانۆی هاوچەرخی سویدی | عەرەبی | فازل جاف | شانۆی | دلێر میرزا |
| سەرچاوەکانی دیموکراسی | عەرەبی | لاری دایمۆند | سیاسی | دلێر میرزا |
| خۆراگرەکان | عەرەبی | بۆریس گۆرباچۆڤ | رۆمان | خانەی ڕادوگا- مۆسکۆ |
| سۆفیگەریتی | عەرەبی | ئێکۆس کازەنتزاکیس | | رەئوف حەسەن |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ئەرینی فاشیزم | فارسی | جۆن وایس | مێژووی | کاروان کاوسین |
| کورتە مێژووی گۆرانکارییەکانی کۆمەڵناسی | فارسی | بۆتۆل | کۆمەڵناسی | قادرشیدی شەریفی |
| تاو | عەرەبی | لاوتزو و چوانگ تزو | فەلسەفی | دیاری عەلی و رەئوف حەسەن |
| خاڵە ڤانیا | رووسی | ا پ چیخوف | شانۆی | جەلال تەقی |
| الانفال الكورد و دولة العراق | کوردی | شۆرش حاجی رسول | بەڵگەنامەی | خانەی وەرگێران |
| راوچی | عەرەبی | یەشار کەمال | چیرۆک | تەها ئەحمەد رەسول |
| زانستی کیمیا بۆ هەمووان | ئینگلیزی | جی بی شولپین | زانستی | د بایەزید حەسەن |
| صفحات من تاريخ كفاح الشعب الكوردي | کوردی | فاتح رسول | مێژووی | کەمال غەمبار |
| ئەدەرماری شێوە بۆ زیندانی شۆرش | عەرەبی | احسان نرغی | سیاسی | ئەحمەد قادر سەعید |
| رۆڵی کارکردن لەگۆرینی مروڤ بۆ مەیموون | ئەڵمانی | فردریک ئەنگلس | کۆمەڵناسی | کەریم مەلا رەشید |
| هونەری شیعر | ئەڵمانی | ئەریستۆتلس | فەلسەفە | د حەمید عەزیز |
| کۆمەڵگەی ئەریتی و کۆمەڵگەی مۆدێرن | فارسی | مالکۆم واترز | فەلسەفە | عبدوڵلا رەسوولی |
| خمسون قصيدة مترجمة عن الشعر الانكليزي الحديث | ئینگلیزی | الأدب الانكليزي | هونراوە | وفاء عبداللطيف زين العابدين |
| حەوت گوتار دەربارەی وەرگێران | فارسی | کورش صفوی | وەرگێران | رفعت مرادی |
| دیموکراسییەتی راگەیاندن و پەیوەندیکردن | عەرەبی | د محمد عبدالقادر حاتم | راگەیاندن | مەم بورهان قانع |
| دالشە | عەرەبی | سەلیم بەرەکات | رۆمان | جەوهەر کرمانج |
| گوڵبژێرێک لە پەندو سەرهاتە نەوازەکان | عەرەبی | هلال العلوی | پەند | حسێن عوسمان |

| ناوی کتێب | وڵات | نووسەر | بابەت | وەرگێڕ |
|---|---|---|---|---|
| چەردەیەکی کۆمەڵایەتیانە لە مێژووی نوێی ئیراق /٢ | عەرەبی | د. عەلی وەردی | کۆمەڵناسی | کوێستان جەمال |
| چەردەیەکی کۆمەڵایەتییانە لەمێژووی نوێی ئیراق/٥ | عەرەبی | د. عەلی وەردی | کۆمەڵناسی | حەسەن جاف |
| چەردەیەکی کۆمەڵایەتییانە لە مێژووی نوێی عێراق بەرگی (٦) | عەرەبی | علی وردی | کۆمەڵناسی | دلێر میرزا |
| چەردەیەکی کۆمەڵایەتییانە لە مێژووی نوێی عێراق پاشکۆی بەرگی (٦) | عەرەبی | علی وردی | کۆمەڵناسی | دلێر میرزا |




# کتێبی دەنگی | کتێبی تاو | لاو تزۆ

402 views 1mo ago ...more

RAZAKAN RAZ 32.4K

razakan HD

ئێمە تەنها پەردەیەکین
بۆ هەڵدانەوەی رازەکان
بەڵام ئێوە خودی «راز»ن!

@RAZAKANRAZ

# RAZAKAN RAZ

@razakanraz

32.4K subscribers • 1.7K videos

ئەوانەی گوێ بۆ قسەو گوفتار دەگرن و پەیڕەوی چاکترینی دەکەن، ئا
ئەوانە کەسانێکن کە خوا هیدایەت و ڕێنموویی کردوون! (سورەتی الز...

facebook.com/razakanraz and 3 more links

Subscribed

Home Videos Playlists Community



# TAW

## Çend Têkistêkî felsefî Çînî kon

**Danani**
**Law Tzo - Çong Tzo**

**Wergêranî**
**Dîyarî Eli - Reuf Hesen**

slêmani 2005

نرخ: 1000دينار